جۆری فۆنت : Ali_K_Alwand

## بەرایی وەرگێڕ

و : کۆسار فەتاحی

تایبەتمەندیو لایەنە باشەکانی ئەم کتێبە گەلێك زۆرن‌و من لێرەدا تەنیا ئاماژە بە هەندێکیان دەکەم کە لە روانگەی توێژەرە زانستییەکان‌و هۆگرانی کۆمەڵناسی لە وڵاتی ئێمەدا بایەخێکی زۆریان هەیە. کتێبی کۆمەڵناسی ئانتۆنی گیدنز، کتێبێکی تەواوەو تازەترین توێژینەوەکان‌و پێشکەوتنە زانستییەکانی لەخۆ گرتووەو هەر لەو کاتەشدا بە زمانێکی پاراوو سەرنجراکێش نووسراوە. بە رێگای هێنانەوەی گەلێك نموونەو ئەزموون لە کۆمەڵگەو کولتورە جۆراوجۆرەکان تێگەیشتنی بابەت‌و باسەکانی نێو کتێبەکە بۆ خوێندکاران ئاسان دەکات. گشتگیربوونی کتێبەکەو خستنە بەرباس‌و لێکدانەوەی گرنگترین مەسەلەو بابەتە بنەڕەتییەکانی کۆمەڵناسی وایکردووە کە ئەم کتێبە نە تەنیا خوێندکارانی بەشی کۆمەڵناسی و هەندێکیتر لە لقەکانی زانستە کۆمەڵناسییەکان‌و بە تایبەت ئەنترۆپۆلۆژی کەڵکی لێوەر بگرن، بەڵکوو دەتوانێ وەك سەرچاوەیەك بەردەوام لە لایەن ئەو بەشە لەخوێندکاران، توێژەران‌و پلاندانەران‌و بەرێوەبەرانەوە کەڵکی لێوەر بگیرێت کە لە بوارە جۆراوجۆرەکانی فێرکردن، توێژینەوە یان کاروباری کۆمەڵناسیدا چالاکیان هەیە .

هاندەری ئامادەکەر(مؤلف) بۆ نووسینی ئەم کتێبە کە دەسرەنجی چەندین ساڵ وانەوتنەوەو توێژینەوەیە لە بوارە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵناسیدا، هەروەك خۆی دەڵێ، پێویستی بوونی کتێبێك بووە کە روانگەو مەسەلەو بابەتە سەرەکییەکانی کۆمەڵناسی بە لەبەرچاوگرتنی تازەترین گۆڕانکارییەکان‌و پێشکەوتنەکان لەم بوارەدا رێکبخاتەوەو بە زمانێکی سادە بینووسێتەوە، نە تەنیا نووسینی کتێبێکیتری وانەوتنەوە (بەڵکوو) کتێبێك کە وێڕای نوێبوون، هەموو ئەو بابەتە سەرەکیانە شرۆڤە بکات کە کۆمەڵناسانی ئەوڕۆ بایەخی پێدەدەن‌و هەر لەو کاتەدا کە باسەکان‌و بنەماکانی کۆمەڵناسی تا ئەو شوێنەی کە دەکرێ بە زمانێکی سادە دەردەبڕێ، ئاڵۆزترین مەسەلەکان‌و پێشکەوتنە گرنگەکان لە نێو تیۆری‌و ئەندێشەکانی کۆمەڵناسیدا بخاتە بەرباس‌و لێکیان بداتەوە. ئەگەرچی گشتگیربوونی کتێبەکە بووەتە هۆی درێژبوونەوەی، بەڵام لە بواری کۆمەڵناسیدا کردوویەتی بە کتێبێکی کەم وێنە کە وێڕای ئەوەی زانیاریبەخش‌و رۆشنگەرە، بە چەشنێك چەمك‌و بابەتە کلاسیك‌و نوێیەکانی کۆمەڵناسی دەردەبڕێ کە خوێنەر بۆ لای خۆی رادەکێشێ‌و دەیباتە نێو دونیای هزرو ئەندێشەوە .جگە لەمەش هەوەك ئامادەکەر دەڵێ بە پێی پێویستی خوێندکاران‌و لە ئاستە جۆراوجۆرەکانی فێرکردندا دەتوانرێ هەندێك پاژی ئەم کتێبە کە هەرکامیان دەکرێ وەك بەشێکی کەم‌وزۆر سەربەخۆ چاوی لێ بکرێ، بۆخوێندنەوەو وتنەوە هەڵبژێرێ، یان تەنانەت دەکرێ بە سەرنجدان بە پێویستی قۆناغی فێربوون‌و رادەی وەرگرتن‌و باگراوندی خوێنداکاران پاژەکان جێگۆڕکێ بکرێن. ئەم تایبەتمەندییانە بۆتە هۆی ئەوە کە ئەم کتێبە جگە لەوەی پێویستییەکانی خوێندکاران و توێژەرەوەکانی بواری کۆمەڵناسی دابین دەکات، بەڵکوو پێویستییەکانی ئەو خوێندکارانەش دابین دەکات کە لە بەشەکانیتری زانستە کۆمەڵایەتییەکان‌و لقەکانی تری زانستگا یان خولە فێرکارییەکاندا خەریکی خوێندنن‌و کۆمەڵناسی بەشێکی لاوەکییە لە ئیش‌وکارەکانیان، یان بنەماکانی کۆمەڵناسی بەشێکە لە پرۆگرامی خوێندنیان،و هەروەها پێویستییەکانی ئەو کەسانەش دابین دەکات کە وەك هۆگرییەك بۆ یەکەم جارە دەستدەکەن بە خوێندنەوەی کۆمەڵناسی.

تایبەتمەندییەکی گرنگیتری ئەم کتێبە ئەو شێوەڕوانینە مێژووییانەیە کە بە وتەی دانەرەکەی تەنیا لە یەك روانگەی کۆمەڵناسییەوە چاو لە رابردو ناکاو بە شێوەیەکی بنەڕەتی یارمەتی بە تێگەیشتن و ناسینی دامەزراوە هەنووکەییەکان دەکات. هێنانە گۆڕی باس‌و مەسەلە کۆمەڵناسییەکان لە ژێر رووناکایی توێژینەوە مێژووییەکان‌و بە روانگەیەکی رەخنەگرانەوە بەو شێوەی کە لەم کتێبەدا بەرچاو دەکەوێت، بە داخەوە لە

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

رابردوودا له زۆربەی کتێبه وانەییەکانی کۆمەڵناسیدا نەبوون. بەڵام به خۆشییەوه یەکێك لەو گۆڕانکارییانەی که ئەم چەند ساڵەی دوایی له کۆمەڵناسیدا روویان داوه، بایەخدانەوەیه به شێوەڕوانینی مێژوویانه. ئەم روانینه مێژوویانه یەکێکیتر له لایەنه باشەکانی کتێبی کۆمەڵناسی ئانتۆنی گیدنزه.

لایەنێکی بەرچاوی دیکەی ئەم کتێبه، خوێندنەوەیەکی بەراوردکاریانەی کۆمەڵگه جۆربەجۆرەکانه، واته نه تەنیا وڵاته پیشەسازییەکانی ئەوروپای رۆژئاواو ئەمریکا که به گشتی له نێو کتێبەکانی کۆمەڵناسیدا باسیان لێوه دەکرێ، بەڵکو وڵاتانی ئەوروپای رۆژهەڵاتو به تایبەتی وڵاته نیوه پێشکەوتووەکان یان وڵاتانی جیهانی سێهەمیش لەخۆ دەگرێ. زۆرجار له کتێبه دەرسییەکانی کۆمەڵناسیدا ئەم کۆمەڵگەیانه یان له بنەڕەتدا له بەرچاو نەگیراون یان ئەگەر هەندێ له مەسەلەکانیان که لەو کتێبانەی پێوەندییان به بواره تایبەتەکانی کۆمەڵناسییەوه هەیه هاتبێتنه گۆڕێ کەمتر له ئاستێکی بەرینو له پانتاییەکی گشتی مێژووی پەرەگرتنو گەشەکردنی کۆمەڵایەتیدا لەبەرچاو دەگیرێو ئەو وڵاتانه تەنیا وەك وڵاتانی هەژارو دواکەوتووو تەواو جیاواز له وڵاته پیشەسازییەکان چاو لێ دەکرێن. گیدنز ئەم جۆره روانینه بۆ جیهانی سێهەم به ناڕاست دەزانێ و باوەڕی وایه که ئەم وڵاتانه دەمێکه لەگەڵ وڵاته پیشەسازییەکاندا پێوەندییان هەیەو ئەم پێوەندییانه دوولایەنه بووه. به وتەی گیدنز جیهانی سێهەم له ئاکامی کۆلۆنیالیزمو پێوەندییه بازرگانییەکان له گەڵ رۆژئاوادا دروست بووەو ئەو پێوەندییانەی که رۆژئاوا له گەڵ ئەم وڵاتانەدا دروستی کردووه بۆخۆی کاریگەریەکی زۆری له گۆڕانو پەرەسەندنی رۆژئاوادا هەبووه. بۆ نموونه ئەم راستییه که حەشیمەتێکی بەرچاو له رەشپێستەکان له ولایەته یەکگرتووەکانو بەرازیلدا هەیه، ئاکامی بازرگانیکردن بەمرۆڤ، یان بازرگانی کوێلەیه که له لایەن کۆلۆنیالەکانەوه پەرەی پێدرا. لەم سەردەمەشدا له ئاکامی پرۆسەی خێرای به جیهانیبوون، پێوەندییەکانی نێوان وڵاتانی جیهانی یەکەمو جیهانی سێهەم تەنانەت زۆر لایەنیتری گرتۆتەوه.

تایبەتمەندییەکی بەرچاوی دیکەی ئەم کتێبه، سەرنجدانه بەو کێشانەی که له نایەکسانی کۆمەڵایەتی، هەڵاواردنی نەژادی، هەڵاواردنی تەمەنو هەڵاواردنی رەگەزی یان نایەکسانی نێوان ژنو پیاو سەریان هەڵ داوه. له پێوەندی له گەڵ ئەم نایەکسانیانەدا رەنگه ئەمه یەکەم کتێبی کۆمەڵناسی بێت که جگه له خستنەرووی ئەم کێشانه له چەند بەشی پاژه جیاوازەکانیدا، پاژێکی تەواویش (پاژ ی 6) تایبەت کراوه به روانگەو توێژینەوەکانی پێوەندیدار بەم کێشانەوه.

یەکێك له تایبەتمەندییەکانیتری ئەم کتێبه، سەرنجی تایبەتییه له دیاردەی بەجیهانیبوونی ژیانی کۆمەڵایەتی. ئەو روانگەیه که پێیوایه دەکرێ توێژینەوەی جیاواز له سەر هەریەك له کۆمەڵگەکان ئەنجام بدرێ، زۆر دەمێك بوو که باڵی بەسەر ئەندیشەی کۆمەڵناسیدا کێشابوو. له دونیای ئەمڕۆدا که پرۆسەی بەجیهانیبوون خێراییەکی بێ وێنەی به خۆوه بینیوەو کۆمەڵگه جۆربەجۆرەکان زیاتر له پێشوو پێکەوه بەستراون هەر چەشنه شرۆڤەکردنێکی کۆمەڵناسانه که به شێوەی جیاجیا کۆمەڵگەکان دەداته بەر لێکۆڵینەوه، ناتەواوەو بێگۆمان ناتوانێ له بەشێکی بەرچاو له راستییەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی ئەمڕۆ تێبگات. له روانگەی گیدنزەوه مەسەلەکانی، وەك پیسبوونی ژینگه، مەترسی شەڕو پێکدادانی چەکداری، دابەشبوونی ناعادڵانەی سامانو دەسەڵات له نێو وڵاته دەوڵەمەند و هەژارەکاندا جیهانی گرتووەتەوه. هەروەها زۆر دیاردەی تازەیتری وەك بەجیهانیبوونی میدیاکانو راگەینەره گشتییەکانو پەرەگرتنی سیستمی زانیاری جیهانی له ئاکامی پێشکەوتنی ئەلەکترۆنیو مانگه دەسکردەکانەوه،و هەروەها مەسەلەکانی وەك ئیمپریالیزمی هەواڵدەری، پێشکەوتنی کۆمپانیا مەزنو جیهانییەکانو هتدیش هەر بەم شێوەیه.

سەرەڕای هەموو ئەمانه کتێبی کۆمەڵناسی ئانتۆنی گیدنز تایبەتمەندیو لایەنی باشی دیکەشی هەیه که خوێنەری بەرێز بۆ خۆی له کاتی خوێندنەوەیدا له گرنگیو بایەخیان تێدەگا. ئەم کتێبه نه تەنیا له رووی بنەماو بنچینەکانی کۆمەڵناسییەوه کتێبیکی گشتگیره، بەڵکو به سەرنجدان بەو چەمكو باسانەی که له بەشه جۆربەجۆرەکانی ئەم کتێبەدا هاتوونەته گۆڕێ ، ئەم کتێبه دەکرێ وەك سەرچاوەیەك له لایەن خوێنداکاران، توێژەوەرانو هۆگرانی کۆمەڵناسییەوه کەڵکی لێوەر بگیرێت.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئەو سەرچاوانەی کە لە کۆتایی هەر پاژێکدا بۆ بەدواداچوونی زیاتر دەستنیشان کراونو هەروەها ئەو فەرهەنگەی بۆ چەمکە سەرەکییەکانو زاراوە گرنگەکانی پەیوەیندیدار بە هەر پاژێکەوە لە کۆتایی کتێبەکەدا هاتوون بۆ خوێندکاران زۆر بە سوود دەبنو دەتوانن یارمەتیان بدەن تا باشتر لە چەمكو بۆچوونە باسکراوەکانی نێو پاژە جۆراوجۆرەکان تێبگەن.

جێی وەبیر هێنانەوەیە کە بەشێك لەو چەمكو بابەتانەی کە لەم کتێبە، بە تایبەت لە پاژەکانی چوارەم ، شەشەم ، نۆهەم ، هەژدەهەمو لێرەولەوێ لە هەندێ لە بەشەکانی دیکەدا باسکراون، تەنانەت لە نێو نوێترین کتێبە وانەییەکانی کۆمەلناسیشدا نین کە بە زمانی فارسی وەرگێردراونو بۆ یەکەم جارە کە تەرجەمە دەکرێو بلاو دەکرێتەوە. لە بەر ئەوە وەرگێر ناچار بووە کە هاوواتای نوێیان لە زمانی فارسیدا بۆ بدۆزێتەوە یان وشەی نوێیان بۆ دابتاشێت. وەرگێر بەرلە هەموو شتێك هەولێداوە وەرگێرانەکەی وردو تەواو بێتو تێکۆشاوە تا ئەو شوێنەی بۆی دەکرێ چەمكو بابەتەکان بە شێوەیەك بن کە خوێندکاران بتوانن بە باشی لێیان تێبگەن. وەرگێر سپاسی ئەو خاوەن راو توێژەرانە دەکات کە رەخنە و پێشنیارەکانیان بۆ چاککردنی کتێبەکە دەربرن.

لە کۆتاییدا پێویستە سپاسی بەرپرسان و کارگێرانی دەزگای پەخشی(نەی) بکەم کە بە هەولو هیممەتی خۆیان ئەم کتێبەیان بۆ چاپو بلاو کردەوە. هیوادارم کە بتوانن لە پێناو بەخشینی خزمەتی زانستیو کولتوریدا سەرکەوتنی زیاتر بە دەست بێنن.

مەنووچێر سەبووری

تاران1373ی هەتاوی/1994ز

## پێشەکی دانەر

دەربارەی ئەم کتێبە

ئەم کتێبە لەو بڕوایەوە سەرچاوەی گرتووە کە کۆمەلناسی دەورێکی سەرەکی لە کولتوری فیکری ئەم سەردەمەدا دەگێرێو بە ناوەندی زانستە کۆمەلایەتیەکان دەژمێردرێ. پاش چەندین سال وانەوتنەوە لە هەموو ئاستەکانی کۆمەلناسیدا هاتمە سەر ئەو باوەڕەی کە پێویستە کتێبێك لە سەر بنەماکانی کۆمەلناسی ئامادە بکەم کە بەشێك لە پێشکەوتنەکانو گۆڕانکارییەکانی نێو ئەم لقە بە زمانێکی سادە لە خۆ بگرێ. ئەم کتێبە تەنیا هەولدانێك نییە لە پێناو نووسینی کتێبێکی وانەیی دیکەدا، بەلکو نیشانەی هەولدانێکە بۆ رێکخستنو نووسینەوەی هەندێ لە روانگەو مەسەلە سەرەکییەکانی ئەم بوارە.

من ویستوومە کتێبێك بنووسم کە هاوکات لە گەل تازە بوونیدا، هەموو ئەو بابەتە سەرەکییانە شرۆڤە بکات کە کۆمەلناسانی ئەمرۆ بایەخی پێ دەدەن. ئەگەرچی بەشێکی زۆری نووسینەکانی من لە رابردوودا پێوەندییان بە تیۆرییەکانی کۆمەلناسییەوە هەبووە، هەرگیز پێم وانەبووە کە باسە تیۆرییەکان تەنیا

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

سەبارەت بە خۆیان سوود بەخشن. پشتبەستن بە بەڵگەهینانەوەی تیۆری تەنیا ئەو کاتە دەتوانێت بە کەڵك بێت کە بتوانێ بابەتە ئەزموونییەکان روون بکاتەوە. لەم دەقەدا هەولّم داوە کە ئەو بوارە راڤە بکەم کە لە باری تیۆرییەوە گەلێك پێشکەوتنی بەرچاوی لەم سەردەمەدا بە خۆیەوە بینیوە. بەلاّم باشترین شێوە بۆ ئاگادار بوون لە پێوەندییەکانی نێوان تیۆریو توێژینەوە هەولّی چالاکانەیە بۆ تێگەیشتن لە دامەزراوە کۆمەلاّیەتییەکان. کەوابوو من پێم لە سەر خوێندنەوەی کێشەکانو لایەنە دیارەکانی کۆمەڵناسی داگرتووە. لەم کتێبەدا هەولّم نەداوە کە ئەوچەمکانە بێنمە بەرباس کە لە رادەبەدەرە ئالۆزن . بەو حالّەش ئەو ئەندێشەو دەرەنجامانەی کە لە دەسکەوتەکانی ئەم لقەوە بە دەست هاتوون لە سەرانسەری کتێبەکەدا هەڵسەنگێنراون. هیوادارم ئەم هەڵسەنگاندنە بە هیچ جۆرێك بە مانای لایەنگریکردن لە روانگەیەکی تایبەت لێك نەدرێتەوە، بەڵکو شیکاریو شرۆڤەکردنی گرنگترین روانگەکان بە شێوەیەکی مەعقوولو ژیرانە بووبێت.

بابەتە سەرەکیەکان

ئەم کتێبە کۆمەڵێك بابەتی سەرەکی رێك خستووە کە هەر کام لەو بابەتانە لە گەڵ ئەو شتەی کە من هیوادارم ببێتە تایبەتمەندی ئەم بەرهەمە، لە پێوەندی دایە. یەکێك لەم بابەتانە پێوەندی نێوان تاكو کۆمەڵە. هزری کۆمەڵناسانە بەر لە هەر شتێك یارمەتیمان دەدات تا خۆمان بناسین، کە ئەمە خۆی دەتوانێت یارمەتیمان بدات تا باشتر لە پێوەندییە کۆمەلاّیەتییەکان تێبگەین.

خوێندنەوەی کۆمەڵناسی دەبێ ببێتە ئەزموونێکی رزگاریدەر: کۆمەڵناسی هەستی هاودەردیو هێزی هزرو خەیاڵمان فراوان دەکات، بەرچاومان روون دەکاتەوە تا سەرچاوەکانی کرداری خۆمان ببینین،و دەبێتە هۆی تێگەیشتنێکی قووڵتر لەو بەستێنە کولتورییانەی کە جیاوازن لە کولتوری خۆمان. خوێندنەوەی کۆمەڵناسی تا ئەو شوێنە دژی روانگەی تەك رەهەندانە خەبات دەکات کە فێرمان بکا لە فرە کولتوری تێبگەین، وا دەکات بتوانین لە کرداری دامەزراوە کۆمەلاّیەتییەکان تێبگەینو پەرە بە هەوڵەکانی رزگارکردنی مرۆڤ دەدات.

بابەتی دووهەم، مەسەلەی جیهانە لە حالّی گۆڕاندا. کۆمەڵناسی لە جەرگەی ئەو گۆڕانکاریانەدا سەری هەڵدا کە نەزمی کۆمەلاّیەتی روو لە پیشەییبوون، رۆژئاوای بە یەکجاری لە شێوەی ژیانی کۆمەڵگە نەریتییەکان دابڕی . ئەم دونیایەی کە بەمجۆرە پێکهاتووە، گرنگترین بابەتی شرۆڤەکردنی کۆمەڵناسییە. رەوتی گۆڕانکاری کۆمەلاّیەتی هەروا بە خێرایی دەڕواتە پێشو لەوانەیە ئێمە لە بەردەمی گۆڕانکارییەکی بنچینەییدا بین، وەك ئەو گۆڕانکاریانەی کە لە کۆتاییەکانی سەدەکانی هەژدەو نۆزدەدا روویان دا. کۆمەڵناسی لە ئاستی نیشاندانی وێنەی گۆڕانکارییەکانی رابردوو تێگەیشتن لە رەوتی گۆڕانکارییەکانی ئەمرۆ بەر پرسیارە.

سێهەم، بابەتی ئەم کتێبە بابەتێکی تەواو بەراوردکارانەیە. ناکرێ تەنیا لە رێگای تێگەیشتن لە دامەزراوە کۆمەلاّیەتییەکانی کۆمەڵگەیەکی تایبەتەوە فێری هەڵسەنگاندنی کۆمەڵناسی بین. ئەگەرچی من زیاتر باسی کۆمەڵگەی بەریتانیام کردووە، بەلاّم ئەمجۆرە باسانە بەردەوام لە گەڵ بابەتە جۆراوجۆرو بەرفراوانەکانی نێو کۆمەڵگەو کولتورەکانیتردا هاوسەنگ بووە. ئەم بابەتانە ئەو لێکۆڵینەوانە دەگرێتەوە کە لە ولاّتانیتردا کراون، بەلاّم من بە گشتی ئاماژەم بەو بابەتانەش کردووە کە پێوەندییان بە یەکیەتی سوڤیەتو کۆمەڵگەکانی ئەورووپای رۆژهەلاّتەوە هەیە . بەلاّم ئیتر ناتوانین ولاّتە پیشەسازییەکان بە شێوەیەکی سەربەخۆو جیا لە جیهانی سێهەم بخوێنینەوەو لە بەر ئەوە ئەم کتێبە زۆر زیاتر لە کتێبە کۆمەڵناسییەکانیتر بایەخی بە ولاّتانی جیهانی سێهەم داوە. جگە لەمە، من بە جددی پێ لە سەر پێوەندی نێوان کۆمەڵناسیو ئەنترۆپۆلۆژیا دادەگرم کە مەیلەکانیان بە شێوەیەکی بەربلاّو تێکەڵ بە یەك بوون . بە لەبەرچاوگرتنی ئەو پێوەندییە نزیکانەی کە ئەمرۆ هەموو ولاّتانی جیهان پێکەوە دەبەستێتەوەو هەروەها هەڵوەشانەوەی راستەقینەی بەشێکی زۆری جۆرەکانی سیستمی کۆمەلاّیەتی نەریتی، ئیتر ناکرێ وەك جاران کۆمەڵناسیوئەنترۆپۆلۆژی لە یەك جیا بکرێنەوە.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

چوارەم، ئەم کتێبە لە پێویستی هەوڵێستی مێژوویی لە هەمبەر کۆمەڵناسی ئاگادارە. ئەمە شتێکی زیاتر لە پڕکردنەوەی ئەو بەستێنە مێژووییەیە کە کارەساتەکان تێیدا روو دەدەن. ئەمجۆرە زانیارییانە، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوە کە رەنگە خوێندکاران تەنانەت زانیارییەکی وایان لە سەر مێژووی نوێ نەبێت، بێگۆمان شتێکی پێویستە. یەکێك لە گرنگترین گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵناسی لەم چەند ساڵەی دواییدا شرۆڤەکردنەوەی مێژوو بووە. نابێت ئەم مەسەلەیە تەنیا بە مانای بەکارهێنانی روانگەیەکی کۆمەڵناسانە بۆ مێژوو لێك بدەینەوە، بەڵکو دەبێ وەك میتۆدێك چاو لێ بکرێ کە لە بنەڕەتدا یارمەتیمان دەدات تا باشتر لە دەزگاکانی سەردەم تێبگەین. بەرهەمە نوێیەکان لە کۆمەڵناسی مێژوییدا بە شێوەیەکی بەربڵاو کەڵکیان لێ وەرگیراوەو بەم شێوەیە چوارچێوەیەك بۆ ئەو شیکارییانە دادەنێت کە لە زۆربەی پاژەکاندا هاتۆنەتە کایەوە.

پێنجەم، لە تەواوی ئەم کتێبەدا سەرنجێکی تایبەت دراوەتە کێشە رەگەزییەکان. بە شێوەیەکی گشتی خوێندنەوەی رەگەز وەك بوارێکی تایبەت لە کۆمەڵناسیدا لە بەرچاو دەگیرێ — و پاژێکی ئەم کتێبە (پاژی شەشەم) تەرخان کراوە بۆ بیرکردنەوەو لێکۆڵینەوە لە سەر ئەم مەسەلەیە. بەڵام کێشەکانی تایبەت بە پێوەندییە رەگەزییەکان بایەخێکی بنچینەیی وەهایان بۆ شرۆڤەکردنی کۆمەڵناسی هەیە کە ناکرێ وەك بەشێکی لاوەکی چاوی لێ بکرێ. کەوابوو بەشێکی زۆری پاژەکانیتر پێوەندییان بە کێشەی رەگەزەوە هەیە.

شەشەم، یەکێك لە گرنگترین بابەتەکانی ئەم کتێبە، بەجیهانیبوونی ژیانی کۆمەڵایەتییە. زۆر دەمێك بوو لە کۆمەڵناسیدا دەوترا کە دەتوانرێ هەریەك لە کۆمەڵگەکان بە شێوەیەکی جیاو سەربە خۆ لەوانیتر بخرێتە بەر لێکۆڵینەوە. ئەم بابەتە تەنانەت لە رابردووشدا هەڵە بوو. ئەمڕۆ دەتوانین بە زەقی ئەو خێراییە ببینین کە لە پرۆسەی بەجیهانیبووندا دەرکەوتووە. بۆ نموونە ئەم خێراییە لە پێوەندییە بازرگانییەکانی نێوان وڵاتاندا بە روونی دیارە . بەڵام هێشتا دەرەنجامەکانی ئەم بەجیهانیبوونە پەرەگرتووە تەنانەت لە کتێبە تایبەتەکانی کۆمەڵناسیدا بە تەواوەتی هەڵنەسەنگێنراون‌و بە گشتی لە ئاستی کتێبە سەرەتاییەکاندا بە یەکجاری پشتگوێ خراون . پێداگرتن لە سەر بەجیهانیبوون لەم کتێبەدا پێوەندییەکی نزیکی بە پێکەوە بەسترانی دونیای یەکەم و دووهەم و سێهەمەوە هەیە.

دارشتنی ئەم کتێبە

ئەم کتێبە بە هیچ شێوەیەك بە باسێکی رووت وئەبستراکت لە بارەی چەمکە بنەڕەتییەکانی کۆمەڵناسی دەست پێناکات. لە بەرانبەردا، چەمکەکان لە پاژە پێوەندیدارەکاندا روونکراونەتەوەو هەوڵم داوە لە تەواوی کتێبەکەدا ئەندیشەکان، چەمکەکان‌و بیرۆکەکان لە رێگای هێنانەوەی نموونەی دیارو بەرچاو روون بکەمەوە. ئەگەرچی زۆرجار ئەم نموونانە لە توێژینەوە کۆمەڵناسییەکانەوە وەرگیراون، بە گشتی بۆ روونکردنەوەی بابەتەکان کەڵکم لە هەندێ سەرچاوەی وەك راپۆرتی رۆژنامەوانیش وەرگرتووە. هەوڵم داوە تا ئەو شوێنەی بۆم دەکرێ شێوازی نووسینەکە سادەو راستەوخۆ بێت‌و هەر لە هەمان کاتدا هەوڵم داوە کە کتێبێکی سەرنجراکێش‌و "پڕبار" بێت. لە پرۆگرامی خوێندنی زانکۆدا هیچ بابەتێ نییە کە بە رادەی کۆمەڵناسی سەرنجراکێش‌و رۆشنگەرو باسهەڵگر بێت، بە مەرجێك کە بە باشی بوترێتەوە.

پاژەکانی ئەم کتێبە بە چەشنێك ریزکراون کە خوێندکار بتوانێ بەرەبەرە باشتر بە سەر بوارە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵناسیدا زاڵ بێت، لە هەمان کاتدا ئەو خاڵەم لە بەرچاو بووە کە ئەم کتێبە بە چەشنێك بێت کە بە ئاسانی لە گەڵ پێویستییەکانی قۆناغە تایبەتییەکاندا بێتەوەو بە باشی کەڵکی لێوەر بگیرێت. کەوابوو دەتوانین هەندێ لە پاژەکان وەلا نێین‌و یان لە خوێندنەوەیاندا پولینکردنێکی جیاوازیان بۆ بکەین، بە بێ ئەوەی کە بابەتە سەرەکییەکە زیانی پێبکەوێ. هەر پاژێك تا رادەیەك بە شێوەی سەربەخۆ نووسراوەو لە هەندێ رووەوە پێوەندی بە پاژەکانی ترەوە هەیە.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئەو شەش پاژە بە شێوەیەکی بەربلاو بوارە سەرەکییەکانی کۆمەڵناسی لەخۆ دەگرن. بەشی یەکەم، کە تەنیا یەك پاژ دەگرێتەوە باس لە مەسەلە سەرەکییەکانی ئەم لقە دەکات. بەشی دووهەم، تایبەتە بە کولتوری کۆمەڵگەو تاکەکەسو پێوەندی دوولایەنەی نێوان کاریگەرییە کۆمەڵایەتییەکانو ئەزموونی شەخسی بە رەچاو کردنی رەگەز، وەك بابەتێکی سەرەکی شەنوکەو دەکرێ. پاژەکانی ئەم بەشە بریتین لە کولتور، سەرهەڵدانی کۆمەڵگەی جۆراوجۆری ئینسانی، هەڵسوکەتی کۆمەڵایەتی لە ژیانی رۆژانەدا، هاودەنگیو تاوانو جینایەت. لە بەشی سێهەمدا بابەتەکانی نایەکسانی، دەسەڵات و ئایدۆلۆژیا لێکدراونەتەوە. لەم بەشەدا ئەم بوارە سەرکییانەی کۆمەڵناسی باسیان لە سەرکراوە: دابەشکردنی چینەکان، نەتەوەو ئەتنیك، گرووپو رێکخراوەکان، سیاسەتو دەوڵەتو شەرو هێزی سەربازی. بەشی چوارەم تایبەتە بە دامودەزگا کۆمەڵایەتییەکانو شیکردنەوەی کاریگەریی ئەوانە لە سەر لایەنە هەستیارەکانی کرداری ئینسانی. پاژەکانی سەر بەم بەشە تایبەتن بە هاوسەرگیریو بنەماڵە، پەروەردەو فێرکردن و ئامرازەکانی پێوەندی کۆمەڵایەتی، کارو ژیانی ئابووری. بەشی پێنجەم ئەو پاژانەی لە خۆ گرتووە کە بەجەختێکی تایبەتییەوە باس لە مەسەلەی گۆڕانکاری دەکاو، بەجیهانیبوون، ژیانی شارنشینی لە ئەمرۆدا، حەشیمەت، لەشساغیو پیری، شۆڕشو بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان شەن وکەو دەکا. ئەم بەشە بە باسێکی گشتی دەربارەی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی کۆتایی پێ دێ.

سەرەنجام لە بەشی شەشەمدا، میتۆدەکانی توێژینەوەو ئەو روانگە تیۆرییە سەرەکییانە شیدەکرێنەوە کە لە کۆمەڵناسیدا بەکار دەبرێن. ئەگەرچی ئەم بابەتە کەوتۆتە کۆتایی کتێبەکەوە، بەڵام دەکرێ لە هەر قۆناغێکدا بخوێنرێتەوە.

پۆختەی پاژەکان و فەرهەنگی وشەکان

هەر یەك لەم پاژانە بە جۆرێك رێکخراوە کە هەم سەرنجراکێش بێتو هەم بە شێوەیەکی رێكو پێك لە بابەتەکە تێبگەیشتن دروست بکات. لە کۆتایی هەر پاژێکدا پۆختەیەکی تەواوی بابەتەکە وێڕای ئەو چەمكو زاراوە سەرەکیو گرنگانە نووسراون کە لەو پاژەدا هاتوون. هەموو ئەم چەمكو زاراوانە لە فەرهەنگی وشەکانی کۆتایی کتێبەکەدا هاتوون کە سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندە بۆ فێربوون. ... .

توێژینەوەی زیاتر : سەرچاوەکان بۆ خوێندنەوە و کتێب ناسین

کتێبخانەکان خاوەن سەرچاوەیەکی زانیاری زۆرن کە خوێندکاران دەتوانن بە مەبەستی گەڕان، یان تێگەیشتنی زیاتری ئەو مەسەلانەی کە لێرەدا باس کراون کەڵکیان لێوەر بگرن. لە تەواوی دەقەکەدا کەڵك لەم سەرچاوانە وەرگیراوەو لە ژێدەری کۆتایی کتێبەکەدا لیستی تەواوی ئەوانە هێنراوە. جگە لەمە، هەر پاژێك بە هێنانی لیستێك لەو سەرچاوانە کۆتایی پێدێت کە بۆ خوێندنەوە پێشنیار کراونو پاشکۆیەکی کورتیشم لە کتێبەکە زیاد کردووە کە سەرچاوەکانو چۆنیەتی بەکار هێنانیان دەخاتە روو.

بۆ خوێندکاران : چۆن کەڵك لەم کتێبە وەربگرن

ئەم کتێبە بە هاوڕێی خۆتان بزانن، نەك بە دوژمن ! درێژبوونی ئەم کتێبە لە گشتگیر بوونیدایە. پێویست ناکا لەوە بترسن کە دەبێ هەموو پاژەکە بخوێننەوە، یان دەبێ بە پێی رێکخستنی پاژەکان کتێبەکە بخوێننەوە. هەر یەك لە پاژەکان دەکرێ کەموزۆر بە سەربەخۆ چاو لێ بکرێ. ئەگەر ئەم کتێبە پێوەندی بە قۆناغێك لە قۆناغەکانی خوێندنتانەوەیە هەیە، ئەو پاژانەی کە پێویستان پێیانە بە شێوەیەك بیخوێنن کە مامۆستا دەیڵێتەوە.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

## بەشی یەکەم
## سەرەتایەك بۆ كۆمەڵناسی

كۆمەڵناسی دیمەنێكی دیارو هەرە رۆشنگەر دەربارەی ئاكاری مرۆڤ بە رووماندا دەكاتەوە. فێربوونی كۆمەڵناسی، واتە وازهێنان لە پێناسەكردنی شەخسی بۆ جیهانو بینینی ئەو كاریگەرییە كۆمەڵایەتیانە كە ژیانی ئێمە پێك دێنن. كۆمەڵناسی، ئەزموونی تاكەكەسی رەت ناكاتەوە یان بە سووك چاوی لێناكا، بەڵام بە پێكهێنانی حەساسیت لە هەمبەر ئەو جیهانە بەرینەی چالاكی كۆمەڵایەتی كە پێوەندی بە هەموومانەوە هەیە، ئێمە بە شێوەیەكی قووڵتر  تایبەتمەندییە تاكەكەسییەكانی خۆمانو خەڵكی دیكەش دەناسین. لە بەشی یەكەمی ئەم كتێبەدا چاو بە سەر مەسەلە بنەڕەتییەكانی كۆمەڵناسیدا دەخشێنینو پێوەندی نێوان ئەو مەسەلانەو بابەتەكانیتری زانستە كۆمەڵایەتییەكان دەخەینە بەرباس. فێربوونی كۆمەڵناسی، پرۆسەی گەڕانە بە دوای خۆماندا. كەس ناتوانێ كۆمەڵناسی بخوێنێتەوە بە بێ ئەوەی كە لە سەر قەناعەتە شەخسییەكانی خۆی گومانی لا دروست نەبێ.

1


كۆمەڵناسی: كێشەكانو روانگەكان
كۆمەڵناسی: مەسەلەكان و روانگەكان
فێر دەكا؟
كۆمەڵناسی دەڵی چی؟ چەند نموونە
ئینسانی
ئەوین و هاوسەرگیری
لەشساغی و نەخۆشی
نموونەیەكیتر: تاوان و سزا
ئاكامەكان: ناوەرۆكی كۆمەڵناسی
گۆڕانكاری لە دونیای ئەمرۆدا
كۆمەڵایەتییەكان
كۆمەڵناسی و " باوەڕە باوەكان"
پرسیارەكانی كۆمەڵناسی
نەخشەدانانەكان
پرسیارە راستەقینەكان
پرسیارە بەراوردكارییەكان
گەیشتن/ پۆختەی باسەكان
پرسیار دەربارەی سەهەڵدان
پرسیارە تیۆرییەكان
كۆمەڵناسی دەربارەی كردارەكانمان چیمان
پێكهاتەی كۆمەڵایەتی و كرداری
فراوانكردنی روانگەی كۆمەڵناسانە
ئایا كۆمەڵناسی زانستە؟
بابەتیبوون( عینیت)
بایەخی پراكتیكی كۆمەڵناسی
تێگەیشتنی بارودۆخە
ناسینی جیاوازییە كولتورییەكان
هەڵسەنگاندنی ئاسەواری
بردنە سەری توانای خۆناسی
دەوری كۆمەڵناس لە كۆمەڵدا/ بە ئاكام


PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئاكامە خوازراوو نەخوازراوەكانی كرداری ئینسانی

ئێمە ئەمرۆ لە جیهانێكدا دەژین كە تابلێی مەترسیدارەو لە هەمان كاتیشدا لێوانلێوە لە سەرسوورهێنەرترین مزگێنییەكان بۆ داهاتوو. جیهانێك كە لە ناو شەپۆلێك گۆڕانكاریدایە، جیهانێك كە زراوی لە ئەگەری سەرهەڵدانی شەڕی ناوكی چووەو لە بەردەم هێرشی رووخێنەرانەی تەكنۆلۆژیای سەردەم بۆ سەر ژینگەدایە. لە گەڵ ئەوانەشدا ئێمە ئەوەندە ئامرازو كەرەستەمان لە بەردەستدایە كە دەتوانین بە سەر چارەنووسی خۆماندا زاڵ بینو ژیانی خۆمان وەها باشتر بكەین كە باوباپیرانمان بە خەیاڵیشیاندا نەدەهات. ئەم دونیایە چۆن پێك هات؟ بۆچی هەلومەرجی ژیانی ئێمە لەگەڵ هەلومەرجی ژیانی باوباپیرانمان جیاوازە؟ گۆڕنكارییەكانی داهاتوو بە چ ئاڕاستەیەكدا دەمانبەن؟

ئەم پرسیارانە مەسەلەی بنەڕەتی كۆمەڵگای ئێمەن، زنجیرەیەك كە بەم شێوەیە دەورێكی سەرەكی لە كولتوری فیكری ئەمڕۆدا دەگێڕێ.

كۆمەڵناسی، واتە خوێندنەوەی ژیانی كۆمەڵایەتی، گرووپو كۆمەڵگە مرۆڤایەتیەكان، خوێندنەوەیەكی هەست بزوێنو سەرنجڕاكێشە كە خودی ئێمە وەكو بوونەوەرە كۆمەڵایەتییەكان بابەتی سەرەكی ئەو خوێندنەوەیەن. كۆمەڵناسی پانتاییەكی ئێجگار بەربلاوی هەیەو لە شیكردنەوەی هەڵسوكەوتی خەڵكی شەقامەوە بگرە تا تاوتوێ كردنی پرۆسە كۆمەڵایەتییە جیهانییەكان، (هەر هەمووان) دەگرێتەوە. هێنانەوەی چەند نموونەیەك یارمەتیمان دەدا تا بە شێوەیەكی سەرەتایی لە كرۆكو ئامانجەكانی تێبگەین.

كۆمەڵناسی باسی چیدەكا؟ چەند نموونەیەك

ئەوین و هاوسەرگیری

بۆچی تاكەكان دەبنە ئەویندارو ژیانی هاوبەش پێك دێنن؟ وەڵامی ئەم پرسیارە لە سەرەتادا زۆر ئاسانە. عەشق دەربڕی خوشەویستییەكی جەستەییو شەخسییە كە دوو كەس بەرانبەر بە یەكتر هەستی پێدەكەن. ئەم سەردەمە لەوانەیە بەشێك لە ئێمە گۆمانمان لە سەر ئەو بۆچوونە هەبێ كە دەڵێ عەشق"ئەبەدی"یە، بەڵام بەگشتی پێمان وایە كە"عاشق بوون" لە هەست و سۆزە گشتییەكانی مرۆڤەوە سەرچاوە دەگرێ. بۆ ئەو دوو لاوەی كە عاشق دەبن زۆر سروشتییە كە بیانەوێ ژیانی هاوبەش پێكبێننو لە پێوندییەكانیاندا بە دوای دامركاندنەوەی ئارەزووە شەخسی و سێكسییەكانیاندا بگەڕێن.

بەڵام ئەم روانگەیە كە بەو شێوە راشكاوانەیە، لە راستیدا بە تەواوەتی نائاسییە. ئەویندراربوون ئەزموونی هەموو ئینسانەكان نییەو زۆر كەم رێ دەكەوێ كە پێوەندی بە پێكهێنانی ژیانی هاوبەشەوە هەبێ. دەكرێ بڵێین كە چەمكی عەشقی رۆمانسیانە تا پێش ئەم سەردەمەی دوایی لە رۆژئاوادا پەرەی نەگرتبووو هیچكات لە زۆربەی كولتورەكانیتردا نەبووە. تەنیا لەم سەردەمەی دواییدایە كە عەشق، هاوسەرگیریو حەزە سێكسییەكان پێكەوە گرێ دراون. لە سەدەكانی ناوەڕاستو سەدەكانی دوایشدا، تاكەكان لە بنەڕەتدا بۆ مانەوەی مافی خاوەنداریەتی یان دارایی لە دەست بنەماڵەدا یان بارهێنانی منداڵان بۆ كاركردن لە مەزرای بنەماڵەییدا ژیانی هاوبەشیان پێكدەهێنا. هەندی جار لەوانە بوو كە ژن و پیاو دوای زەماوەندكردن ببنە هاوڕێی نزیكی یەكتر، بەڵام ئەم حاڵەتە زیاتر دوای زەماوندكردن دروست دەبوو نە بەر لەوە. پێوەندی سێكسی لە دەرەوەی هاوسەرگیرییەوە هەبوو، بەڵام ئەو هەستانەی كە ئێمە دەیبەستینەوە بە عەشقەوە كەمتر لە نێو ئەم پێوەندیانەدا هەبوون. عەشق لە باشترین دۆخی خۆیدا عەیبێكی حاشاهەڵنەگرو لە خراپترین دۆخی خۆیدا بە جۆرێك نەخۆشی دەزانرا (Montero, 1977, p. 123).

عەشقی رۆمانسی بۆ یەكەمجار وەك یەكێك لە تایبەتمەندییە بەزمگێڕییە سێكسییەكانی دەرەوەی چوارچێوەی ژنو مێردایەتی كە ئەندامانی بنەماڵەی پاشایەتی بۆ كەیفوخوشی، خۆیان پێوەی سەرقاڵ دەكرد، لە كۆڕو دیوەخانی پاشاكاندا دەركەوتو تا دوو سەدە لەوە پێش لە چواچێوەی ئەو كورو دیوەخانانە تێنەپەڕیو وەك شتێكی دیارو بەرچاو لە ژیانی هاوبەش جیا دەكرایەوە. پێوەندی نێوان ژنو پیاو لە نێو

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

شازادەكاندا – بێگومان لە چاو چاوەڕوانییەكانی ئەمڕۆی ئێمەدا – بە گشتی ساردو سنووردار بوو. دەوڵەمەندەكان لە كۆشكو تەلارەكاندا دەژیان، ژنو پیاو هەركامەو دیوی نووستنیان جیا بووو نۆكەرو كارەكەری خویان هەبووو كەم وابوو بە تەنیا پێكەوە بن. تێكەڵاوی سێكسی كارێكی بە ڕێكەوت بووو هیچ پێوەندی بە هاوسەرگیرییەوە نەبوو. بڕیاری هەڵبژاردنی هاوسەر لە نێو هەردوو چینی داراو نەداردا لە دەست بنەماڵەو كەسوكاردا بوو، و خودی ئەو كەسانەی ئەو كارەیان دەكرد هیچ دەورێكیان لەو كارەدا نەدەگێڕا. ( ئەم مەسەلەیە ئێستاكەش لە نێو زۆر كولتوری نارۆژئاواییدا هەر ماوە.).

كەوابوو نە عەشقی رۆمانسیو نە پێوەندی ئەو عەشقە بە هاوسەرگیرییەوە ناتوانن وەك تایبەتمەندییە "رەها"كانی ژیانی مرۆڤایەتی بناسرێن، بەڵكوو لە ژێر كاریگەرییە گشتگیرە كۆمەڵایەتیەكاندا پێك دێن. ئەمانە ئەو كاریگەریانەن كە كۆمەڵناسان لێیان دەكۆڵنەوە – و تەنانەت لەو ئەزموونانەشدا دەردەكەون، كە بە رواڵەت تەواو شەخسین. زۆربەمان بە پێی تایبەتمەندییەكانی ژیانی خۆمان لە جیهان تێدەگەین. كۆمەڵناسی بوونی روانگەیەكی بەربڵاو وەك پێویستییەك بۆ دەربڕینی هۆكاری كردارەكانمان دەسەلمێنێ.

## لەشساغی و نەخۆشی

لە روانگەی ئێمەوە لەشساغیو نەخۆشی ئەو مەسەلانەن كە بە گشتی پێوەندیان بە حاڵەتی سروشتی لەشەوە هەیە. كەسێك هەست بە ئێشو ئازار دەكا، یان تای لێدێ، ئەم حاڵەتە چون دەتوانێ پێوەندی بە كاریگەری بەربڵاوتری وەك كاریگەرییە كۆمەڵایەتییەكانەوە هەبێ؟ لە راستیدا، هۆكارە كۆمەڵایەتییەكان كاریگەرییەكی قووڵیان لە سەر ئەزموونو سەرهەڵدانی نەخۆشیو هەروەها چۆنیەتی دژكردەوەی ئێمە لە ئاست نەخۆشیدا هەیە. خودی چەمكی "نەخۆشی" كە دەبێتە هۆی تێكچوونی سیستەمی سروشتی كاركردنی لەش لە هەموو كۆمەڵگەكاندا تێگەیشتنی جیاوازی هەیە. لە روانگەی هەندێ لە كولتورەكانەوە نەخۆشیو تەنانەت مردنیش لە هێزە ئەهریمەنییەكانەوە سەرچاوە دەگرن، نەك لە هۆكارێكی سروشتی چارسەردارەوە ( Evans-Pritchard 1950).

لە كۆمەڵگەی ئێمەدا زانا مەسیحییەكان بەشێكی زۆری ئەو بیركردنەوانە رەت دەكەنەوە كە بە پێی مەعریفەی مەسحییەت چاو لە نەخۆشی دەكەن، واتە ئەو بڕوایە كە مرۆڤ بوونەوەرێكی رۆحانیو كامڵەو نەخۆشكەوتنی لە تێگەیشتنی خراپی راستییەكانەوە سەرچاوە دەگرێو دەبێتە هۆی ئەوە كە تووشی هەڵە بێت.

گەشبینی لە ژیانداو ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشییە سەختەكانی وەك نەخۆشییەكانی دڵ، شێرپەنجەو هەوكردنی سینگ، تێكڕا لە ژێركاریگەری جددی تایبەتمەندییە كۆمەڵایەتییەكاندان. هەتا خەڵك ژیانیان باشتر بێ، ئەگەری ئەوە كە لە قوناغێكی ژیانیاندا بە دەست نەخۆشییەكەوە بناڵێنن، كەمتر دەبێ. جگە لەوە چەند رێسایەكی دیارو پێناسەكراو هەن دەربارەی ئەوەی كە لە كاتی نەخوشیدا دەبێ چ بكەین. كەسێك كە نەخۆش دەكەوێ ناتوانێ هەموو یان بەشێكی بەرچاوی ئەركەكانی بەجێ بگەینێ، بەڵام دەبێ نەخۆشییەكە بە رادەی پێویست بە جددی بزانرێ تا ئەو كەسە بەبێ رەخنەو لۆمەی دەوروبەر داوای ئەو ئیمتیازانە بكا. كەسێك كە وا دەنوێنێ بە دەست نەخۆشییەكی سووكەوە ئازار دەكێشێ، یان نەخۆشییەكەی بە تەواوی نەناسراوە ، رەنگە بە كەسێكی درۆزن بزانرێ – واتە ئەو كەسە بۆی نییە كە ئەركەكانی ژیانی رۆژانەی بەرێوە نەبا (Segal, 1976; Cockerham, 1986) .

## نموونەیەكی تر : تاوان و سزا

ئەم راپۆرتە دڵتەزێنەی خوارەوە پێوەندی بە دوایین ساتەكانی ژیانی كەسێكەوە هەیە كە بە تاوانی پیلاندان بۆ لە نێوبردنی پاشای فەڕەنسە لە ساڵی 1757دا سزای كوشتنی بە سەردا درابوو. سزای ئەو پیاوە رۆژرەشە ئەوە بوو كە گۆشتی جەستەی لێبكرێتەوەو تێكەڵاوێك لە رۆنی قرچاوو مۆم و گۆگرد بكرێتە سەر

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

برینەکانی. پاشان دەبوا چوار پەلی جەستەی بە هۆی چوار ئەسپەوە لێك بترازێنرێتو چوار لەت بکرێو دواتر ئەندامە برِاوەکانیش بسووتێنرێن. زابتێکی زێرِەڤان راپۆرتێکی دەربارەی بەرێوەچوونی سزاکە نووسیوە:

جەلاد مەلاقەیەکی فوولی ئاسنینی کرد بە نێو قازانێکی گەورەی پرِ لە رونی قرچاوداو بە دلْفراوانییەوە رژاندی بەسەر برینەکاندا. پاشان ئەوگوریسانەی کە دەبوا لە ئەسپەکان ببەسترێن، بە سەرە گوریسی کورتتر لە کابرای تاوانباریان گرێدا. دوایی هەر پەلێکی کابرایان بە ئەسپێکەوە بەست ..... ئەسپەکان زەختێکی زۆریان دەکرد، هەریەکەوە لە لایەکەوە راستەوخو دەستێك یان قاچەکیان رادەکێشاو هەر جەلادێکیش لەغاوی ئەسپێکی رادەکێشا. دوای تێپەرینی چارەکە سەعاتێك، هەر ئەو رێورەسمە دووپات بووەوەو سەرەنجام دوای هەولێکی زۆر ناچار بوون شوێنی ئەسپەکان بگورِنەوە، بەم شێوەیە کە ئەو ئەسپانەی کەوتبوونە لای قاچەکانەوە، بچنە شوێنی دەستەکان، بۆ ئەوەی لە بنەوە لێیان بکەنەوە. ئەم شێوازە دوای چەند جار دووپاتبوونەوە سەرنەکەوت.

دوای چەند هەولێك، سامسۆنی جەلادو جەلادێکیتر کە مەقەستی پێ بوو، سەرو چەقویەکیان لە گیرفانیان دەرهێنا و لە جیاتی ئەوەی قاچەکان لە جومگەوە لێبکەنەوە، جەستەیان لە رانەکان جوێ کردەوە، هەر چوار ئەسپەکە تەکانێکیان داو هەر دوو رانەکەیان لێکردەوەو بە دوای خۆیاندا رایانکێشا، واتە سەرەتا رانی لای راستو پاشان ئەویتر. لە دواییدا هەر دوو دەست و شان وپیلیشیان هەر بەو شێوەیە لێکردەوە. جەلادەکان ناچار بوون تا سەر ئێسك گۆشتەکە ببرِن. ئەسپەکان زەختێکی زۆریان کردو سەرەتا دەستی راستو پاشان دەستی چەپیان لێکردەوە. (Foucault, 1979, pp.4-5). قوربانییەکە تا لێکردنەوەی دوایین ئەندامی لەشی هەر زیندوو بوو.

ئەمجورە سزادانانە تا پێش سەردەمی نوێ شتێکی نائاسایی نەبوون. بە جۆرێك کە "جان لوفلەند" بەمجۆرە باس لە شێوازە نەریتییەکانی بەرێوەچوونی سزای کوشتن دەکا:

لە سەردەمی کۆندا ئەمجۆرە سزادانانە بە جۆرێك دانرابوو، کە تاوانبارەکە لە ماوەی سزادانەکەدا تاکوو دەمرێ ئاگای لە خۆی بێت. کوشتن لە رێگای زیادکردنی بەرەبەرەی ئەو کێشە قورسانەی کە لە سەر سینگ دادەنران. وردوخاشکردن لە ژێر چەرخدا، لە خاچدران، خنکاندن، بە زیندوویی سووتاندن، ئەنج ئەنجنکردنی گوشتی لەش، شەقار شەقارکردنی ئەو شوێنانەی لەش کە نابنە هۆی مردن، راکێشانو لە شەتەکدان،و شێوەی دیکە ماوەیەکی زۆری دەخایاند. تەنانەت لە سێدارە دان لە مێژووی خۆیدا تەکنیکێکی لە سەرەخو بوو. کاتێك کە تەنیا کورسییان لە ژێر پێی تاوانبارەکەدا لادەبرد، یان تەنیا سەری چالْی ژێر پێیان بەتالْ دەکرد، تاوانبار بە هێواشی دەخنکاو بەر لە گیانکەندن ماوەیەك لوول دەبوو... بۆ کورتکردنەوەی ئەو ماوەیە جاری وا جەلاد دەچووە ژێر لەشی تاوانبارەکەو رایدەکێشا (Lofland, 1977, p. 311).

بە زۆری ئەو ئێعدامانە بە بەرچاوی ئاپۆرای خەلْکەوە ئەنجام دەدران. ئەو شێوازە تا سەدەی هەژدەهەمیش لە هەندێ لە ولاٌتاندا هەر مابوو. ئەو کەسانەی کە برِیار بوو ئێعدام بکرێن، بە عەرەبانەیەکی سەرئاوەلاٌ بە نێو شەقامەکاندا دەیانگەرِاندن تا وەك بەشێك لە شانۆیەکی بە ناوبانگی بانگەشەکەرانە پێشوازییەکی باشیان لێبکرێو ئیتر خەلْك بە پێی جۆری لێکدانەوەی خۆیان لە سەر قوربانییەکە، بە تایبەت بە هەلهەلە یان بە هوتافکێشان، یان بە شادی یان توورِەیی هەستی خۆیان دەردەبرِی. جەلادەکان ناوبانگێکی زۆریان هەبوو و تا رادەیەکە وەك ئەستێرەکانی سینەمای ئەم سەردەمە ناوبانگو لایەنگریان پەیدا کردبوو.

لەم سەردەمەدا ئێمە ئەو جۆرە سزادانانە بە کارێکی زۆر ناشیرین دەزانین. رەنگە کەم کەس هەبێت کە بە راستی چێژ لە تەماشاکردنی کەسێك ببا کە خەریکە ئەشکەنجە دەدرێ یان بە شێوازێکی زۆر درِندانە دەکوژرێت، بێ لە بەرچاوگرتنی هەر تاوانێك کە رەنگە ئەنجامی دابێ. یاسای سزادانی ئێمە لە سەر بنەمای لە زیندانیکردنی تاوانبار دامەزراوە، نەك ئازاردانی جەستەیی. سزای ئێعدام لە زۆربەی ولاٌتە روژئاواییەکاندا بە یەکجاری هەلْوەشاوەتەوە. بۆچی ئەم گۆرِانکاریانە پێك هاتن؟ هۆی چی بوو سزای بەندیخانە جێگای شێوازی کۆنترو توندو تیژانەتری رابردووی گرتەوە؟

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

لەوانەیە پێمان وابێ کە خەڵك لە رابردوودا دڕندەتر بوون، لە حاڵێکدا ئێمە خۆمان بە ئینسان دەزانین. بەڵام ئەمجۆرە بۆچونانە ناتوانێ کۆمەڵناسێك رازی بکا. بەکارهێنانی توندوتیژی بە شێوەیەکی فەرمی چەندین سەدە لە ئەوروپادا سەقامگیر ببوو. تێگەیشتنی خەڵك لە سەر ئەوجۆرە کردەوانە لە کتووپڕێکدا گۆڕانی بە سەردا نەهات. گەلێك فاکتەری کۆمەڵایەتی گرنگتر لە ئارادا بوون کە پێوەندییان بەو پرۆسە مەزنانەی گۆڕانکارییەوە هەبوو کە لەو سەردەمەدا روویان دەدا. کۆمەڵگەکانی ئەوروپا لەو سەردەمەدا دەگۆڕان بۆ کۆمەڵگەی پیشەیی‌و مەدەنی. سیستمی لادێی بە خێرا جێگای خۆی لە گەڵ سیستمێك دەگۆڕییەوە کە تێیدا خەڵکێکی زیاتر لە فابریکەو کارگەکاندا کاریان دەکردو روویان دەکردە دەوروبەری شارەکان کە بە خێرایی پەرەیان دەسەند. دانانی چاودێری کۆمەڵایەتی بە سەر ئەو گرووپانەدا کە لە شارەکاندا پێگەیان هەبوو، بە شێوەی جاران نەدەکرا. ئەم شێوازە سزادانانە کە پشتیان بە ترساندن‌و دەرسدادانی خەڵك دەبەست، تەنیا بۆ ئەو کۆمەڵگە بچووکانە دەگونجان کە بە تەواوی داخراو بوون‌و تاوانەکان جۆراوجۆر نەبوون.

بەندیخانەکان وەك بەشێك لە رەوتێکی گشتی لە پێناو دامەزراندنی هەندێ رێکخراودا کە تاوانباران تێیاندا لە پشت دەرگا داخراوەکانەوەو جیا لە جیهانی دەرەوە رادەگیران - وەك ئامرازێك بۆ رێکوپێککردن‌و چاودێری کردن بە سەر هەڵسوکەوتیاندا – پەرەیان گرت. ئەو کەسانەی لە بەندیخانەکاندا رادەگیران، سەرەتا تەنیا تاوانباران نەبوون، بەڵکوو کەسانی بێ خانەولانە، نەخۆشەکان، بێکاران، کەسانی ناتەواو و شێتەکانیشی دەگرتەوە. بەڵام دواتر بەندیخانەکان لە شێتخانەو نەخۆشخانەکان جیا کرانەوە. لە بەندیخانەکاندا دەبوا تاوانباران سەر لە نوێ پەروەردە بکرێنەوەو بکرێن بە هاوڵاتییەکی شیاو. لە جیاتی ئەوەی کە سزادان بە بەرچاوی خەڵکەوەو بۆ نیشاندانی ئاکامە ترسناکەکانی تاوانکاری بێت، لە پێناو بارهێنانی هاوڵاتییەکی گوێڕایەڵدا کەوتۆتە کار. ئەو شتەی کە ئەمڕۆ ئێمە وەك روانینێکی مرۆڤانەتر لە هەمبەر مەسەلەی سزادان لێی تێدەگەین، زیاتر دەرەنجامی ئەو گوڕانکاریانە بوو، تا ئەوەی کە لە بنەڕەتدا هۆی ئەو گۆڕانکاریانە بێت. ئەو گۆڕانکاریانە کە لە شێوەی هەڵسوکەوت لە گەڵ تاوانباراندا پێکهاتن، بەشێك بوون لەو پرۆسانە کە بوونە هۆی وەلانان و فرێدانی ئەو سیستمانەی کە بە درێژایی چەندین سەدە لە لایەن خەڵکەوە قبووڵ کرابوون. ئەم کۆمەڵگەیانەی کە ئەمڕۆ ئێمە تێیاندا دەژین لە ئەنجامی ئەم پرۆسانەوە پێك هاتوون.

### ئاکامەکان: ماهییەتی کۆمەڵناسی

لێرەدا دەتوانین ئەواوی ئەو نموونانە تاوتوێ بکەین کە تاکوو ئێستا باسمان لێکردوون. لە هەرکام لەم نموونانە – واتە عەشق، ژیانی هاوبەش‌و حەزی سێکسی، لەشساغی‌و نەخۆشی‌و سزادانی تاوانکارن – دا بۆمان دەرکەوت کە ئەوەی وێدەچێ بە هەست‌و سوزی ئینسانی وێنا بکرێ، لە راستیدا بە شێوەیەکی بەربڵاو لە ژێر کاریگەری فاکتەرە کۆمەڵایەتییەکاندایە. تێگەیشتن لەوەی کە ژیان بە چ شێوەیەکی وردو هەر لەو کاتەشدا قووڵ‌و ئاڵوز بەستێنەکانی ئەزموونی کۆمەڵایەتی ئێمە ئاوەژوو دەکا، لە روانگەی کۆمەڵناسییەوە بایەخی سەرەکی هەیە. کۆمەڵناسی سەرنجی تایبەتی دەداتە ژیانی کۆمەڵایەتی لە جیهانی ئەمڕۆدا – جیهانێك کە لە ئەنجامی ئەو گوڕانکارییە بەربڵاوانەوە پێکهاتووە کە لە ماوەی دوو سەدەی رابردوودا لە کۆمەڵگە مرۆڤایەتییەکاندا روویان داوە.

### گوڕانکاری لە جیهانی ئەمڕۆدا

دووسەدساڵ لەوەوپێش گۆڕانکاری بەربڵاو بە سەر شێوەکانی ژیانی مرۆڤدا پێك هاتووە. بۆ نموونە، ئێمە لە گەل ئەو راستییەدا راهاتووین کە زۆربەی خەڵك کاری کشتوکاڵ ناکەن‌و لە جیاتی ژیان لە گوندە بچووکەکاندا لە شارۆچکە و شارە گەورەکاندا دەژین. بەڵام ئەمە تا ئەم سەردەمە نوێیە هەرگیز وانەبووە. لە سەرانسەری مێژووی مرۆڤایەتیدا، زۆرینەی خەڵك ناچاربوون بۆخۆیان ئامرازەکانی ژیانیان بەرهەم بێنن‌و لە نێو گرووپی بچووك یان گوندی بچووکدا بژین. تەنانەت لە سەردەمی زێڕینی پێشکەوتووترین شارستانییەتە

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

کۆنەکانی – وەك رۆمی کۆن یان چینی کۆن – یشدا کەمتر لە 10 لەسەدی خەڵك لە شارەکاندا دەژیانو خەڵکیتر تێکرا خۆراکیان بەرهەم دێنا. ئەمڕۆ لە زۆربەی کۆمەڵگە پیشەییەکاندا ئەم رێژەیە بە تەواوی ئاوەژوو بووەتەوە: بەگشتی زیاتر لە 90 لەسەدی خەڵك لە شارەکاندا دەژینو تەنیا 2 تا 3 لە سەدی خەڵك لە سەر مەزراکاندا ئیش دەکەن.

گۆڕان تەنیا لایەنە رواڵەتییەکانی ژیانی ئێمەی نەگرتووەتەوە، ئەم گۆڕانکاریانە بە شێوەیەکی بنەڕەتی شەخسییترینو تایبەتیترین لایەنەکانی ژیانی رۆژانەی ئێمەیان گۆڕیوەو بەردەوام دەیگۆڕن. لە درێژەی یەکێك لەو نموونانەی پێشودا دەتوانین بڵێین کە پەرەگرتنی ئامانجە خەیاڵییەکانی عەشقی رۆمانسی پێوەندییەکی پتەوی بە تێپەڕین لە قۆناغی گوندنشینییەوە بەرەوە ژیانی پیشەسازیو شارنشینییەوە هەبوو. بە کۆچکردنی خەڵك بۆ دەورووبەری شارەکانو بەشداربوون لە بەرهەمهێنانی پێشەسازیدا، هاندەرە ئابوورییەکان – واتە پێویستی چاودێریکردن بەسەر میراتو ئیشکردن لە سەر زەویدا وەك کەرتێکی بەرهەمهێنانی بنەماڵەیی – ئیتر هاندەری هاوسەریەتی نەبوون. ئەو ژنو ژنخوازییە خێڵەکییانە کە بە بڕیاری گەورەو ریش سپیی نێو بنەماڵەو خزمو کەسەکان پێکدەهاتن، وەك جاران باویان نەما. گەنجەکان لە سەر بنەمای ئەویندارىو بە مەبەستی دۆزینەوەی رێگاچارەیەك بۆ دامرکاندنی هەستەکانیان بە شێوەیەکی بەربڵاو کەوتنە پێکهێنانی پێوەندی ژنومێردایەتی. چەمکی "عاشقبوون" وەك سەرەتایەك بۆ بەستنی پەیمانی هاوسەرێتی لەم بوارەدا سەری هەڵدا.

هەروەها پێش سەرهەڵدانی پزیشکیی نوێ ، ئەوروپییەکانیش وەك بەشێکی زۆر لە وڵاتە ناڕۆژئاواییەکان دەیانڕوانییە لەشساغیو نەخۆشی. تەنیا لە سەرەتای سەدەی نوزدەهەمدا بوو کە مێتودی پێشکەوتوو بۆ ناسینو دەرمانکردنی نەخۆشییەکان، وێڕای ئاگاداربوون لە بایەخی پاكوخاوێنی بە مەبەستی پێشگرتن لە سەرهەڵدانی نەخۆشییە سەختەکان سەریان هەڵدا. بیرکردنەوەکانی ئەمڕۆی ئێمە دەربارەی لەشساغیو نەخۆشی وەك بەشێك لە گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان کە زۆربەی لایەنەکانی بیروبڕوای ئێمەیان دەربارەی ژینگەو سروشت خستە ژێر کاریگەری خۆیانەوە، سەریان هەڵدا.

کۆمەڵناسی بە هەوڵو کۆششی ئەو بیرمەندانە دەست پێدەکا کە تێدەکوشن تا لە گۆڕانکارییە سەرەتاییەکانی دەسپێکی بە پیشەییبوونی ئەوروپا تێبگەنو هەروەها تاقانە لقی سەرەکییە کە سەرقاڵی شرۆڤەکردنی ماهییەتی ئەو کاریگەریانەیە. ئەم سەردەمەی ئێمە جیاوازییەکی بنەڕەتی لەگەڵ سەردەمەکانی پێشوودا هەیە، کۆمەڵناسی لەسەریەتی یارمەتیمان بدا تا لە جیهانو داهاتووە کۆمەڵایەتییەکەی تێبگەین.

## کۆمەڵناسیو"باوەڕە باوەکان"

خوێندنەوەی کۆمەڵناسی دەبێتە هوی ئەوە کە لەسەر خۆمان، ئەو کۆمەڵگەیەی تێیدا دەژینو ئەو کۆمەڵگەیانەش کە لە رووی زەمەنو باروودوخەوە لە گەڵ کۆمەڵگەکانی ئێمەدا جیاوازیان هەیە، زانیاری بەدەست بێنین. دەرەنجامەکانی خوێندنەوەی کۆمەڵناسی هەم باوەڕە باوەکانی لەمەڕخۆمانو خەڵکیتر دەباتە ژێر پرسیارو هەم دەوڵەمەندیان دەکات.

ئەم وتانەی خوارەوە لەبەر چاو بگرن:

عەشقی رۆمانسی بەشێکی سروشتی ئەزموونی مرۆڤایەتییەو، هەربۆیە لە هەموو کۆمەڵگەکاندا بەرچاو دەکەویو پێوەندییەکی توندوتوڵی لەگەڵ هاوسەرگیریدا هەیە.

تەمەنی مرۆڤ پێوەندی بە شێوەی ژیانییەوە هەیەو جیاوازییە کۆمەڵایەتییەکان ئەوەندە رۆڵیان نییە .

لە سەردەمەکانی پێشوودا بنەماڵە یەکەیەکی نەگۆڕ بوو، بەلام ئەمرۆ رێژەی "بنەماڵە لێکدابڕاوەکان" ئێجگار زۆر بووە.

لە هەموو کۆمەڵگەکاندا هەندێ کەس خەمبارو خەمۆکن، کەوابوو لە سەرانسەری جیهاندا رێژەی خۆکۆشتن کەمو زۆر یەکسان دەبێت.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

له هەموو شوێنێکدا زۆربەی خەڵك ڕێز لە سامانی ماددی دەگرن،و ئەگەر هەلی پێشکەوتن لە ئارادا بێت هەوڵ دەدەن پێشبکەون.
شەڕ بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی لە ئارادا بووە. ئەگەر ئەمڕۆ ئەگەری سەرهەڵدانی شەڕی ئەتۆمی هەڕەشەمان لێدەکا، لە بەر ئەو ڕاستییەیە کە ئێنسانەکان خاوەن غەریزەیەکی شەڕەنگێزانەن کە هەمیشە ڕێگایەك بۆ خۆدەرخستن نیشان دەدا.
پەرەگرتنی کۆمپیوتەرو تەکنۆلۆژیا لە بەرهەمهێنانی پیشەییدا دەبێتە هۆی دابەزاندنی نێونجی کاری رۆژانەی زۆربەی خەڵك.

هەریەك لەم بۆچوونانە ناڕاستو جێی گومانن‌و تێگەیشتن لە هۆی ناڕاست بوونیان یارمەتیمان دەکا تا بتوانین لەو پرسیارانە تێبگەین کە کۆمەڵناسەکان لە توێژینەوەکانیاندا دەیهێننە گۆڕێ – و هەوڵ دەدەن وەڵامی بدەنەوە.
هەروەك بینیمان ئەو ئەندێشەیە کە پێی وایە دەبێ پێوەندی ژن‌ومێردایەتی لە سەر بنەمای عەشقی رۆمانسی بێت، چەمکێکی نوێیە کە لە سەردەمە دێرینەکانی وڵاتە روژئاواییەکان، یان لە کولتورەکانیتردا نەبووە. لە راستیدا عەشقی رۆمانتیك لە زۆربەی کۆمەڵگەکاندا نەناسراوە.
بێگومان فاکتەرە کۆمەڵایەتییەکان کاریگەرییەکی زۆریان لە سەر درێژبوونی تەمەنی مرۆڤ هەیە. لە بەر ئەوە کە شێوەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی دەوری فیلتەرێك دەبینن بۆ تێپەڕبوونی فاکتەرە ژینگەییەکان کە دەبنە هۆی نەخۆشی، بێ هێزی یان مردن. بۆ نموونە خەڵکی هەژار لە چاو دەوڵەمەندەکاندا بە شێوەیەکی نێونجی تەندروستییەکی کەمتریان هەیە، چونکە بە گشتی رەوشی خواردنیان باش نییە، شێوەی ژیانیان وایە کە دەبێ هێزێکی زۆری جەستەیی بەکار بێنن،و خزمەتە پزیشکییەکانیان لە ئاستێکی خوارەوە دایە.
ئەگەر چاوێك بە سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەهەمدا بگێڕین، ڕێژەی ئەو مندالانەی کە یەك بنەماڵەو یەك دایك‌وباوکیان هەبووە، رەنگە هەر بە قەدەر ئەمڕۆ زیاد بووبێ، چوونکە ژمارەیەکی زۆرتری ئەوانە لە تافی لاویدا،و بە تایبەت ژنان لە کاتی منداڵبووندا دەمردن. تەڵاقدان‌و جیابوونەوە هۆی سەرەکی پەیدا بوونی "بنەماڵە لێکدابڕاوەکان"ە، بەڵام ڕێژە گشتییەکە جیاوازییەکی زۆری هەیە.
بێگومان رادەی خۆکۆژی لە هەموو کۆمەڵگەکاندا وەك یەك نییە. تەنانەت ئەگەر تەنیا وڵاتە روژئاواییەکان لەبەرچاو بگرین، دەبینین کە رادەی خۆکۆژی لەم وڵاتانەدا بە شێوەیەکی بەربڵاو جیاوازیان پێکەوە هەیە. بۆ نموونە رادەی خۆکۆژی لە بەریتانیادا چوار ئەوەندەی ئیسپانیایە، بەڵام تەنیا یەك لە سێی رادەی هەنگاریایە. لە سەدەی نۆزدەهەم‌و سەرەتای سەدەی بیستەمدا، واتە لە سەرەکیترین قۆناغی بە پیشەییبوونی کۆمەڵگە رۆژئاواییەکاندا رادەی خۆکوژی زیادبوونێکی زۆری بەخووە بینی.
ئەو بایەخەی کە ئەمڕۆ خەڵك لە کۆمەڵگەکاندا بۆ سەرەوت‌و پێشکەوتن دایدەنێن بە گشتی گۆڕانێکی نوێیە. ئەم دیاردەیە پێوەندی بە سەرهەڵدانی "فەردییەت" لە روژئاوادا هەیە. ئێمە ئەمڕۆ بە گشتی هەر ئەو بایەخە بۆ پێشکەوتنی تاکەکان دادەنێن . لە زۆرێك لە کولتورەکانیتردا ئەو چاوەڕوانییە لە تاکەکان دەکرێ کە بەرژەوەندی کۆمەڵگە بخەنە سەرووی حەزو ئارەزووەکانی خۆیانەوە. سامانی ماددی لە بەراورد لەگەڵ باقی بەهاکانیتری، وەك بەها ئایینییەکاندا نرخێکی ئەوەندەی بۆ دانانرێ.
ئینسانەکان نە تەنیا غەریزەی شەڕەنگێزانەیان نییە، بەڵکوو ئەگەر غەریزە وەك سەرمەشقێکی نەگۆڕو بۆماوەی کردار چاو لێبکەین، ئینسانەکان لە بنەڕەتدا غەریزەیان نییە. سەرەڕای ئەوە، لە زۆربەی مێژووی مرۆڤایەتیدا، ئەو کاتەی خەڵك بە شێوەی خێڵەکی دەژیان، شەڕکردن وەك ئەمڕۆ نەبوو. هەرچەند کە هەندێ لەو خێڵانە شەڕەنگێز بوون، بەڵام زۆربەیان وانەبوون. هیچ سوپایەك لە ئارادا نەبوو، و کاتێك کە شەڕێك رووی دەدا، بە ئەنقەست هەوڵ دەدرا کەس نەکوژرێت‌و یان کەمتر بکوژرێت. ئەمڕۆ شەڕ پێوەندی بە پرۆسەی "پیشەییبوونی شەڕ"ەوە هەیە کە بە گشتی لایەنێکی گرینگی بە پیشەیی بوونە.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئەم گریمانە تا رادەیەك لەگەڵ گریمانەکانیتردا جیاوازی هەیە، چوونکە ئاماژە بە داهاتوو دەکا.بۆ ئەوەی کە لانیکەم لەم بارەوە بە پارێزەوە بجوڵێنەوە، بەڵگەی پێویست لە بەر دەستدا هەیە. ئەو ئامێرانەی کە بە تەواوی ئەلەکترونین، هێشتا ژمارەیان کەمەو ئەو ئیشانەی کە لە ئاکامی هاتنی ئامێرە ئەلەکترونییەکاندا وەلا دەنرێن، لە وانەیە بە ئیشی نویٚ کە لە شوێنی دیکەدا پێك دەهێنرێن جێگەیان پڕ بکرێتەوە. ئێمە هێشتا ناتوانین بە تەواوی دڵنیا بینو یەکێك لە ئەرکەکانی کۆمەڵناسی ئەوەیە بە شێوەیەکی جددی ئەو بەڵگەنامە راستەقینانە چاو لێبکات کە پێوەندییان بەم بوارەوە هەیە. روونوئاشکرایە کە ئەو دەرەنجامانەی لە توێژینەوە کۆمەڵناسییەکانەوە بەدەست هاتوون هەمیشە لە گەڵ بیروبڕوای خەڵکدا دژایەتییان نییە. ئەو ئەندێشانەی کە پشتیان بە بڕوا باوەکان بەستووە، زۆرجاران دەبنە هۆی بنیاتنانی سەرچاوەکانی بینایی(بصیرت) دەربارەی ئاکاری کۆمەڵایەتی. بەڵام ئەوەی کە دەبیٚ پێی لە سەر دابگرین، ئەوەیە کە کۆمەڵناس دەبیٚ بتوانێت پرسیارو گومان بخاتە سەر هەرکام لە باوەڕەکانمان لە پێوەندی لەگەڵ خۆماندا – ئەگەرچی زۆریش دڵمان پیٚ خۆش بن. بەمجۆرە کۆمەڵناسی یارمەتی بە دەوڵەمەندکردنی هەر شتێك دەکا کە لە هەر کاتو شوێنێکدا بڕوایەکی باوە. بەشێکی زۆر لەو شتانەی کە ئێمە بە بڕوایەکی باویان دەزانین واتە، ئەو شتەی کە هەر کەسێك دەیزانێت – بۆ نموونە ئەوە کە رادەی تەڵاق لە دوای شەڕی جیهانی دووهەمەوە تاکوو ئێستا گەلێك زیادی کردووە – لە ئاکامی توێژینەوەکانی کۆمەڵناسانو باقی زانایانی کۆمەڵایەتییەوە بەدەست هاتوون. ئەنجامدانی توێژینەوەی جۆراوجۆر لە پێناو وەدەستخستنی ئامارو زانیاری ساڵانە دەربارەی سەرمەشقەکانی هاوسەرگیریو تەڵاق بە شێوەیەکی رێكوپێك کارێکی پێویستە. هەر ئەم کارەش لە پێوەندی لە گەڵ بەشێکی بەرچاو لە بۆارەکانیتری زانستدا کە پشتیان بە بڕوا باوەکان بەستووە، کارێکی دروستە.

پرسیارەکانی کۆمەڵناسی

پرسیارە راستەقینەکان

هەندیٚ لەو پرسیارانەی کە کۆمەڵناسەکان دەیهێننە ئاراوەو هەوڵ دەدەن وەڵامیان بدەنەوە، تا رادەیەکی زۆر راستەقینەن. لە بەرئەوەی کە ئێمە ئەندامی یەك کۆمەڵگەین، هەمووماں پێشتر تا رادەیەك زانیاری باشمان لە سەر ئەو شتانە هەیە. بۆ نموونە لە بەریتانیادا هەندیٚ یاسا هەن کە هەموان دەبیٚ رەچاویان بکەنو ئەگەر بە پێچەوانەی ئەو یاسانە بجووڵێنەوە وەك تاوانبار دەکەونە بەردەم مەترسی سزادان. بەڵام لەوانەیە کەسێکی مامناوەندی ئاگاداریەکی ئەوتۆی لە سەر یاساو ماهییەتو شێوەکانی تاوان نەبیٚ. بەشێکی بەرچاوی لایەنەکانی تاوانو سزای عادڵانە پێویستی بە توێژینەوەی راستەوخۆو رێکوپێکی کۆمەڵناسانە هەیە. کەوابوو لەوانەیە بپرسین: لە نێو تاوانەکاندا کامەیان زیاتر باوە؟ رێژەی ئەو کەسانەی کە تاوان ئەنجام دەدەنو بە هوی پۆلیسەوە دەگیرێن چەندەیە؟ چەند کەسیان سەرەنجام حوکمیان لە سەر دەدریٚ و دەکەونە بەندیخانە؟ پرسیارە راستەقینەکان زۆر لەوە ئاڵۆزترو دژوارترن کە مرۆڤ بیریان لێدەکاتەوە. بۆ نموونە ئاماری رەسمی تاوانەکان بۆ نیشاندانی ئاستی راستەقینەی تاونکاری جێی بڕوا نین.

پرسیاری بەراوردکارانە

ئاشکرایە کە زانیارییە راستەقینەکان دەربارەی کۆمەڵگەیەك، زیاتر کۆمەڵێك لە کاریگەرییە هەرە گشتیەکان نیشان دەداو ئەوەمان پیٚ نیشان نادا کە ئێمە تا چ رادەیەك لە گەڵ دیاردەیەکی ئاورتەدا بەرەوروین. کۆمەڵناسان بە گشتی دەیانەویٚ پرسیاری بەراوردکاری بێننە ئاراوە،و بوارێکی کۆمەڵایەتی لە نێو کۆمەڵگەیەکدا ببەستن بە بوارێکیترەوە یان ئەو نموونانە لە کۆمەڵگە جیاوازەکانەوە وەرگیراون لە گەڵ یەکتردا بەراورد بکەن. بۆ نموونە سیستەمە یاساییەکانی بەریتانیاو ئەمریکا جیاوازییەکی بەرچاویان پێکەوە هەیە. لەم بارەوە دەکریٚ نموونەی پرسیارێکی بەراوردکاری بەم شێوەیە بێت: تا چ رادەیەك مۆدێلەکانی کرداری

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

تاوانكاریو چاودێری پۆلیس لەم دوو وڵاتەدا لە یەكتر جیاوازن؟ ( لە راستیدا هەندێ جیاوازی گرنگ لە نێو ئەوانەدا بەرچاو دەكەوێ.).

پرسیار دەربارەی پێكهاتن

لە كۆمەڵناسیدا نە تەنیا دەبێ كۆمەڵگەكانی سەردەم پێكەوە بەراورد بكەین، بەڵكوو پێویستە دوێنێو ئەمرۆش لە گەڵ یەكتردا بەراورد بكەین. ئەو پرسیارانەی كە كۆمەڵناسەكان لێرەدا دەیانخەنە روو، تەكوینین . بۆ تێگەیشتن لە ماهییەتی جیهانی ئەمرۆ، دەبێ شێوەكانی ژیانی رابردوو لە بەرچاو بگرین و هەروەها ئاقاری سەرەكی پرۆسەی گۆڕانكارییەكان تاوتوێ بكەین. بەم شێوە دەتوانین لەوە بكوڵینەوە كە بۆ نموونە بەندیخانە سەرەتاییەكان چون پێكهاتن – بابەتێك كە پێشتر ئاماژەمان پێكردووە .

پرسیارە تیۆرییەكان

پرسیارە راستەقینەكان – یان ئەو پرسیارانەی كە بە زۆری كۆمەڵناسەكان پێیان باشە پێی بڵێین پرسیاری ئەزموونی – پێوەندییان بە چۆنیەتی سەرهەڵدانی دیاردەكانەوە هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا كۆمەڵناسی تەنیا هەموو راستییەكان لە خۆدا كۆ ناكاتەوە، ئەگەرچی زۆریش گرنگ بن. هەروەها ئێمە دەمانەوێ بزانین هۆی سەرهەڵدانی راستییەكان چییە،و بۆ ئەم كارە پێویستە فێربین كە چۆن پرسیاری تیۆری بێنینە گورێ، تا بتوانین لە رێگای تێگەیشتن لە لەو هۆكارانەی كە دەبنە تەوەری سەرەكی هەر توێژینەوەیەكی تایبەت، راستییەكان بە شێوەیەكی راستودروست روون بكەینەوە. دەزانین كە پیشەییبوون كاریگەرییەكی بەرچاوی لە سەر پێكهاتەی كۆمەڵگەكانی ئێستا داناوە. بەڵام ئەم پیشەییبوونە لە چ هەلومەرجێكدا سەری هەڵداوە و سەرچاوەكانی كامەن؟ بۆچی هەركام لەو كۆمەڵگەیانە بە پرۆسەیەكی جیاوازدا گەیشتوونەتە پیشەییبوون؟ بۆچی پیشەییبوون هاوكات بووە لە گەڵ گۆڕانی شێوازەكانی سزادانی تاوانباران یان سیستمی بنەماڵەو هاوسەرێتیدا؟ بۆ وەڵامدانەوە بەم پرسیارانە دەبێ پانتایی بیروزەینمان فراوان بكەین. تیۆر چەندین جۆر لێكدانەوەی جیاواز دروست دەكا كە دەتوانن بۆ دەربڕینی رەوشە ئەزموونییەكان بە كار بهێنرێن. بۆ نموونە تیۆرێك دەربارەی پێشەییبوون هەوڵدەدا تا تایبەتمەندییە سەرەكییە هاوبەشەكانی نێو پرۆسەكانی گەشەكردنی پیشەییبوون دیاری بكاو تێدەكوشێ ئەوە نیشان بدا كە لە روونكردنەوەی گۆڕانێكی لەو چەشنەدا كام یەك لە تایبەتمەندییەكان بایەخێكی زیاتریان هەیە. روونو ئاشكرایە كە هیچكات ناتوانین بە تەواوی پرسیارە راستەقینەو تیۆرییەكان لێك جیا بكەینەوە. ئێمە تەنیا كاتێك دەتوانین تیۆرییەكی گرینگ بێنینە ئاراوە كە بە رێگای خوێندنەوەیەكی ئەزموونیانەدا تاقی بكەینەوە.

ئێمە پێویستمان بە تیۆرییەكان هەیە تا لە تێگەیشتنی راستییەكاندا یارمەتیمان بدەن. بە پێچەوانەی وتەی خەڵكەوە راستییەكان خۆیان نادوێن. بەشێكی زۆری كۆمەڵناسەكان لە بنەڕەتدا كار لە سەر مەسەلە ئەزموونییەكان دەكەن، بەڵام لەوەناچێ كارەكەیان كارێكی روشنگەرانە بێت، مەگەر ئەوەی كە پشتیوانییەكی تیۆری بێت بۆ لێكولینەوەكانیان. ئەم مەسەلە تەنانەت لە سەر ئەو توێژینەوانەش وەڕاست دەگەرێ كە بە ئامانجێكی پراكتیكی تەواوەوە جێبەجێ دەبن.

بە گشتی پراگماتیستەكان بە شێوەیەكی رەشبینانە چاو لە تیۆردانەران دەكەن،و لەوانەیە پێیان خۆش بێت كە خۆیان لەوە بە كاراتر بزانن كە پێویستیان بە ئەندێشە ئەبستراكەكان هەبێ، بەڵام تێكڕای بڕیارە عەمەلییەكان لە سەر هەندێ گریمانەی تیۆری دامەزراون. بۆ نموونە ئەو كەسەی كە خەریكی كارو كاسپیە رەنگە بایەخێكی ئەوتۆ بە تیۆر نەدا، لە گەڵ ئەوانەشدا هەڵگرتنی هەر هەنگاوێك بەرەو چالاكی بازرگانی پێویستی بە گریمانە تیۆرییەكان هەیە، تەنانەت ئەگەر ئەم گریمانانە زۆر جاریش دەرنەبڕدرێن. بەمجۆرە ئەو كەسە لەوانەیە وابزانێ كە مووچەخۆرەكان زیاتر لە هەر شتێك ئاستی حەقدەستەكەیان هانیان دەدا بۆ كاركردن. ئەمە نە تەنیا روونكردنەوەیەكی تیۆریانەی كرداری ئینسانییە – بەڵكوو وەك توێژینەوە

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

کۆمەڵناسییە پیشەییەکان دەری دەخەن – روونکردنەوەیەکی ناڕاستیشە.

ئاکامە خوازرا و نەخوزازراوەکانی کرداری ئینسانی

کۆمەڵناسی لە نێوان مەبەستە عەمەلییەکانی ئێمە – واتە ئەوەی مەبەستمانە بیکەین – و ئەو ئاکامە نەخوازراوانەی کە لە ئەنجامی کردارەکانی ئێمەوە بەدی دێن، جیاوازیەکی گرینگ دادەنێ. لەوانەیە ئەو مەبەستانەی لە پێناویاندا تێدکۆشین لە گەڵ ئەو ئاکامانەی کە بەدی دێن، جیاوازییەکی زۆریان پێکەوە بێ. لەم رێگەوە ئێمە دەتوانین زانیارییەکی زۆر لە سەر کۆمەڵگەکەمان بە دەست بێنین. بۆ نموونە فوتابخانەکان بەو مەبەستە دادەمەزرێن کە منداڵان فێری خوێندن‌ونووسین بکەن‌و رێگەیان بۆ خۆش بکەن تا زانیاری نوێ بە دەست بێنن. لە گەڵ ئەمانەشدا بوونی فوتابخانەکان هەندێ دەرەنجامیان لێدەکەوێتەوە کە ئەوەندە دیارو جێی مەبەست نین. فوتابخانەکان دەبنە هۆی ئەوە کە منداڵان تا تەمەنێکی دیاریکراو لە بازاڕی کار دوور بن. هەروەها لە بەر ئەوەی کە سیستمی خوێندن بە پێی رادەی خوێندەواری، منداڵان بەرەو مەیدانی کاری جیاواز رادەکێشێ، هەوڵدەدا نایەکسانییەکان بەهێز بکا.

لەوانەیە زۆربەی گۆڕانکارییە مێژووییەکان نەخوازراو بن. بەر لە شۆڕشی 1917ی روسیا گرووپە سیاسییە جیاوازەکان هەوڵیان دەدا رێژیمی ئەو کات بڕوخێنن. بەڵام هیچکامیان – و یەك لەوان حیزبی بۆلشفیك کە سەرەنجام گەیشتە دەسەڵات – پرۆسەی شۆڕشیان، کە بە کردەوە هاتە کایەوە، پێشبینی نەکردبوو. کۆمەڵە کێشەو تێکهەڵچوونێك بوونە هوی هاتنە کایەی پرۆسەیەکی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی ئەوتۆو لەوە قووڵتر بوون کە هەرکەسی لە سەرەتادا دەیویست پێکی بهێنێ (Skocpol, 1979).

جاری وایە کردارێك کە بۆ مەبەستێکی تایبەتی ئەنجام دەدرێ، لە کردەوەدا ئاکامێکیتری لێدەکەێتەوە کە دەبێتە لەمپەر لە بەردەم گەیشتن بە ئامانجەکەدا. چەند ساڵ لەمەوپێش لە شاری نیویورکدا چەند یاسایەك پەسند کران کە خاوەنی باڵەخانە کاولاشەکانی ناچارکرد تا تەلارەکانیان بگەیننە ئاستی ستاندارد. مەبەست ئەوە بوو کە بارودوخی نیشتەجێ بوونی توێژە کەمداهاتەکان باشتر بکرێ. بەڵام ئاکامەکان بە ئاقارێکیتردا چوون. خاوەن باڵەخانە کاولاشەکان بە جارێ وازیان لە باڵەخانەکانی خویان هێنا، یان بۆ مەبەستێکیتر کەڵکیان لێوەرگرت. بە شێوەیەك کە کێشەی دابینکردنی شوێنی گونجاو بۆ نیشتەجێبوون لە جاران زیاتر بوو (Sieber, 1981, p. 64). دەتوانین بە گەڕانەوە بۆ سەر مەسەلەی بەندیخانەو ئاسایشگەکان، نموونەیەکی باشتر بۆ بەراوردکردن بدۆزینەوە. لە ماوەی چەندساڵی رابردوودا لە بەریتانیاو چەند وڵاتێکی دیکەی روژئاواییدا پرۆسەی دابڕینی تاوانباران لە کۆمەڵگە تا رادەیەك ئاوەژوو بۆتەوە. لە پێناو هەوڵدان بۆ پێکهێنانی "چاودێری کۆمەڵایەتی" بە سەر تاونباران‌و نەخۆشە دەروونییەکاندا، هەندێ کەس لە بەندیخانەو نەخۆشخانەکان ئازاد کران تا لە دونیای ئازاددا بژین. بەڵام ریفورمیستە لیبراڵەکان کە پشتی ئەم نوێگەرییەیان دەگرت بە هۆی ئاکامەکانی ئەو کارەوە تا رادەیەك ناهومێد بوون. بە شێکی بەرچاوی نەخۆشە دەرونییەکانی پێشوو تووشی هەژارییەکی لە رادەبەدەربوون و نەیانتوانی لەو دونیا ئازادەدا بژین. ئەم ئاکامانە بۆ ئەوان گەلێك کارەساتاوی بوو.

ئێمە دەبێ بە پێی تێکەڵکردنی ئاکامە خوازراوو نەخوازراوەکان هەم لە بەردەوامبوون‌و هەم لە گۆڕانی ژیانی کۆمەڵایەتی کەسەکان تێبگەین. ئەرکی کۆمەڵناسی ئەوەیە کە هاوکێشەی نێوان وەبەرهێنانەوەی کۆمەڵایەتی‌و گۆڕانکاری تاوتوێ بکا. وەبەرهێنانەوە باس لەوە دەکا کە کۆمەڵگەکان چۆن بە درێژایی زەمەن بەردەوام دەبن‌و گۆڕانکاریش ئاماژە بەو گۆڕانانە دەکا کە لەو کۆمەڵگەیانەدا پێك دێن. کۆمەڵگە ئامێرێکی کۆمەڵایەتی وەك کاتژمێر یان ماشێن نییە کە بە هۆی دایناmۆکانەوە بەردەوام دەبێت. وەبەرهێنانەوەی کۆمەڵایەتی لە بەر ئەوە دێتە کایەوە کە لەو شتەدا کە خەڵك رۆژبە رۆژو ساڵ بە ساڵ ئەنجامی دەدەن‌و لە شێوەکانی رەفتاری کۆمەڵایەتیدا بەردەوامی هەیە. گورانکارییەکان تا رادەیەك لە بەر ئەوە روو دەدەن کە خەڵك بە ئەنقەست خوازیاری وەدی هاتنیان‌و تا رادەیەك – هەروەك لە نموونەی شۆڕشی روسیادا دەردەکەوێ – لە بەر ئەو

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئاكامانه روودەدەن كه كەس پێشبینیان ناكا، یان حەزناكەن بێنه دی.

**كۆمەڵناسی دەربارەی كردارەكانمان چیمان پێ دەڵێ؟**

ئێمه هەمووومان، وەك ئەندامانی كۆمەڵگە، زۆر شت دەربارەی خۆمانو ئەو كۆمەڵگەیه دەزانین كه تێیدا دەژین. ئێمه به گشتی پێمان وایه كه به باشی له هۆی كردەوەكانی خۆمان تێدەگەین، به بێ ئەوەی پێویستمان بەوە بێ كه كۆمەڵناسەكان ئەو هۆیانەمان پێ بڵێنو ئەمەش تا رادەیەك راستە. بەشێكی زۆری ئەو كارانەی كه رۆژانه ئەنجامیان دەدەین، له بەر ئەوەیە كه له پەیمانه كۆمەڵایەتییەكان تێدەگەین. له گەڵ ئەوەشدا ئەم تێگەیشتنه خۆبەخۆییه چوارچێوەیەكی دیاریكراوی هەیە و یەكێك له ئەركەكانی كۆمەڵناسی دەستنیشانكرنی ئەو چوارچێوەیە.

به پێی ئەو باسانەی كه تا ئێستا كردوومانه، دەتوانین ماهییەتی ئەم چوارچێوەیه روون بكەینەوە. هەروەك پێشتر دیتمان خەڵك به شێوەیەكی هەرەمەكیانه حوكم له سەر خۆیانو له سەریەكتر دەردەكەن كه دواتر دەرئەكەوێ ئەو حوكمانه هەڵەن یان ناتەواون، یان له نائاگاییەوە دراون. توێژینەوە كۆمەڵایەتییەكانیش یارمەتیمان دەدەن كه چوارچێوەی دادوەرییەكانی خۆمان بناسینو هەر لەو كاتەشدا ئەو توێژینەوانه دەبنه هۆی ئەوە كه باشتر بتوانین خۆمانو دەوروبەرمان بناسین. یەكێكیتر لەو یارمەتییه بنەڕەتیانه كه كۆمەڵناسی به ئێمەی دەكا، نیشاندانی ئەو مەسەلەیه كه ئەگەرچی ئێمه له بەشێكی زۆری ئەو كارانه ئاگادارین كه ئەنجامیان دەدەینو له هۆیەكانی ئەنجامدانیان تێدەگەین، به زۆری شتێكی ئەوتۆ له سەر دەرەنجامی كردەوەكانی خۆمان نازانین. ئاكامه نەخوازراوو پێشبینی نەكراوەكان تەواوی بوارەكانی ژیانی كۆمەڵایەتیمان دەخەنه ژێر كاریگەری خۆیانەوە. شرۆڤەكردنی كۆمەڵناسانه لەو پێوەندییه وردو دەقیقانه كه له نێو تایبەتمەندییه به ئەنقەست (intentional) و بێ مەبەست (unintentiona)ەكانی جیهانی كۆمەڵایەتی هەن، دەكۆڵێتەوە.

**پێكهاتەی كۆمەڵایەتی و ئاكاری مرۆڤ**

چەمكێكی گرینگ كه یارمەتیمان دەدا تا لەو پێوەندییانه تێبگەین، چەمكی پێكهاتەی كۆمەڵایەتییە. ئەو ژینگە كۆمەڵایەتیانه كه ئێمه تێیاندا دەژین تەنیا بریتی نین له كۆمەڵێك كردارو رووداوی كتووپڕ. خەڵك له هەڵسوكەوتو پێوەندییه كۆمەڵایەتییەكانی خۆیاندا هەندێ دیسپلینی بنەڕەتیو سەرمەشقی دانراو (Potternings) پەیڕەو دەكەن. چەمكی پێكهاتەی كۆمەڵایەتی ئاماژە بەم دیسپلینانه دەكا. تا رادەیەك سوودبەخشه ئەگەر تایبەتمەندییه پێكهاتەییەكانی كۆمەڵگەكان وەك قەبارەی بینایەك وێنا بكەین. بینایەك دیوار و عەرزو سەقفی هەیە، كه پێكەوە رواڵەت یان فورمێكی تایبەتی پێدەبەخشن. بەڵام ئەگەر ئەم خوازەیه زۆر به وردی به كار ببرێ دەتوانێ تووشی سەرلێشێوانێكی زۆرمان بكا. سیستمه كۆمەڵایەتییەكان له رەفتارو پێوەندییه مرۆڤایەتییەكان پێك هاتوون: ئەوەی كه لەو پێوەندییانەدا دەبێته سەرمەشقی پەیڕەوكراو، دووپاتبوونەوەی ئەو رەفتارو پێوەندییانەیە له قۆناغو شوێنی جیاوازدا. بەم شێوەیه چەمكەكانی بەرهەمهێنانەوەی كۆمەڵایەتیو پێكهاتەی كۆمەڵایەتی له شرۆڤەكردنی كۆمەڵناسانەدا پێوەندییەكی زۆر نزیكیان پێكەوە هەیە. پێویستە ئێمه كۆمەڵگە مرۆڤایەتییەكان وەك ئەو بینایانه وێنا بكەین كه هەر بەو خشتانه نوێ دەبنەوە كه لێیان دروست بوون. كردەوەكانی ئێمه له ژێر كارتێكەری تایبەتمەندییه پێكهاتەییەكانی ئەو كۆمەڵگەیەدان كه شوێنی گەورە بوون و ژیانی ئێمەیە، هەر له هەمان كاتدا ئێمه له كردەوەكانی خۆماندا هەمان ئەو تایبەتمەندییانه دەخولقێنینەوە ( تا رادەیەكیش دەیانگۆڕین ).

**فراوانكردنی هزری كۆمەڵناسانه**

فێربوونی بیركردنەوەی كۆمەڵناسانه، مانای پەروەردەكردنی تواناكانی خەیاڵە. خوێندنەوەی كۆمەڵناسی

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ناتوانێ تەنیا پرۆسەیەکی ئاسایی وەرگرتنی زانیاری بێت. کۆمەڵناس بەو کەسە دەڵێن کە نەکەوێتە ژێر کاریگەری راستەوخۆی مەسەلە شەخسییەکانەوە. کاری کۆمەڵناسانە پێوەندی بەو شتەوە هەیە کە سی. رایت میلز لە دەستەواژەیەکی بەناوبانگدا ناوی نا ، خەیاڵی کۆمەڵناسانە (Mills, 1970). لە راستیدا زۆربەی کتێبە وانەییەکانی کۆمەڵناسی سەرنجی خوێنەر بەرەو لای ئەو زاراوەیە رادەکێشن. بەڵام بە پێچەوانەی خودی میلزەوە – بە گشتی ئەو دەستەواژەیە بە بێ بوونی توانای خەیاڵ بەکار دەبەن.

بۆ بیرکردنەوەیەکی کۆمەڵناسانە، بە تایبەت پێویستە بیرو زەینمان لە رووداوەکانی ژیانی رۆژانە دوور بخەینەوە تا بتوانین لە روانگەیەکی نوێوە لێیان بڕوانین. قاوەخواردنەوەیەکی ئاسایی لە بەرچاو بگرن. دەربارەی کردارێکی بە رواڵەت سەرەتایی لەو چەشنە دەتوانین لە روانگەی کۆمەڵناسییەوە چی بڵێین؟ وەڵامەکەی ئەوەیە : زۆر شت.

سەرەتا دەتوانین بڵێین کە قاوە تەنیا خواردنەوەیەك نییە کە یارمەتیی دەدا تا ئاوی پێویست لە جەستەی مرۆڤدا کەم نەکا. بەڵکو وەك بەشێك لە هێماکانی رۆژانەی ژیانی کۆمەڵایەتی بەهایەکی رواڵەتی هەیە. بە زۆری نمایشکردنی ئەو هێمایانە لە کاتی خواردنەوەی قاوەدا زۆر لە خودی خواردنەوەی قاوەکە گرنگترە. بۆ نموونە دوو کەس کە کات دادەنێن تا پێکەوە قاوە بخونەوە، رەنگە زیاتر قسەکردنەکەیان لا مەبەست بێت تا ئەو شتەی دەیخونەوە. کاتەکانی خواردن و خواردنەوە لە هەموو کۆمەڵگەکاندا هەلێکن بۆ پێکهێنانی پێوەندی کۆمەڵایەتیو بەجێگەیاندنی دابونەریتەکان – و ئەم هەلانە بابەتێکی دەوڵەمەند دەخەنە روو بۆ لێکوڵینەوەی کۆمەڵناسی.

دووهەم، قاوە مادەیەکی سڕکەرە، کافئینی تێدایەو کار دەکاتە سەر مێشك. لە کولتوری رۆژئاوایدا زۆربەی خەڵك بەو کەسانە کە خوویان بە قاوە گرتووە ناڵێن موعتاد. ئەوەی کە بۆ دەبێ وابێ بۆ خۆی پرسیارێکی کۆمەڵناسی سەرنجڕاکێشە. قاوە وەك ئەلکول (الکحل) مادەیەکی سڕکەرەو لە روانگەی کۆمەڵایەتییەوە قبووڵ کراوە. لە کاتێکدا بۆ وێنە "ماری جوانا" بەوجۆرە نییە. بەو حاڵەش لە هەندێ کولتوردا ماری جوانا شتێکی ئاساییە، بەڵام خواردنەوەی قاوەو مەشروباتیان بە لاوە پەسند نییە.

سێهەم ، کەسێك کە خەریکە نمە نمە پیاڵەیك قاوە دەخواتەوە، بەشێکە لە تورێکی ئێجگار ئاڵۆز لە پێوەندییە کۆمەڵایەتیو ئابوورییەکان کە لە سەرانسەری جیهاندا بڵاو بۆتەوە. بەرهەمهێنان، گواستنەوەو دابەشکردنی قاوە پێویستی بە ساتو سەودای خەڵکێکی زۆرە کە هەزاران مایل لەو کەسەوە دوورن کە قاوەکە دەخواتەوە. خوێندنەوەی ئەمجۆرە ئاڵۆیرە جیهانیانە یەکێك لە ئەرکە بنەڕەتییەکانی کۆمەڵناسی پێك دێنێ، چونکە ئەمرۆ ژیانی ئێمە لە زۆر رووەوە لە ژێر کارتێکەری پێوەندیو مامەڵە بازرگانییە جیهانییەکاندایە.

سەرەنجام، خواردنەوەی نمە نمەی پیاڵەیەك قاوە گریمانەی پرۆسەیەکی کامڵی گۆڕانکای کۆمەڵایەتیو ئابووری لە رابردوودا لای ئێمە دروست دەکا. لە گەڵ زۆر شتی دیکەی - وەك چای، مۆز، پەتاتەو شەکری سپی – کە لە رۆژئاوادا بۆ رژیمگرتن بەکار دەهێنرێن، قاوەخواردنەوە تەنیا لە سەدەی نۆزدەهەمدا بووە بە باو. ئەگەرچی قاوەخواردنەوە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە دەستی پێکردووە، بەڵام نزیکەی سەدەو نێوێك لەوەپێش لە سەردەمی کۆلۆنیالیزمی رۆژئاواییەوە بە شێوەیەکی بەربڵاو پەرەی گرت. لە راستیدا هەموو ئەو قاوانەی کە ئێمە ئەمرۆ لە وڵاتە رۆژئاواییەکاندا دەیخۆینەوە لەو هەێمانەوە دێن کە بە هۆی رۆژئاواییەکانەوە داگیرکران (واتە وڵاتانی ئەمریکای باشوورو ئەفریقا).

پەروەردەکردنی خەیاڵی کۆمەڵناسانە بە مانای کەڵکوەرگرتن لە بابەتەکانی ئەنترۆپۆلۆژی (خوێندنەوەی کۆمەڵگە نەریتییەکان)و مێژوو و هەروەها خودی کۆمەڵناسییە. لایەنی ئەنترۆپۆلۆژی لە خەیاڵی کۆمەڵناسانەدا زۆر گرنگە، چونکە یارمەتیمان دەدا تا لە شێوە جۆراوجۆرەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی تێبگەین. بە بەراوردکردنی ئەو شێوازانە لەگەڵ شێوەی ژیانی خۆماندا زیاتر دەتوانین جیاوازی سەرمەشقە کردارییەکانی تایبەت بە خۆمان بناسین. لایەنی مێژوویی خەیاڵی کۆمەڵناسانە، هەر بە هەمان رادە گرنگە: ئێمە تەنیا کاتێك دەتوانین لە ماهییەتی جیاوازی جیهانی ئەمڕۆ تێبگەین کە بتوانین لە گەڵ رابردوودا

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بەراوردی بکەین. رابردوو ئاوێنەیەکە کە دەبێ کۆمەڵناس بۆ ناسینی ئەمڕۆ لە دەستیدا بێت. بۆ ئەوەی بتوانین بە شێوەیەکی قووڵتر ئەو ئەرکانە بناسین، پێویستە لە چوارچێوەی دابونەریتی خۆماندا بیر نەکەینەوە.

هێشتا لایەنێکی دیکەی خەیاڵی کۆمەڵناسانە ماوە - ئەو لایەنەی کە لە راستیدا میلێ زیاتر لە هەموو کەس جەختی لە سەر کردووەتەوە. ئەم لایەنە پێوەندی بە تواناکانی ئێمە بۆ داهاتوو هەیە. کۆمەڵناسی سەرەڕای ئەوەی کە یارمەتیمان دەدا تا سەرمەشقەکانی ئێستای ژیانی کۆمەڵایەتی شرۆڤە بکەین، بەڵکو توانایی ئەوەمان پێدەدا تا دووره دیمەنی داهاتوومان ببینین. توێژینەوەی داهێنەرانە لە بواری کۆمەڵناسیدا نە تەنیا دەتوانێ رەوشی ئێستامان پێ نیشان بدا، بەڵکو ئەگەر بمانەوێ دەتوانێ پێمان بڵێ کە رەوشەکە چی لێدێت. ئەگەر هەوڵەکانی ئێمە بۆ کاریگەری دانان لە سەر گۆڕانکارییەکانی داهاتوو پشت بە تێگەیشتنی کۆمەڵناسانە لە سەر رەوتە هەنووکەییەکان نەبەستێت، هیچ ئاکامێکی بە دواوە نابێ‌و بە فیڕۆ دەچێ.

### ئاخو کۆمەڵناسی زانستە؟

کۆمەڵناسی لە نێو زانستەکانی وەك ( ئەنترۆپۆلۆژی، ئابووری،و زانستە سیاسییەکان)دا کە بە زۆری پێیان دەڵێن زانستە کۆمەڵایەتییەکان، پلەی یەکەمی هەیە. بەڵام ئاخۆ بە راستی ئێمە دەتوانین ژیانی کۆمەڵایەتی بە شێوەیەکی زانستیانە بخوێنینەوە؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە، سەرەتا دەبێ هەموو تایبەتمەندییە بنچینەییەکانی زانست وەك شێوەیەك لە هەوڵی بیرمەندانە بناسین. زانست چییە؟

زانستی بەکارهێنانی مێتودە سیستماتییەکانی توێژینەوە، هزری تیوری،و هەڵسەنگاندنی لۆژیکیانەی بەڵگەکان بۆ پەرەپێدانی کۆمەڵێك زانیاری دەربارەی بابەتێکی تایبەتە. کاری زانستی بەستراوەتەوە بە بیرکردنەوەیەکی داهێنەرانەو جەسوورانەو رێکخستنی وردی بەڵگەو هۆکارەکان بۆ پشتگرتن یان رەتکردنەوەی گریمانەو تیۆرییەکان. ئەو بینایی‌و زانیارییانەی کە لە رێگای خوێندنەوە و باسی زانستییەوە کەڵەکە دەبن، هەمیشە حاڵەتێکی تاقیکارانەی تێدایە – رەنگە لە ژێر روشنایی بەڵگەکان یان هۆکارەکاندا پێداچوونەوەی بە سەردا بکرێ، یان بە تەواوەتی رەت بکرێتەوە.

کاتێك کە دەپرسین ئاخۆ کۆمەڵناسی زانستە؟ مەبەستمان دوو شتە، ئاخۆ ئەم بەشە دەتوانێ بە تەواوەتی لە سەر بنەمای میتۆدەکانی زانستە سروشتییەکان دابڕێژێ؟و ئایا دەکرێ هیوادارابین کە کۆمەڵناسی دەستی بەو زانیارییە وردو سەلمێنراوانە رابگا کە زانایانی ناتورالیست لە هەمبەر جیهانی فیزیایی دەستیان پێڕاگەیشتووە، ئەم مەسەلانە بەردەوام تا رادەیەك کێشەیان لە سەر بووە، بەڵام لە قۆناغێکی دوورو درێژدا زۆربەی کۆمەڵناسەکان وەڵامێکی پوزەتیڤیان پێداوەتەوە. ئەوان بڕوایان وابوو کە کۆمەڵناسی دەتوانێ‌و دەبێ هەم لە رووی شێوازو هەم لە رووی خەسڵەتەوە، دۆزینەوەکانی هاوشێوەی زانستە سروشتییەکان بێ ( ئەم روانگەیە سەردەمێك بە ناوی پۆزیتیڤیزم دەناسرا).

ئێستا ئەم روانگەیە بە شتێکی کرچ و کاڵ دێتە بەرچاو . وەك باقی زانستە کۆمەڵایەتییەکان، کۆمەڵناسی ژانرێکی زانستییە، بەو مانایە کە میتودی توێژینەوە سیستماتییەکان لە خۆ دەگرێ، داتاکان شرۆڤە دەکا و لە ژێر رۆشنایی بەڵگەو هۆکارە لۆژیکییەکاندا، تیۆرییەکان هەڵدەسەنگێنێ. بەڵام لە جیهانی فیزیادا توێژینەوە ئینسانییەکان‌و بینینی دیاردەکان دوو شتی جیاوازن، نە چوارچێوەیەکی لۆژیکی‌و نە ئاکامەکانی تویژینەوە کۆمەڵناسییەکان هیچکام تەنیا بە پێی بەراوردکردن لە گەڵ زانستە سروشتییەکاندا وەك پێویست نابنە هۆی لێ تێگەیشتن. لە توێژینەوەی ژیانی کۆمەڵایەتیدا ئێمە بەرەو رووی هەندێ چالاکی دەبینەوە کە لە لای ئەو خەڵکەی بەو چالاکییانەوە خەریکن، مانای خۆیان هەیە. بە پێچەوانەی شتەکانی نێو سروشت ، مرۆڤ بوونەوەرێکی وشیارە کە مانا بە کاروکردەوەکانی خۆی دەبەخشێ. ئێمە تەنانەت ناتوانین ژیانی کۆمەڵایەتیمان بە تەواوی وەسف بکەین، مەگەر ئەوەی کە پێش هەموو شتێك لەو واتایانە تێبگەین کە خەڵك کردەوەکانی خۆیانی پێ پێناسە دەکەن. بۆ نموونە، حاڵەتێکی وەك "خۆکوشتن" ئەو کاتە وەسف دەکرێ کە

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئێمە لەوە تێبگەین کە ئەو کەسەی خۆی کوشتووە، لەو کاتەدا بیری لە چی کردووەتەوە. خۆکوژی کاتێك روو دەدا کە ئەو کەسە بە جددی بیەوێ خۆی لە نێو ببا. ناکرێ بەو کەسەی کە کتووپڕ دەکەوێتە بەرماشێن، بڵێین خۆی کوشتووە، ئەم مردنە بە ویستی خودی ئەو کەسە نەبووە.

ئەو راستییەی کە ئێمە ناتوانین وەك شتەکانی نێو سروشت لە ئێنسانەکان بکوڵینەوە، لە هەندێ رووەوە بە ئیمتیازێك بۆ کۆمەڵناسی دەژمێردرێ،و لە لایەنەکانیترەوە کۆمەڵێك کێشە دروست دەکا کە زانایانی ناتوراليست بەرەورووی نابنەوە. توێژەرەوە کۆمەڵناسەکان لەبەر ئەوەی کە دەتوانن راستەوخۆ هەندێ پرسیار بخەنە بەردەم هەندێ کەسی دیکە — ئینسانەکانی دیکە — سوودمەند دەبن. لە لایەکیترەوە، ئەو خەڵکەی کە دەزانن کارو کردەوەکانیان لە ژێر چاودێریدایە، زۆرجار وەك حاڵەتی ئاسایی ناجووڵێنەوە. بۆ نموونە کاتێك ئەو کەسانە وەڵامی پرسیارەکان دەدەنەوە، رەنگە بە ئەنقەست یان بێ مەبەست بە جۆرێ باسی خۆیان بکەن کە لەگەڵ روانگەکانی پێشوویاندا نەگونجێت. ئەوانە تەنانەت پێدەچێ وەڵامی پرسیارەکان بە جۆرێ بدەنەوە کە توێژرەوەکە پێویستیەتی، تا بتوانن یارمەتی بدەن.

بابەتیبوون( ئۆبژەکتیڤ)

کۆمەڵناسەکان هەوڵ دەدەن لە توێژینەوەو بیرو ئەندێشەکانیاندا سەربەخۆ بن‌و بە شێوەیەکی ئازادئەندێشانە لە ژیانی کۆمەڵایەتی بکۆڵنەوە. خودی کۆمەڵناس هەوڵ دەدا ئەو دەمارگرژییانە وەلا بنێ کە رێ لە هەڵسەنگاندنێکی راست‌و دروستی ئەندێشەو دیکومێنت‌و شایەتییەکان دەگرن. بەڵام کەس لە هەموو مەسەلەکاندا بیرکردنەوەیەکی سەربەستی نییەو هەرکەس تا رادەیەك دەتوانێ لە بنیاتنانی روانگەیەکی ئازاددا سەرکەوتوو بێ. لە گەڵ ئەوەشدا بابەتیبوون بە شێوەیەکی بنەڕەتی لە گەڵ بیروهزری توێژەرەوەکاندا گرێ ناخوا،و پێوەندی بە میتودەکانی بینین‌و بەڵگاندنەوە هەیە. لێرەدا خەسڵەتی گشتی ئەم بەشە گەلێك گرنگە. لە بەر ئەوەی کە ئاکام‌و راپۆرتی توێژینەوەکان لە بەردەستدان - لە وتارو کتێبەکاندا دەنووسرێن- خەڵکی دی دەتوانن دەرەنجامەکان تاوتوێ بکەن. ئەو ئیدیعایانەی کە پشت بە ئاکامی توێژینەوەکان دەبەستن، دەکرێ لەلایەن خەڵکیترەوە رەخنەی لێ بگیرێ‌و حەزە شەخسییەکان پشت گوێ بخرێن.

بەم شێوەیە ئەندامانی گرووپی کۆمەڵناسی لە رێگای کاریگەرییەکانی رەخنەی دوولایەنەوە تا رادەیەك دەتوانن چەمکی بابەتیبوون بەرجەستە بکەن. بەشێکی زۆری ئەو بابەتانەی کە لە کۆمەڵناسیدا توێژینەوەیان لە سەر دەکرێ، ناکۆکییان لە سەرە، ئەمەش لە بەر ئەوەیە کە راستەوخۆ پێوەندییان بە شەڕوکێشەی نێو خودی کۆمەڵگەوە هەیە. بەڵام دەکرێ لە رێگای باسێکی گشتی، تاوتوێ کردنی بەڵگەنامەو شایەتی شایەتحاڵەکان‌و بەڵگەنواندنی لۆژیکیانەوە ئەمجۆرە بابەتانە بە شێوەیەکی سوودمەندو کاریگەرانە شرۆڤە بکرێن (Habermas, 1979).

گرنگی بەکردەوەی کۆمەڵناسی

تێگەیشتن لە بارودخە کومەلایەتییەکان

کۆمەڵناسی کارێکی زۆر دەکاتە سەر ژیانی ئێمە. بیرکردنەوەو توێژینەوەی کۆمەڵناسانە بە شێوەیەکی ئاشکرا لە چەندین رێگاوە یارمەتی بە دانانی سیاسەتێکی پراتیکی و رێفورمی کۆمەڵایەتی دەکەن. ئاسانترین رێگا ئەوەیە کە بە شێوەیەکی راشکاوانەترو گونجاوتر لە رابردوو لە بارودوخە کۆمەڵایەتییەکان تێبگەین. بۆ ئەمەش یان دەکرێ بە شێوەیەکی واقیعیانە لە گەڵ بارودوخەکەدا مامەڵە بکەین، یان ئەوەی کە باشتر لە هۆکاری رووداوێك تێبگەین (بە واتایەکیتر لە رێگای تێگەیشتنی تیۆرییەوە). بۆ نموونە رەنگە توێژینەوەکە

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئەوە نیشان بدا کە ڕێژەی حەشیمەتی ڕەش‌و رووت زۆر لەوە زیاترە کە ئێمە بۆی دەچووین. هەر چەشنە هەوڵێك لە پێناو چاککردنی لانی کەمی ئاستی ژیانی گشتی خەڵکدا، ئەگەر پشت بە زانیاری وردو دەقیق ببەستێ، بێگومان بەختی سەرکەوتنی زیاترە. لە گەڵ ئەوەشدا چەندە زیاتر بتوانین هۆکارەکانی پەرەگرتنی هەژاری بناسین، ئەگەری زیاتر لە ئارادایە بۆ ئەوەی کە باشتر بتوانین بە گژیدا بچینەوە.

## ناسینی جیاوازییە کولتوریەکان

دووهەمین ڕێگای یارمەتیدانی کۆمەڵناسی بۆ دانانی سیاسەتێکی بەکردەوە ئەوەیە کە یارمەتی بە بردنە سەری ئاستی وشیاری کولتوری لە نێو چین‌وتوێژە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکاندا بکا. توێژینەوەی کۆمەڵناسانە ڕێگایەك بۆ بینینی جیهانی کۆمەڵایەتی لە روانگە جۆراوجۆرەکانەوە فەراهەم دەکاو بەمجۆرە یارمەتی بە وەلانانی ئەو دەمارگرژییانە دەدا کە تاقم‌و گرووپە جۆراوجۆرەکان لە هەمبەر یەکتردا هەیانە. کەسێك کە زانیارییەکی تەواوی لە سەر بەها کولتوورییە جۆراوجۆرەکان نەبێ، ناتوانێ سیاسەتدانەرێکی ڕۆشنبین بێ. ئەو سیاسەتە بە کردەوانەی کە لە سەر بنەمای زانیارییەکی ورد لە سەر شێوەی ژیانی ئەو کەسانە کە دەکەونە ژێر کاریگەرییانەوە رانەوەستێ، ناتوانێ سەرکەوتنێکی ئەوتۆ بە دەست بێنێ. هەر بۆیە ئەو فریاگوزارە کۆمەڵایەتییە سپی پێستە کە لە نێو کۆمەڵگەی پەنابەرانی ڕۆژئاوای هینددا خەریکی ئیش‌وکارە، بە بێ ئەوەی کە لەو جیاوازییە کولتوورییانە تێبگا کە بەگشتی سپی پێست‌و ڕەش پێستەکان لێك جیا دەکاتەوە، ناتوانێ متمانەی ئەو کۆمەڵگەیە بە دەست بێنێ.

## هەڵسەنگاندنی ئاکامەکانی سیاسەتدانان

سێهەم، توێژینەوەی کۆمەڵناسی لە رووی هەڵسەنگاندنی ئاکامەکانی داهێنانی سیاسییەوە چەندین دەرەنجامی بە کردەوەی لێدەکەوێتەوە. پێدەچێ پلانێکی ڕیفورمیستی بەکردەوە نەتوانێ ئەو مەبەستانە بپێکێ کە لە زەینی دارێژەرەکەیدا هەیە، یان هەندێ ئاکامی تاڵ‌و نەخوازراوی لێ دەکەوێتەوە. بۆ نموونە پاش شەڕی جیهانی دووهەم  لە زۆر لە وڵاتاندا باڵەخانەی گەورە بۆ نیشتەجێبوونی هاووڵاتییان دروست کرا. ئەو باڵەخانانە بە مەبەستی دانانی ستاندارێکی بەرز بۆ ژیانی خەڵکی کەمداهاتی گەڕەکە هەژارنشینەکاندا نەخشەیان بۆ دارێژرابوو سوپەرمارکێت‌و باقی خزمەتگوزارییەکانی دیکەشیان بۆ دابین دەکرد. بەڵام لێکۆڵینەوەکان دەریانخست کە بەشێکی زۆری ئەو کەسانە کە لە شوێنی پێشووی خۆیانەوە هاتبوونە بۆ ئەم باڵەخانانە، هەستیان بە تەنیایی‌و خەمۆکی دەکرد. زۆربەی ئەو باڵەخانەو سۆپەرمارکێتانە هەر خێرا بوونە کەلاوەو شوێنی سەرهەڵدانی دزی‌و پیاوکوژی‌و ئەنجامدانی تاوان.

## چوونە سەری توانای خۆناسین

چوارەم، لە هەندێ لایەنەوە،و لە هەموان گرنگتر، کۆمەڵناسی دەتوانێ ببێتە هۆی ئەوەی کە ئاستی ڕۆشنبیری گرووپە جۆراوجۆرەکان گەشە بکاو باشتر بتوانن خۆیان بناسن. هەتا خەڵك زیاتر لە سەر کردەوەکانی خۆیان‌و کارکردە گشتییەکانی کۆمەڵگەی خۆیان بزانن، ڕەنگە زیاتر بتوانن لە ژیانی خۆیاندا گۆڕان پێك بێنن. نابێ ئێمە پێمان وابێ کە دەوری بەکردەوەی کۆمەڵناسی تەنیا ئەوەیەکە یارمەتی سیاسەمەتدارەکان- گرووپە خاوەن دەسەڵاتەکان- بکا بۆ ئەوەی بڕیاری ئاگاهانە بدەن. ناکرێ پێمان وابێ کە دەسەڵاتدارەکان هەمیشە لە سیاسەتەکانی خۆیاندا بیر لە  قازانج‌و بەرژەوەندی خەڵکی بێ هێزوچەوساوە دەکەنەوە. گرووپە خودوشیارکەرەکان (self-enlightened group)  دەتوانن بە شێوەیەکی کاریگەرانە وەڵامی ئەو سیاسەتانە بدەنەوە کە لە لایەن بەرپرسانی حکوومەت، یان بەرپرسانی دیکەوە پەیرەو دەکرێن،و هەروەها لە رووی سیاسییەوە داهێنانی تایبەت بە خۆیان هەبێ. گرووپە خۆیارمەتیدەرەکان( self- help groups) وەك عارەقخۆرە گومناوەکان (Alcoholics Anonymous)و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی وەك

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

(بزووتنەوەی ژنان) نموونەی ئەو گرووپە کومەڵایەتییانەن کە راستەوخۆ ریفورمێکی بە کردەوە دێننە گورێ.

دەوری کۆمەڵناس لە کۆمەڵگەدا

ئاخۆ دەبێ کۆمەڵناسەکان بە شێوەی چالاکانە پشتی پرۆژە پراکتیکییەکانی رێفورم یان گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی بگرن،و جۆش‌وخرۆشی خەڵك بۆ لایەنگریکردن لەم پلانانە هەڵخرێنن؟ هەندێ کەس باس لەوە دەکەن کە کۆمەڵناسی تەنیا ئەو کاتە دەتوانێ ئوبژەبوونی خۆی بپارێزێ کە کۆمەڵناسەکان لە باس‌ومووناقشە ئەخلاقییەکاندا خۆیان بە تەواوەتی بێلایەن بکەن. بەڵام هیچ پێویست ناکا کە پێمان وابێت ئەو توێژینەوانەی کە خۆ لە مەسەلە بەرباسەکان دەپارێزن لە هەڵسەنگاندنی مەسەلە کۆمەڵناسییەکاندا لەوانیتر بێ لایەنترن. بێگومان لە نێوان خوێندنەوەی کۆمەڵناسانەو تەڵقیناتی ویژدانی کۆمەڵایەتیدا پێوەندییەك هەیە. هیچ پسپۆرێکی کۆمەڵناسی لەو نابەرابەریانەی کە لە دونیای ئەمڕودا هەن، یان نەبوونی عەدالەتی کۆمەڵایەتی لە بەشێکی بەرچاوی کۆمەڵگەکاندا یان ئەو هەژاریو بێبەشیانەی کە بە ملێون خەڵك ئازار دەدا، بێ ئاگا نییە. سەیر دەبوو ئەگەر کۆمەڵناسان لە ئاست پرۆژە پراکتیکییەکاندا بێ لایەن بوونایە،و ئەگەر پێمان وابێ ئەوان نابێ لەم بوارەدا کەڵك لە پسپوریی‌و لێزانییەکانیان وەربگرن، ئەوا چاوەڕوانییەکی نامەعقووڵ‌و نابەجێ دەبێت.

دوائەنجام

لەم پاژەدا کۆمەڵناسیمان وەك زانرێك لە بەرچاو گرت بۆ ئەوەی بتوانین روانگە شەخسییەکانی خۆمان لە مەڕ جیهان وەلاوە بنێین،و بە شێوەیەکی وردتر لەو کاریگەریانە بڕوانین کە کار لە ژیانی ئێمەو خەڵکی دی دەکەن. کۆمەڵناسی وەك هەوڵێکی دیاری بیرمەندانە لە گەڵ پەرەسەندنی کۆمەڵگە پێشەییەکاندا هاتەکایەوە،و خوێندنەوەی ئەم چەشنە کۆمەڵگەیانە بووە تەوەرەی سەرەکی ئەم زانرە. جگە لەوە کۆمەڵناسان بایەخ بە لێکۆڵینەوە لە سەر گەلێك مەسەلە دەربارەی هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتی‌و کۆمەڵگە مرۆڤایەتییەکان دەدەن. لە پاژی داهاتوودا باس لە فرەچەشنی کولتوری مرۆڤایەتی‌و جیاوازی نێوان داب‌ونەریتەکان دەکەین. بۆ ئەم کارە پێویستە سەر بە نێو کولتورەکانی جیهاندا بکەین. دەبێ سەفەری کریستوف کلومبۆس، کاپتن کووك وکەسانی دیکە سەر لە نوێ لە ئاستێکی بیرمەندانەدا هەڵسەنگێنین. ئەگەرچی وەك کۆمەڵناسێك ناتوانین تەنیا لە روانگەی دۆزەرەوەکانەوە، ئەم سەفەرانە وەك سەفەرێکی دۆزینەوەیی(اکتشافی) چاو لێبکەین، چونکە ئەم سەفەرانە سەرەتایەك بوون بۆ پرۆسەی گەشەکردنی رۆژئاواو کاریگەرییەکی گەورەیان کردە سەر کولتورەکانیترو گەشەکردنی کۆمەڵایەتی جیهان.

پوختەی باسەکە

دەکرێ کۆمەڵناسی وەك توێژینەوەیەکی سیستماتیی کۆمەڵگە مرۆڤایەتییەکان، بە پێداگرییەکی تایبەت لە سەر سیستەمە پیشەییەکانی سەردەم پێناسە بکەین.

کۆمەڵناسی هەوڵدانێك بوو بۆ تێگەیشتن لەو گۆڕانکارییە بەرینانەی کە بە درێژایی دوو، سێ سەدەی رابردوو لە کۆمەڵگەکاندا هاتوونەتە گۆڕێ. پیشەییبوون، شارنشینی‌و سەرهەڵدانی چەندین سیستمی سیاسی نوێ بەشێکن لەو تایبەتمەندییە گرنگانەی کۆمەڵگەکانی ئەمڕۆی جیهان.

ئەو گۆڕانکاریانەی روویانداوە، تەنیا گۆڕانکاری مەزن نەبوون. ئەو گۆڕانکاریانە شەخسیترین‌و تایبەتیترین تایبەتمەندییەکانی ژیانی خەڵکی گرتووەتەوە. نموونەی ئەم گورانکاریانە پێداگری لە سەر عەشقی رۆمانسی وەك بنەمای هاوسەرگیرییە.

کۆمەڵناسان لە رێگای هێنانە گۆڕی چەند پرسیارێکی روون‌و هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی وەڵامەکانیان بە هۆی توێژینەوەی سیستماتییەوە ژیانی کۆمەڵایەتی دەخەنە بەر توێژینەوە. ئەم پرسیارانە پێدەچێ پرسیاری

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ڕاستەقینە، بەراوردکاری، پێکهاتنی(تکوینی) یان تیۆری بن. لە توێژینەوەی کۆمەڵناسیدا جیاکردنەوەی ئاکامە خوازراو ونەخوازراوەکانی کرداری ئینسانی لە یەکتر (کارێکی) گرنگە.

لە کۆمەڵناسیدا پێویستە خاوەن هزرێکی داهێنەرانە بینو واز لەو بیروباوەڕانە بێنین کە یەك لایەنانە چاو لە پێوەندییە کۆمەڵایەتیەکان دەکەن.

کۆمەڵناسی پێوەندییەکی پتەوی لەگەڵ باقی زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا هەیە. تێکڕای زانستە کۆمەڵایەتییەکان کردەوەکانی مرۆڤ لە بەرچاودەگرنو لە ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانی دەکۆڵنەوە. پێکەوە بەسترانی کۆمەڵناسی، ئەنترۆپۆلۆژیو مێژوو گرنگییەکی تایبەتییان هەیە.

کۆمەڵناسی زانستە. واتە میتودە سیستماتیەکانی توێژینەوەو هەڵسەنگاندنی ڕێبازە تیورییەکان لە بەر ڕووناکایی دیکومێنتو بەڵگاندنە لۆژیکییەکان لەخۆ دەگرێ. بەڵام ناتوانێ بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بچێتە نێو چوارچێوەی زانستە سروشتییەکان، ئەمەش لە بەر ئەوەیە کە توێژینەوەی ڕەفتاری ئینسانی لە بنەڕەتدا جیاوازە لە توێژینەوەی جیهانی سروشتی.

کۆمەڵناسان هەوڵدەدەن بە شێوەیەکی بابەتیانە لە ژیانی کۆمەڵایەتی بکوڵنەوەو بە شێوەیەکی ئازادئەندێشانە کار بکەن. ئوبژەبوون نەبەسراوەتەوە بە ڕوانگەکانی توێژەرەوە، بەڵکوو بەسراوەتەوە بە هەڵسەنگاندنی گشتیی توێژینەوەو تیورییەوە کە بەشێکی بنەڕەتین لە کۆمەڵناسی وەك ژانرێکی زانستی.

کۆمەڵناسی ژانرێکە کە گەلێك بەرهەمی گرنگی زانستی لەخۆ گرتووە. کۆمەڵناسی دەتوانێ بە شێوەی جۆراوجۆر ڕەخنەی کۆمەڵایەتیو ڕێفورمی پراکتیکیانەی کۆمەڵایەتی بەهێز بکا. سەرەتا، تێگەیشتنی باشتر لە هەلومەرجی کۆمەڵایەتی بە گشتی دەبێتە هۆی ئەوەی باشتر بتوانرێ ئەو شتانەدا بخرێتە ژێر چاودێرییەوە. دووهەم، کۆمەڵناسی چاوی ئێمە لە ئاست جیاوازییە کولتورییەکاندا دەکاتەوەو ڕێگا بۆ دانانی سیاسەتێکی پشت ئەستوور بە ناسینی جیاوازییە کولتورییەکان خۆش دەکا. سێهەم، دەتوانین ئاکامە خوازراوونەخوازراوەکانی بەرنامە پراکتیکییە تایبەتەکان تاوتوێ بکەین. سەرەنجامو ڕەنگە لە هەموان گرنگتر، کۆمەڵناسی دەبێتە هۆی وشیارکردنەوەی خودو هەڵێکی زیاتر بۆ ئەو گرووپو تاکەکەسانە دەرەخسێنێ تا بتوانن هەلومەرجی ژیانیان بگۆڕن.

---

**چەمکە بنەڕەتییەکان**

**کۆمەڵناسی، ستراکتۆرە کۆمەڵایەتییەکان، زانست، بابەتیبوون**

---

**زاراوە گرنگەکان**

**باوەڕ باوەکان، پرسیارە ڕاستەقینەکان، پرسیارە بەراورکارییەکان، پرسیارە تەکوینییەکان، توێژینەوەی ئەزموونی، پرسیارە تیۆرییەکان، ئاکامە نەخوازراوەکان، وەبەرهێنانەوەی کۆمەڵایەتی، گۆڕانکاری کۆملایەتی، خەیاڵی کۆمەڵناسانە، ئەنترۆپۆلۆژی، پۆزیتیڤیزم، چالاکییە مانادارەکان، خۆرۆشنگەری.**



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بەشی دووهەم

کولتور،تاك‌و کارلێکی کۆمەڵایەتی

لەم بەشەی کتێبەکەدا، لە بەستێنە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵناسییەوەو بە سەرنجدان بە پێوەندییە دوو لایەنەکانی نێوان تاك‌و کولتور،و شرۆڤەکردنی کۆمەڵگە سەرەکییە جۆربەجۆرەکان کە شوێنی ژیانی ئەمڕۆ و دوێنێی خەڵك بوون، دەست پێدەکەین. کەسایەتی‌و روانگەی ئێمە بە تەواوی لە ژێر کاریگەری ئەو کۆمەڵگەیەدایە کە هەرکام لە ئێمە بە هەڵکەوت تێیدا دەژین. هەر لەو کاتەدا لە هەڵس‌وکەوتەکانی خۆماندا چالاکانە ئەو بەستێنە کولتوری‌و کۆمەڵایەتیانەدا نوێ دەکەینەوە کە کارو چالاکیان تێدا ئەنجام دەدەین و فۆرمێکی نوێی پێدەبەخشین.

لە پاژی یەکەمی ئەم بەشەدا (پاژی2) لە یەکیەتی و فرەچەشنی کولتوری مرۆڤایەتی دەکۆڵینەوە. بۆمان دەردەکەوێ کە خاڵی هاوبەش‌و جیاوازی نێوان مرۆڤو بوونەوەرەکانیتر چییە،و لەوە دەکۆڵینەوە کە کولتورە جۆراوجۆرەکان تا چ ئاستێك تووشی گۆڕان دەبن. رێژەی بگۆڕ(متغیر)بوونی کولتوری ئینسانی تەنیا لە سەربنەمای ئەو گۆڕانکاریانە تاوتوێ کراوە کە بوونەتە هۆی گۆڕان یان لە نێوچوونی بەشێکی بەرچاوی کولتورەکانی رابردوو. تایبەتمەندییەکانی ئەم گۆڕانکاریانە دەخەینە بەرباس و کۆمەڵگە پێشکەوتووەکانی ئەم سەردەمە لە گەڵ ئەوانەی رابردوودا بەراورد دەکەین.

پاژی سێهەم، باس لە بە کۆمەڵایەتیبوون دەکاو پێ لەسەر پرۆسەیەك دادەگرێ کە منداڵ تێیدا گەورە دەبێ و دەبێتە بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی، بەکۆمەڵایەتیبوون بەشێکە لە ژیانی مرۆڤ. کەواتە، بە کۆمەڵایەتیبوون، قۆناغەکانی تەمەن – پێوەندی نێوان گەنجەکان، بە تەمەنەکانو بەساڵاچووان- یش دەگرێتەوە.

لە پاژی چوارەمدا ، بە سەرنجدان بە هەندێ میکانیزمی گرنگ چۆنیەتی پێوەندی نێوان تاکەکان لێکدەدەینەوە. خوێندنەوەی پێوەندی کۆمەڵایەتیی نێوان تاکەکان دەتوانێ دەربارەی شوێنی ژیانی خۆمان گەلێك شتمان پێ بڵێت.

پاژی پێنجەم باس لە پرۆسە بەربڵاوە کۆمەڵایەتییەکان دەکاو بە خوێندنەوەی لاساری‌و تاوان دەست پێدەکا. خوێندنەوەی ئاورتەکان- واتە لێکوڵینەوە لە کرداری ئەو کەسانەی کە رەوشی کۆمەڵایەتی قبوول ناکەن- زۆر شتمان لە سەر کرداری گشتی کۆمەڵ پێدەڵێت.

لە دوایین پاژی ئەم کتێبە(پاژی 6)دا باس لە کێشەکانی تایبەت بە رەگەز دەکەین. واتە ئەو هەلومەرجە بگۆڕە کۆمەڵایەتیانە شی دەکەینەوە کە بارودۆخی ژنان‌و پیاوانی کۆمەڵگەکانی ئەم سەردەمەیان خستووەتە ژێر کارتێکردنی خۆیانەوە. ئەم پاژە لێکوڵینەوەیەك لە سەر نێوەرۆکی حەزە سێکسییەکان دەکا و دەچێتە سەر ئەو هۆکارانە کە پێوەندییە سێکسییەکان دەخەنە ژێر کاریگەری خۆیانەوە.

کولتوروکۆمەڵگە

پێکداداانی کولتورەکان( یەکەمین پێکدادان لەگەڵ کولتورەکانیتردا)چەمکی کولتور، رەگەزی مرۆڤ (گەشەکردن،ئینسانەکان‌و مەیموونەکان،سروشت‌و پەروەردە،بایولۆژیی کۆمەڵایەتی،غەریزەکان) فرەچەشنی کولتوری، شوناسی کولتوری‌و ئێتنۆسەنتەریزم، تایبەتمەندییە گشتگیرە کولتورییەکان (زمان،

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

پەیڤونووسین،هێماناسیو کولتوری ماددی) کۆمەڵگە نەریتییە جۆراوجۆرەکان ( راوچییانو عەودالآنی خۆراك،رەگەزە سەرتاییەکان، یەکەمین کۆمەڵگە دەوڵەمەندەکان، کۆمەڵگەکانی شوانکارەییو کشتوکاڵی، کۆمەڵگە شوانکارەییەکان،کۆمەڵگە کشتوکاڵییەکان، شارستانیەتی ناپیشەیی یان دەوڵەتە نەریتییەکان، شارستانیەتی مایا، تایبەتمەندییەکانی دەوڵەتی نەریتی) کۆمەڵگەکان لە دونیای ئەمڕۆدا ( کۆمەڵگە بەپیشەییبووەکان، کۆمەڵگەکانی جیهانی سێهەم، کۆمەڵگەکانی جیهانی یەکەمودووەم ) دەرەنجام ( پوختەی باسەکان،چەمکە بنەڕەتییەکان،زاراوە سەرەکییەکان،سەرچاوە بۆ خوێندنەوەی زیاتر).

پێکدادانی کولتورەکان

نیوسەدە لەوەپێش هەندێ لە دورگەنشینانی رۆژئاوای ئەڤیانووسی ئارام چەند مودێلێکی مەزنی فڕۆکەیان لە دار دروست کرد. کاتێکی زۆریان بە پشوودرێژییەوە بۆ دروستکردنی ئەو مۆدێلانە تەرخان کرد. دیارە تا ئەو کات کەسیان لە نزیکەوە هیچ فڕۆکەیەکی نەدیبوو. ئەم مودێلانە بە مەبەستی فڕین دروست نەکرابوون، بەڵکو بایەخی بنەڕەتییان بۆ ئەو بزووتنەوە مەزهەبییانە هەبوو کە لە لایەن پیغەمبەرە خۆجێیەکانەوە رێبەری دەکران. ئەو رێبەرە مەزهەبییانە دەیانوت ئەگەر هەندێ سرووتی دیاریکراو بەرێوە بچن، لە ئاسمانەوە کارگۆ (Cargo) دێتە خوارێ. مەبەستیان لە کارگۆ، ئەو شتانە بوو کە رۆژئاواییەکان لە گەڵ خۆیاندا دەیانهێنایە ئەم دورگانە. پاشان سپی پێستەکان ون دەبنو باوباپیرانی ئەوان دەگەڕێنەوە. دورگەنشینەکان بڕوایان وابوو کە ئەگەر بێتو هەندێ بۆنەو سرووتی ئایینی لە رووی دەروونپاکییەوە ئەنجام بدرێن، قۆناغێکی نوێ دێتە پێشەوە کە تێیدا ئەوان دەستیان بە ماڵ و سامانی سپی پێستەکان رادەگا. ئەمە لە حاڵێکدا دەبێ کە ئەوان بە تەواوی نەریتەکانی خۆیان دەپارێزن (Worsley, 1970).

رێورەسمەکانی کارگۆ(CargoCults) لە چییەوە سەریان هەڵدا؟ ئەو رێورەسمانە لە ئاکامی پێکدادانی بیروبڕواو دابونەریتەکانی خەڵکی ئەو دورگانەو ئەو شێوەژیانەی کە بە هۆی روژئاواییەکانەوە لەو ناوچەیەدا کرانە باو، سەریان هەڵدا. سپی پێستەکان خاوەن هێزوسامانێکی زۆر بوون،و دورگەنشینەکان وایان ئەزانی ئەو شتە باڵدارە سەیرو سەمەرانەی کە ئەو شتانە لە گەڵ خویاندا دێنن تا سپی پێستەکان کەڵکیان لێوەر بگرن، سەرچاوەی سەرەکی ئەو سەروەتوسامانەن. لە روانگەی دورگەنشینەکانەوە ئەمە شتێکی لۆژیکیانە بوو کە هەوڵ بدەن تا لە رێگای هەندێ رێورەسمی ئایینییەوە ئەو فڕۆکانە بخەنە ژێر رکیفی خۆیانەوە. لە گەڵ ئەوەشدا ئەوان هەوڵیان دەدا تا بەو شێوەیە دابونەریتەکانی خۆیان لە مەترسی لە نێوچوون بپارێزن.

ئەو دورگەنشینانە شتێکی ئەوتۆیان لە سەر شێوەی هەڵسوکەوتو تەکنەلۆژیای رۆژئاوایی نەدەزانی، ئەوان بە پێی جیهانبینی خۆیان دەیانڕوانیە کاروچالاکی ئەوروپییەکان. پەرچەکردارەکانیان هاوشێوەی ئەو پەرچەکردارانە بوو کە دەکرێ بلێین لە هەموو شێوێنێکی جیهاندا هەبوو. تەنانەت لە گەورەترین شارستانییەتەکانی پێشووشدا خەڵك زانیارییەکی کەمیان لە سەر شێوەی ژیانی خەڵکیتر دەزانی. کاتێك کە گەڕیدەو بازرگانە رۆژئاواییەکان لە سەدەکانی شازدەو هەڤدەدا roویان لە شوێنە دووردەستەکانی جیهان کرد، هۆزو تیرەکانیتریان وەك "کێوی" و"بەربەر" دەهاتە بەرچاو.

یەکەم پێکدادان لەگەل کولتورەکانی تردا

ئەو ئەوروپییانەی کە لە سەدەی شانزەدا دەچوونە ئەمریکا، بە دوای مرۆڤە زەبەلاحەکان، ئەمازونییەکان*و پیگمییەکان** و چاوگەی ئاوی ژیانو هەروەها بە دوای ئەو ژنانەدا ئەگەڕان کە لەشولاریان هەرگیز پیر نەدەبووو ئەو پیاوانەی کە سەدان ساڵ دەژیان. وێنە خەیاڵییەکانی ئەفسانە کۆنەکانی ئەوروپی رێنوێنی ئەو سەفەرانە بوون. ئەو گەڕیدەو بازرگانانە لە سەرەتادا سوورپێستەکانی ئەمریکایان وەك بوونەوەری کێوی

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دەهاتە پێش چاو کە زیاتر بە ئاژەڵ دەچون تا بە مرۆڤ. پاراسلووس(Pracelsus) نوسەرو پزیشکی سەدەی شانزدە، ئەمریکای باکووری وەك کیشوەرێك وێنا دەکرد کە خەڵکەکەی لەو بوونەوەرانە پێکدەهاتن کە نیوەی لەشیان ئاژەڵو نیوەکەی تری مرۆڤ بوو. نیموفەکان *** و ساتیرەکان ****و پیگمییەکانو دێوەکان بەو بوونەوەرە بێرۆحانە دەزانران کە بە شێوەی خۆڕسك لە زەوییەوە سەریان دەرهێنابوو. قەشە سانتامارتا (Santa Marta) لە کۆلۆمبیا، سووریێستە خۆجێیەکانی بەم جۆرە وەسف دەکرد "ئەو مرۆڤانەی کە ئاوەزیان نییە، بەڵکوو بوونەوەری دارستانین، هەر بۆیە نە دەتوانن فێری ئایینی مەسیحیەت بنو نە هیچ ئاکارێکی ئەخلاقی بەرزیان هەیەو مێشکیان توانای راگرتنی هیچ شتێکی نییە (Pagden, 1982, p. 23).

بە پێچەوانەوە ئەو ئەوروپیانەی کە لە ماوەی سەدەکانی هەڤدەو هەژدەدا پێوەندییان لە گەڵ ئیمپراتۆریەتی چین دامەزراند، لەلایەن حاکمانی ئەو ئیمپراتۆریەتەوە بە چاوی سووك سەیر دەکران. لە ساڵی 1793دا جۆرجی سێهەم ، پاشای بەریتانیا بۆ پەرەپێدانی ئاڵوێری بازرگانی لە گەڵ چیندا وەفدێکی رەوانەی ئەو وڵاتە کرد. ئەم میوانە "بەربەر"انە رێیان پێدرا چەند ناوەندێکی بازرگانی لە چیندا دابمەزرێننو لەو بەرهەمانەی بۆیان ئامادە دەکرا سوودمەند بن. چینیەکان پێیان وتن "ئیمپراتۆرییە ئاسمانییەکەی ئێمە هەموو شتێکی بە فراوانی هەیەو هیچ شتێك نییە کە لە چوارچێوەی سنوورەکانیدا نەبێ. بۆیە پێویستمان بە بەرهەمەکانی بەربەرە بێگانەکان نییە". چینیەکان لە وەڵامی رۆژئاواییەکاندا بۆ ئەوەی رێگا بدەن تا بانگەشەکەرە مەزهەبییەکانیان بنێرنە ئەو وڵاتە، وتیان "جیاوازی نێوان چینوبەربەرەکان زەقوبەرچاوە،و داواکاری باڵوێزی ئێوە بۆ ئەوەی ئیزنی تەواو وەرگرن تا بانگەشە بۆ مەزهەبەکەتان بکەن، تەواو نامەعقوولە (Worsley, 1967, p.2).

رۆژهەڵاتو رۆژئاوا ئەوەندە لەیەك دوور بوون کە هەر لایەك بە شێوەیەکی زۆر سەیر چاوی لەویتر دەکرد. بۆ نموونە، تەنانەت لە کۆتاییەکانی سەدەی نوزدەهەمیشدا خەڵکی چین پێیان وابوو کە ئەگەر بێگانەکان، بە تایبەت بەریتانییەکان رێواس نەخۆن، تووشی بیوست (قەبزی) دەبنو دەمرن. هەتا دوو سەدە لەوەپێش کەس وەك ئەمرۆی ئێمە بە تەواوی لە جیهان تێنەدەگەیشت.

لە ساڵی 1818دا یەکێك لە سەرنجراکێشترین پێکدادانەکان لە نێوان رۆژئاواییەکانو کولتورەکانیتردا رووی دا. وەڤدێکی هێزی دەریایی بریتانیا کاتێك کە دەیویست لە دورگەی بافین (Baffin Island)و گرینلەندەوە(Greenland) رێگایەك بۆ گەیشتن بە رووسیا بدۆزێتەوە، بە هەڵکەوت تووشی ئیسکیمۆکانی جەمسەری باکوور بوو. تا ئەو رۆژە ئیسکیمۆکان وایاندەزانی لە جیهاندا تەنیا ئەوان هەن! (Oswalt,1972, P.23).

پەراوێزەکان

---

* خێڵێکی ئەفسانەیی کە لە ژنانی جەنگاوەری ئەمریکای باشوور پێك هاتبوو. و.ف

** Pygmy، تیرەیەك لە رەشپێستە کورتە باڵاکانی ئەفریقا، ئاسیای باشووری رۆژئاوا، دورگەکانی ئاندامانو فیلیپین. و.ف

*** Nymph، حۆرییەکی دەریایی یان حۆرییەکی کێوودارستانە. و.ف

**** Satyr لە نێو ئەفسانە یونانییەکاندا دەستەیەك خواوەندی دارستان هەبوون کە یارویاوەری باکووس(خواوەندی شەراب) بوونو جەستەیان نیوە مرۆڤو نیوە بزن بوو و بە دەمهەراشو هەوەسباز ناسرابوون. و.ف

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

چەمکی کولتور

لەم پاژەدا چاویك بە یەکبوون و فرەچەشنی کولتورەکانو ژیانی مرۆڤدا دەخشێنین. چەمکی کولتور وێڕای چەمکی کۆمەڵگە، یەکێك لە چەمکە بنەڕەتییەکانە کە لە کۆمەڵناسیدا زۆر باوە. کولتور بەو بەهایانە دەڵێن کە ئەندامانی گرووپێکی دیاری کراو هەیانە، ئەو ڕێوشوێنانەی کە پەیڕەوی لێدەکەن،و ئەو شتانەی بەرهەمی دێنن. بەهاکان، ئامانجێکی ئەبستراکن، لە کاتێکدا ڕێوشوێنەکان، بنەماو چوارچێوەیەکی دیارکراون کە چاوەڕوان دەکرێ لە لایەن خەڵکەوە ڕەچاو بکرێن. ڕێوشوێنەکان هێڵە سوورەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی دەست نیشان دەکەن. بەم شێوەیە یەك هاوسەری واتە وەفادار بوون بە تەنیا یەك هاوبەشی ژیان، لە زۆربەی کۆمەڵگەکانی ڕۆژئاوادا بەهایەکی گرنگە. لە بەشێکی زۆری کولتورەکانیتردا یەك کەس بۆی هەیە کە لە یەك کاتدا چەند ژن یان چەند مێردی هەبێ. بۆ وێنە بەشێك لە ڕێوشوێنەکانی هاوسەرێتی بریتییە لەوەی کە ژن یان پیاو چۆن ڕێزی کەس‌وکاری یەکتر بگرن. لە هەندێ کۆمەڵگەکاندا چاوەڕوان دەکرێ کە ژن یان پیاو پێوەندییەکی نزیکیان لە گەڵ کەس‌وکاری هاوسەرەکانیاندا هەبێ، کەچی لە کولتورەکانیتردا چاوەڕوان دەکرێ کە ڕاشکاوانە لێك دوور بکەونەوە.

کاتێ لە قسەوباسی ڕۆژانەماندا وشەی کولتور بەکار دێنین، بە گشتی مەبەستمان بەرهەمە بەرزەکانی زەین، واتە هونەر ، ئەدەب، موسیقاو وێنە کێشانە. چەمکی کولتور بەو جۆرەی کۆمەڵناسەکان بە کاری دێنن، بریتییە لەم چالاکیانەو زۆر بواری دیکەی لەم چەشنە. کولتور، بە تێکڕای شێوەی ژیانی ئەندامانی کۆمەڵگەیەك دەوترێ. چۆنیەتی جلوبەرگ پۆشینیان، ڕێورەسمەکانی زەماوەندو پێکهێنانی ژیانی هاوبەش، شێوەکانی کارکردنیان، سرووتە مەزهەبییەکان، بەسەربردنی کاتەکانی پشوودانیان، تێکڕای ئەمانە دەگرێتەوە. هەروەها ئەو شتومەکانە دەگرێتەوە کە بەرهەمی دەهێنن‌و بۆیان گرنگە — وەك تیروکەوان، گاسن، فابریکەو ئوتۆمبیل، کۆمپیوتەر، کتێب‌و خانوو.

کولتور لە ڕووی چەمکەوە جیاوازە لە کۆمەڵگە، بەڵام ئەم دوو چەمکە پێوەندییەکی زۆر نزیکیان پێکەوە هەیە. کولتور، پێوەندی بە شێوەی ژیانی خەڵکی کۆمەڵگەیەکی دیاریکراوە هەیە واتە، داب‌ونەریتەکانیان. واتە، ئەو شتە ماددیانەی کە بەرهەمی دەهێنن. کۆمەڵگە بە سیستمێکی پێوەندیی دوولایەنە دەوترێ کە ئەو کەسانە پێکەوە دەبەستێتەوە کە یەك کولتوری هاوبەشیان هەیە. هیچ کولتورێك بێ بوونی کۆمەڵگە بوونی نییە. دیارە هەر بەو شێوەیەش هیچ کۆمەڵگەیەك بە بێ کولتور بوونی نییە. لە بنەڕەتدا وشەی مرۆڤ بە بێ کولتور هیچ مانایەك نابەخشێ، نە زمانمان دەبێ کە مەبەستەکانی خۆمانی پێ دەربڕین‌و نە هیچ هەستێك بەبوونی خۆمان دەکەین‌و توانای بیرکردنەوەو ئاوەزیشمان بە تەواوی بەرتەسك دەبێتەوە.

بابەتی ئەم پاژەو پاژی داهاتوو لە ڕاستیدا باس لە میراتی ژینگەیی‌و میراتی کولتوری دەکا. ئەو پرسیارانەی کە پێوەندییان بەم بابەتەوە هەیە ئەمانەن: چ شتێك مرۆڤو بوونەوەرەکانیتر لێك جیا دەکاتەوە؟ تایبەتمەندییە بەرچاوەکانی ئێمە لە کوێوە دین؟ ماهییەتی سروشتی مرۆڤ چییە؟ ئەم پرسیارانە بایەخی بنەڕەتیان بۆ کۆمەڵناسی هەیە، چونکە تەواوی بواری توێژینەوەکان دەگرێتەوە. ئێمە بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانە، لایەنە هاوبەشەکانی مرۆڤەکان‌و هەروەها چۆنیەتی جیاوازی کولتورەکان شرۆڤە دەکەین.

جیاوازبوونی کولتورەکان پێوەندییان بە فرەچەشنی کۆمەڵگەکانەوە هەیە،و ئێمە شێوەی بنەڕەتی کۆمەڵگەکانی دوێنێ‌و ئەمڕۆ پێکەوە بەراورد دەکەین. لە تەواوی ئەم پاژەدا، سەرنجی تەواو دەدەینە ئەم مەسەلەیە کە گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی چۆن کاریگەری کردۆتە سەر پەرەسەندنی کولتوری مرۆڤایەتی — بە تایبەتی لەو سەردەمەوە کە ئەوروپییەکان سەرمەشقەکانی ژیانی خۆیان بۆ سەرانسەری جیهان گواستەوە.

ڕەگەزی مرۆڤ

سەرباری ئەو پێکدادان‌و خراپ لەیەکگەیشتنانە، هێرشی ڕۆژلە ڕۆژ زیاتری ڕۆژئاواییەکان بۆ شوێنە

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

جۆراوجۆرەكانی جیهان بەرەبەرە ڕێگای بۆ لەیەكگەیشتنی ڕەهەندە هاوبەشەكانی مرۆڤ، وەك ڕەگەزێكو هەروەها بگۆڕبوونی كولتوری ئینسانی خۆش كرد (Hirst& woolle, 1982). چارلز داروین، كە وەك قەشەی كلێسەی بریتانیا دیاری كرابوو، دوای ئەوەی كە دووجار بە هۆی پاپۆڕی "بیگێل"( Beagle )ەوە دەوری دونیای دایەوە، لە ساڵی 1859دا كتێبەكەی خۆی بە ناوی "اصل انواع" نووسی. داروین كە بۆ نووسینی ئەم كتێبە زەحمەتێكی زۆری كێشابوو، تیۆرییەكی نوێی دەربارەی مرۆڤو بوونەوەرەكانیتر هێنایەگۆڕێ كە جیاوازی بنەڕەتی لە گەڵ تیۆرەكانی ڕابردوودا هەبوو.

هەروەك زانیمان، لەو سەردەمەدا خەڵك بە گشتی باوەڕیان بە بوونی بوونەوەری نیوە ئاژەڵو نیوە مرۆڤ هەبوو، بەڵام ئاكامی توێژینەوەكانی داروین ئەو ئەگەرانەی ڕەواندەوە. داروین دەیوت كە بەردەوامییەكی لە ڕەوتی گەشەكردن لە ئاژەڵەوە بۆ مرۆڤ دوزیوەتەوە. لە ڕوانگەی ئەوەوە تایبەتمەندییەكانی ئێمە وەك مرۆڤ، لە گۆڕانێكی بەردەوامی ژینگەییەوە سەرچاوەی گرتووە كە دەسپێكەكەی بۆ سەرچاوەی ژیان لە سەر زەویدا، واتە بۆ زیاتر لە سێسەد ملیارد ساڵی پێشوو دەگەڕێتەوە. قبوولكردنی تیۆرییەكەی داروین لەمەڕ مرۆڤو ئاژەڵ، لە قبوولكردنی بیروباوەڕەكانی تایبەت بە بوونەوەری نیوە ئاژەڵو نیوە مرۆڤ ئەستەمتربوو. داروین یەكێك لە پڕ موناقەشەترین باسەكانو هەر لەو كاتەشدا زانستیترین تیۆرەكان – تیۆری گەشەكردن - ی لە نێو زانستە نوێیەكاندا هێنایە كایەوە.

## گەشەكردن (perfection)

بە پێی تیۆرییەكەی داروین، گەشەكردنی ڕەگەزی مرۆڤ لە ئاكامی ڕەوتێكی كتووپڕییەوە سەری هەڵداوە. لە بەشێكی بەرچاوی دینەكانداو یەك لەوان لە لای مەسیحیەت، خودا ئاژەڵو مرۆڤی خولقاندوە. بە پێچەوانەوە، تیۆریی گەشەكردن(تكامل)، هاتنە كایەی ئاژەڵو مرۆڤ بە بێ مەبەست دەزانێ. گەشەكردن لە ئاكامی ئەو شتەوە هاتۆتەدی كە داروین پێی دەڵێ هەڵبژاردنێكی سروشتی. هەڵبژاردنێكی سروشتی واتایەكی سادەی هەیە. هەموو گیانلەبەرێك بۆ ئەوەی زیندوو بمێنێتەوە، پێویستی بە خواردنو سەرچاوەكانیتری وەك خۆپاراستن لە بەرانبەر هەلومەرجی نالەباری سروشتیدا هەیە. بەڵام سەرچاوەی پێویست ئەوەندە نییە بۆ ئەوەی هەموو جۆرە گیانلەبەرێك لە هەموو قۆناغێكی زەمەنیدا ڕابگیرێ، ئەمەش لە بەر ئەوەیە كە زاوزێكی زۆر دەكەن، ژینگەش ناتوانێ خواردنیان دابین بكا. ئەو ڕەگەزانەی كە باشتر توانیویانە خۆیان لە گەڵ ژینگەدا بگونجێنن، دەمێننەوە، لە كاتێكدا ئەوانیتر كە ناتوانن خۆ لە گەڵ هەلومەرجی تازەدا بگونجێنن، لە نێو دەچن. هەندێ لە گیانلەبەرەكان وریاترو هەڵسووڕترن، یان چاویان تیژترە. ئەو بەشەی كە لە شەڕی مانەوەدا سەركەوتووترن، زیاتر دەژینو زاوزێ دەكەنو تایبەتمەندییەكانیان بۆ وەچەكانی دوایی دەگوێزنەوە. ئەوان بۆ مانەوەو بەردەوامی "هەڵبژێردراون".

بە هۆی میكانیزمی قەڵەمباز لە ژیاندا، ڕەوتێكی بەردەوامی هەڵبژاردنی سروشتی لە ئارادایە. قەڵەمباز گۆڕانێكە كە بە شێوەی كتووپڕی لە جینەكاندا دێتە گۆڕێو تایبەتمەندیی هەندێ كەس لە نێو ڕەگەزێكدا دەگۆڕێ. زۆربەی قەڵەمبازەكان لە رووی مانەوەوە بەهایەكی ئەوتویان نییەو بێ سوودن، بەڵام هەندێكیتر لە ململانێكاندا گیانلەبەرەكان بەهێز دەكەن: لەو حاڵەتەدا ئەوانەی كە خاوەن جینی قەڵەمبازین، دەمێننەوەو ئەوانەش وا ئەو جینەیان نییە لە نێو دەچن. ئەم ڕەوتە هەم هۆكاری گۆڕانی لاوەكی لە نێو ڕەگەزو هەم ئەو گۆڕانە گشتییانە روون دەكاتەوە كە دەبنە هۆی لە نێو چوونی تێكڕای ڕەگەزەكە. بۆ نموونە، چەندین ملیۆن ساڵ لەوەپێش زۆر ئاژەڵی خشۆكی زەبەلاح لە شوێنە جۆربەجۆرەكانی جیهاندا هەبوون. قەبارەی ئەو گیانلەبەرانە بووە لەمپەر لە بەردەم مانەوەیاندا، لە حاڵێكدا گیانلەبەرە بچووكەكان باشتر توانیان لە گەڵ هەلومەرجی تازەدا خۆبگونجێنن. یەكەمین باوباپیرانی مرۆڤ لە زومرەی ئەم ڕەگەزە بوون كە تواناییەكی زیاتریان بۆ خۆگونجاندن هەبوو.

هەرچەند كە تیۆریی گەشەكردن لە داروینەوە تاكوو ئەمڕۆ گۆڕانی بە سەردا هاتووە، ئێستاش هەر خاڵە

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بنچینەییەکانی تیۆریی داروین بە شێوەیەکی بەربلاو قبووڵ دەکرێ. تیۆریی داروین یارمەتیمان دەدا بۆ ئەوەی باشتر لە سەرهەڵدانی رەگەزە جۆربەجۆرەکانو پێوەندییەکانیان تێبگەین.

مرۆڤو مەیموون

ئەمرۆ بە گشتی ئەوە قبووڵ کراوە کە گەشەکردنی ژیان لە زریاکانەوە سەری هەڵداوە. نزیکەی چوارسەد ملێونساڵ لەوەپێش یەکەمین بوونەوەرە زەوەینییەکان کەوتنە جموجۆڵ. بەشێك لەم بوونەوەرانە بەرەبەرە بوونە ئاژەڵی خشۆکیی مەزن، بەڵام دواتر ئاژەڵی شیردەر جێی ئەوانەی گرتەوە. شیردەرەکان، گیانلەبەری خوێنگەرمن کە لە رێگای جووتبوونەوە زاوزێ دەکەن. لە گەڵ ئەوەدا کە شیردەرەکان لە رووی جەستەوە لە ئاژەڵە خشۆکییە مەزنەکان بچووکتر بوون، بەڵام زیرەکتر بوونو توانای هەڵسووڕانیان زیاتر بوو. ئاژەڵە شیردەرەکان، ئامادەییەکی زیاتریان بۆ شت فێربوون لە ئەزموونەکانەوە هەیە،و لە مرۆڤدا ئەم ئامادەییە گەیشتۆتە بەرزترین ئاستی گەشەکردن. رەگەزی مرۆڤ بەشێکە لە گرووپێکی شیردەری گەشەکردووتر، واتە، (Primates) کە نزیکەی حەفتا ملێونساڵ لەوەپێش سەریان هەڵداوە.

نزیکترین خزمەکانی ئێمە لە نێو رەگەزی ئاژەڵەکاندا بریتین لە شامپانزە، گووریلو ئورانوتان. دەڵێن کاتێ هاوسەری قەشە ورێستێر(Worcester) بە تیۆریی داروین لەمەڕ گەشەکردن دەزانێ، دەڵێت: "لە نەوەی مەیمەن؟، خوایە هیوادارم ئەمە راست نەبێ. بەڵام ئەگەر راستیش بێ، هیوادارم هەموو کەس بە ئەمە نەزانێ." ئەم خاتوونە وەك زۆر کەسی دیکە لەو سەردەمەوە تاکوو ئێستاش لە چەمکی گەشەکردن تێنەگیشتووە. مرۆڤ لە میموونەوە دروست نەبووە. سەرچاوەی گەشەکردنی مرۆڤ ومەیموون تێکڕا بۆ ئەو گرووپە سەرەتاییانە دەگەڕێنەوە کە چەندین ملێون ساڵ لەوەپێش ژیاون.

Primates، یان یەکەمینەکان، باوباپیری مرۆڤ بوون کە قنچ بە رێدا دەچوون و تارادەیەك وەکو پیگمییەکانی ئەم سەردەمە بوون. زیاتر لە مەیموون دەچوون بەڵام مووی لەشیان کەمتر بوو. رەگەزی جۆراوجۆری هومینید (Hominid)واتە، ئەو بوونەوەرانە کە سەر بە بنەماڵەی مرۆڤن، لە نێوان ئەم قۆناغەو سەرهەڵدانی رەگەزی مرۆڤی ئەمرۆییدا دەژیان. ئەو مرۆڤانە کە لە هەموو روویەکەوە وەکوو ئێمە بوون، نزیکەی پەنجا ساڵ لەوەپێش سەریان هەڵدا. بەڵگەی پێوێستو حاشا هەڵنەگەر باس لەوە دەکەن کە گەشەکردنی کولتوری پێش گەشەکردنی رەگەزی مرۆڤ بووەو پێدەچێ یارمەتی بە گەشەکردنی مرۆڤ کردبێ. کەڵکوەرگرتن لە کەرەستەکانو پەرسەندنی رێگاکانی پێوەندیگرتنو هەروەها پێکهاتنی گرووپە کۆمەڵایەتییەکان بێگومان دەورێکی کاریگەرانەی لە پرۆسەی گەشەکردندا هەبووە. ئەم گۆڕانکاریانە بوونە هوی ئەوە کە باوباپیرانی مرۆڤ لە چاو گیانلەبەرانیتر بەردەوامییەکی زیاتر بە خۆوە ببینن. ئەو گرووپانەی کە توانیان سوودێکی زیاتر لەو پێشکەوتنانە وەربگرن لە چاو گرووپەکانیتردا دەسەڵاتێکی زیاتریان بە سەر شوێنی ژیانیاندا پەیدا کرد. بێگومان سەرهەڵدانی رەگەزی مرۆڤ بووە هۆی خێراتربوونی رەوتی پەرەسەندنی کولتوری.

لە بەر ئەوەی کە مرۆڤ لە رەوتی گەشەکردندا شانبەشانی رەگەزە سەرەکییەکانیتر چووەتە پێش، بۆیە کۆمەڵێك تایبەتمەندی هاوبەش لە نێوانیاندا هەیە. پێکهاتەی فیزیکیی مرۆڤ لە زۆربەی رووەکانەوە هاوشێوەی مەیموونەکانە. مەیموونەکانیش هەروەك مرۆڤ حەز بە ژیانی بەکۆمەڵ دەکەن. مێشکیان بە بەراورد لە گەڵ جەستەیاندا گەورەیە،و بچەکەکانیان ماوەیەکی زۆر لە گەڵیان دەمێننەوە.

لە گەڵ ئەوەشدا، جیاوازییەکی هەست پێکراویان پێکەوە هەیە. مرۆڤەکان قنج دەوەستن، کەچی مەیموونەکان کوورن. شێوەی دەستوقاچی مرۆڤ جیاوازن، بەڵام لە مەیمووندا ئەم جیاوازییە زۆر کەمە. مێشکی مرۆڤ تەنانەت لە مێشکی زیرەکترین مەیموونەکانیش گەورەترە. لە حاڵێکدا کە قۆناغی بەستراوەبوونی بەچکەی مەیموون بە دایكو باوکییەوە دوو ساڵ یان کەمترە، ئەمە لە لای مرۆڤ خۆی لە حەوت تا هەشت ساڵ دەدا.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

سروشتو پەروەردە

بایولۆژیی کۆمەڵایەتی

ئەگەرچی بایۆلۆژیناسەکان ئاگایان لەوە هەبوو کە مرۆڤو گیانلەبەرەکان لە مەسەلەی گەشەکردندا پێکەوە پەیوەستن، زۆربەیان تا ئەم دواییانە پێیان لە سەر تایبەتمەندییە بەرچاوەکانی رەگەزی مرۆڤ دادەگرت. توێژینەوەکانی سۆسیوبایۆلۆژیستەکان(Sociobiology's) کە هاوشێوەییەکی زۆر لە نێوان کرداری ئینسانیو کرداری ئاژەڵدا دەبینن، ئەمجۆرە تێگەیشتنە رەت دەکەنەوە. زاراوەی بایۆلۆژیی کۆمەڵایەتی، لە نووسینەکانی ئیدوارد ویلسۆنی ئەمریکییەوە وەرگیراوە (Wilson,1975,1978). ئەم زاراوەیە ئاماژە بە دەوری بنەماکانی بایۆلۆژیی کۆمەڵایەتی لە ناساندنی چالاکییە کۆمەڵایەتییەکانی سەرجەم گیانلەبەرە کۆمەڵایەتییەکاندا دەکا. ویلسون وای بۆ دەچێ کە بەشێکی زۆر لە لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی ئێمەی مرۆڤ ریشەیان لە جینەکانی ئێمەدا هەیە. بۆ نموونە، هەندێ لە گیانلەبەرەکان رێورەسمێکی جووتبوونو خۆشەویستی دوورو درێژیان هەیە کە زاوزێکردنی لێ دەکەوێتەوە. بە پێی روانگەی بایۆلۆژیستە کۆمەڵایەتییەکان، ئینسانەکان لە مەسەلەی خۆشەویستیو کرداری سێکسیدا رێورەسمێکی هاوشێوەیان هەیە کە لە تایبەتمەندییەکی زاتییەوە سەرچاوە دەگرێ. وەك نموونەیەکیتر، زۆربەی گیانلەبەرە نێرەکان لە چاو مێیەکاندا گەورەترو درِترن،و ئەیانەوێ بە سەر رەگەزی لاوزتردا زاڵ بن. رەنگە بە هۆی هۆکارە جینەتیکییەکانەوە بتوانین لەوە تێبگەین کە بۆچی لە هەموو کۆمەڵگە مرۆییەکاندا پیاوان زۆر زیاتر لە ژنان حەز بە گرتنەدەستی دەسەڵات دەکەن. بە پێی روانگەی ویلسۆنو لایەنگرەکانی، بایۆلۆژیی کۆمەڵایەتی بە نیشاندانی ئەو راستییە کە بەشێکی زۆر لە رەهەندەکردارییەکانی مرۆڤ بە شێوەی جینیتیکی بەرنامە رێژی کراون، باشتر دەتوانێ کۆمەڵناسیو ئینساننناسی(Anthropology) لە سەر بنەمای بایۆلۆژی بکاتە لقێکی یەکگرتووی زانستی.

لەم ساڵانەی دواییدا گەلێك مەسەلەی گەورەی لەم چەشنە خراونەتە بەر باسو لێدوان (Sahlins, 1976; Caplan, 1978; Montagu, 1980; Wiegele, 1982; Kitcher, 1985). ، ناکۆکییەکی قووڵ لە سەر ئەم مەسەلانە هەیە. توێژەرەوەکان تا رادەیەك بە پێی جۆری فێربوونیان بە سەر دوو لایەندا دابەش دەبن. لایەنگرانی روانگەی بایۆلۆژیی کۆمەڵایەتی زیاتر لە بەشی بایۆلۆژیدا خوێندوویانە، تا لە بەشی زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا، کەچی زۆربەی کۆمەڵناسوئینساننناسەکان گۆمانیان لە سەر روانگەکانی بایۆلۆژییە کۆمەڵایەتییەکان هەیە. رەنگە ئەوان شتێکی ئەوتۆ لە بارەی پێکهاتەی جینیتیکی ژیانی مرۆڤ نەزانن،و بایۆلۆژیستەکانیش زانیاریەکی کەمیان لەبارەی توێژنەوە کۆمەڵناسیو ئینسانناسییەکانەوە هەبێ. هەردوولایان ناتوانن لە یەکتر تێبگەن.

ئەو جۆشوخرۆشەی کە بە هۆی توێژینەوەکانی ویلسۆنەوە پێك هاتبوو، ئیتر ئەو گەرموگۆڕییەی جارانی نەماو پێدەچێ هەڵسەنگاندنێکی تا رادەیەك روون ئەنجام بدرێ. سۆسیۆبایولۆژی گرنگە – ئەم گرنگییە بەر لەوەی پێوەندی بە کرداری مرۆڤەوە بێت، زیاتر لە بەر ئەوەیە کە هەندێ شتی لە بارەی ژیانی ئاژەڵەکانەوە سەلماندووە. هاوکات لە گەڵ توێژینەوەکانی رەوشتناسەکاندا (ethnologists) واتە ( ئەو بایۆلۆژیستانەی کە زیاتر توێژینەوەی مەیدانی دەکەن)، سۆسیۆبایۆلۆژیستەکان توانیویانە ئەوە بسەلێنن کە زۆر لە ئاژەڵەکان ژیانێکی کۆمەڵایەتیان هەبووە. لە لایەکیترەوە بەڵگەیەکی ئەوتۆ بەردەست نەکەوتووە کە بیسەلێنێ میراتی جینێتیکی شێوە ئاڵۆزەکانی چالاکی مرۆڤ دەخاتە ژێر کاریگەری خۆیەوە. ئەمەش بەو مانایە کە روانگەی سۆسیۆبایۆلۆژیستەکان لە مەڕ ژیانی کۆمەڵایەتی مرۆڤ لە چوارچێوەی تێڕامانە تیۆرییەکان تێناپەرێت. گومانی تێدا نییە کە کردارەکانی ئێمە لە ژێر کارتێکەریی هۆکارە جینێتیکیەکاندان، بەڵام ئامادەیی جینتیکی ئێمە وەك رەگەزی مرۆڤ تەنیا تواناو چوارچێوەی کاری ئێمە دیاری دەکا، نەك نێوەرۆکی راستەقینەی ئەو کارانەی کە ئەنجامیان دەدەین.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

غەریزەکان

زۆربەی بایۆلۆژیستو کۆمەڵناسەکان لە سەر ئەوە کۆکن کە ئینسانەکان هیچ غەریزەیەکیان نییە. ئەم روانگەیە نە تەنیا لە گەڵ گریمانەکانی سۆسیۆبایۆلۆژیدا یەکناگرێتەوە ، بەڵکوو لە گەڵ بیروباوەڕی زۆربەی خەڵکی ئاساییشدا ناکۆکە. ئاخۆ ئێمە زۆرجار بە شێوەی غەریزی هەڵسوکەوت ناکەین؟ ئەگەر کەسێك بیەوێ بۆکسێکمان لێبدا، ئایا بە شێوەی غەریزی چاومان نانووقێنینو ناکشێینە دواوەوە؟ لە راستیدا ئەگەر زاراوەی غەریزە بە دروستی بە کار بهێنرێ، ئەمە نموونەی غەریزە نییە. غەریزە بەو شێوەی کە لە بایۆلۆژی و کۆمەڵناسیدا لێی تێدەگەین، سەرمەشقێکە لە کردارێکی ئاڵۆز، کە بە شێوەی جینێتیکی دیاری دەکرێ. بەم پێیە رێورەسمەکانی عاشقێنی بەشێکی زۆری ئاژەڵەکان لە غەریزەوە سەرچاوە دەگرن. بۆ نموونە، ماسی "ئابنوس"(ماسییەکی بچووکی نێو ئاوی شیرینە) بۆ جووتبوون، کۆمەڵە رێورەسمێکی زۆر ئاڵۆز ئەنجام دەدا کە دەبێ نێرو مێیەکە پێڕەوی لێبکەن. Tinbergen)،(1974 . هەر ماسییەك، سەمایەکی جوانو هونەرمەندانە دەکاو ئەویتر وەڵامی دەداتەوەو پێکەوە سەمایەکی سەیر بۆ جووتبوون دەکەن. ئەو جۆرە ماسیانە بە شێوەی جنێتیکی ئەو جۆرە سەمایە دەکەن. چاونووقاندنی خۆبەخۆ، لابردنی سەر لە بەرانبەر زەبرێکی پێشبینی کراودا، خۆی لە خۆیدا پەرچە کردارە (reflex act) نەك غەریزە. ئەم کارە تەنیا پەرچەکردارێکی ئاساییە، نەك سەرمەشقێکی کردارێکی ئاڵۆز. کەواتە، باسکردن لەو شتە وەك کارێکی "غەریزی"بەمانا وردو زانستییەکەی دروست نییە.

مرۆڤ کاتێك دێتە دونیاوە، هەڵگری کۆمەڵێك کاردانەوەی بنەڕەتی وەك چاوتروکاندنە و وادێتە بەرچاو کە زۆربەی ئەوانە لە رووی مانەوەو گەشەکردنەوە بایەخی خۆیان هەیە. بۆ نموونە کۆرپەی مرۆڤ کاتێك گۆپکی مەمك یان شتێکی هاوشێوە دەخرێتە دەمی، یەکسەر دەست دەکا بە مژینی. کاتێك منداڵێك خەریکە بکەوێ، هەوڵ دەدا دەستی لە شتێك گیر بکاو ئەگەر دەستی لە شتێکی گەرم بدرێ، خێرا دەستی لادەبا. گومانی تێدا نییە کە هەرکام لەم پەرچە کردارانە لە بەرەروووبوونەوە لە گەڵ دەورو بەردا شتێکی سوودمەندن.

لە گەڵ ئەوەشدا مرۆڤ کۆمەڵە پێویستییەکی ژینگەیی دیاریکراوی هەیە. پێویستییەکانی ئێمە بە خواردن، ئاوو دامرکاندنی هەستە سێکسییەکانو راگرتنی گەرمای لەش لە ئاستێکی دیاریکراودا، بنەمایەکی ئۆرگانییان هەیە. بەڵام رێگاکانی دابینکردنی ئەم پێویستیانەو شێوەی مامەڵەکردنیان لە نێو کولتورە جۆربەجۆرکاندا بە تەواوی جیاوازە.

بۆ نموونە، لە تێکڕای کولتورەکاندا جۆرە کردارێکی عاشقێنی ستاندارد هەیە. دیارە ئەم کارە پێوەندی بە سروشتی گشتی پێویستییە سێکسییەکانەوە هەیە، بەڵام شێوەی دەربڕینیانو تەنانەت خودی کارەکەش لە کولتورە جۆراوجۆرەکاندا بە تەواوی جیاوازە. لە کولتوری رۆژئاواییدا شێوازی ئاسایی تێکەڵاوی سێکسی بەم شێوەیە، کە ژن بە پشتا پاڵ دەکەوێو پیاو لە سەرەوەیە. لە هەندێ کۆمەڵگەی تردا ئەم دۆخە بێ مانایە، ئەوان بە لاتەنیشتدا کاری سێکسی دەکەن، واتە لە حاڵەتێکدا کە ژن پشتی لە پیاوەکەیەو یان ژنەکە لە سەرەوەیەو یان لە هەر دوخێکێتردا ئەو کارە ئەنجام دەدەن. لەمەوە بەو ئاکامە دەگەین لە روانگەی کولتورییەوە شێوەکانی دابینکردنی پێویستییە سێکسییەکان لە رێگای فێربوونەوەیە،و هیچ پێوەندییان بە جینەوکانەوە نییە.

جگە لەمەش مرۆڤ دەتوانێ بە شێوەیەك کە لای گیانلەبەرکانیتر هاوتای نییە، پێویستییەکانی خۆی پشتگوێ بخات. سۆفییەکان دەتوانن بۆ ماوەیەکی زۆر رۆژو بگرن. هەندێ کەس لەوانەیە بەشێك یان هەموو ژیانیان لە تەنیاییدا بژین. هەموو بوونەوەرەکانو بەتایبەت مرۆڤ، توانایی ئەوەیان هەیە کە بە سەر هەستە دەروونییەکاندا زاڵ بن، بەڵام مرۆڤ بە پێچەوانەی بوونەوەرەکانیتر دەتوانێ بە ویستی خۆی پێچەوانەی ئەو شتانە بجووڵێتەوە، تەمەنی خۆی بە چوونەسەر کێوو رەوەزە شاخەکان یان خۆ لە خەتەرخستن بباتەسەر، یان خۆی بکوژێت.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

فره چەشنی کولتورەکان

کولتوری مرۆڤایەتی، جۆراوجۆرو فرەچەشنە. ئەو بەهاو ڕێسایانەی پێوەندییان بە کرداری مرۆڤەوە هەیە، لە کولتورێکەوە بۆ کولتورێکیتر تەواو جیاوازەو زۆرجار جیاوازییەکی بنەڕەتی لە گەڵ ئەو شتەدا هەیە کە ڕۆژئاواییەکان بە شتێکی سروشتی دەزانن. بۆ نموونە ئێمە لە کۆمەڵگەکانی ئەم سەردەمەی ڕۆژئاوادا کوشتنی منداڵ بە یەکێك لە دزێوترین تاوانەکان دەزانین، بەڵام لە کەلتوری کۆنی چیندا زۆرجار منداڵی کچیان لە کاتی لەدایکبووندا دەخنکاند، ئەمەش لە بەر ئەوە بوو کە ئەوانیان بە سەروەتی بنەماڵە نەدەزانی، بەڵکوو بە سەرباریان دەزانین.

لە ڕۆژئاوادا خواردنی(صدف) شتێکی ئاساییە، بەڵام کەس بەچکە پشیلەو تووتکە سەگ ناخوا، کە لە هەندێ شوێنی دونیادا بە خواردنێکی بەتام دەزانرێن. جوولەکەکان گۆشتی بەراز ناخۆن، کەچی هیندووەکان دەیخۆن، بەڵام ئەوانیش گۆشتی گا ناخۆن. لای ڕۆژئاواییەکان ماچکردن، بە شتێکی ئاسایی دەزانرێ، بەڵام لە زۆر کولتوری دیکەدا ئەمە بەو شێوەیە نەناسراوە، یان بە شتێکی قیزەون دەزانرێ. هەموو ئەم تایبەتمەندییە جۆراوجۆرانە، ئەو لایەنە جیاوازە کولتوریانەن کە بە شێوەیەکی بەربڵاو کۆمەڵگەکان لێك جیا دەکەنەوە.

کۆمەڵگە سەرەتاییەکان زۆرجار لە رووی کولتورییەوە یەکسانن، بەڵام کۆمەڵگە پێشکەوتووەکان لە رووی کولتورییەوە جۆراوجۆرن،و گەلێك وردە کولتوری فرەچەشن لە خۆ دەگرن. بۆ نموونە، زۆر کومەڵ وگرووپ بە وردە کولتوری جیاوازەوە لە تەنیشت یەکەوە دەژین. جیراڵدساتلز (Gerald Suttles)، توێژینەوەیەکی مەیدانی لە یەکێك لە گەڕەکە هەژارنشینەکانی ڕۆژئاوای شیکاگۆ ئەنجام داوە. ناوبراو تەنیا لە یەك گەڕەکدا چەندین گرووپی جیاوازی بینی: پورتوریکوویەکان، ڕەش پێستەکان، یونانییەکان، قەرەجەکان، ئیتالییەکان، مەکزیکییەکانو سپی پێستەکانی باشوور. هەر کام لەو گرووپانە، ناوچەو شێوە ژیانی تایبەت بە خۆیان هەبوو(Suttles, 1968).

شوناسی کولتوریو ئیتنۆسەنتریزم

هەر کولتورێك شێوە ڕەفتارێکی تایبەت بە خۆی هەیەو بۆ خەڵکیتر کە لە بەستێنێکی کولتوری جیاوازدا دەژین، شتێکی نامۆیە. بۆ نموونە با چاو لە ناسیرما(Nacirema)کان بکەین، ئەوانە گرووپێکن کە هۆراس ماینەر لە توێژینەوەیەکدا باسی کردوون (1956). ماینەر بە تەواوی لەو سرووتە ئاڵۆزانە رادەمێنێ کە ناسیرماکان هەیانە، ئەوسرووتانەی کە تایبەتمەندی سەیرو سەمەرەیان هەیە. ئەو باسە بایەخی ئەوەی هەیە کە لێرەدا بهێنرێت:

وادیارە بڕوایەکی بنەڕەتی هەیە کە بنەمای هەموو کەون پێك دێنێ، ئەویش ئەوەیە کە جەستەی مرۆڤ ناحەزەو بە شێوەی سروشتی بەرەو لاوازیو نەخۆشی دەڕوا. مرۆڤ کە گیرۆدەی ئەم جەستەیە، تەنیا هیوای ئەوەیە کە بە کەڵکوەرگرتن لە کاریگەرییە بەهێزەکانی سرووتو ڕێورەسمەکان، ئەم تایبەتمەندییانە وەلاوە بنێ. هەر بنەماڵەیەك یەك یان چەند پەرستگەی هەیە کە تایبەت بەم شتەیە..... لە ناوەندی ئەم پەرستگەدا سندووقێك لە نێو دیوارەکەدا ساز کراوە. ئەم سندووقە پرە لە تەلیسمو دەرمانی سیحراوی. خەڵکی ئەوێ بڕوایان وایە کە بە بێ ئەوانە ناژین. ئەم شتانە لە هەندێ کەسی پسپۆڕو لێهاتوو وەردەگیرێن. بە هێزترینی ئەو کەسانە پزیشکەکانن کە پێویستە بە دیاریی گرانبەها پاداشتیان بدرێتەوە. بەڵام پزێشکەکان ئەم دەرمانە شەفابەخشانە بۆ نەخۆشەکان ساز ناکەن، بەڵکوو پێکهاتەکانی دیاری دەکەنو بە زمانێکی کۆنو ڕەمزی دەینووسن. تەنیا پزیشكو دەرمانفرۆشەکان دەتوانن ئەم نوسراوانە بخوێننەوە کە لە بەرانبەر دیارییەکیتردا تەلیسمە پێویستەکە ئامادە دەکەن....

ناسیرماکان بە شێوەیەکی زۆر سەیر لە زار دەترسێنو زۆر شێتانە دەیپەرستنو بڕوایان وایە کە زار کاریگەرییەکی سەرسووڕهێنەری لە سەر پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا هەیە. ئەوان لە سەر ئەو باوەڕەن کە

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئەگەر سرووتەکانی دەم نەبوایە، ددانەکانیان ئەرزان‌و پووکەکانیان خوێنی لێ دەچۆڕا، چەنەگەیان نەئەجوولاو دۆستەکانیان پشتیان تێدەکردن‌و خۆشەویستەکانیان وازیان لێ دەهێنان. ئەوان هەروەها پێیان وایە کە پێوەندییەکی پتەو لە نێوان تایبەتمەندییە زارەکی‌و ئەخلاقییەکاندا هەیە. بۆ نموونە ڕێورەسمێکی دەم‌وددان شۆردنی تایبەت بە منداڵان هەیە کە وادێتە بەرچاو ئاکارو کەسایەتی منداڵ بەرەو باشی دەبا.

ئەو سرووتە جەستەییانەی کە ڕۆژانە هەمووان ئەنجامی دەدەن، بەشێکی پێوەندی بە زارەوە هەیە. سەرباری ئەو ڕاستییە، ئەو خەڵکە ئەوەندە ئاگاداریی دەم‌وددانی خۆیان ناکەن، ئەو ڕێورەسمە بە جۆرێك ئەنجام دەدرێ کە بۆ کەسێکی بێگانە شتێکی بێزهێنەرە. پێیان وتم کە ئەم سرووتە بەو شێوەیە کە چنراوێکی مووی بەرازو چەند گەردێکی سێحراوی دەخەنە دەمیان‌و هەموو بە یەك شێوە و پێکەوە لە ناو دەمیاندا دەیسووڕێنن (Miner, 1965; pp. 503-4)

ناسیرماکان کێن‌و لە کوێ دەژین؟ ئێوە دەتوانن لە ڕێگای ئاوەژووکردنی وشەی ناسیرماوە بگەنە وەڵامی ئەو پرسیارانەو هەروەها لە چییەتی سرووتە جەستەییەکان تێبیگەن. دەکرێ بڵێین کە ئەگەر هەر دابێکی ناسراو بەبێ ئەوەی وەك بەشێك لە شێوەی ژیانی خەڵك چاو لێبکرێ، بە بێ لە بەرچاوگرتنی بەستێنی تایبەتی خۆی باسی لێوە بکرێ، وەکوو شتێکی سەیر دێتە بەرچاو. دابی خاوێنکردنەوەی ڕۆژئاواییەکان هەروەك داب‌ونەریتی کۆمەڵە هۆزێکی نیشتەجێی دورگەکانی زەریای ئارام یان هەندێ گرووپی ئەتنی ئەمریکای باشوور سەیرو سەمەرەیە کە یەکەمیان بۆ جوانی، ددانەکانی پێشووی خۆیان دەردێنن‌و دووهەمیان بۆ ئەوەی لێوەکانیان گەورە نیشان بدات‌و جوانتر بنوێنێ، پووڵەکی تێدەنێن.

ناکرێ ئەو جۆرە کردارو بیروباوەڕانە بە بەشێك لە کولتورە گشتگیرەکان نەزانین. توێژینەوەی کولتوری دەبێ لە سەر بنەمای چەمك‌و بەها تایبەتەکانی هەر کولتورێك ئەنجام بدرێ. ئەمە لە کۆمەڵناسیدا پێش گریمانەیەکی سەرەکییە. کۆمەڵناسەکان هەوڵدەدەن کە تا ئەو شوێنەی بۆیان دەکرێ، واز لە ئیتنوسەنتریزم(ئەتنیکخوازی) بێنن، کە دەبێتە هۆی ئەوەی لە دادوەرییەکانیاندا، کولتورەکانیتر لە گەڵ کولتوری خۆیاندا بەراورد بکەن. لە بەرئەوەی کە کولتورە مرۆڤایەتییەکان پێکەوە جیاوازیان هەیە، سەیر نییە ئەگەر دەبینین خەڵکی سەربە کولتورێك، ناتوانن بە گوێرەی پێویست لە گەڵ کولتورێکیتردا هەست بە نزیکی بکەن. نموونەی ئایینی کارگۆ، نیشاندەری ئەوەیە کە کولتورێك بە زەحمەت لە گەڵ کولتورێکیتردا مامەڵە دەکا. لە کۆمەڵناسیدا پێویستە چاویلکەی کولتوری خۆمان وەلا نێین تا بتوانین بە دوور لە دەمار گرژی شێوەی ژیانی گەلانیتریش ببینین.

کولتوروتایبەتمەندییە گشتگیرەکان

سەرباری ئەوەی کە کرداری کولتوری مرۆڤ جۆراوجۆرو فرەچەشنە، بەڵام کۆمەڵە تایبەتمەندییەکی هاوبەشیش هەیە. هەر کاتێك ئەم تایبەتمەندییانە لە زۆربەی کۆمەڵگەکاندا بەرچاو بکەون، پێیان دەوترێ تایبەتمەندی گشتگیری کولتوری. (Oswalt, 1972; Friedl, 1981; Hiebert, 1976). هیچ کولتورێك نییە کە زمان‌و ڕێزمانێکی ئاڵۆزی نەبێ. لە هەموو کولتورەکاندا سیستمێکی بنەماڵەیی دیاریکراو هەیە کە کۆمەڵە بەهاو ڕێسایەکی تایبەت بە چاودێری منداڵی لە خۆ گرتووە. هاوسەرگیری تایبەتمەندییەکی گشتیی کولتورین. وەك چۆن سرووتە دینییەکان‌و مافی موڵکدارێتیش هەر بەوچەشنەن. هەروەها لە هەموو کولتورەکاندا جۆرێك لە زەناکردن، واتە پێوەندی سێکسی لە نێوان مەحرەمەکانی بنەماڵەدا، وەك باوك‌وکچ، دایك‌و کوڕ، خوشك‌وبرا، حەرام کراوە. مرۆڤناسەکان چەندین جۆری دیکەی تایبەتمەندیی گشتگیری کولتورییان ناسیوە. بۆ وێنە، بوونی هونەر، سەما، ئاڕایشکردن، یارییەکان، دیاری پێشکەشکردن‌و ڕاگرتنی پاك‌وخاوێنی(Murdock.1945) .

لە گەڵ ئەوەشدا ئەم تایبەتمەندییانە لەم پێڕستەی سەرەوە کەمترە، چوونکە لە هەر مەقولەیەکدا

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

فرەچەشنییەکی زۆر بەرچاو دەکەوێ. بۆ نموونە، مەسەلەی حەرامبوونی زەنا لەگەڵ مەحرەمەکان لە بەرچاو بگرن. لە کولتورە جیاوازەکاندا زەناکردن لە گەڵ مەحرەمەکاندا پێناسەی جیاوازی هەیە. لە لای زۆر لە کولتورەکان، زەنا لە گەڵ مەحرەمەکاندا، بە پێوەندی سێکسی نێوان ئەندامانی نزیکی بنەماڵە دەوترێ، بەڵام لای هەندێ لە گەلان خاڵۆزا، پووروزاو ئامۆزاکانو تەنانەت ئەو کەسانەش دەگرێتەوە کە ناوێکی هاوبەشی بنەماڵەییان هەیە. لە گەڵ ئەوەشدا هەندێ کۆمەڵگە هەبوون کە بەشێکی بچووکیان ئیزنی ئەوەیان هەبووە کە لە گەڵ مەحرەمەکانیاندا زەنا بکەن. بۆ نموونە لە نێو چینی دەسەڵاتداری میسردا بەم شێوە بووە.

## زمان

کەس نکووڵی لەوە ناکا کە زمان یەکێك لە دیارترین تایبەتمەندییە کولتورییەکانە، کە لە نێو هەموو کولتورەکاندا بەرچاو دەکەوێ (شایانی باسە لە دونیادا بە هەزاران زمانی زیندوو هەیە). ئاژەڵەکان دەتوانن پێکەوە گفتوگۆ بکەن، بەو حاڵەش هیچ ئاژەڵێك خاوەن زمانێکی پێشکەوتوو نییە. دەکرێ رەگەزە سەرەکییە گەشەکردووەکان بۆ وتنەوەی هەندێ وشەو رستە رابهێنرێن، بەڵام لە چوارچێوەیەکی سەرەتایی تێپەڕ ناکات. یەکێك لە ناودارترین شامپانزەکان ناوی واشو(Washoe)ە. لە رێگای زمانی ئاماژەیی تایبەت بە کەڕەکانی ئەمریکاوە توانرا زیاترلە سەد وشەی پێ فێر بکرێ (Gardner & Gardner, 1969, 1975). واشو هەروەها توانی چەند رستەیەکی سەرەتاییش بڵێت. بۆ نموونە دەیتوانی بڵێ، وەرە ئازیزەکەم، بەداخم، بەداخم. بەم شێوەیە دەیویست دوای ئەنجامدانی کارێك کە دەیزانی خراپە داوای لێبۆردن بکات.

واشو لە تاقیکردنەوەکاندا زۆر لە شامپانزەکانیتر سەرکەوتووتر بوو- ئەمەش هۆی ناوبانگ دەرکردنی واشویە لە بەرهەمەکانی کۆمەڵناسیدا. بەڵام واشو نەیتوانی فێری رێزمان بێت یان ئەوەی دەیزانێ شامپانزەیەکیتری پێ فێر بکات. تەنانەت دوای چەندین ساڵ بارهێنان توانای زمانی نەگەیشتە ئاستی منداڵێکی دوو ساڵان. مرۆڤێکی گەورە ساڵ کاتێك بە زمانێك دەدوێ، ئەو زمانە هەزاران وشە لە خۆ دەگرێ،و دەتوانێ ئەو وشانە بە پێی رێسایەك بە شێوەیکی وا ئاڵۆز رێك بخات کە زماننناسەکان هەموو تەمەنیان بۆ تێگەیشتنی تەرخان بکەن.(Linden 1976;Seidenberg et al 1979).

## وتەو نووسین

لە هەموو کۆمەڵگەکاندا وتە ئامرازێکە بۆ گواستنەوەی زمان. بەڵام ئاشکرایە کە شێوازی دیکەش هەیە بۆ گواستنەوە یان دەربڕینی زمان،و لە هەموان بەرچاوتر نووسینە. داهێنانی خەت، هەنگاوێکی گەورە بوو لە مێژووی مرۆڤایەتیدا. ئەم داهێنانە سەرەتا لە ئامادەکردنو رێکخستنی پێرستەکانەوە دەستی پێکرد. هەندێ هێما لە سەر دار، بەرد یان گڵ هەڵدەکەنرا بۆ ئەوەی ئەو راپۆرتانە بپارێزرێن کە لە سەر رووداوەکان، شتەکان، یان کەسە گرنگەکان دەنووسران. بۆ نموونە، لەوانەبوو هێمایەك، یان هەندێ جار وێنەیەك بە مەبەستی نیشاندانی مەزرای بنەماڵەیەك، یان چەند بنەماڵە بکێشرێت (Gelb, 1952). خەت لە سەرەتادا وەك ئامرازێك بۆ پاراستنی زانیاریەکان بەکار دەهێنراو،بەم شێوەیە لە گەڵ پێویستی ئیداری دەوڵەتو شارستانییەتە سەرەتاییەکاندا گرێی خوارد.... هەر کۆمەڵگەیەك خاوەن خەت بیت، دەتوانێ لە هەر قۆناغێکدا جێگای خۆی دیاری بکا. رەنگە هەندێ دێکومێنت دەس بکەون کە رابردوویان تۆمار کردبێت،و دەکرێ لەسەر رووداو و چالاکییەکانی ئەم سەردەمەش زانیاری کۆ بکرێنەوە.

خەت تەنیا بریتی نییە لە گواستنەوەی وتە بۆ سەر کاغەز یان ماددەیەکی بەدەوامی دیکە. خەت لە بنەڕەتدا دیاردەیەکی سەرنجراکێشە. دێکومێنتەکان یان دەقە نووسراوەکان تایبەتمەندییەکی وایان هەیە کە لە هەندێ لایەنەوە لە زمانی قسە کردن ناچن. کاریگەری قسە هەمیشە لەو چوارچێوە تێناپەڕێ کە وشەکانی تێدا دەوترێت. لەو کولتورانەدا کە خاوەن خەت نین، ئەندێشەو ئەزموونەکان تەنیا لە رێگای وتنەوەو دووپات کردنەوەی سیستماتییەوە بۆ نەوەکانی داهاتوو دەگوازرێنەوە. لە لایەکیترەوە دەقەکان هەزاران ساڵ دەمێننەو،

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

لە ڕێگای ئەوانەوە پەیامی مێژوو بە گوێی ئێمە دەگات. دیارە ئەمەش لای مێژوونووسان هۆکارێکی سەرەکییە بۆ ئەنجامدانی توێژینەوە لە سەر بەڵگەنامەکان. مێژوونووسان دەتوانن لە ڕێگای ڕاڤەکردنی دەقە کۆنەکانەوە چۆنیەتی ژیانی باوباپیرانمان نیشان بدەن. بۆ نموونە، کتێبی پیروز (ئەنجیل) بەشێکی باشی مێژووی ڕۆژئاوای بۆ ماوەی دوو هەزار ساڵ پێك هێناوە. ئێمە ئێستاش دەتوانین شانۆنامەی درامانووسانی ناوداری یونانی کۆن بخوێنینەوەو چێژی لێ وەربگرین.

### هێماناسیو کەلتوری ماددی

ئەو هێمایانەی کە لە وتەو نووسیندا دەرئەبڕدرێن، بریتین لە شێوازە سەرەکییەکانی پێکهێنانو دەربڕینی واتا کەلتورییەکان، بەڵام تەنیا شێوازەکان ناگرنەوە. شتە ماددییەکانو لایەنەکانی ڕەفتار دەتوانن بۆ دروستکردنی واتا بە کار بهێنرێن. ئاماژە (دال)بریتیە لە هەر هەڵگرێکی واتا – هەر کۆمەڵە توخمێك کە بۆ گواستنەوەی واتا بە کار دەهێنرێ. ئەو دەنگانەی کە لە قسەکردندا دروست دەبن، هەروەك ئەو هێمایانەی کە لە سەر کاغەز یان شتەکانیتردا دەنووسرێن، ئاماژەن. بەڵام ئاماژەکانیتر، وەك جلوبەرگ، وێنەکان، شێوەکانی نانخواردن، جۆری بیناو بیناسازیو گەلێك تایبەتمەندی ماددی دیکە تێکڕا کولتور پێك دێنن (Hawkes, 1977). بۆ نمونە، شێوازەکانی لەبەرکردنی جلوبەرگ، بە گشتی دەبێتە هۆی تێگەیشتن لە جیاوازییەکانی نێوان نێرو مێ. لە کولتوری ئێمەدا تا ئەم دوایانەش، بە گشتی ژنان تەنورەو پیاوەکانیش پانتۆڵیان لەبەر دەکرد. لە کولتورەکانیتردا ئەمە بە پێچەوانەوەیە، واتە: ژنان پانتۆڵو پیاوانیش تەنوورە لەبەر ئەکەن (Leach, 1976).

شرۆڤەکردنی سیستمەکانی هێماناسی – واتا کولتورییە ئاماژەییەکان – بوارێکی توێژینەوەی سەرنجڕاکێش بە رووی کۆمەڵناسیو ئەنترۆپۆلۆژیدا دەکاتەوە. شرۆڤەکردنی هێماناسی لە بەراوردکردنی کولتورێك لەگەڵ کەلتورێکیتردا زۆر سوودمەند دەبێت. بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە واتا کولتورییەکان سەمبۆلین، ئەم چەشنە شرۆڤەکردنە بوارمان بۆ دەڕەخسێنێ تا پێکهاتە کولتورییەکان لە گەل یەکتردا بەراورد بکەین. بۆ نموونە لە شارەکاندا باڵەخانەکان تەنیا شوێنی کارو ژیانی خەڵك نین. ئەوانە تەنیا خەسڵەتی سەمبۆلییان هەیە. لە شارە کۆنەکاندا، کەنیسە، یان پەرستگاکان، بە گشتی لە سەر تەپۆڵکەیەکی ناوەڕاست یان شوێنێکی نزیکدا بینا دەکرا، ئەمەش هێمایەك بوو بۆ زاڵبوونی هێزو دەسەڵاتی ئایین بە سەر ژیانی خەڵکدا. ئاشکرایە کە کولتوری ماددی تەنیا شتێکی سەمبۆلی نییە، بەڵکوو لە دابینکردنی پێویستییە ماددییەکاندا، وەك دروستکردنی ئامرازو تەکنۆلۆژیای بەرهەمهێنانی خۆراك، دروستکردنی چەك، دروستکردنی شوێنی ژیانو هتد، بایەخێکی گرنگی هەیە. جیاوازبوونی کولتورە مادییەکان هۆیەکی سەرەکی بووە لە دەستەبەندی کردنی کۆمەڵگەکاندا. ئەمەش لە بەر ئەوەیە کە چۆنیەتی ڕێکخستنی خەڵك بۆ دابینکردنی پێویستییە سەرەکییەکانیان، زۆربەی لایەنە کولتورییەکانیان دەخاتە ژێر کارتێکەری خۆیەوە. لێرەدا کۆمەڵگە مرۆڤایەتییە جۆراوجۆرەکان پێکەوە بەراورد دەکەین.

### کۆمەڵگە نەریتییە جۆراوجۆرەکان

ئەو گەڕیدەو بازرگانو شاندە مەزهەبیانەی کە بە درێژایی سەردەمی دۆزینەوە گەورەکانی ئەورووپا بە سەرانسەری جیهاندا بڵاو بوونەوە، گەلێك گەلو نەتەوەی جۆراوجۆریان بینی. لەو بارەیەوە یەکێك لە ئەنترۆپۆلۆژیستە ناودارەکان، بە ناوی مارڤین هاریس (Marvin Harris) دەنووسێ: لە هەندێ ناوچە – ئوسترالیا، ناوچەکانی جەمسەری باکوور، کەنارەکانی خوارووی ئەمریکای باشوورو ئەفریقا – دا تیرەو هۆزی وایان بینیوە کە ئێستاش وەك باوباپیرە لە بیرکراوەکانی چاخی بەردینی خودی ئەورووپاییەکان دەژیان: ئەوانە لە گرووپی بیست یان سی کەسیدا دەژیان، بەو سەرزەوینە بەربڵاوانەدا پرشوبڵاو بوونو ژیانی کۆچەرییان هەبوو، لە ڕێگای ڕاوکردنی ئاژەڵو کۆکردنەوەی رووەکە خۆراکییەکانەوە ژیانیان دابین دەبوو. وا دەهاتە

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بەرچاو کە ئەمانە کۆمەڵە گرووپێکی راوچی- رووەك خۆری دەگمەنو لە مەترسیکەتوو بن. لە ناوچەکانیتردا – دارستانەکانی رۆژهەلاتی ئەمریکای باکوور، دارستانەکانی ئەمریکای باشوور،و رۆژهەلاتی ئاسیادا – حەشیمەتێکی چڕتریان دۆزییەوە کە لە گوندەکاندا دەژیان، لە بنەڕەتدا ئیشی زەراعەتیان دەکردو لەوە ئەچوو لە یەك یان دوو پێکهاتەی کۆمونی پێکهاتبن، بەلاَم لێرەشدا چەك و کەرەستەکان هی سەردەمی پێش مێژوو بوون.

دیارە لە شوێنەکانی دیکەدا، دۆزەرەوەکان، لە گەل چەند ئەمپراتووریو دەوڵەتی پێشکەوتوودا بەرەورووبوون کە لە ژێر دەسەلاَتدارەتی چین و فەرمانڕەوا ملهۆڕەکاندا بوونو سوپایەکی نەگۆڕ بەرگری لێ دەکردن. هەر ئەو ئەمپراتووریانە بوون کە بە هۆی شارەکانیان، ئاسەوارە مێژووییە بەشکوەکانیان، کۆشکەکانو پەرستگەو گەنجینەکانیانەوە زیاتر لە هەر شتێك مارکۆپۆلۆەکانو کلۆمبۆسەکانیان کێشایە پانتایی زەریاکانو پێدەشتەکان. ئەوێ چین بوو- گەورەترین ئەمپراتووری جیهان-، سەرزەوینێکی بەرینی سەرسووڕهێنەر کە فەرمانڕەواکانی، واتە بەڕەبەڕە سووڕپێستەکان، بەچاوی سوکەوە دەیانڕوانیە خەڵکی ئەو دیوی سنوورەکانی شارستانییەتەکەیان. ئێرەش هیند بوو – ئەو سەرزەوینەی کە گاکان پیرۆز بوونو قورسایی باری ژیانی نابەرانبەر بە پێی ئەو شتەی کە هەر رۆحێك لە جەستەی پێشوویدا چون بووە ، دابەش ببوو. سەرەنجام، ئیمپراتوورییەکانو ولاَتانی ئەمریکایی بوون کە هەر کامەیان بە هونەرو مەزهەبی تایبەتەوە دونیایەکی جیاواز بوون: ئینکاکان، بە قەلاَ بەردینە گەورەکان، پردە هەلواسراوەکان، ئەنباری گەورەی گەنم،و ئابووری ژێر چاودێری دەوڵەتەوە، و ئەزتەکەکان، بە خواوەندە خوێنمژەکانەوە کە خوێنی مرۆڤیان دەخواردو بەردەوام بە دوای قوربانی تازەدا دەگەڕان (Harris,1978. pp. 13-14).

دەکرێ ئەمجۆرە کۆمەلگەیانە بە سەر سێ جۆری سەرەکیدا دابەش بکەین کە هاریس لە راپۆرتەکەیدا ئاماژەی بە هەرکام لەوانە کردووە: راووکۆکردنەوەی خۆراك (هاریس بە راوچیو کۆکەرەوەکان ناویان دەبا) کۆمەلگە گەورەکانی کشتوکاڵیو شوانکارەیی(وەرزێڕی یان ئاژەڵداری تێیاندا ئاساییە.)و شارستانیەتە ناپیشەییەکان یان دەوڵەتە نەریتییەکان.

پێکەوە چاو لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی ئەم کۆمەلگەیانە دەکەین.

راوچیانو رووەکخۆرەکان

بێجگە لە بەشێکی بچووکی ژیانی ئێمە، هەموو ئینسانەکانیتر لە گرووپی بچووك بچووکدا یان لە شێوەی هۆزو تایفەی سی تا چل کەسیدا ژیاون. کۆمەلگە سەرەتاییەکان لە راوچیانوکۆکەرەوانی خۆراك پێك هاتبوون. ئەم گرووپانە لە باتی زەراعەتکردن، یان ئاژەڵداری، لە رێگای راو، ماسیگرتنو کۆکردنەوەی رووەکە خۆراکییەکانی بیابانەکانەوە ژیانی خۆیان دابین دەکرد. ئەمڕۆ لە چەند شوێنێکی دونیادا، وەك دارستانەکانی برازیل، یان گینەی نوێ کولتوری راوکردن یان کۆکردنەوەی خۆراك هەر ماوە، بەلاَم زۆربەیان لە نێو چوون، یان بە جیهانگیربوونی کولتوری رۆژئاوایی تێیدا تواونەتەوە،و ئەوانەش کە ماونەتەوە ماوەیەکی درێژ هەڵناکەن (Wolf, 1983). هەر ئێستا کەمتر لە یەك چارەکە ملیۆن کەس لە تەواوی جیهاندا لە رێگای راوکردنو کۆکردنەوەی خۆراکەوە ژیانیان دابین دەکەن – ئەم رێژەیە تەنیا یەك لە سەد (001٪)ی تەواوی حەشیمەتی جیهان پێك دێنێ.

مرۆڤناسەکان لەماوەی پەنجاساڵی رابردوودا لە رێگای توێژینەوەکانیانەوە زانیاریەکی زۆریان لە سەر کۆمەلگەکانی راوچیو کۆکەرەوەی خۆراك کۆ کردۆتەوە. بە لە بەرچاوگرتنی فرەچەشنبوونی کولتوری ئینسانی، پێویستە ئێمە لە مەڕ مەسەلەی گشتگیرکردن، تەنانەت لە پێوەندی لە گەڵ یەکجۆر کۆمەلگەشدا وردبین بین، بەلاَم هەندێ تایبەتمەندی هاوبەشی نێوان کۆمەلگەی راوچییەتیو کۆکەرەوەی خۆراك ئەوان لە جۆرەکانیتر جیا دەکاتەوە(Bicchieri, 1972; Diamond, 1974; Schrire, 1984).

لە بەراورد لە گەڵ کۆمەلگە گەورەکان- بە تایبەتی کۆمەلگە پیشەییەکانی ئەم سەردەمە - دا نابەرابەری لە

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

نێوان گرووپە راوچیو کۆکەرەوەکانی خۆراکدا کەمتر بەرچاو دەکەوێ. ئەو گرووپانە بە داییم لە جموجوڵو رەوکردنانو لە بەر ئەوە کە بۆ گواستنەوە هیچ ئاژەڵ یان ئامرازێکیتر بە کار ناهێننن، بۆیە کەلوپەلێکی کەم لە گەڵ خۆیان دەگێڕن. ئەو کەلوپەلانەش بریتین لە کەرەستەی راوکردن، ئامرازەکانی کێڵانو بیناسازی، دارو کەرەستەی چێشتلێنان. کەوابوو ئەندامانی ئەو کۆمەڵگەیانە لە رووی ماددیو داراییەوە جیاوازییەکی ئەوتۆیان لە بەیندا نییە. جیاوازی لە پلەوپایەدا پێوەندی بە تەمەنو رەگەزەوە هەیە. دەکرێ بڵێین کە لە هەموو شوێنێکدا پیاوان ئیشیان راوکردنەو ژنانیش لە گەل ئەوەی کە خۆراك کۆ دەکەنەوە، خواردن ئامادە دەکەنو منداڵیش پەروەردە دەکەن. پیرەکان، واتە بە ئەزموونترینو بەتەمەنترین پیاوانی کۆمەڵگە، بە گشتی بڕیار بەدەستن. بەڵام هەر وەك چۆن جیاوازییەکی ئەوتۆ لە سەروەتو ساماندا نییە، جیاوازیەکی ئەوتۆش لە دەسەڵاتدا نابینرێ. ئەو کۆمەڵگەیانە، بە گشتی کۆمەڵگەی پرسو ران، واتە هەموو پیاوە بەتەمەنەکان، کاتێ بڕیارێکی گرنگ دەدرێ، یان رووبەڕووی قەیرانێك دەبنەوە، لە دەوری یەك کۆ دەبنەوە.

### پیگمییە موبۆتیەکان

لە نێو سەدان بابەتی تایبەت بە کۆمەڵگەکانی راوچیو کۆکەرەوەی خۆراکدا، ئیمە تەنیا بە مەبەستی نیشاندانی شێوەی ژیانی ئەوانە یەك نموونەیان دەخەینە بەرچاو: کۆمەڵگەی پیگمییە مۆبۆتیەکان، کە لە ناوچەیەکی زەئیر لە ئەفریقای ناوەندیدا دەژین (Turubull, 1983; Mair, 1974) . مۆبۆتیەکان لە لێڕەوارە چڕو پڕەکاندا دەژین، کە بیانییەکان زۆر ئەستەمە بتوانن پێی تێ بنێنن. ئەوانە ئاشنای ئەو لێڕەوارانەنو هەر جۆرێ بیانەوێ تێیدا دەسووڕێنەوە. لەو شوێنەدا ئاوێکی زۆروزەوەندو رووەکێکی خۆراکی خۆڕسكو نێچیرێکی زۆری تێدایە. خانووی مۆبۆتیەکان شوێنێکی دایمی نییە بۆ ژیان، بەڵکو بە لقوپۆپی دارەکان دروست دەکرێن. ئەم خانووانە لە ماوەی چەند کاتژمێرێکدا دروست دەکرێنو دواییش لە کاتی کۆچکردندا جێیان دێڵن - چوونکە ئەوان بەردەوام کۆچ دەکەنو هەرگیز مانگێك زیاتر لە شوێنێکدا نامێننەوە.
مۆبۆتیەکان چەند گرووپێکی بچوك بچووکن، کە هەر گرووپێك لە چوارتا پێنج بنەماڵە پێك هاتوون. ئەندامانی ئەم گرووپانە تا رادەیەك نەگۆڕن، بەڵام هیچ شتێك رێ لەوە ناگرێ کە کەسێك یان بنەماڵەیەك واز لە گرووپێك بێنیو بچێتە نێو گرووپێکیتر. کەس رێبەریی هیچ گرووپێك ناکا، بە واتایەکیتر هیچ سەرۆکێك لە ئارادا نییە. بەڵام ریش سپیەکان لە سەریانە هەرچەشنە دەنگوهەرا ( نافەرمانی یان شەرئەنگێزی )یەك کە پیگمیەکان پێیان وایە رۆحیانەتی دارستان ئازار دەدا، ئارام بکەنەوە. ئەگەر شەڕێك درێژە بکێشێ، ئەندامانی گرووپێك جیا دەبنەوەو دەچنە نێو گرووپەکانیترەوە.
یەکەم توێژینەوە لە سەر مۆبۆتیەکان لە شەستەکاندا ئەنجام درا، واتە ئەو سەردەمەی کە هێشتا نەریتی ژیانیان گۆڕانی بەسەردا نەهاتبوو. لەو دەمەوە تاکوو ئەمڕۆ ئەو کۆمەڵگەیە رۆژبە رۆژ زەحتی زیاتری لێ دەکرێ. دونیای دەرەوە سنووری ئەو دارستانانەیان بەزاندووەو ئابووری مۆبۆتیەکان بەستراوەتەوە بە گوندەکانی دەوروبەرەوە. شێوەی ژیانی ئەوانە ئەمڕۆ ئیدی خەریکە بە تەواوەتی لە نێو دەچێ. ئەم مەسەلەیە لە مەڕ جۆرەکانی دیکەی کۆمەڵگەی نەریتیش راست دەردەچێ، کە هەر لەم پاژەدا باسی لێوە دکرێ.

### یەکەمین کۆمەڵگە دەوڵەمەندەکان،

ئەمڕۆ بە پێچەوانەی مۆبۆتیەکانەوە، زۆربەی کۆمەڵگەی راوچییەتیو کۆکەرەوەی خۆراك لە ناوچە ناهەموارەکاندا دەژین. ئەمجۆرە گرووپانە لەوانەیە ژیانێکی نەمر - نەژییان هەبێ، چوونکە شوێنی ژیانیان لەوە بێ رزقترە کە بتوانن شتێکی لێ پاشکەوت بکەن. زۆر دەمێکە کە زۆربەی راوچیو کۆکەرەوانی خۆراك لە هەرێمە پڕ بەرەکەتەکان وەدەرنراون، و ئەوە راستییە کە ئەمڕۆ ئەوان لە هەلومەرجێکدا دەژین کە خەباتێکی نەپساوە لە پێناو مانەوەیاندا دەکەن، وای کردووە کە زۆربەی توێژەرەوەکان پێیان وابێ کە ئەو هۆزانە هەمیشە لە هەلومەجێکی سەختی ماددیدا ژیاون. بە راستی رەنگە لە رابردوودا وا نەبووبن. بە رای مارشاڵ

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

سالێنز، مرۆڤناسی هەڵکەوتوو، کۆمەڵگەی ڕاوچییەتی‌و کۆکەرەوەی خۆراك بە یەکەمین کۆمەڵە دەوڵەمەندەکان دەزانێ. چونکە ئەوان سەرچاوەیەکی زیاتریان بۆ دابینکردنی پێویستییەکانیان لە بەر دەستدا بوو (Salinas, 1972). ڕاوچییان‌و کۆکەرەوانی خۆراك لە ڕابردوودا بە هۆی ئەوەی کە لە ناوچە خۆشەکاندا دەژیان، ناچار نەبوون بە ڕۆژ یەکسەر کار بکەن‌و شت بەرهەمبێنن. نێونجی سەعاتکاری ڕۆژانەی ئەوانە ڕەنگە لە هی کرێکارانی فابریکەکان‌و کارمەندە ئیدارییەکانی ئەم سەردەمە کەمتر بووبێ.

ڕاوچییان‌وکۆکەرەوانی خۆراك ئەوەندە گوێ بە کۆکردنەوەی سەروەت‌و سامان نادەن. ئەوان زۆرتر بایەخ بە پاراستنی بەها مەزهەبییەکان‌و بەجێ هێنانی ڕێ‌ورەسم‌و سرووتەکان دەدەن. ئەو گرووپانە بە شێوەیەکی ڕێك‌وپێك لە بۆنەو ڕێ‌ورەسمەکاندا بەشداری دەکەن‌و لەوانەشە کاتێکی زۆر بۆ دروستکردنی جل‌وبەرگ، دەمامك، وێنەکان‌و شتە پیرۆزەکانیتر تەرخان بکەن کە لەمجۆرە ڕێ‌ورەسمانەدا بە کار دەهێنرێن. (نەخشەی ژمارەی 1)

هەندێ لە توێژەرەوەکان بە تایبەت ئەوانەی کە لە ژێر کاریگەری سۆسیوبایۆلۆژیدا بوون، بالادەستبوونی ڕاو لەو جۆرە کۆمەڵگەیانە دەگێڕنەوە بۆ بوونی هێزی شەڕەنگێزی لە مرۆڤدا، بەلام لە ڕاستیدا زۆربەی ڕاوچییان‌و کۆکەرەوانی خۆراك شەڕکەر نین. ئەو ئامرازانەی کە ئەوان بۆ ڕاو بە کاری دەهێنن زۆر بە دەگمەن لە دژی ئینسانەکانیتر کەڵکی لێوەر دەگرن. ڕەنگە لە نێو گرووپە جۆراوجۆرەکاندا جارجار تێکهەڵچون دروست بێت، بەلام ئەم تێکهەڵچوونانە زۆر بەرتەسکن: کوژراو لەو تێکهەڵچوونانەدا کەمە یان هەر نییە. شەڕ بە واتای ئەمڕۆیی لای ڕاوچییان‌و کۆکەرەوانی خۆراك، کە هیچ پیاوێکی شەڕکەری تایبەتیان نییە، شتێکی تەواو نەناسراوە. ڕاوکردن کارێکی هاوبەشە. ڕاوچییەکان بە تەنیا دەچنە ڕاو، بەلام بە گشتی دەسکەوتەکەیان لە گەڵ ئەندامانی دیکەی کۆمەڵدا بەش دەکەن.

ڕاوچییان‌وکۆکەرەوانی خۆراك تەنیا کۆمەڵەیەکی سەرەتایی نین کە شێوەی ژیانیان بۆ ئێمە سەرنجڕاکێش نەبێ. توێژینەوە لە سەر کەلتورەکانیان ڕێگا بۆ ئەوە خۆش دەکات ئێمە باشتر لەوە تێبگەین کە هەندێ لە دامودەزگاکانمان زۆر لە تایبەتمەندییە سروشتییەکانی مرۆڤ بە دوورن. دیارە نابێ ئێمە ئەو هەلومەرجەی کە ڕاوچییان‌و کۆکەرەوانی خۆراك تێیدا ژیاون، بکەینە هەلومەرجێکی یوتوپیایی، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا، نەبوونی شەڕ، نەبوونی نایەکسانی لە سامان‌و دەسەلاتدا،و پێداگری لە سەر هاوکاریکردن لە جیاتی ڕەکەبەرایەتی، تێکڕا پەندێکی گەورەن بۆ ئێمە تا لەوە تێبگەین کە نابێ جیهانی ئەمڕۆ کە بە هۆی شارستانیەتی پیشەسازییەوە پێکهاتووە، بە جیهانێکی پێشکەوتووی بزانین.

## کۆمەڵگە شوانکارەیی‌و کشتوکاڵییەکان

نزیکەی بیست هەزار ساڵ لەوەپێش کۆمەڵە گرووپێکی ڕاوچی‌و کۆکەرەوەی خۆراك لە پێناو دابینکردنی ژیانیاندا دەستیان کردە کەویکردنی ئاژەلان، کێلان‌و وەبەرهێنانی پارچە زەوی‌و زارێکی دیاریکراوی خۆیان. کۆمەڵگەی شوانکارەیی بەو کۆمەڵگەیانە دەوترێ کە لە بنەڕەتدا پشت بە بەخێوکردنی مەڕومالات دەبەستن، بەلام کۆمەڵگە کشتوکاڵییەکان ئەو کۆمەڵگەیانەن کە کاریان وەرزێڕییە (زەراعەت دەکەن). زۆرلە کۆمەڵگەکان ئابوورییەکی تێکەلاوی شوانکارەیی‌و کشتوکاڵییان هەبووە.

## کۆمەڵگەی شوانکارەیی

ئەندامانی کۆمەڵگەی شوانکارەیی، بە پێی شوێنی ژیانیان، بە ڕاگرتن‌و بەخێوکردنی ئاژەڵی وەك ڕەشەوڵاخ، مەڕوبزن‌و ئەسپ یان وشترەوە خەریکن. لەم سەردەمەی ئێمەدا هێشتا گەلێك کۆمەڵگەی شوانکارەیی ماون کە زیاتر لە ناوچەکانی ئەفریقا، ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست‌و ئاسیای ناوەڕاستدا چڕ بوونەتەوە. ئەم گرووپانە زیاتر لە پێدەشت‌و کوێستانەکاندا دەژین کە لەوەڕێکی زۆری هەیە. ئەم ناوچانە بۆ بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی لەبار نین، بەلام ڕەنگە بۆ مەڕومالات لەوەڕێکی باش بن.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

مەڕدارەکان بە گشتی بە پێی گۆڕانی وەرزەکان لە ناوچەیەکەوە بەرەو ناوچەیەکیتر کۆچ دەکەن. ئەوانە لە بەر ئەوەی کە کۆچوبارەکانیان بە چوارپێیەکان دەگوێزنەوە، لە چاو ڕاوچیو کۆکەرەوانی خۆراکدا باشتر دەتوانن بۆ زۆر ناوچەی دوورەدەست بچن. بە سەرنجدان بەوەی کە ئەندامانی کۆمەڵگەی شوانکارەیی دەوارنشینن بۆیە گرنگییەکی ئەتۆ بە کۆکردنەوەی سەروەتو سامان نادەن. سەرباری ئەوەی کە شێوەی ژیانیان لە شێوەی ژیانی ڕاوچیو کۆکەرەوانی خۆراك ئاڵۆزترە. لە بەر ئەوەی کە ڕاگرتنو بەخێوکردنی مەڕوماڵات دەبێتە هۆی ئەوەی بە شێوەیەکی ڕێکوپێك ئاڵفیان بۆ فەراهەم بکرێ، هەر بۆیە ئەم کۆمەڵگەیانە لە کۆمەڵگەی ڕاوو کۆکرەوەی خۆراك زۆر گەورەترن. ژمارەی ئەندامانی هەندێ لە کۆمەڵگە شوانکارەییەکان دەگاتە یەك چارەکە ملیون کەس یان کەمێك زیاتر.

شوانکارەکان بە هۆی بڕینی ڕێگایەکی زۆرەوە، بە شێوەیەکی ڕێك‌وپێك لە گەڵ گرووپەکانیتردا بەرەوروو دەبنەوە. ئەوانە لە گەڵ ئەوەی کە بە کڕینو فرۆشتنەوە خەریکن، شەڕیش دەکەن. شوانکارەکان کولتورێکی ئاشتیخوازانەی بەرچاویان هەیە، ئەوان ئەیانەوێ مەڕوماڵاتـەکەیان بەخێو بکەنو دابونەریتو ڕێورەسمەکانیان بە جێ بێنن. هەندێکیتریان ئێجگار شەڕانین، لە ڕێگای داگیرکردنی موڵك‌وماڵو بە تاڵانبردنی سەروەتوسامانی خەڵکیترەوە دەژین. لای شوانکارەکان نایەکسانی لە دابەشکردنی سامانو دەسەڵاتدا زۆر لە کۆمەڵگەی ڕاوچییەتیو کۆکردنەوەی خۆراك زیاترە. بە تایبەت سەرۆك هۆزەکانو قوماندارەکان بە گشتی بە شێوەیەکی بەرچاو هێزو دەسەڵاتی شەخسی خۆیان دەسەپێنن.

ئوانز بریچارد، ڕاپورتێکی کلاسیکی دەربارەی کۆمەڵگەی شوانکارەیی ئامادە کردووە کە تێیدا باس لە کۆمەڵگەی نوئێر(Nuer)ەکان لە باشووری سوودانـدا دەکا (Evan Pritchad, 1940 ). نوئێرەکان لە ڕێگای بەخێوکردنی گاگەلەوە ژیانیان دابین دەکەن، دیارە هەندێ بەرهەمی کشتوکاڵیشیان هەیە. ئەو خەڵکە لەو گوندانەدا دەژین کە کە پێنج تا بیست مایل لە یەکترەوە دورن.

کاتێك ئوانز بریچارد لە دەیەی 30دا توێژینەوەکەی ئەنجامدا، حەشیمەتی نوئێرەکان نزیکەی 200هەزار کەس دەبوو. هەموو بە یەك زمان قسە دەکەن، دابونەریتێکی چوون یەکیان هەیە، بەڵام حکومەت بە هیچ شێوەیەك لەو ناوچەدا باڵادەستی سیاسی نییە. نوئێرەکان لە چەندین هۆز پێکهاتوون کە هەندێ جار هاریکاری یەکتر دەکەن، بەڵام بە زۆری لە یەك دوورن.

هەر هۆزەو پارچە زەوییەکی بۆ خۆی هەیەو ئەو پارچە زەوییانە بە جۆگەلەکان لێك جیا کراونەتەوە. هەڵبەت نوئێرەکان ئەوەندە بایەخ بە کشتوکاڵ نادەن، تەنیا ئەوەندە بۆ ئەوان بەسە کە بەشی لەوەڕی مەڕوماڵاتەکانیان فەراهەم بکەن. ئەوانە لە وەرزی بێ ئاویدا ڕوو دەکەنە گۆلەئاوەکانو لەوێ خێوەتەکانیان هەڵدەدەن. ژیانی ئەوانە تا ڕادەیەکی زۆر بەستراوەتەوە بە مەڕوماڵاتەکانیانەوە، کە لە زۆر لایەنەوە بۆ کولتورەکەیان بایەخێکی سەرەکی هەیە. ئەوان بە چاوێکی سووکەوە دەڕواننە ئەو تیرەو هۆزانەی دەوروبەریان کە مەڕوماڵاتێکی کەمیان هەیە یان مەڕداری ناکەن. هەر قۆناغێکی ژیانی ئەوان — لە دایکبوون، هەراشبوون، هاوسەرگیریو مردن- لە گەڵ کۆمەڵە سرووتێکدا گرێی خواردووە کە پێوەندی بە مەڕوماڵاتەکەیانەوە هەیە. ژنو پیاوەکانیان زۆرجار بە ناوی مانگاکانیانەوە بانگ دەکرێن.

ئەو هۆزانە زۆرجار شەڕیان لە نیواندا دروست دەبێ و جاری واشە لە دژی دوژمن یەك دەگرن. ئەوان لە پێناو مەڕوماڵاتەکانیاندا دەژینو لە پێناو ئەوانیشدا شەڕ دەکەن — بۆ نموونە، ئەو هۆزانە بە مەبەستی بە تاڵانبردنی مەڕوماڵاتی هۆزی دنیکا (Dinky)، کە ئەویش کۆمەڵگەیەکی دیکەی شوانکارەییە، هێرش دەبەنە سەریان. پەندێکی نوئێری دەڵێ: زۆربەی خەڵك لە پێناو مانگاکانیاندا گیانی خۆیان لە دەست داوە، تا لە پێناو هەر شتێکی دیکەدا.

## کۆمەڵگەی کشتوکاڵی

وادیارە کۆمەڵگە کشتوکاڵییەکان تا ڕادەیەك هاوکات لە گەڵ شوانکارەکان سەریان هەڵداوە، لە قۆناغێکدا

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

گرووپەکانی ڕاوو کۆکردنەوەی خۆراك لە باتی ئەوەی تەنیا ڕووەکی خۆڕسك کۆبکەنەوە، ڕوویان کردە کاری کشتوکاڵو بەرهەمهێنان. ئەم کارە بۆ یەکەمجار بە بێستانکردن (horticulture)ەوە دەستی پێکرد، کە بە کەڵکوەرگرتن لە پاچو خاکەناز تەلانیان دروست دەکرد. ئێستاش زۆر گەلو هۆزی وا لە جیهاندا ماون کە لە ڕێگای بێستانکردنەوە ژیانی خۆیان دابین دەکەن.

لە بێستانکاریدا، هەروەك جیاوازی بە شێوەیەکی باشترو دڵنیاتر لە شێوەی ڕاوچییەتیو کۆکردنەوەی خۆراك دەتوانن خواردەمەنییەکان پاشکەوت بکەن، بەو پێیە بە هۆی بێستانکرنەوە دەکرێ پێویستییەکانی کۆمەڵەی گەورەتریش دابین بکرێ. ئەو کولتورانەی کە لە ڕێگای بێستانکردنەوە پێویستیەکانی خۆیان دابین دەکەن، لە بەر ئەوەی کە کەمتر جێگۆڕکێ دەکەن، زیاتر لە کۆمەڵەکانی ڕاوو کۆکردنەوەی خۆراكو شوانکارەیی دەتوانن زەخیرەو سامانی خۆیان پەرە پێ بدەن. هەرکە ئەم گرووپانە لە شوێنی خۆیان جێگیر بوون، ئاڵوێری بازرگانیو پێوەندی سیاسی لە نێوان گوندەکاندا دروست دەبێت. لە کۆمەڵگە کشتوکاڵییەکاندا شەڕخوازی، ڕەفتارێکی باوە. دیارە توندوتیژی لەو شوێنانەدا ناگاتە ئاستی هەندێ گرووپی شوانکارەیی. وەرزێڕەکان بە گشتی لە تاکتیکی شەڕدا لیهاتوو نین. لە لایەکیترەوە، هۆزە بیاوانگەڕەکانی کۆمەڵگەی شوانکارەیی دەتوانن وەك سوپا تالانچییەکان خۆیان ڕێك بخەن.

گورورومبا (Guru rumba)کان هۆزێکن کە لە گینەی نوێدا دەژینو حەشیمەتیان پتر لە هەزار کەسەو بە سەر شەش گونددا دابەش بوون (Newman, 1956). لە هەر گوندێکدا چەندین تەلان هەیە کە بە پەرژین لێك جیا کراونەتەوە. ئەو پارچە زەوییانە هی بنەماڵە جۆراوجۆرەکانن. تێکڕای خەڵك بە گەورەو بچووکەوە لەو زەوییانەدا ئیش دەکەن، ژنو پیاوەکان ئەرکی پاراستنی میوەو بەروبوومەکانیان لە ئەستۆیە. هەر بنەماڵەیەك زیاتر لە پارچە زەوییەکی هەیەو لە وەرزی خۆیدا میوەو سەوزەی تیا دەچێنێ، و بەو شێوەیە بەردەوام زەخیرەی خۆراکی هەیە. کولتوری گورورومبا، سیستمێکی ئاڵۆزی ڕێورەسمی گۆڕینەوەی دیاریی لە خۆ دەگرێ کە بنەماڵەکان لە ناو یەکدا ئەنجامی دەدەن،و لەم ڕێگاوە هەوڵدەدەن ڕێزێکی کۆمەڵایەتی بۆ خۆیان دەستەبەر بکەن. بەم شێوەیە ئەو خەڵکە کۆمەڵە بێستانێکیان هەیە کە پێویستی ڕۆژانەیان تیا بەرهەم دێنن،و لە تەنیشت ئەوانەشدا چەندین پارچە زەویشیان هەیە کە بە مەبەستی دەستەبەرکردنی پلەو پایەی کۆمەڵایەتی(Prestige Crops)، شتی تیا بەرهەم دێنن. ئەو بەرهەمانەی تایبەت بە پلەو پایەی کۆمەڵایەتین لە چاو بەرهەمە ئاساییەکان چاودێرییەکی زیاتر دەکرێن.

سەرباری ئەوانەش گورورومباکان بەرازیش ڕادەگرن کە نەك بۆ خواردن، بەڵکوو وەك دیاری پێشکەشی دەکەن. دیارە مەبەست لەمەش هەر بەدەست هێنانی پلەو پایەی کۆمەڵایەتییە. هەرچەند ساڵ جارێکدا ئاهەنگێکی گەورەی بەراز وەرێ دەخەن کە تیایدا بە سەدان بەراز دەکوژنەوە، بە کولاوی دەیکەنە دیاریو پێشکەشی دەکەن. هەر وەك چۆن لە نێو شوانکارەکاندا دەبینرێ، نابەرانبەری لە نێو گورورومباکانیشدا لە گرووپەکانی ڕاوو کۆکردنەوەی خۆراك زیاترە. گەورەو سەرۆك هۆزەکان، دەورێکی بەرچاو دەگێڕن،و جیاوازیەکی زۆری سەروەتو سامان لە نێو خەڵکەکەدا هەیە.

شارستانیەتە سەرەتاییەکان یان دەوڵەتە نەریتییەکان

بەڵگەنامەکان ئەو ڕاستییە دەسەلمێنن کە لە شەش هەزار ساڵ لەوەپێشەوە بەرەو ئەملا کۆمەڵگەی گەورەتر هەبوون کە پێشتر نموونەیان نەبووەو لە هەندێ ڕووەوە لەوانیتر نەئەچوون (Burns & Ralph, 1974) . ئەم کۆمەڵگەیانە لە سەر بنەمای پەرەسەندنی شارەکان بینا کرابوون،و نابەرانبەرییەکی زەقی سەروەتو سامانیان نیشان دەداو شاکانو ئیمپراتوورەکان فەرمانڕەواییان بە سەردا دەکرد. بە هۆی بەکارهێنانی خەتو بووژانەوەی زانستوهونەر لەم کۆمەڵگەیانەدا ناوی شارستانیەتیان لە سەر داناون. بەڵام لە بەر ئەوەی کە ئەم کۆمەڵگەیانە لە چاو کۆمەڵگەکانیتردا سیستمیکی حکومەتی ڕێكوپێکتریان دامەزراند، زاراوەی دەوڵەتی نەریتیشیان بۆ بەکار هێنراوە.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

زۆربەی ئەو دەوڵەتانە ئیمپراتووریش بوون، فراوانکردنی سنووری دەسەڵاتیان لە ڕێگای داگیرکردنی وڵاتانیترو بەستنەوەیان بە خاکی خۆیانەوە بە ئەنجام گەیشت (Eisenstadt, 1963; Classing & Skalnik, 1978; Kaursky, 1982). بۆ نموونە ئەم بابەتە دەربارەی چینو ڕۆمی کۆن ڕاست دەردەچێ. ئیمپراتۆری ڕۆم لە سەدەی یەکەمی زاینیدا لە ئەوروپای ڕۆژئاواوە تا ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست درێژەی هەبووە. ئیمپراتۆری چین کە زیاتر لە دوو هەزار ساڵ، واتە تا سەرەتاکانی سەدەی بیست بەردەوام بوو، زۆربەی سەرزەوییەکانی ڕۆژهەڵاتی ئاسیای لە بەردەستدا بوو کە ئێستاش هەر لە ژێر دەسەڵاتی چیندایە. ئەمڕۆ ئیتر هیچ دەوڵەتێکی نەریتی لە ئارادا نەماوە، دیارە چەند دەوڵەتێکی وەك چینو ژاپۆن تا سەرەتای سەدەی بیستەم هەروەك خۆیان مانەوە. هەمووی ئەوانە یان لە نێو چوون یان لە نێو دەوڵەتەکانیتردا تواونەوە.
یەکەم دەوڵەتە نەریتییەکان لە نزیك چۆمو ڕووبارەکاندا دروست بوون (Kramer,1959). ئیمپراتۆری چین لە دەورووبەری دوو هەزار ساڵ پێش زایین سەری هەڵدا کە چەند دەوڵەتیکی بەهێزیش هەر لەو سەردەمەدا لەو سەرزەوینانەی کە ئەمڕۆ بە هیندو چین ناسراون، هەبوون. چەند دەوڵەتێکی نەرێتیش لە مەکزیكو ئەمریکای باشوور هەبوون، نموونەی ئەوانە ئۆزتەکەکانی شێوە دورگەی مەکزیكو ئینکاکانی پیرۆ بوون. دەوڵەتی ئینکا، سەدەیك پێش ئەوەی پیزارو(Pizarro)، گەریدەی ئیسپانی بە خۆیو گرووپێکی بچووکی سەربازەوە لە ساڵی 1535 دابەزنە کەنارەکانی ئەمریکای باشوور، پێك هاتبوو. سەرباری ئەوەش ناوبراو توانی بە یەکگرتن لە گەڵ هۆزە خوجێیەکانی دوژمنی ئینکاکاندا، زۆر زوو دەوڵەتی ئیناکاکان بڕوخێنێو ئەم سەرزەوینە بۆ ئیسپانیا داوا بکا. ئەو تێکهەڵچوونەی ئەو یەکێك لەو زنجیرە تێکهەڵچوونە سەرەتاییانەیە کە لە نیوان ئەورووپییەکانو دەوڵەتە نەریتییەکاندا ڕوویداو سەرەنجام بووە هۆی لە نێو چوونی تەواوی ئەو دەوڵەتانە.

## شارستانیەتی مایا

وەك نموونەیەك لە دەوڵەتە نەریتیەکان، پێکەوە چاوێك بە سەر شارستانیەتی مایا، سێهەمین شارستانیەتی ئەمریکاییدا دەخشێنین، کە لە شێوە دورگەی یوکاتان (Yucatan)، لە قەراخ خەلیجی مکزیکدا دەژیان. شارستانیەتی مایا، لە ماوەی ساڵەکانی 300 تا800ی زاییینیدا لە لوتکەی دەسەڵاتی خۆیدا بوو. مایاکان گەلێك ناوەندی پڕ شکۆی مەزهەبیان بینا کرد کە بە خانووی بەردین چواردەورەکەی داپۆشرابوو. ئەم پەرستگە مەزهەبیانە شێوەی هیرەمێکی گەورەیان هەبوو کە لە لوتکەکەیاندا دەیرێك دروست کرابوو. شارێکی نزیك تیکال(Tikal) - گەورەترین هیرەم – نزیکەی چل هەزارکەس حەشیمەتی هەبوو. ئەم شارە پێتەختی دەوڵەتی مایا بوو.
لە کۆمەڵگەی مایاکاندا چینێکی نەجیبزادە کە لە کاهینە جەنگاوەرەکان پێکهاتبوو، دەسەڵاتیان بە دەستەوە بوو. ئەوانە بەرزترین دەسەڵاتی مەزهەبی کۆمەڵگە بوون، بەڵام فەرماندەریی سوپاشیان دەکرد،و بەردەوام لە گەڵ هۆزەکانی دەوروبەریاندا شەڕیان دەکرد. زۆرینەی حەشیمەتەکەی وەرزێڕ بوون کە دەبوا بەشێك لە بەرهەمەکانیان بدەن بە فەرمانڕەواکان کە لە نازو نیعمەدا دەژیان.
بە تەواوەتی نازانرێ کە شارستانیەتی مایا بۆچی داڕووخا، بەڵام لەوە ئەچێ بە هۆی هۆزەکانی دەوروبەریەوە تێك شکابێ. کاتێك ئیسپانییەکان چوونە ئەو ناوچەیە، زۆر دەمێك بوو کە دەوڵەتی مایا لە نێو چوبوو.

## تایبەتمەندییەکانی دەوڵەتە نەریتییەکان

پێش سەرهەڵدانی پیشەسازی، دەوڵەتی نەریتی تەنیا جۆرە کۆمەڵگەیەك بوو کە بەشێکی بەرچاوی حەشیمەتەکەی دەورێکی ڕاستەوخۆیان لە بەرهەمهێنانی خۆراکدا نەبوو. لە کۆمەڵگەی ڕاوچییەتیو کۆکردنەوەی خۆراکدا و هەروەها لە کۆمەڵگەی شوانکارەییو کشتوکاڵیدا کارەکان بە شێوەی سادەو ئاسایی

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دابەش كرابوون. گرنگترینی ئەو دابەشكردنە جیاكردنەوەی ئەركی ژنوپیاو بوو. بە پێچەوانەوە لە دەوڵەتە نەریتییەكاندا سیستمی كاری ئاڵۆزتر هەبوو. بەڵام لەوێش بە پێی رەگەز كارەكان دابەش كرابوونو ژنان زیاتر لە ماڵو مەزرادا ئیشیان دەكرد. بەڵام لە نێو پیاواندا كۆمەڵە ئیشێكی تایبەتی وەك بازرگانی، ئیشكردن لە كۆشكوتەلارەكان، فەرمانبەریی حكومەتو سەربازی سەریان هەڵدا. لە گەل ئەوەشدا لە نێو دەستەو گرووپە خانەدانو نەجیبزادەكانو خەڵكی ئاساییدا جۆرە جیاوازییەكی چینایەتی لە گۆڕێدا بوو. فەرمانڕەوا لە سەرووی چینێكی دەسەڵاتدارەوە بوو، مافی ئەوەی هەبوو كە پلەوپایە بەرزە كۆمەڵایەتییەكان بۆ خۆی پاوان بكا. بە گشتی ئەندامانی ئەم چینە لە خۆشی و ئاسایشێكی ماددی تەواودا بوون. لە لایەكیترەوە خەڵك لە هەلومەرجێكی زۆر سەختدا دەژیان. كۆیلەداری تایبەتمەندییەكی هاوبەشی ئەم كۆمەڵگەیانە بوو.

ژمارەیەكی كەم لە دەوڵەتە نەریتیەكان لە بنەڕەتدا لە رێگای بازرگانییەوە دروست بوونو بازرگانەكان فەرمانڕەواییان دەكرد، بەڵام زۆربەیان یان لە رێگای سەركەوتنی سەربازییەوە دامەزران، یان بایەخێكی زۆریان بە بەهێزكردنی هێزە سەربازییەكانی خویان دەدا ((McNeill, 1983; Mann, 1986). دەوڵەتە نەریتیەكان پەرەیان بەو سوپا لێهاتووانە دا كە بە دایكی هەموو هێزە چەكدارەكانی ئەم سەردەمە دەژمێردرێن. بۆ نموونە، سوپای رۆم سوپایەك بوو كە لە پیاوانی زۆر جددیو بە نەزمو ئامادەی شەڕ پێك هاتبوو،و بنچینەیكی وەهای دارشتبوو كە ئیمپراتوری رۆمی لە سەر بینا كرا. هەروەها لە دەوڵەتە نەریتیەكاندا شەڕەكان تایبەتی كرانەوە. شیرو رمو قەڵغانو تەواوی ئامرازەكانی دیكەی هێرش بردن كە بە هۆی سوپای رۆمەوە هەڵدەگیران، تێكڕا بە دەست سەنعەتكارە پسپۆڕەكان دروست دەكران. لەو شەڕانەدا كە لە نێوان ئەم دەوڵەتانەو هۆزە "كێوی"یەكاندا سەریان هەڵدەدا، رێژەی كوژراوەكان لە چاو پێشوو زۆرتر بوون.

## كۆمەڵگەكانی ئەم سەردەمە

ئێستا ئیتر هیچ ئاسەوارێك لە دەوڵەتە نەریتیەكان نەماوە. هەرچەند كۆمەڵگەی راوچییەتیوكۆكردنەوەی خۆراكو كۆمەڵگەكانی شوانكارەییو كشتوكاڵی لە هەندێ ناوچەدا هەر ماون، بەڵام لە ناوچە دوورە دەستەكاندا نەبێ بەرچاو ناكەون- زۆربەی ئەوانەش خەریكە لە نێو دەچن. چ شتێك بووەتە هۆی ئەوە كە ئەو جۆرە كۆمەڵگەیانە كە تا دوو سەدە لەوەپێش مۆدێلی زاڵ بوون، لە نێو بچن؟ وەڵامەكەی یەك وشەیە، پیشەیی بوون، واتە، بەرهەمهێنانی میكانیكیزە بە كەڵكوەرگرتن لە سەرچاوەی وزەی بێ گیان (هەڵم، كارەبا). كۆمەڵگە پیشەییەكان لە زۆر بارەوە لە گەڵ هەر جۆرە سیستمێكی كۆمەڵایەتی پێشوودا جیاوازییان هەیەو ئاكامی پەرەگرتنەكانیان دونیای دەرەوەی ئەورووپاشی گرتۆتەوە.

## كۆمەڵگە پیشەییەكان

ئەم پیشەییبوونەی ئەمڕۆ ئاكامی ئەو شۆڕشە پیشەییە بوو كە لە سەدەی هەژدەهەمدا دەستی پێكردو یەكەمجار لە ئینگلستاندا سەری هەڵدا. لە راستیدا شۆڕشی پیشەیی ناوێكە بۆ كۆمەڵە گۆڕانكارییەكی ئاڵۆزی تەكنەلۆژیا كە ئامرازەكانی دابینكردنی بژیوی خەڵكی خستۆتە ژێر كاریگەری خۆیانەوە. ئەم گۆڕانكارییانە بریتین لە داهێنانی ئامێرە نوێیەكان (وەك، ئامێری رستنوچنین)، كۆنترۆڵكردنی سەرچاوەكانی وزە (بە تایبەت ئاوو هەڵم) بە مەبەستی بەرهەمهێنان، كەڵكوەرگرتن لە زانست بۆ باشتركردنی شێوەكانی بەرهەمهێنان. لە بەر ئەوەی كە دۆزینەوەو داهێنانەكان لە یەك بواردا، دەبێتە هۆی ئەوەی لە بوارەكانیتریشدا دۆزینەوەو داهێنانی زیاتر بكرێ، رەوتی نوێگەری لە كۆمەڵگە پیشەییەكاندا لە بەراورد لە گەڵ كۆمەڵگە نەریتییەكاندا خێرایەكی لە رادەبەدەری هەیە.

گرنگترین تایبەتمەندی جیاكەرەوەی كۆمەڵگە پیشەییەكان ئەوەیە كە زۆربەی حەشیمەتی ئیشكەر لە فابریكەو ئیدارەكاندا كار دەكەن، نەك لە بەشی كشتوكاڵیدا. تەنانەت پێشكەوتوترین دەوڵەتە نەریتیەكانیش وەها نەبوون كە تەنیا رێژەیەكی كەمی حەشیمەت لە سەر زەوی كار بكەن. ئاستی نیوە سەرەتایی پەرەسەندنی

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

تەکنەلوژیا رێی نەئەدا کە جگە لە بەشێکی بچووك، خەڵکی دیکە لە جێبەجێکردنی ئەرکی گرانی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی عەفوو بکرێن. بە پێچەوانەوە، لە کۆمەڵگە پیشەییەکاندا، تەنیا 2 تا 5 لە سەدی حەشیمەت کاری کشتوکاڵی دەکەن،و بەم شێوەیە خۆراکی باقی حەشیمەتەکە دابین دەکەن.

هەروەها کۆمەڵگە پیشەییەکان لە هەموو کۆمەڵگە نەریتییەکانیتر شارنشینترن، زیاتر لە 90٪ ی خەڵك لە شارو شارۆچکەکاندا دەژین کە ئیش‌وکار لە زۆربەیاندا هەیەو بەردەوام کاری نوێ دروست دەبێ. شارە گەورەکانیان زۆر لە شارە گەورەکانی شارستانیەتە نەریتیەکان گەورەترن. لە شارنشینی نوێدا، ژیانی کۆمەڵایەتی گشتیترو نەناسراوترە، خەڵك رۆژانە سەروکاریان لە گەڵ خزم‌وناسراوی خۆیاندا نییە، بەڵکوو لە گەڵ کەسانی نەناسراوو بێگانەدایە. رێکخراوە گەورەکانی وەك، کۆمپانیا بازرگانییەکان یان دامەزراوە دەوڵەتییەکان کاریگەریەکی راستەوخۆیان بە سەر ژیانی خەڵکەوە هەیە. تایبەتمەندییەکی دیکەی کۆمەڵگە پیشەییەکان دەگەڕێتەوە بۆ سیستەمە سیاسیەکانیان کە زۆر پێشکەوتووترو سەنترالیزەترن لە چاو شێوەکانی حکوومەت لە دەوڵەتە نەریتیەکاندا. لە شارستانیەتە نەریتیەکاندا، لێپرسراوە سیاسییەکان (پاشاو ئیمپراتۆرییەکان) کاریگەریەکی ئەوتۆیان لە سەر دابونەریتی زۆربەی رەعیەتەکانیان نەبوو. پیشەییبوون، سیستمی پێوەندییەکان‌و گواستنەوەکانی وەپێش خست‌و رێگای بۆ پێکهێنانی کۆمەڵێکی نەتەوەیی یەکگرتووتر فەراهەم کرد. کۆمەڵگە پیشەییەکان یەکەم دەوڵەتە نەتەوەییەکان بوون کە پێك هاتن. دەوڵەتی نەتەوەیی بەو کۆمەڵگە سیاسیانە دەوترێ کە سنوورێکی دیاریکراو لێکیان جیا دەکاتەوە، و وەك دەوڵەتە نەریتیەکان نین کە ناوچە سنووریەکانیان نادیارو تەمومژاوی بوون. لە دەوڵەتە نەتەوەییەکاندا، حکوومەتەکان، بالادەستیان بە سەر زۆر لایەنی ژیانی هاووڵاتیاندا هەیەو یاساکانیان تەواوی ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە لە چوارچێوەی سنوورەکانیاندا دەژین.

بەکارهاوردنی تەکنەلۆژیای پیشەیی تەنیا بە پرۆسەیەکی ئاشتیخوازانەی پەرەسەندنی ئابووریەوە نەوەستاوەتەوە. وەك یەکەمین قۆناغەکانی بە پیشەییبوون، پرۆسەکانی بەرهەمهێنانی سەردەمیانە بۆ بواری سەربازی بەکار هێنراون،و ئەمەش گۆڕانکارییەکی بنەڕەتیی لە شێوازەکانی شەڕکردن‌و جۆری چەك‌وچۆڵەکان‌و شێوەکانی رێکخستنی سەربازیدا پێکهێناوە، بە چەشنێك کە زۆر لە شێوازە ناپیشەییەکان پێشکەوتوتر بوو. دەسەڵاتی بەرزی ئابووری، یەکگرتوویی سیاسی‌و هێزی سەربازی، لە ماوەی دوو سەدەی رابردوودا، بنەمایەکی پتەوی بۆ پەرەگرتنی شێوەکانی ژیانی رۆژئاوایی لە سەرانسەری جیهاندا پێکهێناوە.

ئەگەر بەشێکی زۆری کۆمەڵگە و کولتورە نەریتیەکان ئەمڕۆ نەماون، هۆکارەکەی بۆ خراپبوونی شێوەکانی ژیانیان ناگەڕێتەوە. بەڵکو لە بەر ئەوەیە کە ئەوانە نەیانتوانی خۆیان لە بەرانبەر کاریگەری تێکەڵاوبوونی هێزی پیشەیی‌و سەربازیدا رابگرن کە رۆژئاواییەکان پێکیان هێنابوو. چەمکی هێز - و چەمکێکی دیکە کە پێوەندییەکی نزیکی لە گەڵدا هەیە، واتە ئایدولۆژیا – لە کۆمەڵناسیدا بایەخێکی زۆریان هەیە. مەبەست لە هێز، ئەو توانایانەیە کە کەس یان گرووپەکان بۆ بردنەپێشی حەزو دابینکردنی بەرژەوەندییەکانیان، سەرباری بەرگریکردنی خەڵکیتر بە کاری دێنن. هێز هەندێ جار دەبێتە هۆی بە کاربردنی راستەوخۆی زەبروزەنگ، بەڵام دەکرێ بڵێین هەمیشە بەˇهۆی ئەو ئایدیالۆژیانەوە خۆ نیشان دەدا کە کردەوەی دەسەڵاتداران پاساو دەدەن. لە پێوەندی لە گەڵ پەرەسەندنی رۆژئاوادا ، هێرشبەران بۆ پاساودانی کردەوەکانیان، خۆیان بە کەسانێك دەزانی کە میللەتە کافیرەکان فێری مەدەنیەت دەکەن.

## کۆمەڵگەکانی جیهانی سێهەم

لە سەدەی هەڤدەهەمەوە تا سەرەتاکانی سەدەی بیستەم، وڵاتانی رۆژئاوایی، زۆر لەو کۆمەڵگەیانەیان داگیر کرد کە پێشتر بە هۆی کۆمەڵگە نەریتییەکانەوە داگیرکرابون‌و بە پێ پێویستی، هێزی بالادەستی سەربازیی خۆیان بۆ ئەم کارە دەهێنایە مەیدان. ئەگەرچی هەموو ئەو وڵاتە داگیرکراوانە ئەمڕۆ سەربەخۆیی خۆیان بە دەستهێناوە، بەڵام پرۆسەی کۆلۆنیالیزم، نەخشەی کۆمەڵایەتی‌و کولتوریی جیهانی گۆڕی. لە هەندێ ناوچەی

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

وەك، ئەمریكای باكوور، ئوسترالیاو نیوزلەندا كە تەنیا حەشیمەتێكی كەمی راوچیو كۆكەرەوەی خۆراكی تیدا دەژیا، ئەوروپییەكان زۆرینەی دانیشتوانیان پێك دەهێنا. (نەخشەی ژمارە2)

لە ناوچەكانیتردا كە بەشێكی گەورەی ئاسیا، ئەفریقاو ئەمریكای باشووری لە خۆ دەگرت، دانیشتووە خۆجییەكان لە زۆرینەدا بوون. كۆمەڵگەكانی جۆری یەكەم، وەك ویلایەتە یەكگرتووەكان بوونەتە كۆمەڵگەی پیشەیی. كۆمەڵگەكانی دەستەی دووەم، بە گشتی لە ئاستێكی نزمتری پەرەسەندنی پیشەییدان،و ئەمڕۆ بە گشتی پێیان دەوترێ كۆمەڵگەكانی جیهانی سێهەم.

كۆمەڵگەكانی جیهانی سێهەم، وڵاتانی چین، هیند، زۆربەی وڵاتە ئەفریقییەكان (وەك نیجیریا، غەنا یان ئەلجەزایر)و وڵاتانی ئەمریكای باشوور ( برازیل، پیرۆ یان ڤێنۆزوئیلا) لە خۆ دەگرێ.

لە وڵاتانی جیهانی سێهەمدا، پیشەییبوون لە ئاستێكی نزمدایە،و زۆربەی خەڵك خەریكی كشتوكاڵن. لە بەر ئەوەی كە زۆربەی ئەم وڵاتانە لە باشووری ئەمریكاو ئەوروپادا هەڵكەوتوون، هەندێ جار بە هەموویان دەوترێ وڵاتانی باشوور لە بەرانبەر وڵاتانی باكووری دەوڵەمەندی پیشەییدا. وڵاتانی جیهانی سێهەم، رەنگە هەندێ نەتەوەیان تێدا بێ كە بە شێوەی نەریتی دەژین، بەڵام لە گەڵ كولتورە نەریتییەكاندا جیاوازییان زۆرە. سیستەمە سیاسییەكانیان، لە جۆری ئەو سیستمانەن كە پێش هەموو شتێك لە وڵاتانی رۆژئاواییدا دامەزراون – واتە، ئەو سیستمانە دەوڵەتی نەتەوەیین. لە گەڵ ئەوەی كە زۆربەی حەشیمەتەكانیان لە گوندەكاندا دەژین، بەڵام بەشێكی بەرچاوی ئەم كۆمەڵگەیانە، بە خێرایی پرۆسەی شارنشینی تاقی دەكەنەوە. هەرچەندە كشتوكاڵ سەرەكیترن شێوازی بەرهەمهێنانە، بەڵام لە باتی ئەوەی كە بەرهەمەكانیان لە بازاڕی ناوخۆدا بفرۆشرێن، دەنێردرێنە بازاڕەكانی جیهان. وڵاتانی جیهانی سێهەم هەر ئەوە نییە كە لە باری پیشەییەوە دواكەوتوو بن، ئەو هەلومەرجەی كە ئێستا چەندین ملیارد خەڵكی جیهانی سێهەم تێیدا دەژین، تا رادەیەكی زۆر لە ئاكامی پێوەندی لە گەڵ رۆژئاوادا پێكهاتوون، كە سیستمە نەریتییەكانی پێشوویان لاواز كردووە.

## كۆمەڵگە مرۆڤایەتییەكان

| تایبەتمەندییە سەرەكییەكان | قۆناغی ژیان |
|---|---|

**كۆمەڵگەكانی راوچییەتیو كۆكرنەوەی خۆراك**

لە حەشیمەتێكی كەم پێكهاتووە كە لە رێگای راو، ماسیگیریو رووەكی خۆراكییەوە دەژین. لەم كۆمەڵگەیانەدا، نابەرابەری كەمە ،جیاوازی پلەوپایە پێوەندی بە تەمەنو رەگەزەوە هەیە.

ـ لە پەنجا هەزار ساڵ لەوەپێش تاكو ئەمرۆ. خەریكە لە نێو دەچن.

**كۆمەڵگە كشتوكاڵییەكان**

ئەو كۆمەڵگەیانەن كە لە هەندێ كۆمەڵەی بچووك، بچووك پێكهاتوونو شاری بچووكو گەورەیان نیەو شێوەی سەرەكی دابینكردنی بژیوی ژیان لە ریگای كشتوكاڵەوەیەو راوو كۆكردنەوەی خۆراكیش لە تەنیشت ئەوەوە دەكرێ. لێرەدا نابەرانبەرییەكان زۆر لە هی كۆمەڵگەی راوو كۆكردنەوەی خۆراك زیاترن، هەر ئەمەش تایبەتمەندی ئەو كۆمەڵگەیانەن و ئاغاكان تێیدا فەرمانڕەوان.

ـ لە 12 هەزار ساڵ لەوەوپێش تاكو ئەمرو. زۆربەی ئەم كۆمەڵگەیانە بوونەتە بەشێك لە سیستمە سیاییەكان،و ناسنامەی خۆیان لە دەست داوە

**كۆمەڵگەكانی شوانكارەیی**

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئەو کۆمەڵگەیانەن کە بۆ دابینکردنی بژیوی خۆیان ئاژەڵداری دەکەن، حەشیمەتیان لە سەدان کەسەوە تا هەزاران کەسە. نابەرانبەری زەق تایبەتمەندی بەرچاوی ئەو کۆمەڵگەیانەن‌و سەرۆك‌و پاشای جەنگاوەر فەرمانڕەواییان بەسەردا دەکەن.

ـ هاو قۆناغی کۆمەڵگەی کشتوکاڵین. ئەم کۆمەڵگەیانەش ئەمڕۆ بوونەتە بەشێك لە دەوڵەتە گەورەکان‌و شێوازە نەریتییەکانی ژیانیان روو لە لاوازبوونە.

دەوڵەت یان شارستانیەتە نەریتییەکان

لەمجۆرە کۆمەڵگەیانەدا، کشتوکاڵ هێشتا بە سەرەکیترین بنەمای ئابووری دەژمێردرێ، بەلاَم شارەکان هەن‌و ناوەندی بازرگانی‌و پیشەسازین. پێدەچێ هەندێ لە دەوڵەتە نەریتییەکان زۆر گەورە بووبن‌و حەشیمەتیان گەیشتبێتە چەندین ملیۆن کەس، ئەگەرچی لەچاو کۆمەڵگە پیشەییەکاندا بچووك بوون. دەوڵەتە نەریتییەکان دەزگایەکی حکومەتی دیاریکراویان هەیە کە پاشا یان  ئیمپراتوور فەرمانڕەوایی دەکا. نابەرابەرییەکی قووڵ لە نێو چینە جیاوازەکاندا هەیە.

ـ نزیکەی شەش هەزار ساڵ پێش زایین تا سەدەی نوزدەهەم. هیچیان نەماون.

کۆمەڵگەکانی جیهانی یەکەم

ئەم کۆمەڵگەیانە پشتیان بە پیشە سازی بەستووە کە سەرمایەگوزاری ئازاد تێیدا دەورێکی گەورە دەگێڕێ. تەنیا بەشێکی زۆر کەمی حەشیمەت بە کشت‌وکاڵەوە خەریکن‌و زۆربەی خەڵك لە شارو شارۆچکەکاندا دەژین. نابەرانبەری چینایەتی زۆر زەقە، ئەگەرچی ئەم نابەرانبەریانە لە چاو دەوڵەتە نەریتییەکاندا زۆر بەرچاو نیە. ئەم کۆمەڵگەیانە کۆمەڵگەی سیاسی جیاواز یان دەوڵەتی نەتەوەیی دادەمەزرێنن.

ـ لەسەدەی هەژدەهەمەوە تاکوو ئەمڕۆ.

کۆمەڵگەکانی جیهانی دووهەم

تان‌وپۆی ئەم کۆمەڵگەیانە پیشەسازییە، بە لاَم سیستمی ئابوورییان لە لایەن ناوەندەوە بەرنامەڕێژی بۆ کراوە. تەنیا بەشێکی بچووکی حەشیمەت بە کشتوکاڵەوە خەریکن‌و زۆربەی خەڵك لە شارە بچووك‌و گەورەکاندا دەژین. جیاوازی چینایەتی زۆرە، هەرچەند کە ئامانجی حکوومەتە مارکسیستەکان پێکهێنانی سیستمێکی یەکسانە. ولاَتانی جیهانی دووهەم، وەك ولاَتانی جیهانی یەکەم، کۆمەڵگەی سیاسی جیاواز یان دەوڵەتی نەتەوەیی دادەمەزرێنن.

ـ سەرەتاکانی سەدەی بیستەم ( دوای شۆڕشی 1917ی رووسیا ) تاکو ئەمڕۆ.

کۆمەڵگەکانی جیهانی سێهەم

زۆرینەی حەشیمەتی ئەم کۆمەڵگەیانە بە کاری کشتوکاڵییەوە خەریکن‌و لە گوندەکاندا دەژین، بە زۆری کەڵك لە شێوازەکانی بەرهەمهێنانی نەریتی وەردەگرن. لە گەڵ ئەوەشدا، بەشێك لە بەرهەمەکان لە بازاڕەکانی جیهاندا دەفرۆشرێن. زۆربەی ئەم کۆمەڵگەیانە خاوەن سیستمی سەرمایەداری ئازادن، هەندێکیشیان لە ناوەندەوە بەرنامەیان بۆ دادرێژرێ. کۆمەڵگەکانی جیهانی سێهەم، وەك کۆمەڵگەکانی جیهانی یەکەم‌و دووهەم

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

کۆمەڵەی سیاسی جیاواز یان دەوڵەتی نەتەوەییان هەیە.

0 لە سەدەی هەژدەهەمەوە (وەك ناوچەی بە کۆلۆنیکراو) تا ئەم سەردەمە.

..............................

کۆمەڵگاکانی جیهانی یەکەم و دووهەم

زاراوەی جیهانی یەکەم، ئاماژە بە وڵاتە پیشەییەکانی ئەوروپا، ویلایەتە یەکگرتووەکان، ئوسترالیاو ژاپۆن دەکا. ئەو وڵاتانە تا رادەیەك خاوەن سیستمێکی پارلمانی فرە حیزبین. کۆمەڵگەکانی جیهانی دووهەم، بە هۆی حکوومەتە کومونیستەکانەوە بەرێوە دەچن.
لە ئاستی ئابووری و سیاسیدا جیاوازییەکی بەرچاو لە نێوان وڵاتانی جیهانی یەکەمو دووهەمدا هەیە. لە کاتێکدا کە وڵاتانی جیهانی یەکەم لە سەر بنەمای بازاڕ پێکهاتوون – بایەخێکی سەرەکی بە سەرمایەگوزاری ئازاد دەدەن – سیستمە ئابوورییەکانی جیهانی دووهەم خاوەن بەرنامەڕێژییەکی سەنترالین. بەڵام گرنگترین جیاوازییەکان لە نێوان کۆمەڵگە پیشەییەکان لە لایەكو کۆمەڵگەکانی جیهانی سێهەم لە لایەکی دیکەدایە. جیهانی سێهەم لە بەراورد لە گەل وڵاتە پیشەییەکاندا بە گشتی زۆر هەژارن. زۆریان رێژەی گەشەکردنی حەشیمەتیان زۆر لە سەرە، ئەمەش لە باری بنیاتنانی سەرچاوەی پێویست بۆ دابینکردنی سەرەتاییترین پێویستیەکانی ژیانی هاووڵاتیانەوە زەحتێکی زۆریان دەخاتە سەر.
لە پاژی یەکەمدا ئەوەمان وەبیر هێنایەوە کە خوێندنەوەی کۆمەڵگە پیشەییەکان - جیهانی یەکەمو دووهەم – جێی بایەخی تایبەتی کۆمەڵناسییە. وەك کۆمەڵناسێك، ئایا دەتوانین بەم شێوەیە جیهانی سێهەم لە بەرچاو نەگرین، وەك قەڵەمڕەوێکی مرۆڤناسی وازی لێ بێنین؟ بێگومان ناتوانین. ئەم سێ جیهانە لە پێوەندی لە گەل یەکتردا پێکهاتوون،و ئەمڕۆ لە هەر کاتێك زیاتر پێکەوە بەستراون. ئێمە کە لە کۆمەڵگە پیشەییەکاندا دەژین، پێویستییەکی زۆرمان بەو ماددە خاو و بەرهەمە دروستکراوانە هەیە کە لە جیهانی سێهەمەوە دێن. لە لایەکیترەوە، ئابووری زۆربەی وڵاتانی جیهانی سێهەم بەستراوەتەوە بەو تۆڕە بازرگانیانەوە کە ئەوان دەبەستن بە وڵاتانی پیشەییەوە. ئێمە تەنیا کاتێك دەتوانین لە سیستمی پیشەسازی بە باشی تێبگەین کە بیبەستین بە جیهانی سێهەمەوە – کە لە راستیدا زۆرینەی حەشیمەتی جیهان لەوێدا دەژین .

دەرەنجام

کۆمەڵگەکانی یەکەم، دووهەمو سێهەم تێکڕا جیاوازییان لە گەڵ سیستمە کۆمەڵایەتییە نەریتییەکاندا هەیە کە لە هەزاران ساڵ لەوەپێشەوە تا دوو سەدە پێش ئێستا بە سەر جیهاندا زاڵ بوون. ئەو دۆزینەوانەی کە بە هۆی گەڕیدە رۆژئاواییەکانەوە کراون، سەرەتایەك بوو بۆ ئەو پرۆسە گۆڕانکاریانەی کە گەلێك کولتوری کۆنی لە نێو برد. بەو حاڵەش دیسان جیاوازییەکی زۆری کولتوری لە نێو خودی کۆمەڵگەکانو نێوان کۆمەڵگە جۆراوجۆرەکاندا هەیە. ئێمە وەك مرۆڤ خاوەن کۆمەڵە تایبەتمەندییەکی هاوبەشین، بەڵام وەك هەمیشە لە ژێر کاریگەری دابونەریتو بەها کولتورییەکانی کۆمەڵگەکانی خۆماندایین.

پوختەی باسەکان

کولتور بریتییە لە بەهاکانی گرووپێکی تایبەت، ئەو رێسایانەی کە پەیڕەویان دەکەنو ئەو شتومەکە ماددییانەی کە بەرهەمیان دێنن.
رەگەزی مرۆڤ لە ئاکامی پرۆسەیەکی درێژخایەنی گەشەکردنی بایۆلۆژیدا پێك هاتووە. ئینسانەکان بەشێکن لە

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

گرووپە شیردەرە گەشە کردووەکان، واتە پریماتەکان. وادیارە گەلێك بەڵگەو دیکومێنت ئەوە دەسەلمێنن کە گەشەکردنی کولتوری پێش گەشەکردنی رەگەزی مرۆڤ بووەو لەوە ئەچێ کاریگەری راستەوخۆی لە سەری هەبووبێ.

لە بەر ئەوەی کە سۆسیوبایۆلۆژی گەلێك زانیاریمان دەربارەی رەفتاری ئاژەڵەکان پێدەدا، (زانستێکی) بە بایەخە. بیروڕای سۆسیوبایۆلۆژییەکان لەمەڕ ژیانی کۆمەڵایەتی مرۆڤ لە رادەبەدەر پشتی بە هزری تیۆری بەستوە. رەفتاری ئێمە لە ژێر کارتێکەری هۆکارە جنێتیکیەکاندایە، بەڵام پێدەچێ ئامادەیی جنێتیکی ئێمە تەنیا توانا شاراوەکانی رەفتارمان سنووردار بکا، نەك کرۆکی راستەقینەی چالاکییەکانمان.

هیچ چەشنە غەریزەیەکی خۆڕسك، بە بێ ئەوەی فێرکردنێك هەبێ، لە مرۆڤدا بوونی نیە، کۆمەڵە کاردانەوەیەکی سادە، سەرباری ژمارەیەك پێویستی ئۆرگانی، تایبەتمەندییە خودییەکانی مرۆڤ پێك دێن.

چەند سەرمەشقێکی رەفتار کە تا رادەیەك لە هەموو کولتورەکاندا بەرچاو دەکەوێ، بە تایبەتمەندییە گشتییە کولتورییەکان ناو دەبرێن. زمان، حەرامبوونی زەنا لەگەڵ مەحرەمەکاندا، نووسینەگەکانی هاوسەرگیری، مەزهەبو خاوەنداریێتی، جۆرە سەرەکییەکانی تایبەتمەندی گشتی کولتورین، بەڵام لە نێو ئەم مەقوولە گشتییانەدا جیاوازییەکی زۆر لە رووی بەهاو شێوەکانی رەفتار لە کۆمەڵگە جۆراوجۆرەکاندا هەیە.

دەکرێ چەند کۆمەڵگەیەکی کۆن دەستنیشان بکرێ. لە کۆمەڵگەی راوچییەتیو کۆکردنەوەی خۆراکدا، خەڵك زەراعەتو ئاژەڵداری ناکەن، بەڵکو لە رێگای کۆکردنەوەی رووەکی خۆراکیو راوەوە بژیویان دابین دەکەن. کۆمەڵگەی شوانکارەیی، ئەو کۆمەڵگەیانەن کە بەخێوکردنی ئاژەڵی دەستەمۆ سەرچاوەی سەرەکی دابینکردنی بژیوی ژیانە. کۆمەڵگە کشتوکاڵییەکان بەستراونەوە بە وەبەرهێنانی پارچە زەویەکی نەگۆڕەوە. کۆمەڵگە کشتوکاڵییە گەورەو پێشکەوتوەکان، دەوڵەت یان شارستانیەتی نەریتی دادەمەزرێنن.

پەرسەندنو گەورەبوونی رۆژئاوا، داگیرکردنی زۆر ناوچەی جیهانی لێ کەوتەوە،و گۆڕانکاری بنەڕەتیی لە سیستمە کۆمەڵایەتیو کولتورە کۆنەکاندا پێك هێنا.

لە کۆمەڵگە پیشەیەکاندا، بەرهەمهێنانی پیشەیی ژێرخانی سەرەکی ئابووری پێك دێنن. وڵاتانی پیشەیی جیهانی یەکەم ، بریتین لە نەتەوە رۆژئاواییەکان، هەروەها ژاپۆن، ئوستڕالیاو نیوزیلەند. وڵاتانی جیهانی دووهەم، بریتین لەو کۆمەڵگە پیشەییانەی کە لە ژێر دەسەڵاتدارەتی کۆمۆنیستەکاندا بوون. وڵاتانی جیهانی سێهەم، کە زۆربەی حەشیمەتی جیهان لەوێ دەژین، بەگشتی پێشتر داگیرکراو بوون. زۆربەی حەشیمەتەکەیان کشتوکاڵ دەکەن، بەشێکیان پێوەندییان بە بازاڕەکانی جیهانەوە هەیە.

سەرچاوەی بۆ خوێندنەوەی زیاتر


Ruth Benedict, Patterns of Culture (New York: Mentor Books, 1940) – a classic study of cultural differences; still worth reading.

Kenneth Book, Human Nature and History; A Response to Socibiology (New York; Columbia University Press, 1980) – a critique of the aspirations of sociolbiology.

Jack Good, The Domesticaction of the Savage Mind (Cambridge: Cambridge University Press 1977) – an analysis of the impact of the writing and literacy on culturedevelopment.

Edmund Leach, Culture and Communication: The Logic by which Symbds are Connected (Cabridge Cambridge University Press, 1976) – a discussion of the cultural symbolism.

Raymond Williams, Culture (Glasgow: Fontana, 1981) – a useful general discussion of the concept of culture.

Peter Worsley, The Three Worlds: Culture and Develooment (London: Weidenfeld and Nicolson, 1984) – an analysis of the connections between the First, Secnd and Third Worlds.





PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

**ڕەگەزایەتیو مەیلە ڕەگەزییەکان**

دوو کورپەی تازە لە ژووری تایبەتی نەخۆشخانەیەکی لە دایکبووندان. یەکیان کوڕەو لە بەتانییەکی شینەوە پێچراوەو ئەویتر کچەو بەتانییەکی پەمەیی بە سەردا دراوە. هەر دووکیان چەند سەعاتێك دەبێ کە لە دایك بوونو بۆ یەکەمجارە کە داپیرەو باپیرەیان هاتوونەتە سەردانیان. ئەم گفتوگۆیەی خوارەوە لە نێوان داپیرەو باپیرەی یەکێك لەو منداڵانەدا کراوە:

داپیرەی ئەلف: ئەوەهای- یەکەم نەوەی کوڕمان.

باپیرەی ئەلف: بڕوانە، منداڵێکی خڕینە، وانییە؟ بڕوانە چۆن مشتی گرتووەتەوە. ئەم کوڕە دەیەوێ ببێتە بوکسرێکی حیرفەیی. (باپیرەی ئەلف پێدەکەنێو لە هەوادا مشتی بەرەو منداڵەکە فڕێ دەدا).

داپیرەی ئەلف: وا بزانم شێوەی تو ئەدات. چناکەی لە تۆ ئەچێ. ئۆی، چاو لێکە، خەریکە بگری.

باپیرەی ئەلف: بەڵێ- گوێ لە هەناسەی بگرە. کوڕێکی تەواوی لێدەر ئەچێ.

داپیرەی ئەلف: بەرخولە- هێشتا ژیر نەبووەتەوە.

باپیرەی ئەلف: وازی لێ بێنە. بۆی چاکە. خەریکە خۆی ڕادێنێ، ئەمە سییەکانی بەهێز دەکا.

داپیرەی ئەلف: بڕوێن پیرۆزبایی لە دایكو باوکی بکەین. دڵنیام بە هاتنی فرێدی بچکۆلە لە خۆشییان نازانن چی بکەن، حەزیان دەکرد منداڵی یەکەمیان کوڕ بێت.

باپیرەی ئەلف: بەڵێ، دڵنیابوون کە کوڕە. ئەی ئەو هەموو لنگە فرتێو پەلەقاژەی پێش لە دایکبوونی چی بوو.

کاتێ ئەوان دەڕون تا پیرۆزبایی لە دایكو باوکی منداڵەکە بکەن، داپیرەو باپیرەی منداڵەکەیتر دێنە ژووری. گفتوگۆی ئەوان بەم شێوەیە.

داپیرەی ب: ئەوهای... تەنیا کۆرپەیەك کە شریتێکی پەمەیی لە دەوری سەری پێچراوە. زۆر شیرینە، وانییە؟

باپیرەی ب: بەڵێ- وردیلەیە، وانییە! سەیری پەنجە وردیلەکانی بکە. وەی، چاو لێبکە- دەیەوێ مشتی گرێ بکا.

داپیرەی ب: خوێن شیرینە.. دەزانی، کەمێ شێوەی من ئەدات.

باپیرەی ب: بەڵێ کەمێ وایە. چناکەی لە تۆ ئەکا.

داپیرەی ب: وەی.. خەریکە بگری.

باپیرەی ب: ڕەنگە باشتر وابێ بانگی پەرستارێك بکەین بیبا بیگۆڕێ یان ژیری بکاتەوە.

داپیرەی ب: زۆر باشە. کچە وردیلانەکە مەگری، مەگری، ئێمە گەرەکمانە یارمەتیت بدەین.

باپیرەی ب: وەرە پەرستارەکە بدۆزینەوە. حەزناکەم گریانی ببینم...

داپیرەی ب: ئەم... نازانم کەی منداڵێکی دیکەیان دەبێ. ئەزانم فرێد حەزی لە کوڕە، بەڵام فرێدریکای بچکۆلە ساغو سەلامەتە، ئەمەش لە هەموو شتێك گرنگترە.

باپیرەی ب: ئەوان تازە ئەوەڵ دەمیانە. منیش شوکری خوا ئەکەم کە منداڵەکە ساڵمە.

داپیرەی ب: بە هەرحاڵ پێم وایە شتێکی چاوەڕواننەکراو نەبوو کاتێ زانیان کچە... سکی بچووك بوو.

(Walum, 1977, p. 36)

جیاوازی نێوان ئەم دوو گفتوگۆیە ئەوەندە زەقە کە ڕەنگە بە دەستکرد بزانرێ. بەڵام لە ڕاستیدا ئەمانە دەقی دوو گفتوگۆی ڕاستەقینەن کە لە بەشی لەدایکبووندا تۆمار کراون. یەکەم پرسیار کە – لانی کەم لە کولتوری

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

رۆژئاواییدا- له‌ دایك‌و باوك ده‌ركرێ، ئه‌مه‌یه‌ كه‌، كوڕه‌ یان كچه‌؟، ئه‌زموونی ئه‌و كه‌سانه‌ی كه‌ پێش ئه‌وه‌ی له‌ رێگای نه‌شته‌رگه‌رییه‌وه‌ بكرێن به‌ ژن، به‌شێك له‌ ژیانی خۆیان وه‌كو پیاو تێپه‌ڕ كردووه‌، نیشان ده‌دا كه‌ چۆن زه‌ینیه‌تی ئێمه‌ له‌ سه‌ر كه‌سانی ده‌وروبه‌رمان له‌ بنه‌ڕه‌تدا له‌سه‌ر شوناسی ره‌گه‌زی دروست ده‌بێ (Morris, 1977). بۆ بنه‌ماڵه‌و براده‌رو هاوكاره‌كان زۆر ئه‌سته‌مه‌ كاتێ كه‌سێك كه‌ پێشتر وه‌ك پیاو ناسیویانه‌، ئه‌مڕۆ پێی بڵێن ژن. بۆ ئه‌م حاڵه‌ته‌ پێویسته‌ گۆڕانێكی گه‌وره‌ له‌ ره‌فتارو روانگه‌كاندا پێك بێت.

لەم پاژه‌دا، ماهییه‌تی جیاوازییه‌ ره‌گه‌زییه‌كان تاوتوێ ده‌كه‌ین‌و خه‌سڵه‌تی ئاڵۆزكاوی چه‌مكی "پیاو"بوو یان " ژن"بوون شرۆڤه‌ ده‌كه‌ین. سه‌ره‌تا له‌ روی مێژووییه‌وه‌ چاوێك به‌ جیاوازییه‌ ره‌گه‌زییه‌كانی دوو ره‌گه‌زكه‌دا ده‌گێڕین‌و پاشان ره‌هه‌نده‌كانی به‌ كۆمه‌ڵایه‌تیبوون كه‌ كار ده‌كه‌نه‌ سه‌ر تایبه‌تمه‌ندییه‌ جیاوازه‌كانی ژنان‌و پیاوان ده‌ده‌ینه‌ به‌ر سه‌رنج. له‌ كۆتاییشدا به‌ر له‌وه‌ی مه‌یله‌ ره‌گه‌زییه‌كان شی بكه‌ینه‌وه‌، ره‌وشی كۆمه‌ڵایه‌تی‌و ئابووری ژنان له‌ كۆمه‌ڵگه‌كانی ئه‌م سه‌رده‌مه‌دا ده‌خه‌ینه‌ به‌ر باس‌و لێكدانه‌وه‌.

## ره‌گه‌ز، ره‌گه‌زایه‌تی‌و ژینگه‌ناسی

وشه‌ی ره‌گه‌ز (sex) به‌و شێوه‌یه‌ی كه‌ له‌ زمانی خه‌ڵكدا به‌ كار ده‌برێ، وشه‌یه‌كی ناڕوونه‌. واته‌، هه‌م به‌ كۆمه‌ڵه‌ كه‌سێك ده‌وترێ‌و هه‌م به‌و كارانه‌ی كه‌ ئه‌نجامی ده‌ده‌ن- بۆ نموونه‌ وه‌كو ئه‌و كاته‌ی كه‌ ئه‌م وشه‌یه‌ له‌ هه‌ندێ ده‌سته‌واژه‌ی وه‌ك "په‌یوه‌ندی سێكسی"دا به‌ كار ده‌برێ. بۆ روونبوونه‌وه‌ی بابه‌ته‌كه‌ ده‌بێ ئه‌م دوو واتایه‌ لێك جیا بكه‌ینه‌وه‌. ئێمه‌ ده‌توانین ره‌گه‌ز، به‌ واتای جیاوازی بایولۆژیی‌و ئاناتۆمی نێوان ژنان‌و پیاوان له‌ كاری سێكسی جیا بكه‌ینه‌وه‌. هه‌روه‌ها پێویسته‌ جیاوازییه‌كی گرنگی دیكه‌ش له‌ نێوان (ره‌گه‌زو ره‌گه‌زایه‌تی)دا بكه‌ین. له‌ كاتێكدا كه‌ ره‌گه‌ز ئاماژه‌ به‌ جیاوازییه‌ فیزیكیه‌كانی له‌ش ده‌كا، ره‌گه‌زایه‌تی(جنسیت) په‌یوه‌ندیی به‌ جیاوازییه‌ ده‌روونناسی، كۆمه‌ڵایه‌تی‌و كولتورییه‌كانی نێوان ژنان‌و پیاوانه‌وه‌ هه‌یه‌. جیاوازی نێوان ره‌گه‌زو ره‌گه‌زایه‌تی جیاوازییه‌كی بنه‌ڕه‌تییه‌، چونكه‌ زۆرێك له‌ جیاوازییه‌كانی نێوان ژنان‌و پیاوان سه‌رچاوه‌ی بایۆلۆژییان نییه‌.

## سه‌رچاوه‌ی جیاوازییه‌ ره‌گه‌زییه‌كان

جینه‌تیكی مرۆیی خاڵی ده‌سپێكه‌ بۆ هه‌ر چه‌شنه‌ باسێك ده‌رباره‌ی ره‌گه‌ز. ره‌گه‌زی ئێمه‌و تا راده‌یه‌كی زۆر پێكهاته‌ی ژیانی ئێمه‌ له‌ ئاكامی ئه‌و جینانه‌وه‌ به‌ ده‌ست ده‌ێن كه‌ به‌ هۆی تۆی ژن‌و پیاو له‌ كاتی سكپڕیدا، واته‌ كاتی دروستبوونی خانه‌ی نوێ به‌ ئیمه‌ دراون. سه‌رجه‌می ئه‌م مادده‌ جینه‌تیكییه‌ له‌ بیست‌و سێ جووت كرۆمۆزومدا جێی گرتووه‌ كه‌ خانه‌ی نوێیان تێدایه‌. هه‌ر یه‌ك له‌و تۆیانه‌ زانیارییه‌كی جینه‌تیكی به‌ هه‌ركام له‌ ئه‌ندامانی جووته‌كه‌ ده‌به‌خشن.

ئه‌وه‌ی لێره‌دا جێی مه‌به‌ستی ئێمه‌یه‌، بیست‌و سێیه‌مین جووتی كرۆمۆزۆم، واته‌ كرۆمۆزۆمه‌ ره‌گه‌زییه‌كانه‌.ئه‌م جووته‌ به‌ هێمای XX بۆ ژن یان XY بۆ پیاو نمایش ده‌كرێن. ئه‌مه‌ لۆژیكی جینه‌تیكه‌ كه‌ تۆیه‌كی مێ (خانه‌ی مێ) ته‌نیا بۆی هه‌یه‌ Xێك ببه‌خشێته‌ بیست‌و سێیه‌مین جووتی كرۆمۆزۆم، چونكه‌ بۆ خۆی جووتی XXی هه‌یه‌. به‌ڵام له‌به‌ر ئه‌وه‌ی كه‌ تۆی نێر(خانه‌ی نێر) جووتی XYی هه‌یه‌، ده‌توانێ یان Xێك ببه‌خشێ كه‌ ده‌بێته‌ هۆی ئه‌وه‌ی كه‌ جووتێكی XX (كۆرپه‌له‌ی كچ) دروست بێت، یان Yێك ببه‌خشێت كه‌ ده‌بێته‌ هۆی دروستبوونی جووتێك XY (كۆرپه‌له‌ی كوڕ).

دوای سكپڕبوون، خانه‌ نوێیه‌كه‌ دابه‌ش ده‌بن‌و خانه‌ی هاوشێوه‌ی نوێ (به‌ كرۆمۆزۆمی هاوشێوه‌) دروست ده‌بن كه‌ ئه‌مانه‌ش دواتر دابه‌ش ده‌بن‌و ئه‌وه‌نده‌ نابات كه‌ كۆرپه‌له‌ی مرۆڤ دروست ده‌بێت‌و هه‌ر له‌ سه‌ره‌تاوه‌ كۆرپه‌له‌ خاوه‌ن سیستمی ژیان یان گرێی ره‌گه‌زییه‌(goads) بۆ دروستكردنی گون (male testes) یان

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

تۆدانی مێ (female testes) جیاوازی کرۆمۆزۆمی هەر لە سەرەتای دروستبوونی کۆرپەلەوە وەك کلیلێك دەکەوێتە گەڕو بە یەکێك لەو دوو ڕێگایەدا گەشەی فیزیکی بە ئۆرگانیزم دەبەخشێ. (Lewontin 1982, pp. 138-9).

لە هەر دوورەگەزدا میکانزمەکانی گەشەکردنی زیاتری ڕەگەزی لە قۆناغەکانی دواتر واتە کاتی گەشەکردنی لەش دەست پێدەکەن. ئەم قۆناغە بە باڵقبوون (puberty) ناسراوە. نێونجی تەمەن لە کۆمەڵگە پیشەسازییەکاندا دابەزیوە: سەدساڵ لەمەوپێش، نێونجی تەمەنی یەکەم عادەتی مانگانە بۆ کچان چواردەساڵو نیو بوو، ئەمڕۆ بووەتە دوازدە ساڵ. کوڕان تا ڕادەیەك دەرنگتر لە کچان باڵق دەبن. لە کاتی باڵقبووندا جیاوازییە فیزیکییەکان دەگەنە ئەوپەڕی خۆیان، پیاوانی گەورەساڵ بە شێوەیەکی نێونجی لە چاو ژنان لە سەدا دە ماسوولکەی زیاترو ڕادەیەکی زۆرتریش گوڵمەی ماسوولکەییان هەیە کە ئەمە پێوەندی بە ڕادەی هێزو بڕستەوە هەیە. بەڵام ناتوانین بە تەواوی ئەوە دەستنیشان بکەین کە ئەم مەسەلەیە چەندە پێوەندی بە ئەناتۆمی جەستەوە هەیە. چونکە وەرزشو ڕاهێنان کاریگەری لەسەر دادەنێ. ئەو جیاوازییە بایۆلۆژییانەی کە وادێتە بەرچاو پیاوان ئامادە دەکا کە کارێکی جەستەیی زیاتر بکەنو وزەیەکی زیاتر سەرف بکەن، بە بەراورد لەگەڵ هی ژناندا شتێکی ئەوتۆ نییە.کارایی میکانیکی (واتە ئەو بڕە وزەیەی کە جەستە دەتوانێ لە هەر خولکێکدا لە بەرانبەر وزەی لەدەستچوودا بەرهەمی بێنێتەوە) بۆ ژنانو پیاوان وەك یەکە.

### ئایا جیاوازییەکانی ڕەفتارکردن هۆکاری بایۆلۆژییان هەیە؟

ئاخۆ جیاوازی نێوان ڕەفتاری ژنانو پیاوان ئەوەندەی دەگەڕێتەوە بۆ هۆکاری بایۆلۆژی ڕەگەزیی، ئەوەندە پێوەندی بە جیاوازییە بایۆلۆژییەکانەوە هەیە؟ لە بنەڕەتدا ڕای جیاواز لە سەر ئەم مەسەلەیە هەیە. هەندێ لە نوسەران بڕوایان وایە کە هەندێ جیاوازی بنەڕەتی لە نێوان ڕەفتاری ژنانو پیاواندا هەیە کە لە هەموو کولتورەکاندا بە جۆرێك خۆیان دەنوێنن. بۆ نموونە، ئەوان سەرنجمان بۆ ئەم واقیعیەتە ڕادەکێشن کە تا ڕادەیەکی زۆر لە هەموو کولتورەکاندا ئەوە پیاوانن کە لە شەڕو ڕاوەکاندا بەشداری دەکەن، نەك ژنان. ئەوان دەڵێن کە بێگومان ئەم بابەتە نیشانەی ئەوەیە کە پیاوان مەیلی شەڕەنگێزانەی بایۆلۆژیکیان هەیە کە لای ژنان ئەم حاڵەتە نییە. کەسانی دیکە ئەم بۆچوونانە ڕەت دەکەنەوە. ئەوان دەڵێن، لە کولتورە جۆراوجۆرەکاندا ڕادەی شەڕەنگێزبوونی پیاوان زۆر جیاوازن، بە پێچەوانەی کولتورەکانی دیکە لە هەندێ لە کولتورەکاندا چاوەڕوان دەکرێ کە ژنان بێ هەڵوێستترو هێورتر بن (Elshtain, 1987). جگە لەوە ئەوان دەڵێن، ئەوەکە تایبەتمەندییەك کەمو زۆر گشتگیر بێت، نیشانەی ئەوە نییە کە هۆکارێکی بایۆلۆژیکی هەیە. ڕەنگە هۆکاری کولتوری گشتگیر هەبن کە ئەم تایبەتمەندییانەیان هێنابێتە کایەوە. بۆ نموونە، لە زۆربەی کولتورەکاندا بەشی زۆری ژنان ژیانیان تەرخانی سكو زاو پەروەردەکردنی منداڵو لە هەلومەرجی وادا ناتوانن بە ئاسانی لە ڕاوو شەڕەکاندا بەشداری بکەن. بە پێی ئەم ڕوانگەیە، جیاوازی نێوان ڕەفتاری ژنانو پیاوان لە بنەڕەتدا لە ڕێگای فێربوونی کۆمەڵایەتی شوناسەکانی ژنو پیاوەوە دێتە کایەوە.

### نیشانەکان لە جیهانی گیانلەبەراندا

نیشانەکان لەمەڕ ئەم مەسەلەیە چیمان پێدەڵێن؟ ڕەنگە جیاوازی لە پێکهاتەی هورمۆنی نێوان دوو ڕەگەزەکەدا هەندێ زانیاریمان لەسەر بابەتەکە پێبدات. هەندێ دەڵێن هۆرمۆنی ڕەگەزی نێر یان تستوسترۆن پێوەندی بە مەیلی ڕەگەزی نێر بۆ توندو تیژی هەیە (Rutter & Giller, 1983). بۆ نموونە، لێکۆڵینەوە دەریخستووە کە ئەگەر بێتو مەیموونە نێرەکان لە کاتی لە دایکبووندا بخەسێنرێن، کەمتر دڕ دەبن،و ئەگەر تستوسترۆن بە مەیموونە مێیەکان بدرێ، لە مێیەکانی دیکە دڕتر دەبن. بەڵام، هەروەها دەرکەوتووە کە فەراهەمکردنی هەلی زاڵبوون بۆ مەیموونەکان دەبێتە هۆی چوونە سەری ڕادەی تستۆسترۆن. بە واتایەکی دیکە ڕەفتاری دڕندانە دەتوانێ کار بکاتە سەر دروستکردنی هۆرمۆنات، نەك ئەوەی کە هۆرمۆنات ببێتە هۆی

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دڕبوونی زیاتر.

ڕەنگە سەرچاوەیەکی دیکەی بەڵگەو نیشانەکان بریتی بێت لە بینینی ڕاستەوخۆی ڕەفتاری گیانلەبەران. ئەو نوسەرانەی کە درندەیی ڕەگەزی نێر گرێ دەدەنەوە بە کاریگەرییە بایۆلۆژییەکانەوە، بە زۆری جەختێکی زۆر لە سەر ئەوە دەکەن کە دڕەندەیی ڕەگەزی نێر لە نێو بوونەوەرە سەرەتاییەکاندا (non-human primates) هەبووە. ئەوان دەڵێن ئەگەر چاو لە ڕەفتاری بوونەوەرە سەرەتاییەکان بکەین،نێرەکان لە مێیەکان دڕترن. سەرباری ئەمە لە ڕاستیدا لەم ڕووەوە گەلێك جیاوازی گەورە لە نێوان بوونەوەرە جۆراوجۆرە سەرتاییەکاندا هەیە. بۆ نموونە، لە نێو گیبۆنەکان (gibbons) دا جیاوازییەکی بەرچاو لە نێوان ڕەگەزی نێرو مێ دا نابینرێ، کەچی ئەم جیاوازییانە لە نێوان بابوونەکاندا(baboons) بەرجەستەن. جگە لەوە، زۆرێك لە بوونەوەرە مێیە سەرەتاییەکان لە هەندێ لە بوارەکاندا- بۆ نموونە لەو شوێنانەدا کە بەچکەکانیان دەکەونە بەر هەڕشە — بە تەواوەتی دڕ دەبن.

نیشانەکان لە جیهانی ئینسانەکاندا

ئەو توێژینەوانەی کە لە سەر منداڵە نائاساییەکان ئەنجام دراون، هەندێ نیشانەی ڕوون لە سەر جیاوازییە ڕەگەزییەکان دەدەن بە دەستەوە. یەکیان بە"سندروم تأنیث بیچوی"(Androgenital Syndrome)، ئەویتریان بە "سندروم فوق کلیوی تناسلی"(Testicular Feminization Syndrome) ناو نراوە. لە حاڵەتی یەکەمدا منداڵ بە تێکەڵێك لە کرۆمۆزۆمی سروشتی، هێلکەکانو دابەشبوونی ئاسایی هورمۆنەکان لە دایك دەبێ. ئەگەر ئەمجۆرە کەسانە وەك ئەو ژنانەی کە لە ئۆلەمپیکەکاندا بەشداری دەکەن تاقیکردنەوەی ڕەگەزییان لە سەر ئەنجام بدرێ، ئەوا وەك پیاو دەستنیشان دەکرێن. بەڵام لە بەر ئەوەی کە کۆ ئەندامی سێکسییان لە ماوەی گەشەکردنی کۆرپەلەدا هیچ نیشانەیەك لە خۆی دەرناخات، لە ڕواڵەتدا وا دەر دەکەوێ کە ئەندامی سێکسییان ژنانەیە. ئەم منداڵانە هەمیشە وەك کچ پەروەردە دەبن، چونکە هەتا ئەو کاتەی لە قۆناغی باڵقبووندا نەتوانن عادەتی مانگانانەیان هەبێ، دەرناکەوێ کە بە تەواەتی مێن یان نا. "سندروم فوق کلیوی تناسلی" دوخێکی پێچەوانەیە. ئەو کەسانەی کە تایبەتمەندی کرۆمۆزۆمی ژنانەی سرۆشتییان هەیە، بەر لەوەی لە دایك بن، هۆرمۆنی پیاوانە (androgen)ی زیادی دەدەنە دەرەوەو ئەندامی سێکسی پیاوانە پەیدا دەکەن. هەندێ لەم منداڵانە، خاوەن هەر دوو ئەندامی سێکسی ژنانەو پیاوانەن کە دەکرێ لە ڕێگای نەشتەرگەرییەوە بکرێنە ژنانە. بەڵام زۆرێك لەم منداڵانە وەك کوڕ گەورە دەبنو نائاسایی بوونەوەکەیان تەنیا لە قۆناغەکانی گەشەکردنی دواییدا بەرچاو دەکەوێ.

بە گشتی، لێکۆڵینەوە لە سەر هەرکام لەم حاڵەتە نائاساییانە گرنگبوونی بەکۆمەڵایەتیبوون لە بەرانبەر کاریگەرییە بایۆلۆژییەکاندا، لە سەرهەڵدانی جیاوازی لە نێوان ڕەفتاری کوڕانو کچاندا نیشان دەدا. ئەو منداڵانەی کە لە دوای لەدایکبوون دەردەکەوێ کە مێن، تەنانەت ئەگەر لە ڕووی کرۆمۆزۆمیشەوە نێر بن، حەز دەکەن خۆیان وەکو ژن لە قەڵەم بدەن. لە لایەکیترەوە، ئەو منداڵانەی کە لە کاتی لەدایکبووندا بە کوڕ دەزانرێن، تایبەتمەندی ڕەگەزیی پیاوانە پەیدا دەکەن(Money & Ehrhardt 19720). لێرەدا جێی خۆیەتی ئاماژە بە نموونەیەکی ناسراوی دووانەیەکی یەك هێلکۆکەیی (identical twins) بکەین. یەکێك لەم کۆڕە دووانەییانە لە کاتی خەتەنەکردندا بە سەختی بریندار بوو و بڕیار درا کە ئەندامی زاو زێی بکرێتە ژنانە. ئەم کەسە بە کچی گەورە بوو. بینینی ڕەفتاری ئەم دووانە لە تەمەنی شەش ساڵییدا تایبەتمەندی ژنانەو پیاوانە بەو شێوەیە کە لە کولتوری ڕۆژئاواییدا بەرچاو دەکەوێ، نیشان دا. کچەکە چێژی لە یاریکردن لەگەڵ کچانی دیکە دەبرد، لە ماڵەوە یارمەتی دایکی دەداو دەیویست کاتێ گەورە بێت شوو بکا. کۆڕەکە تێکەڵ بە کوڕان دەبووو حەزی لە ماشینی منداڵانە بووو ئەیویست کاتێ کە گەورە ئەبێ ببێتە ئاگرکوژێنەوە یان پۆلیس.

ئەم نموونەیە هەندێ جار کاریگەری بەرفراوانی فێربوونی کۆمەڵایەتی لە سەر جیاوازیە ڕەگەزییەکانی

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

سەلماندووە. بەڵام دواتر کاتێ کە کچەکە گەیشتە تەمەنی گەنجێتی لە بەرنامەیەکی تەلەفزیونیدا وتوێژێکی کرد. ئەم وتوێژە دەریخست کە ئەو بە شێوەیەکی بەرچاو لە کچبوونی خۆی ناڕەحەتەو ڕەنگە وای هەست دەکرد کە جگە لە هەموو ئەم شتانە، ئەو بەراستی کوڕە. (ئەو تا ئەو کاتە لە رابردووی نائاسایی خۆی تێگەیشتبووو ئاشکرایە کە زانیارییەکانی لەمەڕ رابردووی کاریان کردۆتە سەر جۆری تێگەیشتنی (Ryan, 1985, pp. 182-3).

ئەم لێکۆڵینەوەیە ئەگەری بوونی کاریگەرییە بایۆلۆژییەکان لە سەر جیاوازی نێوان رەفتاری ژنانو پیاوان رەت ناکاتەوە. هەرچەند کە ئەگەر ئەم کاریگەرییانە هەبن، تاکو ئێستا سەرچاوەی فیزیۆلۆژیکییان نەناسراون. ڕەنگبێ زۆربەی چاودێران لەگەڵ دەرەنجامەکانی ریچارد لۆنتین، یەکێك لە پسپۆڕە بەرجەستەکانی جینەتێك لە جیهاندا هاوڕابن:

خۆناسینی سەرەتایی (primary self-identification) کەسێك وەکو پیاو یان ژن کۆمەڵێك روانگەو بیرو مەیلی جۆراوجۆری لە خۆیدا کۆ کردۆتەوە، واتە بەستراوەتەوە بەوەی کە وەك منداڵ چ مۆرکێکی لێدراوە. ئەم مۆرکانە لە رەوتی ئاسایی رووداوەکاندا لە گەڵ جیاوازییە نەگۆڕە بایۆلۆژییەکانی کرۆمۆزۆمەکان، هۆرمۆنەکانو مۆرفۆلۆژیدا بەرابەری دەکەن. بەمجۆرە جیاوازییە بایۆلۆژییەکان زیاتر بوون بە هێمایەك بۆ جیاکردنەوەی رۆڵە کۆمەڵایەتییەکان تا هۆکاری دروستبوونی ئەو رۆڵانە(lewontin, 1982,p.142).

بەکۆمەڵایەتیبوونی رەگەزی

کاردانەوەی دایبابو گەورەکان

لێکۆڵینەوەیەکی زۆر لەسەر چۆنیەتی دروستبوونی جیاوازییە رەگەزییەکان ئەنجام دراوە. زۆربەی فۆرمەکانی هەڵاواردنی رەگەزی(gender discrimination) زۆر لە کاردانەوەی ئەو داپیرەو باپیرانەی کە دیتمان، وردترو دەقیقترن، بەڵام هەر لەو کاتەدا بەهێزو گشتگیرن.

ئەو لێکۆڵینەوانەی دەربارەی کارلێکی نێوان دایك- منداڵ ئەنجام دراون، جیاوازی لە شێوەی هەڵسوکەوتکردن لە گەڵ کوڕو کچەکاندا تەنانەت ئەو کاتانەش کە دایبابەکان بڕوایان وایە کە بە یەك شێوە دەڕواننە هەردوو لایان، نیشان دەدەن. کاتێ داوا لە گەورەکان دەکرێ کە کەسێتی منداڵ هەڵبسەنگێنن، وەڵامەکانیان بۆ کوڕ و کچ جیاوازە. لە تاقیکردنەوەیەکدا شێوەی رەفتاری پێنج دایکی گەنج لە گەڵ منداڵێکی شەش مانگەدا بە ناوی بێس (beth) خرایە ژێر چاودێرییەوە. ئەوان بە زۆری زەردەخەنەیان بۆ دەکردو بووکە شووشەیان پێدەدا. ئەوان منداڵەکەیان بە خوێن شیرینو دەنگ ناسك دەزانی. دژکردەوەی دەستەیەکیتر لە دایکان لە ئاست منداڵێکی دیکەدا بە ناوی ئادەم (Adam) بە تەواوی جیاواز بوو. بە گشتی شەمەندەفەرێکی منداڵانە یان کەرەستەیەکی یاریکردنی کوڕانەیان دەدایە دەستی. بێسو ئادەم لە راستیدا هەر یەك کەس بوونو جلوبەرگی جیاوازیان لە بەر کردبوون (Will, Self & Datan, 1976).

ئەم شێوە تێگەیشتنە لەسەر منداڵ تەنیا تایبەتی دایكو باوکانو داپیرەو باپیرەکان نییە. یەکیك لە توێژینەوەکان هەندێ لەو وشانەیان شیکاری کردووە کە لە لایەن پەرستارانی ژووری منداڵبوونەوە بو وەسفی کورپەکان بەکار دەهێنران. کوڕەکانیان بە خرپنو خڕو خەپان وەسف دەکردو کچەکانیشیان بە ژیکەڵەو خوێن شیرین دەزانی. هیچ قسەیەك لە سەر جیاوازی قەدو باڵاو قورسایی منداڵەکان لە ئارادا نەبوو(Hansen, 1980).

پەروەردەی رەگەزی gender lerning

دەکرێ بڵێین کە منداڵان لە قۆناغە سەرەتاییەکانی ژیانیاندا بە شێوەیەکی ناوشیارانە لە رووی رەگەزییەوە پەروەردە دەبن. ئەمە پێش ئەو قۆناغەیە کە منداڵان بە تەواوی دەتوانن مۆرکی "کۆرێك" یان "کچێك" لە

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

خۆیان بدەن. لە گەشەکردنی سەرەتایی وشیاری ڕەگەزیدا (gender awareness) هەندێ سەرەداوی پێش هاتنەگۆ (per-vebral clues) بەرچاو دەکەون. بە گشتی ژن‌و پیاوەکان بە شێوەیەکی جیاواز لە گەڵ منداڵەکاندا ڕەفتار دەکەن. ئەو میکیاژەی ژنان بەکاری دەهێنن، بۆنێکی جیاوازی هەیەو منداڵ دەزانێ کە ئەمە هی پیاوان نییە. جیاوازی لە جل‌وبەرگ‌و خۆڕازاندنەوەو هتد لە پرۆسەی پەردەدەبووندا هەندێ سەرەداوی دیداری (visual clues) بۆ منداڵەکە فەراهەم دەکەن. منداڵان لە تەمەنی دوو ساڵیدا تێگەیشتنێکی ئەوتۆیان لە ڕەگەزایەتی (جنسیت) نییە. ئەوان ئەوە دەزانن کە ئاخۆ کوڕن یان کچن‌و بەگشتی دەتوانن بە شێوەیەکی وردو دەقیق کەسانی دیکە پۆلین بکەن. بەلاًم تا تەمەنی پێنج یان شەش ساڵەیی منداڵ نازانێ کە ڕەگەزایەتی گۆڕانی بە سەردا نایەو هەر کەسێك خاوەن ڕەگەزایەتی خۆیە، یان ئەوەی کە کچان‌و کوڕان لە ڕووی ئەناتۆمییەوە جیاوازییان هەیە.

سەرجەمی یارییەکان، کتێبی وێنەکان‌و بەرنامە تەلەفزیونییەکان کە منداڵ ساواکان پێوەندییان پێوەی هەیە، بە گشتی جەخت لە سەر جیاوازییەکانی نێوان تایبەتمەندیی پیاوانەو ژنانەکان دەکەنەوە. فرۆشگەکانی یاریی منداڵان‌و کتێبە فێرکارییەکان بە گشتی بەرهەمەکانیان لە سەر بنەمای ڕەگەزایەتی دەستەبەندی دەکەن. تەنانەت هەندێ لەو یارییانەی کە لە ڕووی ڕەگەزییەوە پاسیڤن، بەکردەوە وا نین. بۆ نموونە، بووکەڵەی وەك بەچکەپشیلەو کەروێشکی یاری بۆ کچان دادەنرێ، لە کاتێکدا بۆ کوڕان شێرو بەور بە باشتر و گەنجاوتر دەزانرێ.

ڤاندالۆسیازامونر، لە دوو بەستێنی نەتەوەیی جیاوازدا (ئیتالیاو هولەندا) تویژینەوەیەکی لە سەر ئەو کەرەستانە ئەنجامدا کە منداڵان لە یارییەکانیاندا بەکاری دەهێنن (Zammuner, 1987). لەم تویژینەوەیدا ڕوانگەی منداڵان دەربارەی جۆری یارییەکان تاوتوێ کرا، ئەو بووکەڵانەی کە جێی مەبەست بوون، زیاتر ئەوانە بوون کە بە شێوەی کلێشەیی بە کوڕانەو کچانە دەزانرێن‌و ئەو یارییانە کە هیچ جیاوازییەکی ڕەگەزییان تێدا بەدی ناکرێ. منداڵەکان زیاتر لە نێوان تەمەنی حەوت تا دە ساڵیدا بوون. داوا لە دایك‌و باوکەکانیان کرا کە کامە یاری بۆ کوران بە باش دەزانن‌و کامەیان بۆ کچان بە گونجاو دەزانن. منداڵە ئیتالییەکان زیاتر لە هولەندییەکان ئەو یارییانەیان هەڵدەبژارد کە لە سەر بنەمای ڕەگەزی جیا کرابوونەوە — ئەمە دەرنجامێکی زۆر سەیر نەبوو، لە بەر ئەوەی کە کولتوری ئیتالی ڕوانینێکی نەریتیانەتری بۆ دابەشکردنی ڕەگەزی هەیە. هەروەك لە لە تویژینەوەکانی دیکەدا بەرچاو کەوتبوو، کچان — لە هەردوو کولتورەکەدا- زیاتر لە کوڕان پێیان خۆش بوو بەو کەرەستانە یاری بکەن یان لە ڕووی ڕەگەزییەوە پاسیڤ بوون، یان کەرەستەی یاریی کوڕانە بوون.

**کتێب‌و حیکایەتەکان**

لنوور ویتزمەن‌و هاوکارەکانی کە لە هەندێ لە کتێبە چیرۆکە بەناوبانگەکانی پێش قۆناغی سەرەتایی دەوری ڕەگەزییان شیکردۆتەوە، چەندین جیاوازی زەقیان لەو دەورانەدا بەدی کردووە کە بە پێی ڕەگەز دابەش کراون.لەو چیرۆك وێنەییانەدا کوڕەکان دەورێکی زۆر بەرچاوتریان دەبینی تا کچەکان‌و لە ڕووی ژمارەوە 11کوڕ لە بەرانبەر 1 کچدا بوون. ئەگەر ئەو گیانلەبەرانەشمان جیا بکردایەوە کە شوناسی ڕەگەزی خۆیان هەیە، ڕێژەکەی دەبووە 95 بە 1. چالاکی کوڕو کچەکانیش جیاواز بوون. کوڕەکان بەکاری نائاسایی‌و گەمەی نێو کۆڵانەوە کە هێزو لە سەر پێی خۆوەستانی گەرەکە، سەرقاڵبوون. لە هەر جێگایەك کە کچان دەر دەکەوتن، چالاکییەکی کەمتریان هەبووو زیاتر خۆیان بە ئیشی نێو ماڵەوە خەریك دەکرد. کچان خواردنیان بۆ کوڕان دروست دەکردو نێو ماڵیان خاوێن دەکردەوە یان چاوەڕوانی هاتنەوەیان بوون.

ئەم دۆخە تا ڕادەیەکی زۆر لە سەر ئەو ژن‌و پیاوانە وەڕاست دەگەڕا کە لە چیرۆکەکاندا نیشان دەدران. ژنە تەنیاکان بوونەوەری خەیاڵی وەك جادوگەرەکان یان دایەی پەرییەکان بوون. لە سەرجەمی ئەو کتێبانەدا کە تاوتوێ کران، تەنانەت یەك ژنیش نەبوو کە لە دەرەوەی ماڵ ئیش بکا. بەپێچەوانەوە، دەوری جۆراوجۆری

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

وەك جەنگاوەر، پولیس، دادوەر، پاشاو هتد بە پیاوان درابوون.

ئەو چیرۆكو كتێبە وێنەییانە كە لە روانگەیەكی نارەگەزییەوە نووسراون، تاكو ئێستا لە بازاڕی ئەدەبی منداڵاندا قورساییەكی ئەوتۆیان نییە.بۆ نموونە،چیرۆكی پەرییان لە روانگەیەكی یەكجار نەریتیانەوە دەڕوانێتە رەگەزایەتیو ئامانجو ئاواتەكانی كوڕانو كچان. "رۆژێك شازادەكەی من دێت" – ئەم دەستەواژەیە لە حیكایەتی پەرییاندا چەند سەدە لەمەوپێش بەو مانایە بوو كە پێدەچوو كچێكی هەژارو كەمدەست خەون بە دەوڵەمەندیو بەختەوەرییەوە ببینێ. ئەم سەردەمە مانای ئەو حیكایەتە لەگەڵ ئەشقی رۆمانتیكیدا گرێی خواردووە. فێمینیستەكان هەوڵیان داوە هەندێ چیرۆكی بەناوبانگی لەو چەشنە ئاوەژوو بكەنو سەر لە نوێ بینووسنەوە.

لە راستیدا من زۆر ورد نەبوومەوەو نەمزانی لووتی زۆر ناشیرینە. بێگومان جلەكانی عەیبەكانی داپۆشیبوو. ئەو چەند شەوی پێشوو لە ئێستای جوانترو سەرنجڕاكێشتر بوو. كەواتە من پێموایە دەبێ وا نیشان بدەم كە ئەم پێڵاوە بلوورینانە بە پێم تەنگەن.

(Virost, 1987, p. 73)

لە راستیدا ئەم شێوە دەربڕینەی حیكایەتی سیندریلا لەو كتێبانەدا زیاتر دەنووسرێنەوە كە رووی دەمیان لە گەورەساڵانەو كەمتر لە نێو چیرۆكە بێ ئەژمارەكانی منداڵاندا كەمتر رەنگیان داوەتەوە.

### تەلەفزیون

راڤەكردنی ماوەی بەرنامەی منداڵان لە گەڵ ئەو دەرنجامانەی كە لە (لێكدانەوەی) چیرۆكی منداڵاندا بە دەست هاتوون، یەكتر دەخوێننەوە، دیارە هەندێ حاڵەتی ئاوەرتەش لەم بارەوە بەرچاو دەكەون كە لە جێی خۆیاندا سەرنجڕاكێشن. لێكۆڵینەوەكان لەمەڕ ئەو كارتۆنانەی كە بینەرێكی زیاتریان هەیە، ئەو دەردەخەن كە ئاكتەرە بەرجەستەكان زۆربەریان پیاونو پیاوەكان لە ئەنجامدانی چالاكییەكانی خۆیاندا كارلێهاتوون. هەندێ لێكچون لەو ریكلامە بازرگانیانەدا بەرچاو دەكەون كە ماوەماوە لە نێو بەرنامەكاندا بلاو دەكرێنەوە.

### كاریگەری قوتابخانەو گرووپی هاوتەمەنەكان (پێرەكان)

كاتێ منداڵان بۆ یەكەمجار دەچنە قوتابخانە، بە باشی هەست بە جیاوازییە رەگەزییەكان دەكەن. ئێمە بە گشتی پێمان وانییە كە قوتابخانەكان بە پێی رەگەز دابەش كرابن، بەڵام بەكردەوە كۆمەڵێك هۆكار بە شێوەی جیاواز كار دەكەنە سەر كچانو كوڕان. ئێستاش لە زۆرێك لە وڵاتە رۆژئاواییەكاندا جیاوازی لە وانەدەرسییەكانی كوڕانو كچاندا بەرچاو دەكەوێت - بۆ نموونە، ئابووری ماڵ، یان زانستەكانی ماڵداری بۆ كچانو دارتاشیو ئاسنگەری بۆ كوڕان لە بەرچاو گیراون. بە زۆری كچانو كوڕان هاندەدرێن كە بە شێوەی جیاواز وەرزش بكەن. رەنگە مامۆستاكان ناڕاستەوخۆ یان راشكاوانە جیاوازی بكەن لە نێو كوڕانو كچانداو، چاوەڕوانییەكی زیاتریان لە كوڕان هەبێ كە چالاكتر بن، یان هەراوهوریای كوڕان زیاتر تەحەمول بكەن تا هی كچان. بە گشتی رەوتی بە كۆمەڵایەتیبوون لە نێو گرووپی هاوتەمەنەكاندا (peer-group socialization) دەورێكی بەرچاوی لە بەهێزكردنو چەسپاندنی زیاتری شوناسی رەگەزی لە سەرتاسەری قۆناغەكانی خوێندنی منداڵاندا دەگێڕێ. كۆڕی هاورێتی منداڵان لە دەرەوە یان ناوەوەی قوتابخانەدا بە گشتی یان تەواو كوڕانەیە یان تەواو كچانە.

### دژوارییەكانی پەروەردەكرنی نارەگەزییانەی منداڵ

جۆن ستاتهام ئەزموونەكانی تاقمێك لەو دایكو باوكانە كە لە بریتانیادا خۆیان لە ئاست پەروەردنی نارەگەزییانەی منداڵەكانیاندا بە دەرەوەست دەزانن، خستە بەر لێكۆڵینەوە (Statham, 1986). لەم

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

لێکۆڵینەوەیەدا سی گەورەساڵی نێو هەژدە بنەماڵە بەشدارییان کرد کە منداڵەکانیان لە نێوان شەش تا دوازدە ساڵدا بوون. ئەم دایكو باوکانە سەر بە چینی مامناوەندی بوونو زۆربەیان وەك مامۆستا بە کاری پەروەردەییو زانستییەوە سەرقاڵ بوون. ستاتهام بەو ئاکامە گەیشت کە دایبابەکان تەنیا هەوڵیان ئەوە نەبووە کە گۆڕان لە دەورە ڕەگەزییە نەریتییەکاندا پێك بێنن - واتە هەوڵبدەن کە کچان وەکو کوڕان لێبکەن - بەڵکو دەیانویست تێکەوڵاوێك لە تایبەتمەندییە ژنانەو پیاوانەکان پەروەردە بکەن. ئەوان هەوڵیان ئەوە بوو کە کوڕەکان لە ئاست هەستو ئیحساسی کەسانی دیکەدا حەساستر بنو بتوانن هەستو ئیحساسی خۆیان بە گەرمی دەربڕن، لە حاڵێکدا کچەکانیان هان دەدا کە چالاکانەتر هەلەکانی فێربوونو پێشکەوتنی شەخسی بقۆزنەوە.

هەموو دایبابەکان بەربەرەکانێکردن لە گەڵ سەرمەشقەکانی فێربوونی ڕەگەزییان بە دژوار دەزانی، ئەمەش لە بەر ئەوە بوو  کە منداڵەکانیان لە قوتابخانەو لە نێو کۆڕی هاوڕیکانیاندا ئەم سەرمەشقانەیان پێڕەو دەکرد. دایبابەکان تا رادەیەك توانیبوویان منداڵەکانیان وا لێبکەن کە بە کەرەستەی یاری نارەگەزییانە یاری بکەن، بەلاّم تەنانەت خودی ئەم کارەش لەوە زەحەمەتتر بوو کە ئەوان بیریان لێکردبووەوە. یەك لە ژنەکان دەیگوت: ئەگەر بچییە فرۆشگەیەکی یاری منداڵان، پڕە لە کەرەستەی جەنگی منداڵانە بۆ کوڕانو کەرەستەی یاریکردنی کچانە،و کۆمەڵگە چۆن هەیە  وا نیشان دەدات. منداڵان بەم شێوەیە پەروەردە دەبن: بۆ کوڕان  هیچ عەیب نییە ئەگەر فێری کوشتنو ئازارگەیاندن بنو من وا ئەزانم ئەمە ترسناکەو پێی تێکدەچم. تا پێم بکرێ ناچمە ئەو جۆرە  فرۆشگانە، زۆر پێی  قەڵس دەبم.

کەرەستەی یاری منداڵەکان بە پێی ڕەگەز دیاری کرابوو  و بەو کەرەستانەی کە خزمو کەس پێیانی دابوو یارییان دەکرد.

ئێستا هەندێ کتێبی چیرۆك هەن کە کاراکتێرە سەرەکییەکانیان بریتین لە کچانی بەهێزو سەربەخۆ. بەلاّم کتێبێکی کەم  هەیە کە کوڕان تێدا رۆڵێکی نەریتی دەگێڕن. دایکی کوریژگەیەکی پێنج ساڵانە بەمجۆرە باس لە کاردانەوەی منداڵەکەی دەکا کاتێك لە خوێندنەوەی چیرۆکێکدا ڕەگەزی پاڵەوانی  چیرۆکەکە ئاوەژوو دەکا:
لە راستیدا کاتێ چیرۆکێکم دەخوێندەوە کە دەوری کچو کوڕێکی زۆر نەریتیانە وەسف دەکرد،و جێگەی کوڕو کچەکەم لە تێکرای چیرۆکەکەدا دەگۆڕی، کوڕەکەم نەختێك هەڵدەچوو. کاتێ بۆ  یەکەمجار  دەستم بەم کارە کرد، ئەو دەیویست بڵێ ،تۆ کوڕت خۆش ناوێ، تۆ تەنیا کچت خۆش دەوێ،. من دەبوا ئەوە  روون بکەمەوە کە ئەمە بە هیچ شێوەیەك  وانییە، تەنیا شتێك کە هەیەو ئەویش ئەوەیە کە وەك پێویست باسی کچان نەکراوە.(Statham, 1960,pp, 43, 67).

ئاشکرایە کە پەروەردەی ڕەگەزی ڕیشەیەکی قووڵی هەیەو ڕووبەڕووبوونەوە لە گەڵیدا ڕەنگە کێشەی لێکەوێتەوە.

شوناسی ڕەگەزیو ئینتما ڕەگەزییەکان: سێ تیۆری

تیۆری فرۆید لەمەڕ گەشەکردنی ڕەگەزی

ڕەنگە کاریگەرترین - و باسهەڵگرترین - تیۆریی دەرکەوتنی شوناسی ڕەگەزی تیۆری زیگمۆند فرۆید بێت. بە پێی ڕوانگەی ئەو  فێربوونی جیاوازییە ڕەگەزییەکان لە مێرمنداڵو ساواکاندا لە سەر بنەمای هەبوون یان نەبوونی سیرەت چەقی بەستبێ. ،من سیرەتم هەیە، یەکسانە لەگەڵ ،من کوڕم. لە حاڵێکدا من کچم، یەکسانە بە من سیرتم نییە،. فرۆید جەخت لە سەر ئەوە دەکا کە تەنیا جیاوازییە ئەناتۆمییەکان لێرەدا گرنگ نین، بەڵکو هەبوون یان نەبوونی سیرەت نیشانەی پیاوانەبوون یان  ژنانەبوونە.

لە قۆناغی ئۆدیبدا، کوڕ وا هەست دەکا کە ئەو دیسپلینو سەربەخۆبوونەی کە باوکی دەیەوێ، هەڕەشەی لێدەکاو وا ئەزانێ باوکی گەرەکیە سیرەتی ببڕێ، یان بە واتایاکیتر دەیخەسێنێ. کوڕ تا رادەیەك بە ئاگاییەوە،

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بەڵام زیاتر لە ئاستی ناوشیارییدا (unconscious level) باوکی بە رەقیبی خۆ دەزانێ. کوڕ پاش سەرکوتکردنی هەستی سێکسی لە ئاست دایکیداو قبووڵکردنی باوکی وەك کەسێکی بەهێزتر، خۆی وەك باوکی دەبینێو لە شوناسی پیاوانەی خۆی تێدەگا. کوڕ لە ناوشیاری خۆیدا لەوە دەترسێ کە بە هۆی باوکییەوە بخەسێنرێ، بۆیە ئەشقی خۆی بۆ دایکی دەشارێتەوە. وا دیارە کچان "خەفەتی بێ سیرەتی"(penis envy) ئازاریان دەدا چونکە خاوەنی ئەو ئەندامە زەقە نین کە کوڕان جیاواز دەکاتەوە. دایك لە چاو کچە بچوکەکەدا ئەو نرخو قورساییەی نییە، چونکە ئەویش لە سیرەت بێ بەشەو توانای ئەوەی نییە کە ئەو ئەندامە دابین بکا. کاتێ کچ خۆێ وەك دایکی دەبینێ، ملکەچی دەکاتە پیشەو خۆی بە بوونەوەرێکی پلە دوو دەزانێ.

بە کۆتاییهاتنی قۆناغی ئۆدیب، منداڵ فێر دەبێ کە هەستە سیکسییە ئاشقانەکانی (erotic feelings) سەرکوت بکا. بە رای فرۆید ئەم قۆناغە لە تەمەنی پێنج ساڵییەوە تا تەمەنی باڵقبوون قوناغی شاراوەییە(latency) - چالاکییە سیکسییەکان بە شێوەی کاتی رادەگیرین، تا کاتێك کە گۆڕانە بیولۆژیکییەکان لە قۆناغی باڵقبوونی مەیلە سیکسییە ئاشقانەکاندا بە شێوەی راستەوخۆ سەر لە نوێ چالاك دەبنەوە. قۆناغی شاراوەیی، کە ساڵە سەرەتاییو نێونجییەکانی قوتابخانە دەگرێتەوە، سەردەمێکە کە گرووپە هاوتەمەنو هاو رەگەزەکان (same-sex peer groups) زۆرترین گرنگییان لە ژیانی منداڵدا هەیە.

### هەڵسەنگاندن

گەلێك رەخنەی گرنگ لە روانگەکانی فرۆید گیراوە، بە تایبەت لە لایەن هەندێ لە لایەنگرانی مافەکانی ژنانو زۆرێك لە نوسەرانی دیکەوە. (Mitchell, 1973; Coward, 1984). یەکەم، وادێتە بەرچاو کە فرۆید لە رادەبەدەر شوناسی رەگەزی دەبەستێتەوە بە وشیاریی سێکسییەوە، بێگومان گەلێك هۆکاری وردتر لەم شتەدا دەور د ەبینن. دووەم، وا دێتە بەرچاو تیۆرییەکەی فرۆید پشتی بەم ئەندێشەیە بەستووە کە سیرەت بە شێوەیەکی سروشتی لە زێ باشترەو زێ تەنیا لە نەبوونی سیرەتدا مانا پەیدا دەکا. بەو حاڵەش بۆ نابێ کۆئەندامی زاوزێی ژن لە کۆئەندامی زاوزێی پیاو بە باشتر بەزانرێ. سێهەم، فرۆید باوك بە هۆکاری سەرەکی زەبرو زەنگ دەزانێ، لە حاڵێکدا لە زۆرێك لە کولتوورەکاندا دایك دەورێکی گرنگتری لە داسەپاندنی زەبرو زەنگدا دەگێڕی. چوارەم، فرۆید بڕوای وایە کە پەروەدەبوونی رەگەزی لە قۆناغی ئۆدیبدا لە دەوروبەری تەمەنی چوار تا پێنج ساڵیدا چەقی بەستووە. زۆربەی نوسەرانی دوایی و بەتایبەت ئەوانەیان کە بە توندی کەوتوونەتە ژێر کارتێکەری فرۆید، جەختیان لە سەر ئەوە کردۆتەوە کە فێربوون لە سەرەتای منداڵیو تەمەنی خوارەوە دەست پێدەکا.

### تێوری چودرۆف دەربارەی گەشەی رەگەزی

لە حاڵێکدا کە زۆرێك لە نوسەران سوودیان لە ئاڕاستەی فرۆید لە توێژینەوەی گەشەی رەگەزی وەرگرتووە، بە گشتی لە چەند لایەنێکی گرنگەوە ئەو ئاڕاستەیانەیان هەموار کردووە. نموونەیەکی دیار لەم بوارەدا کارەکەی نانسی چودرۆفە(Nancy Chodrow 1978 1988).چودرۆف بەر لەوەی لە گەڵ تیۆرییەکەی فرۆیددا هاوڕا بێت، لە گەڵ نوسەرانی بەرهەمە دەروونشیکارییە نوێیەکاندا هاودەنگە کە بڕوایان وایە هەستکردن بە نێر یان مێبوون یەکێکە لە ئەزموونە سەرەتاییەکان کە لە هۆگربوونی منداڵ بە دایكو باوکییەوە سەرچاوە دەگرێ. جگە لەوە، چودروف زۆر لە فرۆید زیاتر پێ لە سەر گرنگی دایك دادەگرێ تا باوك. منداڵان حەزیان بە تێکەڵبوونی عاتفی لە گەڵ دایکیان هەیە، چونکە دایك بە ئاسانی گرنگترین کاریگەریی لە قۆناغە سەرەتاییەکانی ژیانی ئەواندا هەیە. دەبێ ئەم هۆگرییە لە پێناو دروستبوونی هەسیتکی جیاوازو تایبەت بەخۆدا لە قۆناغێکدا دابڕێ — پێویستە منداڵ خۆی کەمتر بە هۆگری دایکی بزانێ.

چودرۆف بە بەڵگەوە دەڵێ کە ئەم پرۆسەی دابڕانە - کە فرۆید بە قۆناغی کاتی ئۆدیب وەسفی دەکا — بۆ کچانو کوڕان بە شێوەی جیاواز روو دەدا. کچان بە پێچەوانەی کوڕانەوە لە دایکیان نزیك دەکەونەوە — بۆ

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

نموونە، دەتوانن بەروەدام  لە ئامێزی بکەنو ماچی بکەنو لاسایی کارەکانی بکەنەوە. کچ لە چاو کوڕ بو ماوەیەکی درێژتر هۆگری دایکی دەبێ. لە بەر ئەوەی کە دابڕانێکی کتوپڕ لە نێوان کچو دایکدا روو نادات، ئەو کچەی کە دواتر دەبێ بە ژنێکی گەورە لە پێوەندی لەگەڵ خەڵکیتردا خۆی دەناسێ. پێدەچێ شوناسی ئەو زیاتر تێکەڵ بە شوناسی ئەویدی بێت یان بێتە پاشکۆی شوناسی ئەویترەوە: سەرەتا دایکیو پاشان پیاویك. چودرۆف پێیوایە ئەم حاڵەتە لە ژناندا دەبێتە هۆێ دروستبوونی سۆزو دڵسۆزیو دووبارەبوونەوە لە نێو نەوەکانی داهاتوودا.

کوڕان لە رێگای رەتکردنەوەی توندرەوانەی نزیککەوتنەوەی سەرەتاییان لە دایك دەگەنە هەستی خۆناسینو دەرکیان لە تایبەتمەندیی پیاوانە لە سەر بنەمای ئەو شتەی کە ژنانە نییە، دروست دەبێت.ئەوان دەبێ فێر بن کە کچەرەنگ (sissies) یان ترسنۆك (mother's boy) نەبن. لە ئاکامدا، کوڕان تا رادەیەك ناتوانن بە باشی پێوەندییەکی نزیکتر لە گەڵ کەسانیتردا دروست بکەن، ئەوان بە شێوەیەکی شیکارانەتر دەڕواننە جیهان. چالاکانەتر کار دەکەنو گرنگیی زیاتر بە پێشکەوتن دەدەن، بەڵام  تواناییەکانی خۆیان بۆ  دەرککردنی هەستی خۆیانو هی کەسانیتر سەرکوت کردووە.

لێرەدا چودرۆف تا رادەیەك  جەخکردنەکەی فرۆید ئاوەژوو دەکا. ئەو لە باتی تایبەتمەندیی ژنانە تایبەتمەندییە پیاوانەکان وەك "بۆشاییەك" پێناسە دەکا. واتە لە دەستدانی هۆگرییەکی نزیکی بەردەوام لە ئاست دایکدا. شوناسی پیاوانە لە رێگای جیاییەوە دروست دەبێت. بەمجۆرە پیاوان بە شێوەیەکی خۆبەخۆ لە قۆناغەکانی دیکەی ژیاندا وا هەست دەکەن کە ئەگەر پێوەندییەکی نزیکی سۆزداری لە گەڵ کەسانیتردا دروست بکەن، شوناسیان دەکەوێتە مەترسییەوە. لە لایەکیترەوە، ژنان وا بیر ناکەنەوە، نەبوونی پێوەندییەکی نزیك لە گەڵ کەسێکیتردا ئەو هەستە لای ژنان دروست دەکا کە رێزو حورمەتیان دەکەوێتە مەترسییەوە. لە بەر ئەوەی کە ژنان دەورێکی سەرەکی لە بەکۆمەڵایەتیکردنی منداڵاندا دەگێڕن، ئەم سەرمەشقانە لە نەوەیکەوە بۆ نەوەیکیتر دەگوازرێنەوە. لە بنەڕەتدا ژنان بە پێی پێوەندییەکانیان هەستەکانی خۆیان دەردەبڕنو پێناسەی دەکەن. پیاوان ئەم  شتانەیان سەرکوت کردووەو بە شێوەیەکی پراتیکیانەتر دەڕواننە جیهان.

### هەڵسەنگاندن

چودرۆف رووبەرووی رەخنەیەکی زۆر بووەتەوە. بۆ نموونە، جنت سایرەز وتوویەتی کە چودرۆف خەباتی ژنان – بە تایبەت لەم سەردەمەدا - لە پێناو سەربەخۆبوونو پاشکۆنەبووندا پشتگۆی دەخات (Sayers, 1986). بە وتەی ئەو، ژنان (و پیاوان)، زیاتر لەوەی کە چۆدرۆف لە تیۆرییەکەی خۆدا نیشانی دەدا، لە رووی دەروونییەوە تێکەڵاو  یان دژوازن. سایرەز ئەوە دەسەلمێنێ کە، رەنگە تایبەتمەندیی ژنانە ببێتە هۆی ئەوەی کە دەمشڕبوون (aggressiveness) یان ئازایەتی (assertiveness) کە تەنیا لە هەندێ بەستێندا ئاشکرا دەکرێ، بشاردرێتەوە (Brennan, 1988). هەرچەند ئەندێشەکانی چۆدرۆف سنووردارن، بەڵام گرنگیی خۆیان هەیە. ئەو ئەندێشانە یارمەتیمان دەدەن تا سەرچاوەی ئەو شتەی کە دەروونناسەکان پێی دەڵێن "بێ توانایی پیاوان لە دەربڕینی هەستەکانیاندا"- ئەو دژوارییەی کە پیاوان لە کاتی دەربڕینی هەستەکانیان بۆ کەسانی دیکە تووشی دەبن- بناسین (Balswick, 1983). ئەو ئەندێشانە زۆر شت لەمەڕ ماهییەتی تایبەتمەندییە ژنانەکان روون دەکەنەوە،و راستەوخۆ پێوەندییان بە تێگەیشتن لە ماهییەتی گشتیی زاڵبوونی پیاوان بە سەر ژناندا هەیە - دیاردەیەك کە دواتر لەم پاژەدا بە بەڵگەوە شرۆڤەی دەکەین.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

کارۆل گیلیگان بە پێی ئەو وێنا زەینییانەی کە ژنانو پیاوان لە خۆیانو دەسکەوتەکانیان هەیانە، شیکردنەوەیەکی لە سەر جیاوازییە رەگەزییەکان ئەنجام داوە(Gilligan, 1982). ئەو لە گەڵ چۆدرۆڤدا هاودەنگە کە دەڵێ ژنان بە پێی پێوەندییە شەخسییەکانیان هەستەکانی خۆیان پێناسە دەکەنو دەسکەوتەکانی خۆیان بە ئاماژەکردن بۆ توانایی نۆژداریکردنی کەسانیتر هەڵدەسەنگێنن. رۆڵی ژنان لە ژیانی پیاواندا بە شێوەیەکی نەریتی رۆڵی و یارمەتیدەرە. بەڵام پیاوان کە پێشکەوتنی تاکەکەسی بە تەنیا شێوەی سەرکەوتن دەزانن، بایەخێکی ئەوتۆ بۆ ئەو شایەستەگییانە قایل نین کە لە بەرێوەبردنی ئەم ئەرکانەدا بە دەستی دێنن. سەرنجدانی ژنان بە پێوەندییەکان بە زۆری وەك خاڵێکی لاواز چاو لێدەکرێ، نەك خاڵێکی بەهێز.

گیلیگان لە گەڵ نزیکەی دووسەد ژنو پیاوی ئەمریکیدا کە سەر بە تەمەنی جیاوازو بەستێنی کۆمەڵایەتی جیاواز بوون، چەند وتوێژێکی قووڵی ئەنجام داوە. ئەو ریزە پرسیارێك دەربارەی شێوەی روانینی ئەخلاقی ئەوانو تێگەیشتنیان لەسەر خویان هێناوەتە گۆڕێ. گەلێك جیاوازی نەگۆڕ لە نێوان روانینی ژنانو پیاواندا بەرچاو کەوت. بۆ نموونە، پرسیار کرا: کە دەڵێن شتێك لە رووی ئەخلاقییەوە دروستە یان هەڵەیە، مانای چییە؟ لە حاڵێکدا کە پیاوەکان بە گشتی بە ئاماژەکردن بە ئایدیالە ئەبستراکەکانی وەك ئەرك، عەداڵەتو ئازادی تاکەکەسی وەڵامی پرسیارەکانیان دەدایەوە، ژنان بەردەوام مەسەلەی یارمەتیدان بە کەسانیتریان دەهێنایە گۆڕێ. بەم پێیە کچەخوێندکارێکی زانستگا ئاوا وەڵامی دایەوە:

«ئەم (ئەخلاقە) لە گەڵ بەرپرسیارەتییەکانو بەرعۆدەبوونەکانو بەهاکان، بەتایبەت بەهاکاندا پێوەندی هەیە... من لە ژیانمدا ئەخلاق دەبەستەمەوە بە پێوەندی نێوان تاکەکان کە پێوەندییان بە رێزی دوولایەنەوە هەیە». توێژەرەکە پاشان پرسی: بۆ دەبێ رێز لە کەسانیتر بگرین؟ وەڵامەکەی ئەمە بوو کە، چونکە ئەوان خاوەن هەستو شیارییەکی ئەتۆن کە رەنگە دڵگران ببن، رەنگە ئەوان هەستیان برینددا ببێ. (Gilligan, 1982, p. 65).

ژنان لە داوەرییە ئەخلاقییەکانیاندا نەرمتر لە پیاوان بوونو دەیانزانی کە رەنگە پێڕەوکردنی کۆمەڵە یاسایەکی وشکی ئەخلاقیو خۆپاراستن لە دڵئێشاندنی خەڵك کارێکی دژوار بێت. گیلیگان دەڵێ ئەمجۆرە تێڕوانینە رەنگدانەوەی رەوشی نەریتیانەی ژنانە کە زیاتر پابەندی پێوەندی چاودێریکەرانەن تا تێڕوانینە "ئۆبژکتیڤەکان"ی پیاوان. ژنان لە رابردوودا رێزیان بۆ داوەریکردنی پیاوان دادەنا، لە حاڵێکدا دەیانزانی کە هەندێ تایبەتمەندییان تێدایە کە لە پیاواندا نییە. بیرکردنەوەکانی ئەوان لە سەر خۆیان بە پێی دابینکردنی سەرکەوتوانەی خواستەکانی کەسانیترە، نەك شانازیکردن بە خۆ و پێشکەوتنەکانیان.

باوکسالاری‌و بەرهەمهێنان

بالادەستی پیاوان

هەرچەند جیاوازییەکی بەرچاو لە کولتورە جۆراوجۆرەکاندا لە نێوان رۆڵی ژنانو پیاواندا هەیە، لە هیچ کۆمەڵگەیەکدا نموونەیەکی ناسراو بەرچاو ناکەوێ کە ژنان تێیدا لە پیاوان بەهێزتر بن. ژنان لە هەموو شوێنێکدا بە شێوەی بنەڕەتی بە کاری پەروەردەکردنی منداڵ، ئاگاداری‌و ئیدارەکردنی ماڵەوە سەرقاڵن، لە حاڵێکدا چالاکی سیاسی‌و سەربازی بە زەقی بە باڵای پیاواندا براوە. لە هیچ شوێنێکی دونیادا پەروەردەکردنی منداڵ راستەوخۆ لە ئەستۆی پیاوان نییە. بە پێچەوانەوە، ئەو کولتورانەی کە تێیاندا ژنان بەرپرسیایەتی سەرەکی لەوەڕاندنی ئاژەڵە گەورەکان، راوکردن، ماسیگرتن لە دەریا قووڵەکان یان زەویکێڵان بە گاوئاسنیان لە ئەستۆیە، ئەگەریش هەبن، زۆر کەمن. لە کۆمەڵگەپیشەسازییەکاندا، دابەشکردنی کار لە نێوان ژنانو پیاواندا لە چاو کۆمەڵگە دواکەوتووەکاندا کەمتر زەق‌و بەرچاوە، بەڵام رێژەی پیاوان لە قەلەمڕەوەکانی هێزو دەسەڵاتدا هێشتا لە ژنان زیاترە.

بالادەستبوونی پیاو بە گشتی پێی دەوترێ باوکسالاری. بۆ دەبێ باوکسالاری – بە شێوەی جۆراوجۆر - باو بێت؟ وەڵامی جۆراوجۆر بەم پرسیارە دراوەتەوە، بەڵام نزیکترین دەربڕین، تا رادەیەك سادەیە. ژنان منداڵیان

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دەبێ و گەورەی دەکەن. داماویی منداڵی مرۆڤ وا دەخوازێ هەر لە سەرەتاوە بە توندوی و بەردەوامی ئاگاداری بکرێت – لێرەدایە کە چۆدرۆف جەخت لە سەر ئەوە دەکات کە "دایکایەتی" گرێی خواردووە بە ئەزموونی ژنانەوە. پێویستی فیزیکی وا دەکا کە دایکان منداڵیان ببێ و پەرستاریی بکەن و ئەمە بە سادەیی دەبێتە هۆی ئەوەی کە ژنان وەك لە هەموو کولتورەکاندا قبووڵیان کردووە، بەردەوام رۆڵی نۆژداریکردن و پەروەردەکردن بگێڕن. ژنان لە بەر ئەوە کە رۆڵی دایك و نۆژدار دەبینن، لە بنەڕەتدا لە چوارچێوەی راییکردنی کارەکانی ناوماڵدا قەتیس دەمێنن. ژنان دەبنە ئەو شتەی کە رۆماننووس و رەخنەگری فەرەنسی، سیمۆن دوبوار ناوی لێناوە "رەگەزی دووەم" (second sex). چونکە رێگە نەدراوە وەك پیاوان رۆڵی گشتیتر ببینن (de Beauvaoir, 1972). پیاوان بە هۆی هێزی بالای فیزیکییەوە، یان لە بەر توانستی فیکری تایبەتەوە بە سەر ژناندا زاڵ نین، بەڵکو لە بەر ئەوە وەپێش کەوتوون کە بەر لە راگیرکردنی زاوزێ، ژنان دیلی پێکهاتەی بیولۆژیکی خۆیان بوون. منداڵبوونی پەیتاپەیتا،و ئاگاداریکردنی بەردەوامی منداڵان،لە رووی بژیوی ژیانەوە ئەوانی دەکردە پاشکۆی پیاوان(Michell, 1973 & Firestone, 1971) .

**ژنان و کارگە: دیمەنی مێژوویی**

بۆ زۆربەی هەرە زۆری حشیمەتی کۆمەڵگە نەریتییەکان (و زۆرێك لە خەڵکی جیهانی سێهەمی ئەم سەردەمە)، کاری بەرهەمهێنان و کاری نێو ماڵ لە یەکتر جیا نەبوون. کاری بەرهەمهێن یان لە ماڵەوە یان لە نزیکی شوێنی ژیاندا ئەنجام دەدرا. لە ئەورووپای سەدەکانی نێوەڕاستدا هەموو ئەندامانی بنەماڵە یان لە مەزرا یان لە کارەدەستییەکاند بەشدارییان دەکرد. لە شارەکاندا، بە گشتی خەڵك لە ماڵەوە کارگەیان هەبوو و ئەندامانی بنەماڵە لە لایەنە جیاوازەکانی پرۆسەی بەرهەمهێناندا هاریکارییان دەکرد. بۆ نموونە، لە پیشەی رستن و چنیندا، منداڵان کەڵکیت و شانەلێدانیان دەکردو ژنان و کچە عازەبەکان کاری رستن و باوکانیش کاری چنینیان ئەنجام دەدا. هەر بەم شێوەیە ژنان و منداڵان لە کاری درووماندن، پینەچییەتی و نانەواییدا راستەوخۆ لە گەڵ پیاوان کاریان دەکرد. ژنان هەرچەند رێگەیان پینەئەدرا لە قەڵەمرەوی پیاوانەی شەڕ و سیاسەتدا بەشدار بن، بەڵام لە بەر ئەوەی رۆڵێکی گرینگیان لە پرۆسەی ئابووریدا هەبوو، بە زۆری لە نێو بنەماڵەدا دەستڕۆیشتوویییەکی زۆریان هەبوو. ژنی پیشەوەر بە زۆری بە حسێب و کتێبەکاندا رادەگەیشتن، هەر بەو شێوەیە ژنی وەرزێڕەکانیش هەر ئەم کارەیان دەکردو بێوەژنەکانیش بە گشتی نانهێنەر و بەڕێوەبەری بنەماڵە بوون.

لە ئەنجامی پەرەسەندنی پیشەسازیدا کارگەکان لە خانووەکان جیا کرانەوەو دۆخەکە گۆڕانێکی زۆری بە خۆوە دیت. گواستنەوەی بەرهەمهێنان بۆ نێو فابریکە میکانیزەکان وەك گرنگترین هۆکاری یاریدەر لەم پێوەندەییەدا چاو لێدەکرێ. کارکردن بە خێرایی ئامێرەکان بە هۆی ئەو کەسانەوە ئەنجام دەدرا کە تایبەت بەم کارە دامەزرابوون، بەمجۆرە لەمەوبەدوا خاوەن کارەکان گرێبەستی تاکەکەسییان لە گەڵ کرێکارەکاندا ئیمزا دەکرد، نەك لە گەڵ بنەماڵەکان. بەڵام دەمێکی زۆری خایاند تا شێوازی کۆنی بە یەکەوە دانانی بنەماڵەکان لە نێو چوو. لە سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەهەمدا لە بریتانیاو زۆرێك لە وڵاتە ئەورووپییەکاندا خاوەن کارەکان هێشتا بنەماڵەکانیان وەك یەکەیەك بە کرێ دەگرت. بۆ نموونە، ئەگەر باوك بۆ کارکردن لە فابریکەدا بە کرێ دەگیرا، ژن و منداڵەکەی وەك خزمەتکاری ماڵەوە یان کرێکاری مەزرا کاریان دەکرد.

بەڵام ئەم شێوازە بەرەبەر لە نێو چوو، شوێنی ژیان و شوێنی کار بە تەواوەتی لێك دابڕان. ژنان لە پێوەندی لە گەڵ کاری نێوماڵدا پێناسە کران، ئەگەرچی ئەم ئەندێشەیە کە دەڵێ "جێگای ژن ماڵەوەیە" لە ئاستە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگەدا بە شێوەی جۆراوجۆر لێك دەدرایەوە. خاتوونە دەوڵەمەندەکان گزیرو خزمەتکارو پەرستاریان هەبوو. قورسایی ژیان کەوتبووە سەر شانی ژنە هەژارەکان، چونکە ناچار بوون هەم ئیشی ماڵەوە رایی بکەن و هەم شانبەشانی هاوسەرەکانیان لە فابریکەکاندا کار بکەن.

رێژەی کارکردنی ژنان لە دەرەوەی ماڵ تا سەدەی بیستەم بۆ هەموو چین و توێژەکان زۆر کەم بوو. تەنانەت تا

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ساڵی 1910 لە بریتانیادا، زیاتر لە یەك لەسەر سێی ئەو ژنانەی کە لە دەرەوەی ماڵ کاریان دەکرد، بریتی بوون لە خزمەتکار یان کارەکەری ماڵان. هێزی کاری ژنان لە بنەڕەتدا لە ژنە گنجەکان پێك دەهات کە حەقدەستەکانیان دوای ئەوەی لە فابریکە یان دائیرەکاندا کاریان دەکرد، راستەوخۆ لە لایەن خاوەنکارەکانەوە دەنێردرا بۆ باوكو دایکیان. ئەم ژنانە دوای شووکردن وازیان لە کارکردن دەهێنا.

لەو کاتەوە تاکو ئێستا، بەشداری ژنان لە هێزی کاردا کەموزۆر چووەتە سەر. یەکێك لە هۆکارە سەرەکەییەکانی ئەم کارە، دەگەڕێتەوە بە کەمبوونی هێزی کار لە سەردەمی شەڕی جیهانی دووەمدا. بە درێژایی شەڕەکە، ژنان زۆرێك لەو کارانەیان ئەنجام دەدا کە پێشتر بۆ پیاوان تاپۆ کرابوون. دوای تەوابوونی شەڕ، سەر لە نوێ پیاوان چوونەوە سەر کارەکانی خۆیان، بەڵام مودێلی پێشوو ئیتر تێك شکابوو. ئەمڕۆ زیاتر لە 50٪ی ژنانی نێوان 16 تا 60 ساڵ لە زۆربەی وڵاتە ئەوروپییەکاندا فەرمانبەرو مووچەخۆرن. بەرچاوترین چوونەسەر لە نێو ژنە مێرددارەکاندا بووە. ئێستا لە بریتانیادا زیاتر لە 40٪ی ئەو ژنانەی کە منداڵی خوار تەمەنی سێ ساڵیان هەیە، خەریکی کارنو داهاتیان هەیە. بە سەرەرینی ئەمانەشەوە، هێشتا هێزی کاری ژنانی مووچەخور لە چاو پیاوان زۆر کەمترە. زیاتر لە 74٪ی حەشیمەتی پیاوانی نێوان تەمەنی بیستو پێنج تا شەست ساڵ کاری مووچەخۆری دەکەنو، ئەم رێژەیە بە درێژایی سەدەی رابردوو گۆڕانێکی ئەوتۆی بە خۆوە نەدیوە. پەرەسەندنی ئاستەکانی کارکردن بو ژنان لە ئەنجامی دەرپەڕاندنی هێزی کاری پیاوان لە لایەن ژنانەوە بەدی نەهاتووە، بەڵکو ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ چوونەسەری گشتیی ژمارەی ئەو کارانەی کە سەریان هەڵداوە.

نایەکسانی لە کاردا

هێزی کاری ژنان ئەمڕۆ بە گشتی لەو کارە ئاساییانەدا چەقی بەستووە کە حەقدەستێکی کەمتریان هەیە. گۆڕانکاری لە رێکخستنی کارەکانو تێگەیشتنی رۆتینی لە رۆڵی رەگەزی یارمەتی بەم بارە کردووە. بە دەرکەوتنی گۆڕان لە کەسێتیو ئەرکەکانی "کاری ئیداری"دا نموونەیەکی زەقی ئەم بوارەیە. لە ساڵی 1850 لە بریتانیادا، 99٪ی فەرمانبەرە ئیدارییەکان لە پیاوان پێك دەهاتن. فەرمانبەری ئیداریبوون بە زۆری هەڵگری واتای هەبوونی پلەو پایەی بەرپرسیاریەتی، بوونی زانیاریو پسپوڕی لە بواری ژمێریاریو هەندێجاریش هاوکات لە گەڵ بەرپرسیاری لە بەڕێوەبەریدا بوو. تەنانەت سادەترین فەرمانبەری ئیداریش لە نێو کۆمەڵدا کەسێتییەکی دیاریکراوی هەبوو. سەدەی بیستەم سەدەی بە ئامێرکردنی کارە ئیدارییەکان بوو (ئەم گۆڕانە بە باوبوونی ئامێری تایپ لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا دەستی پێ کرد.)، کاتێ کە لێزانییەکانو پلەو پایەی "فەرمانبەری ئیداری" بە شێوەیەکی دیارو بەرچاو دابەزی، پوستێکی دیکەی پێوەندیدار، واتە پۆستی سکرتێری ئیداری بوو بە کارێکی ناگرنگو کەم حەقدەست. بەرەبەرە کەپرستیژو حەقدەستی ئەمجۆرە کارانە دابەزی، ژنان ئەم پۆستانەیان داگیر کرد. لە بریتانیای ساڵی 1991دا نزیکەی 90٪ی فەرمانبەرەکانو 98٪ی هەموو سکرتێرەکان ژن بوون.

لەم دواییانەدا ژنان تا رادەیەك روویان لەو پیشانە کرد کە بە "پیشەی پیاوان" ناودێر کرابوون،بەڵام تاکو ئێستا لە رادەیەکی سنووردار‌دا توانیویانە ئەم پیشانە بە دەست بهێنن. سەرباری ئەوەی کە لە بریتانیای ساڵی 1984دا ژنان 46٪ی هێزی کاری مووچەخۆر پێك دەهێنا، تەنیا 17٪ی پۆستەکانی سەرووی بەڕێوەبەرایەتییان بە دەستەوە گرتبوو. ژنان تەنیا 5٪ی تەواوی دامەزراوە بازرگانییەکانیان بە دەستەوەیە و ئەم دامەزراوانە تەنیا 1٪ی پێداویستییەکانی بازاڕ دابین دەکەن. کاتێ لە ساڵی 1979دا مارگارت تاچێر بوو بە یەکەم سەرۆك وەزیرانی ژن لە بریتانیادا، ئەم کارە وەك هەنگاوێکی بەرەوپێش بۆ ژنان بە شێوەیەکی گشتی لە قەڵەم درا. لە راستیدا، ساڵی 1980 پارلمانی بریتانیا لە 1762 پیاوو تەنیا 87 ژن پێك هاتبوو،و

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

تاكو ئێستاش گۆڕانێكی ئەوتۆ لەم نایەكسانییەدا بەرچاو ناكەوێ.

**پرسەكانی سەركەوتن**

ئەو بەشە لە ژنان كە لە رووی ئابوورییەوە سەركەوتوون، ناچارن لە گەڵ دونیایەكدا خۆیان بگونجێن كە بە هی خۆیانی نازانن. مارگارت هینگو ئان ژاردن ئەزموونەكانی بەڕیوەبەرانی ژن لە گەڵ كەسێكدا بەراورد دەكەن كە بۆ ماوەیەكی دوورو درێژ دەچێتە وڵاتێكی دیكە. پێویستە نەخشەو رێبەری چاك لە گەڵ خۆێدا بباتو یاساكانی خەڵكی ئەو ناوچەیە رەچاو بكات. شۆكی كولتوری (culture shock) تا رادەیەك شتێكی ناچارییەو تەنانەت ئەو بێگانەیە كە بۆ هەمیشە لە وڵاتێكی بیانیدا دەژی، هەرگیز وەك كەسێكی خۆیی چاو لێناكرێ، بەڵام هینگو ژاردن پێشبینی ئەوە دەكەن كە رەنگە ژنان لە درێژخایەندا سیستمی بەهای پیاوانە هەموار بكەنو بەرپرسیاریەتی بنەماڵەییو پێویستییە كارییەكان پێكەوە هاوئاهەنگ بكەن. (Hennig & jardin, 1977).

یەكێك لەو هۆكارە سەرەكییانە كە كار دەكاتە سەر ژیانی پیشەیی ژنان، ئەم تێگەیشتنە پیاوانەیە كە كاركردن بۆ ژنانی فەرمانبەر، دوای منداڵبوون لە پلەی دووەمدایە. یەكێك لە توێژینەوەكانی ئەم دواییە لە بریتانیادا تاوتوێی راوبۆچوونی ئەو بەڕێوەبەرانە دەكا كە لە گەڵ ژنانی خوازیاری كاردا لە بەشی تەكنیكی ناوەندە خزمەتگوزارییە لەشساغییەكاندا گفتوگۆیان كردووە. توێژەرەكان بۆیان دەركەوت كە بەڕێوەبەرەكان هەمیشە لە ژنانیان پرسیوە كە ئاخۆ منداڵیان هەیە یان نا،و ئاخۆ بەرنامەی منداڵبوونیان هەیە؟ لە حاڵێكدا كە هیچكات ئەم شتەیان لە پیاوانی خوازیار نەپرسیوە. كاتێ هۆی ئەم شتەیان لێپرسیون، لە هەموو وەڵامەكاندا دوو مەسەلە بەرچاو كەوتووە: یەكەم، رەنگە ژنە منداڵدارەكان بۆ رۆژانی پشوودانی قوتابخانە یان نەخۆشی منداڵەكانیان پێویستیان بە مۆڵەتێكی زیاتر هەبێ، دووەم، ئەركی منداڵ بەخێوكردن زیاتر بە مەسەلەی دایك دەزانرێ تا هی دایكو باوك.

هەندێك لە بەڕیوەبەرەكان هۆی دەرخستنی ئەو پرسیارانەیان بۆ ئەوە دەگەڕاندەوە كە "سەرنجێكی تایبەتییان بە فەرمانبەرە ژنەكانیان داوە، بەڵام زۆربەیان ئەمجۆرە پرسیارانەیان وەك بەشێك لە ئەركەكانیان بۆ هەڵسەنگاندنی خوازیارێكی ژن چاو لێدەكرد تا دەربكەوێ كە چەندە دەتوانن لە داهاتوودا ببن بە هاوكارێكی جێی متمانە.بەم شێوەیە یەكێك لە بەڕێوەبەرەكان رایگەیاند: من قبووڵمە كە ئەمە تا رادەیەك پرسیارێكی شەخسییە، بەڵام پێمولیە كە دەبێ وەك كێشەیەك چاوی لێبكەین. راستە كە ئەمە بۆ پیاو رووناداتت، بەڵام لە سەریكیشەوە بێ ئینسافانەیە – ئەمە هەڵێكی یەكسان نییە، چونكە پیاو هەرگیز بەم شێوەیە ناتوانێ ماڵو منداڵ پێكەوە بنێ. (Homans, 1987, p. 92). لە گەڵ ئەوەدا ئەگەرچی پیاوان ناتوانن لە رووی بیولۆژییەوە منداڵ بە دونیا بێنن، بەڵام ئاشكرایە كە رەنگە بەشێك لە بەرپرسیاریەتی بەخێوكردنی منداڵ بكەوێتە ئەستۆیان. ئەگەرێكی وەها لە لایەن هیچكام لە بەرێوەبەرانەوە لە بەرچاو نەگیرابوو. هەمان ئەو تێڕوانینە لە بارەی بەرزكردنەوەی پلەی كاری ژنانیشەوە هەبوو: ئەوان رەنگە سەرباری بوونی پلەو پایەیەكی باشیش ناچار بن سەبارەت بە ئاگاداریكردنی منداڵەكانیان بۆ ماوەیەكی كاتی واز لە كارەكەیان بێنن. یەكێك لە بەرێوەبەرە پایەبەرزەكان لەم پێوەندییەدا وتی:

پیاوەكان لە ئاستە بەرزترەكاندا لە بەر ئەوە زاڵن چونكە ژنان سەبارەت بە منداڵبوونو كاری لەو جۆرە واز لە كارەكەیان دەهێنن... من پێم وانییە كە ئەم پلەوپایەبەرزكردنەوە حەتمەن دەبێ "گزینشی" بێت، بەڵكو ئەمە تەنیا واقیعیەتەكانی ژیانە كە بە گشتی ژنان هەوڵدەدەن بڕۆن، شوو بكەنو منداڵیان ببێ، كەواتە ژیانێكی كاری پچڕپچڕیان هەیە. ئەوان دوای گەڕانەوەیان وەستانێك لە ئەزموونو فێربوونیاندا دروست بووەو،كاتێ دێیو لەمە ئەكۆڵییەوە و دەتەوێ خۆبەخشەكان تاقی بكەیەوە، ئەوەی كە گرنگە مەرجەكانی جێبەجێكردنی كارای ئەركەكانە، نەك رەگەزی خۆبەخشەكە. ئێوە خۆبەخشێكتان هەیە كە رەنگە ژنێك بێت كە بە هۆی گرفتی بنەماڵییەوە سێ ساڵ لە كارەكەی دوور بووەو پیاوێك كە بەردەوام لە كارەكەیدا هەبووە، بۆیە تا

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

رادەیەك ئاشكرایە كە بە مەرجی یەكسانبوونی مەرجەكانی دیكە، لە نێوان ژنو پیاوەكەدا، رەنگە پیاوەكە لە سەر ئیشەكە دابنرێ.(Homans, 1987, p.95).

ئەو ژمارە كەمەی ژنانیش كە پۆستێكی بەرزی بەڕێوەبەرایەتییان بە دەستەوە بوو، تێكڕا منداڵیان نەبوو،و چەندین كەس لەوانە كە دەیانویست لە داهاتووا منداڵیان ببێ، وتیان كە ئەیانەوێ واز لە كارەكەیان بێننو رەنگە دواتر سەر لە نوێ بۆ كاری دیكە رابهێنرێنەوە.
دەبێ بە چ شێوەیەك ئەم ئەنجامانە باس بكەین؟ ئاخۆ دەمارگرژی پیاوەكان لە بنەڕەتدا رێگرە لە بەردەم ژناندا بۆ كەڵكوەرگرتن لە هەلەكانی كاركردن؟ هەندێ لە بەڕێوەبەرەكان رایان وابوو كە نابێ دایكان هەوڵبدەن بۆ كاركردن بچنە دەرەوەی ماڵ، بەڵكو خۆیان بە منداڵداریو راییكردنی كارەكانی نێو ماڵەوە سەرقاڵ بكەن. بەڵام زۆربەیان ئەم پرنسیپەیان قبووڵ بوو كە ژنان دەبێ لە رووی كەڵكوەرگرتن لە هەلەكانی كاركردن لە گەڵ پیاواندا یەكسان بن. دەمارگرژی لە تێڕوانینەكانیاندا كەمتر پێوەندی بە خودی شوێنی كاركردنەوە هەبوو و زیاتر پێوەندی بە ئەركو بەرپرسیارێتی بنەماڵەییەوە هەبوو. ئێستا كە زۆربەی خەڵك ئەوە دەسەلمێنن كە ئەركەكانی دایكو باوك بە شێوەی یەكسان دابەش ناكرێ، كێشەكانی فەرمانبەرە ژنەكان هەر وەك خۆیان دەمێننەوە. هەروەك یەكێك لە بەڕێوەبەرەكان وتویەتی، ئەمە راستییەكی ژیانە كە ژنان لە بەراورد لە گەڵ پیاواندا لە رووی هەلەكانی پێشكەوتنەوە لە دۆخێكی تەواو نالەباردا دەژین (Cockburn, 1991).

حەقدەستی كەمو داوی هەژاری ژنان

هەروەك چاوەڕوان دەكرێ، نێونجی حەقدەستی ژنانی كاركەر زۆر لە هی پیاوان كەمترە، دیارە لە ماوەی بیست ساڵی رابردودا ئەم جیاوازییە تا رادەیەك كەم بووەتەوە. ژنان زیاتر لەو بەشانەدا كار دەكەن كە حەقدەستێكی كەمتریان هەیە، بەڵام تەنانەت لەو ئاستانەشدا ژنان لە چاو پیاوان مووچەیەكی كەمتر وەرەگرن. بۆ نموونە، ژنانی فەرمانبەر لە بریتانیادا داهاتیان بەرانبەرە بە 60٪ی داهاتی پیاوەكانو فرۆشیارە ژنەكانیش 57٪ی داهاتی پیاوەكان بە دەست دەهێنن.
لە بریتانیا رێژەكی بەرچاو لە ژنان لە هەژاریدا دەژین. ئەم مەسەلەیە بە تایبەت لە سەر ئەو ژنانە وەڕاست دەگەڕێ كە سەرپەرستی بنەماڵەن. لە نێو هەژارەكاندا رێژەی ژنان لەو دوو دەیەی پێشوودا بەردەوام چووەتەسەر، سەرباری ئەو راستییە كە رێژەی ئەو كەسانەی كە لە هەژاریدا دەژین لە دەیەی 1960دا دابەزیو لە دەیەی 1970دا نەگۆڕ بوو (سەر لەنوێ لە دەیەی 1980دا چووەسەر.) بە گشتی ئەو ژنانەی كە منداڵی وردیان هەیەو پێویستیان بە ئاگادارییەكی زیاتر هەیە، لە هەژارییەكی زۆردا دەژین. لێرەدا بە فیرۆچوونێك هەیە: ئەو ژنەی كە دەتوانێ كارێكی باشو داهاتێكی باشی هەبێ، لە بەر ئەوەی كە ناچارە خەرجی بەخێوكردنی منداڵەكەی بدات، رەنگە لە رووی ماددییەوە فەلەج ببێ، بەو
حاڵە ئەگەر نیودان كار بكا، داهاتەكەی دائەبەزێ، هیچ هەلێكی پێشكەوتنی لە بەردەمدا نامێنێو هەروەها ئیمتیازە ئابوورییەكانی دیكەی وەك مووچەی خانەنشینی - لە دەست دەدات (Rodgers, 1986).
تا چەند ئەم دۆخە لە وڵاتانی دیكەدا جیاوازە؟ وەك بنەڕەتێك بۆ بەراوردكردن، ئێمە سوید وەك نموونە دەهێنینەوە. بە بەراوردكردن لە گەڵ بریتانیادا ئەم وڵاتە ریزە هەنگاوێكی بەربڵاوتری بۆ باشتركردنی رەوشی ئابووری ژنان هەڵگرتووە.

نموونەی سوید

سوید لە رووی یاسای گەشەپێدانی یەكسانی نێوان ژنو پیاودا پێشەنگی جیهانی رۆژئاوایە (Scriven, 1984). بەشێكی بەرچاو لە ژنانی سوید فەرمانبەرن- لە ساڵی 1984دا 80٪ی ئەو كەسانەی تەمەنیان لە

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

نێوان 16 تا 64 ساڵدا بووە، کاریان کردووەو مووچەخۆر بوون. (Allmanl-manad Statisk 1987).
هەر ژنێك کە منداڵی دەبێ لە یەك مانگ پێش لە دایکبوونییەوە تا شەش مانگ دواتر لە لایەن دەوڵەتەوە هەندێ ئیمتیازی پێدەدرێ کە دەتوانێ 90٪ی داهاتی ئاسایی دابین بکا. ئەم شەش مانگە دەکرێ لە نێوان دایكو باوکدا بەو پێیە کە کامیان بۆ راگرتنی منداڵەکەیان بە شێوەی کاتی واز لە کارەکەی بهێنێ، دابەش دەبێت. ئیمتیازی 180 رۆژەی دیکەش هەیە، کە دایكو باوك دەتوانن لە قۆناغێکی دواتردا سوودی لێوەر بگرن. گەلێگ ناوەندی راگرتنی منداڵانیش هەن کە لە ساتەکانی دوای قوتابخانەو رۆژەکانی پشووداندا هەندێ ئاسانکاری بۆ منداڵانی تا تەمەن 12 ساڵ فەراهەم دەکەن.
وادیارە ئەم هەنگاوانە لە رووی فەراهەمکردنی چەند هەلو دەرفەتێك بۆ دەستڕاگەیشتنی ژنان بە پۆستو مقامی بەرز تا رادەیەك سەرکەوتوو بوون. بۆ نموونە، ژنان یەك لە سەر چواری کورسییەکانی پارلمانی سویدیان لە بەر دەستدایە کە لە ئاستی نێونەتەوەییدا یەکێك لە بەرزترین رێژەکانە. بەوحاڵەش ژمارەیەکی کەم لە ژنان لە ئاستە بەرزەکانی کۆمپانیا بازرگانییەکاندا دەبینرێنو لە زۆربەی ئیشوکارەکاندا ئامادەیی ژنان لە وڵاتانی دیکەی رۆژئاوایی زیاتر نییە. لە ساڵی 1985دا 45٪ی ژنانی سویدی بە شێوەی نیودان کاریان دەکرد، کە هەلی کاری، ئیمتیازی ئابووریو مووچەی خانەنشینی کەمتری هەیە (لە سویددا تەنیا 5٪ی پیاوەکان بە شێوەی نیودان کار دەکەن). زۆرێك لە ژنان حەز ناکەن بۆ ماوەیەکی زۆر منداڵەکانیان لە ناوەندەکانی داینگەکاندا بەجێ بهێڵنو لە بەر بوونی ئەو ناوەندانە، پیاوەکان پێیان وایە ئێستا کە وایە، پێویست ناکا لە کاری راگرتنی منداڵەکانیاندا بەشداری بکەن.

ژنانی ئەورووپای رۆژهەڵات

گوایە رووسیا "یەکەم وڵاتە کە لە جیهاندا یەکسانی ژنو پیاوی راگەیاندووەو خۆی لە ئاست ئەو سیاسەتانەی کە ئەم یەکسانییە دابین دەکەن، بە دەرووست زانیوە" (Attwood & McAndrrew, 1984, p. 259).
دوای شۆڕشی 1917ی رووسیا، حکومەتی نوێی شۆڕاکان راشکاوانە رایگەیاند کە گەلێك هەلی کاری یەکسان بۆ ژنانو پیاوان وێڕای ئیمتیازی دەوڵەتی بۆ راگرتنی منداڵان پێك دەهێنێ.
لە مانگی سێپتامبێری 19919دا لقێکی ژنان لە کومیتەی ناوەندی حیزبی بلشفیکدا بە ناوی ژنوتدل Zhentdel پێك هات. مەبەست ئەوە بوو کە ژنان رۆڵێکی سەرەکییان لە ژیانی سیاسیو ئابووریدا هەبێ. ژنوتدل لە گەڵ رێکخراوە ئەمرۆییەکانی ژناندا بەراورد کراوە - کە بە مەبەستی بردنەسەری ئاستی وشیاری ژنان، پێشانگەو کۆڕو کۆبوونەوەی پەروەردەیی دادەمەزرێننو خەباتی ژنان رێك دەخەن. بەڵام، کومیتەکانی حیزبی کومونیست کە لە ژێر دەسەڵاتی پیاوەکاند بوون، بە گومانەوە دەیانڕوانییە ئەو رێکخراوانە. لە چەند بەشێکی یەکیەتی سۆڤییەتدا، لقەکانی ژنان دوای ئەوەی بۆ یەکەمجار دامەزران، هەڵوەشێنرانەوە. لە ناوچەکانی دیکەی ئەو وڵاتەدا ئەو لقانە زۆر چالاك بوون، بەڵام زۆربەی رێکخراوە حیزبییەکانی ژێر دەسەڵاتی پیاوان بەرسەڤیان بوونەوە. سەرەنجام هەموویان هەڵوەشێنرانەوەو تێکەڵ بە کومیتە فەرمییەکانی حیزب بوون — و ئەمریان پێکرا کە چالاکییەکانیان زیاتر لە بواری بەرهەمهێنانی باشتردا چڕ بکەنەوە، نەك بە تەنیا لە مەسەلەی ژناندا.
سەرباری ئەمەش حیزبی کۆمونیست بەردەوام ژنانی هان دەدا تا بە شێوەیەکی بەرین لە کاری مووچەخۆریدا بەشداری بکەنو ئەمڕۆ رێژەی ژنانی مووچەخۆر لە رووسیاو وڵاتانی ئەورووپای رۆژهەڵاتدا لە وڵاتانی ئەورووپای رۆژئاوا زۆر زیاترە. بە بەراورد لە گەڵ رۆژئاوادا، رێژەی بەشداریکردن لە کاری مووچەخۆریدا بە تایبەت لە پێوەندی لە گەڵ ئەو دایکانەی کە منداڵی وردیان هەیە لە سەرێیە. لە بریتانیادا نزیکەی 32٪ی ئەو ژنانەی کە منداڵی خوار شەش ساڵیان هەیە، لە نێو هێزی کاردان. لە چیکوسلڤاکی (پێشوو) دا بە بەراورد، ئەم ژمارەیە زیاتر لە 80٪ ە (Heitlinger, 1979). هەروەها ژنان بە شێوەیەکی یەکسانتر لە چاو رۆژئاوادا لە نێو کارە جۆراوجۆرەکاندا بڵاو بوونەوەتەوە. لە بریتانیادا، یەك لەسەر چواری سەرجەمی ژنانی کارکەر لە

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

پێنج کاردا بەرچاو دەکەون - سکرتێری، تایپیست، کاتب، خزمەتکاری ماڵان، مامۆستای سەرەتاییو گارسۆنی ڕێستوورانت. لە رووسیادا ژنان ئەو کارە جەستەییانە ئەنجام دەدەن کە لە زۆربەی وڵاتاندا بە کاری پیاوانە ناسراون، بۆ نموونە، ئەوان لە کانگاکان، بەرهەمهێنانی پوڵاو پیشە موهەندسییەکاندا کار دەکەنو تا رادەیەك نیوەی هێزی کاری پیشەسازیی یەخەشین (یقە ابی) پێك دەهێنن. ئەوان هەروەها بە ڕێژەیێکی زۆر لە زۆربەی کارە پیشەییو پسپۆڕیەکاندا ئامادەییان هەیە. لە رووسیادا زیاتر لە 75٪ی پزیشکەکانو دادنپزیشکەکانو زیاتر لە 50٪ی بەڕیوەبەرانی پزیشکی لە ژنان پێك هاتوون (بە بەرواورد، نزیکەی 7٪ی پزیشکەکانو ددانپزیشکەکانی بریتانیا لە ژنان پێك هاتوون.).

بەڵام لە ئەوروپای رۆژئاوادا یەکسانی رەگەزی کەمتر لەو رادەیە پەرەی سەندووە کە ئامارەکان دەریدەخەن. (لەم بەشەشەدا) وەکو رۆژئاوا، ئەو کارانەی کە ژنان تێیدا رێژەیەکی بەرزیان هەیە، لە چاو پیاوەکاندا کە هەمان ئەو کارەکانە دەکەن، مووچەی کەمتر وەر دەگرن. بۆ نموونە، نێونجی مووچەی پزیشکەکانی رووسیا لە هی موهەندیسەکان کەمترە، ئەمە پیشەیەکە کە تێیدا رێژەی پیاوان زیاتر لە ژنانە. بە شێوەی مامناوەندی داهاتی ژنان لە رووسیادا نزیکەی 75٪ی پیاوانە. ئامادەبوونی ژنان لە پۆستە بەرزەکانی حکومەتی نیشتمانیدا لاوازە.

هەروەها، سەرباری رادەی زۆری بەشداری ژنان لە هێزی کاردا، ژنان لە رووسیاو ئەوروپای رۆژهەڵاتدا ئەرکی سەرەکی رایکردنی کاروباری ماڵەوەشیان لە ئەستۆیە - و رادەی چالاکیان لە چوارچێوەی ماڵەوەدا لە زۆربەی وڵاتانی رۆژئاوایی زۆر زیاترە. کاتێکی زۆر بۆ شت کڕین تەرخان دەکرێ، چونکە چاوەڕوانیکردن لە ریزەکانی کڕینی پێویستییە سەرەتاییەکاندا کارێکی پێویستە، خانووەکان بچووکنو کەرەستەکانی نێو ماڵ کەمتر پێشکەوتوون. نرخی مەکینەی جل شتن (غساله)و سەلاجە لە چاو مووچەدا گرانە، مەکینەی کاسەوکەوچك شتنو مەکینەکانی جل وشککردنەوە دەکرێ بڵێین هەر نین. پیاوان بە زۆری بە شێوەیەکی نەگەتیڤانە دەڕواننە کارەکانی ماڵەوەو، ئەگەرچی نیسبەتی ئەو ژنانەی کە دوودان لە دەرەوە کار دەکەن، زۆر لە بریتانیا زیاترە، نێونجی هاریکاریکردنی پیاوەکان لە کارەکانی ماڵەوەو راگرتنی منداڵەکان کەمترە.

## کاروباری نێو ماڵ

کاری نێوماڵ بەشێوەی ئەمڕۆ لە گەڵ جیابوونەوەی خانوو و کارگەدا سەری هەڵدا (Oakley, 1974). خانوو لە جیاتی ئەوەی ببێتە شوێنێك بۆ بەرهەمهێنانی کاڵا، بوو بە شوێنێ بەرخواردن (مصرفکردن). بەرەبەرە "کاری راستەقینە"، زیاتر لە پێشوو وەك کارێك پێناسە کرا کە حەقدەستی راستەوخۆ وەردەگرێ، ئیتر کاروباری نێوماڵ ئاسەواری نەما. قۆناغی پەرەسەندنی خانوو وەك، یەکەیێکی جیاواز کۆمەڵێك گۆڕانی دیکەی بە خۆوە دیت. بەر لەوەی داهێنانەکان و خزمەتگوزارییەکان بە هۆی پیشەسازییەوە باڵ بە سەر قەڵەمڕەوی ماڵەوەدا بکێشێن، کاروباری نێوماڵ سەختو دژوار بوو. بۆ نموونە، پاکوخاوێنی حەفتانە ئەرکێکی دژوارو گران بوو. کومپانیای مەکینەی جلشۆریی مایتەگ (Maytag) بە وێناکردنەوەی چۆنیەتی شیوکردن لە سەدەی نۆزدەهەمدا، لێکۆڵینەوەیەکی ئەنجام داوەو بەو ئاکامە گەیشتووە کە " سەختی شیوکردنی جاران وەك ئەوە وابوو کە رێگایەکی پێنج مایلی یەکسەر بە بۆقە مەلە ببڕی، چونکە جووڵەی دەستەکانوخۆ خووساندن لە هەر دوو حاڵەتەکەدا وەکو یەك وان(Hardyment, 1987,p.6).

بە راکێشانی بۆری ئاوی ساردو گەرم بۆ نێو ماڵەکان بەشێك لەو ئەرکانەی کە وەختگر بوون، کۆتاییان هات. پێشتر دەبوایە ئاویان بە شان بگوێزایەتەوە بۆ نێو خانووو هەر کاتێك پێویست بوایە، ئاویان گەرم بکردایە. راکێشانی کێبڵی کارەباو بۆری گاز(غاز) بۆ نێو خانووەکان، جێی بە کوورەی خەڵووزو دار لێژ کردو بەمجۆرە هەندێ کاری وەك داروردکردنو گواستنەوەی خەڵووزی بەردو خاوێنراگرتنی بەردەوامی کوورە لە کۆڵ بوویەوە. ئەو ئامێرانەی کە هۆی خێراترکردنی کارەکانن وەك، گسکی کارەباییو مەکینەی جلشۆریی، کارە دژوارەکانی ئاسان کردو بنەماڵە باشتر توانی بە پەروەردەکردنی منالاندا رابگا. بەو حاڵەش جێی

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

سەرسووڕمانە کە ژنان ئێستاش هەر کاتێکی زۆر بۆ ڕاییکردنی کاروبارەکانی ماڵەوە تەرخان دەکەن. ئەو ماوە زەمەنییەی کە کەیبانووە بریتانییەکان لە ماڵەوە بۆ ڕاییکردنی کارەکان سەرفی دەکەن لە ماوەی نیوسەدەی رابردوودا هیچ گۆڕانێکی بە سەردا نەهاتووە. ئامرازەکانی نێومالٚ هەندێ لە کارە سەختەکانیان ئاسان کردووە، کەچی هەندێ ئەرکی نوێشیان دروست کردوە. پێڕاگەیشتن بە منداڵو کڕینی پێداویستەکانی ماڵەوەو چێشت لێنان هەموویی زیادی کردووە.

بزووتنەوەی ژنان تا رادەیەك توانیویەتی کار بکاتە سەر تێڕوانینی پیاوان بۆ ئەرکەکانی ماڵو دەرەوەی ماڵ، بەلأم تەنانەت پیاوە نوێخوازەکانیش پێوەرە کۆنەکانیان پاراستووە. میراکۆمارۆسکی لێکۆلێنەوەیەکی لە سەر شەستو دوو پیاوی خوێندکاری قۆناغی کۆتایی زانکۆی کۆلمبیای شاری نیویۆرك ئەنجامداوە بەو مەبەستەی کە گۆڕانی بیروباوەڕیی تایبەت بە خەسڵەتە پیاوەانەکانیان تاوتۆی بکات. زۆرێك لەم کەسانە لایەنگری ئامانجەکانی بزووتنەوەی ژنان بوون، سەرباری ئەوەش هێشتا بڕوایان وابوو کە پیاوان خاوەن ئیرادەیەکی بەهێزن‌و بڕوابەخۆن. ئەوان هاودەمیکردنی رۆشنبیرانیان پێخۆش بوو، بەلأم بە پارێزەوە خۆیان لە قەرەی ژنانی زیرەك‌و بڕوابەخۆ دەدا. ئەگەرچی ژنانی ماڵەوەیان بە هەند وەرنەدەگرت، بەلأم زۆربەیان بڕوایان وابوو کە زەمەنی کاریی پیاوەکان لە سەرەوەی هەموو شتێکەوە بێت. ئەوان بە گشتی داوەرێکی باش بوون، بەلأم کە ئەهاتە سەر (مافی) تاکەکان جۆرێکی دیکە بیریان دەکردەوە. بۆ نموونە، یەکێك لەو پیاوانە دەیوت باشتر وایە ئەگەر ژنێك ویستی شوغلێکی هەبێ، وازی لێبێنین با کاری خۆی بکات. هەرچەند من وەك خۆم حەز ئەکەم ژنەکەم لە ماڵەوە بێت (Komarovsky, 1976).

رەوتی روولە زیادبوونی ژمارەی ئەو ژنانەی کە دەچوونە نێو هێزی کار، کارێکی گەورەی کردە سەر ئەرکەکانی ماڵەوە(Vanek, 1974). ئەو ژنەخێزاندارانەی کە لە دەرەوە کار دەکەن، لە ژنەکانیتر کەمتر خۆیان بۆ ماڵەوە تەرخان دەکەن ئەگەرچی بە زۆری کارەکانی ماڵەوە رایی دەکەن. دیارە لە کارەکانیاندا سەرمەشقی جیاوازیان هەیە. ئەوان لە رۆژانی کۆتایی حەوتوودا هەر لە ئێوارەوە تا درەنگانی شەو بە پاك‌و خاوێنکردنی ماڵەوە خەریك دەبن.

کاری بێ بەرانبەری ماڵەوە گرنگییەکی زۆری بۆ ئابووری کۆمەڵگە هەیە. مەزەندە کراوە کە کاری ماڵەوە لە نێوان 25 تا 40٪ی سەرەوەت‌و سامانی وڵاتانی پیشەسازی لە خۆ دەگرێ. کاری ماڵەوە بە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بێ بەرانبەر، کە زۆرێك لە کارکەرانی کۆمەڵگە پێویستیان پێیەتی، بەشەکەیتری ئابووری بەهێز دەکا.

**بزووتنەوەکانی داکۆکیکردن لە مافی ژنان**

ئەوانەی لایەنگرییان لە مافەکانی ژنان کردووە، تا رادەیەکی زۆر گرنگیی کاروباری نێوماڵیان وەبیر هێناوەتەوەو شرۆڤەیان کردووە. دەمێك ساڵ بوو کە کۆمەڵناسان بەوە تاوانبار دەکران کە پێناسەیان بۆ کار تەنیا بریتییە لە کاری دەرەوەی ماڵ. لایەنگرانی مافەکانی ژنان ئەوەیان نیشانداوە کە ئەمە روانگەیەکی چەواشەکارانەیەو،(بەمجۆرە) زەمینەیان بۆ خوێندنەوەی چالاکی‌و تێڕوانینی ژنان لە زۆرێك لە بوارەکانی ژیانی کۆمەلأیەتیدا کە پێشتر بایەخێکی ئەوتۆیان پێنەدەدرا، خۆش کرد. ئەگەرچی ئەم کاریگەرییە دیاردەیەکی نوێ‌و تایبەت بووە. داکۆکیکردن لە مافەکانی ژنان - خەبات بۆ داکۆکیکردن‌و پەرەسەندنی مافەکانی ژنان - لە راستیدا مێژوویەکی دوورو درێژی هەیەو ئەگەڕێتەوە بۆ کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەهەم.

یەکێك لەو کتێبانەی کە بۆ یەکەمجار ئەندێشەی داکۆکیکردن لە مافەکانی ژنانی خستەڕوو کتێبی (مری ولستونکرافت) بوو بە ناوی "داکۆکیکردن لە مافەکانی ژنان". (A. Vindication of the Rights of Women). ئەم کتێبە یەکەمجار لە ساڵی 1792دا بلاو کرایەوە. ئەو رایگەیاند: "ژنان هەموو گەمژەیی‌و خەوشەکانی شارستانیەتیان وەرگرتووەو لە خێرو بەرکەتەکەی بێ بەری بوون". شانزەساڵ بەر لەو تاریخە، ئەبیگێل ئادامز (Abigail Adams) لە ئەمریکادا داوای چاککردنی رەوشی ژنانی کردبوو. کاتێ کە

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

هاوسەرەکەی بڕیار وابوو ببێتە سەرۆك کۆماری ئەمریکا، نامەیەکی بۆ نووسیو تێیدا وتی، من پێم خۆشە تۆ ژنان لە بیر نەکەیو زیاتر لە جاران خۆت بە هاوڕێو دڵسۆزی ئەوان بزانی. لە بیر نەکەی کە هەموو پیاوان ئەگەر بیانتوانیبا دەبوون بە ملهوڕ(Rossi & Caldevxr wood, 1973).

**یەکەم بزووتنەوەکانی ژنان لە فەڕنسا**

دوابەدوای شۆڕشی ساڵی 1789ی فەڕەنسا، یەکەمین گرووپەکانی داکۆکیکاری مافەکانی ژنان چالاکانە خۆیان ڕێکخست. (Evans, 1977). لە دەیەی 1790دا بە ئیلهاموەرگرتن لە ئارمانەکانی ئازادیو یەکسانی کە شۆڕشی فەڕەنسا سەبارەت بەوان سەری هەڵدابوو، چەندین سەنتەری تایبەت بە ژنان لە پاریسو شارە گەورەکاندا دروست بوون. ئەم سەنتەرانە بوونە شوێنی کۆبوونەوەی ژنان، بەڵام پرۆژەی سیاسیشیان هەبوو و داوای مافی یەکسان لە بوارەکانی پەروەردەو فێرکردن، کارو حکومەتدارییان دەکرد. ماری گەووز (Mari Gauze) ڕێبەری یەکێك لەم سەنتەرانە ڕاگەیەندراوێکی بە ناوی "مانیفێستی مافەکانی ژنان" لە سەر بنەمای بانگەوازی جیهانی مافی مرۆڤو مافی هاووڵاتیان، واتە گرنگترین دیکۆمێنتی شۆڕش نووسی. ئەو بە بەڵگەوە باسی لەوە دەکرد کە مافی هاووڵاتیی ئازادو بەرابەر بەپیاوان تەواو نابێ. چۆن یەکسانییەکی ڕاستەقینە بەدی دێت کاتێ کە نیوەی خەڵك لەو ئیمتیازانە بێ بەش کراون کە پیاوان بەشیان پێوەیە. وەڵامی ڕێبەرە شۆڕشگێڕەکان بە هیچ شێوەیەك نیشانەی هاوخەمی نەبوو - ماری گەووز لە ساڵی 1792دا لە قەنارە درا. دوابەدوای ئەوە سەنتەرەکانی ژنان بەپێی بڕیارنامەیەکی حکوومەتی هوڵوەشێنرانەوە. لەو کاتەوە تاکوو ئەمرۆ گرووپەکانی داکۆکیکردن لە مافەکانی ژنانو بزووتنەوەکانیان بەردەوام لە وڵاتە ڕۆژئاواییەکاندا دامەزراون،و دەکرێ بڵێین کە هەمیشە دوژمنایەتییان کراوەو جاری واش هەبووە کە بەرپرسە حکوومەتییەکان توندو تیژانە جووڵاونەتەوە. ماری گەووز تەنیا داکۆکیکاری مافەکانی ژنان نەبوو کە گیانی خۆی لە پێناوی دابینکردنی مافی یەکسان بۆ هاورەگەزەکانیدا بەخت کرد.

**خەبات لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا**

لە سەدەی نۆزدەهەمدا بزووتنەوەی داکۆکیکردن لە مافەکانی ژنان لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا زیاتر لە وڵاتانی دیکە گەشەی کردو زۆربەی ڕێبەرانی بزووتنەوەکانی ژنان لە وڵاتانی دیکەدا وەك سەرمەشقێك دەیانڕوانیە خەباتی ژنانی ئەمریکایی. لە ساڵەکانی 1830 تا 1850 داکۆکیکارانی مافەکانی ژنانی ئەمریکایی پێوەندییەکی نزیکیان لە گەڵ ئەو کەسانەدا هەبوو کە لایەنگری هەڵوەشاندنەوەی کوێلایەتی بوون. تۆمارەکانی دژی کوێلایەتی تا ڕادەیەکی زۆر ئیمزای ژنانی لەخۆ دەگرت. لە گەڵ ئەوەشدا، چونکە ژنان هیچ چەشنە مافێکی سیاسی- یاساییان نەبوو، ڕیفۆرمیستەکان نەیاندەتوانی وەك لۆبییەکی سیاسی (political lobbying) دوای ئامانجەکانی خۆیان بکەون. هیچ ژنێك ڕێگەی پێنەدرا کە لە کونفرانسی جیهانی دژی کوێلایەتی ساڵی 1840ی لەندەندا بەشداری بکا،و هەر ئەم ڕاستییەش ڕێکخراوەکانی ژنانی ناچار کرد تا ڕاستەوخۆتر دژی ئەمجۆرە نایەکسانییە ڕەگەزییانە کار بکەن. لە ساڵی 1848دا ڕێبەرانی ژنانی ئەمریکایی وەك، هاوخەباتە فەڕەنسییەکانیان لە سەدەونیوێك لەوەپێشدا لە دەوری یەك کۆ ببنەوە تا مانیفێستی ڕوانگەکان (Declaration of Sentiments) لە سەر بنەمای نموونەی سەربەخۆیی ئەمریکا پەسند بکەن. ئەم مانیفێستە بەمجۆرە دەست پێدەکا: "ئێمە باش لەم ڕاستییە ئاگادارین کە هەموو ژنو پیاوێك بە یەکسان لە دایك بوون". پاشان مانیفێستەکە لیستێکی درێژ لەو ناعەداڵەتیانە ڕیز دەکا کە دەرهەق بە ژنان جێبەجێ کراون (Banner & Hartman, 1974). بەڵام لەم قۆناغەدا دەسکەوتێکی ڕاستەقینەی ئەوتۆ لە بواری چاککردنی ڕەوشی کۆمەڵایەتی یان سیاسیی ژنان بەدی نەهات. کاتێ کە کوێلایەتی کۆتایی هات، کونگرە ئەوەی پەسند کرد کە تەنیا پیاوە کوێلە ئازادکراوەکان دەتوانن مافی دەنگدانیان هەبێ.

ژنە ڕەشپێستەکان لە گەشەکردنی سەرەتایی بزووتنەوەی ژنانی ئەمریکادا دەوریان هەبوو، ئەگەرچی ئەوان ناچار بوون دژ بە دوژمنکاری خوشکە سپی پێستەکانیان ڕابوەستن. سوجۆرنێر ترۆس (Sojourner

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

(Truth. ئەو ژنە رەش پێستە بوو کە راشکاوانە دژ بە کوێلایەتیو بێبەشکردنی ژنان لە مافی دەنگدان هاتە دەنگو ئەم دوو پرۆسەی لە نزیکەوە پێکەوە بەستەوە. کاتێ کە ناوبراو ساڵی 1850 لە ئیدیانادا بە جۆش‌وخرۆشەوە لە کۆبوونەوەیەکی دژی کوێلایەتی قسەی کرد، پیاوێکی سپی پێست هاواری کرد: من بڕوا ناکەم تو بە راستی ژن بیت. ئەو بەرۆکی خۆی کردەوە تا بە نیشدانی مەمکەکانی ژنایەتی خۆی بسەلمێنێ. ساڵی 1852 کاتێك کە ناوبراو لە کۆڕێکی مافەکانی ژنان لە ئاکرۆندا وتاری دەدا، ژنە سپی پێستەکان لە نێو خەڵکەکەدا ویستیان بەپرسیارکردن هەراسانی بکەنو گاڵتەی پێبکەن. ئەو بە سەر ئەو جۆرە بەرهەڵستیانەدا زاڵ بووو لەم قۆناغەدا رۆڵێکی بەرجەستەی لە خەباتی ژناندا گێڕا (Hooks, 1986). بەڵام ژنە رەش پێستەکانی دیکە کە تێدەکۆشان شانبەشانی داکۆکیکارە سپی پێستەکانی مافەکانی ژنانی بەشداری خەباتەکە بکەن، رووبەرووی دەمارگرژی دەبوونەوەو دڵسارد کردو بەمجۆرە رێژەی ژنە رەش پێستەکان لە نێو بزووتنەوەی بەرگری لە مافەکانی ژنان کەم بوویەوە.

### وەرچەرخانەکانی ئەوروپا

یەکێك لە گرنگترین رووداوەکان لە رەوتی گەشەکردنی سەرەتایی بزوتنەوەکانی داکۆکیکردن لە مافەکانی ژنان لە ئەورووپادا پلاتفۆرمێك بوو کە ساڵی 1866 بە ئیمزای 1500 ژن پێشکەش بە پارلمانی ئەورووپا کرا. لەم پلاتفۆرمەدا داوا کرابوو کە لە چاکسازییەکانی هەڵبژاردندا کە ئەو دەم باسی رۆژ بوو، مافی دەنگدانی ژنانیش لە بەرچاو بگیرێت. هیچ بایەخێك بەم پلاتفۆرمە نەدرا، لە بەرانبەردا رێبەرانی ئەو حەرەکەتە یەك ساڵ دواتر "کۆمەڵەی نیشتمانی مافی دەنگدانی ژنان"یان دامەزراند. ئەندامانی ئەم کۆمەڵەیە بە لایەنگرانی مافەکانی ژنان (Suffragists) ناسرانو تا کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم بەردەوام لە پێناو بە دەستهێنانی مافی دەنگدان بۆ ژنان پلاتفۆرمیان دەدایە پارلمانی ئەوروپا. لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا داکۆکیکارانی مافەکانی ژنان لە بریتانیادا شانبەشانی بزووتنەوەی ژنانی ئەمریکا تەشەنەی سەند. لە سەرەتاکانی دەیەی 1900دا گەلێك رێپێوانو خۆپیشاندان لە شەقامەکانی هەردوو وڵاتدا رێکخران. لە میتینگێکی مانگی ژووەنی 1908دا لە لەندەن حەشیمەتیکی یەك ملیونو پێنسەد هەزار کەسی بەشداری کرد. لەم قۆناغەدا بزووتنەوەکانی ژنان لە هەموو وڵاتە گەورەکانی ئەوروپا و هەروەها ئوستراڵیاو نیوزیلەندەدا بە خێرایی گەشەیان کرد.

ئیمێلین پانکهۆرست (Emmeline Pankhurst)، یەکێك لە کەسایەتییە هەڵکەوتووەکانی لایەنگری مافەکانی ژنان چەندین جار بۆ وتاردان چووە ئەمریکا و لە چەندین کۆبوونەوەی گەورەی ژنانی خەباتکاری بریتانیدا وتاری پێشکەش کرد. ئالیس پاینو هاریت ستانتۆن بلاچ (Alice Paine & Harriet Stanton Blatch)دوو ژنی ئەمریکایی بوون کە هاوبەشی خەباتی ژنانی بریتانییان دەکرد، لە ساڵی 1910دا زنجیرە رێپێوانو خۆپێشاندانێکیان بە بەربڵاوی لە نیویۆرکو شارە گرنگەکانی رۆژهەڵاتی ئەمریکادا رێبەری کرد.

لە دوای ساڵی 1920 بزووتنەوەکانی داکۆکیکار لە مافەکانی ژنان لە بریتانیاو شوێنەکانی دیکە بەرەبەرە هەرەسیان هێنا. هۆکاری ئەم هەرەسهێنانە تا رادەیەك دەگەڕێتەوە بۆ دابینبوونی مافی دەنگدان کە تا ئەو رێکەوتە (1928 لە بریتانیادا) لە زۆربەی وڵاتە رۆژئاواییەکاندا دابین کرابوو. ژنە شۆڕشگێڕەکان روویان کردە بزوتنەوەکانیتری وەك، ئەو بزووتنەوانەی کە دژی فاشیزم خەباتیان دەکرد. لە حاڵێکدا کە زۆرێك لەو بزووتنەوانە لە پێناو داکۆکیکردن لە مافەکانی ژناندا هەڵدەسووڕان، لایەنگری لە مافەکانی ژنان وەك بزووتنەوەیەکی دیار کە دژ بە ئۆرگانەکانی ژێر دەسەڵاتی پیاوان خەبات دەکا، کەمتر بەرچاو بوو. بەمحاڵەش دابینکردنی مافی سیاسیی یەکسان نەیتوانی پەل‌وپۆ بۆ بوارەکانی دیکە بهاوێو لەوانەشدا یەکسانی دابین بکا.

### بووژانەوەی بزووتنەوەی لایەنگری لە مافی ژنان

لە کۆتاییەکانی دەیەی 1960دا بزووتنەوەکانی ژنان سەرلەنوێ سەریان هەڵدایەوە. لە ماوەی ئەو چارەکە

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

سەدەیەدا، بزووتنەوەی لایەنگری لە مافەکانی ژنان لە سەرانسەری جیهانو بۆ وێنە لە زۆرێك لە وڵاتانی جیهانی سێهەمدا بە شێوەیەکی بەرین پەری سەندووە. لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا بزووتنەوەی لایەنگری لە مافەکانی ژنان لە ژێر کاریگەری بزووتنەوەی مافە مەدەنییەکانو بزووتنەوەی خوێندکاریدا گیانێکی تازەی هاتەوەبەر. زۆرێك لە ژنان لە پێناو ئەم ئامانجانەدا هاتنە مەیدانو چالاکانە کاریان کرد، بەڵام بە زۆری شاهیدی ئەوە بوون کە لەم بزووتنەوانەدا خەباتکارانی پیاو بە شێوەیەکی نەریتیانە رۆڵی پاشکۆیەتییان بۆ قایل دەبوون. رێبەرانی بزووتنەوەی مافە مەدەنییەکان ئامادە نەبوون ئەو مافانەی کە ژنان خەباتیان بۆ دەکردو خوازیاریان بوون لە مانیفێستەکانی خۆیاندا بیانگونجێنن. بۆیە ژنان دەستیان کرد بە دامەزراندنی رێکخراوەکانی سەربەخۆی خۆیان. بزووتنەوەکانی خۆیان لەم دواییانەدا لە چاو هاوخەباتە پێشووەکانی خۆیاندا گەلێك پرسی هەمەکیتریان هێنایە گۆرێ. بۆ وێنە، هەندێ لەو خواستانەی کە ئەم بزووتنەوانە پێداگرییان لە سەر کردووە، بریتین لە بەرابەری ئابووری، ئازادی لە باربردنی منداڵ،و گۆڕانکاری لە یاساکانی تایبەت بە تەڵاقدا. جگە لەو دەسکەوتانەی کە ژنان لە باری زانستییەوە بە دەستیان هێناوە، ئەمڕۆ کاریگەرییەکی بێ وێنەیان لە رووی رۆشنبیرییەوە بەجێ هێشتووە. نوسەرانو توێژەرانی داکۆکیکاری مافەکانی ژنان لە هەموو لقەکانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان،و زۆرێك لە بوارەکانی دیکەدا ئێمەیان ناچار کردووە کە خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ ئەندێشەو تیۆرییەکانی پێشووی خۆمان ئەنجام بدەین. زۆرێك لەو لێکۆڵینەوانەی کە لەم ساڵانەی دواییدا لە پێوەندی لە گەڵ ئەو هۆکارە مێژوویی‌و کولتوریانەی کە کاریان کردۆتە سەر رەوشی ژنانو هەروەها دەربارەی پێوەندییە رەگەزییەکان بە شێوەیەکی گشتی ئەنجام دراون، کاریگەرییان لە بزووتنەوەی داکۆکیکاری مافەکانی ژنان لەم سەردەمەدا وەرگرتووە.

### توندوتیژی بنەماڵەیی، ئازاردانو دەستدرێژی سێکسی

ئێستا چەند مەسەلەیەکی بنەڕەتی تاوتوێ دەکەین کە زۆرێك لە ژنان راستوخۆ یان نا ڕاستەوخۆ لە گەڵیاندا بەرەوروون. هەموو ئەم مەسەلانەپێوەندییان بەو شێوازانەوە هەیە کە پیاوان هێزی باڵادەستی کۆمەڵایەتی یان فیزیکی خۆیان دژ بە ژنان بەکار دەهێنن، ئەوانیش بریتین لە: توندوتیژی بنەماڵەیی (domestic violence)، ئازاردانی سێکسی (sexual harassment)و دەستدرێژی سێکسی (rape). لە حاڵێکدا کە هەندێك لەم شێوازانە هەندێجار لە لایەن ژنانەوە دژی پیاوان گیراونەتەبەر لە زۆربەی حاڵەتەکاندا پیاوان دەستدرێژیکارو ژنانیش قوربانین.

### توندوتیژی بنەماڵەیی

خانوو بە گشتی وەك وارگەی ئاسایشو بەختەوەری چاو لێدەکرێ، بەڵام توندوتیژیی بنەماڵەیی بەشێکە لە ئەزموونی زۆرێك لە ژنان. توندوتیژیی بنەماڵەیی بەڵایەکی کۆمەڵایەتیی نوێ نییە. لە سەدەکانی نێوەڕاستو سەرەتاکانی بەپیشەسازیبووندا توندوتیژی لە هەمبەر ژنان لایەنێکی باوی ژیانی ژنو مێردایەتی بوو. تا کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم لە بریتانیادا هیچ یاسایەك نەبوو کە پێش بەوە بگرێ پیاو لە ژنەکەی بدات. بریندارکردن یان کوشتنی ژنەکە شتێکی جیاواز بوو. ئەمڕۆ ژنان پشتگیرییەکی یاسایی زیاتریان هەیە، سەرباری ئەوانەش ئەمجۆرە توندتیژییانە گەلێك باون. هەندێجار توندوتیژی لە دژی ژنان لە چوارچێوەی ماڵدا بە شتێکی ئاسایی دەزانرێ، بەڵام بەڵگەو شایەتحاڵەکان لە حەشارگەی ژنە ئەشکەنجەدراوەکانەوە پێچەوانەی ئەوە نیشان دەدەن. لە راپۆرتێکدا هاتووە کە:"هەندێ لە ژنەکان زۆر ناجوامێرانە لێاندراوە، ئەوان بە هۆی شکانی ئێسکەکانیان، لە بەر برینی چەقۆو گەلێك برینی قووڵی دیکە ئازار دەکێشن. هەندێکیان بە کورسی لە سەریان دراوە، هەندێکیان لە پلیکان(قالدرمە)کانەوە خراونەتە خوارەوەو بە چەکوش بزماریان چەقاندووتە بن پێی یەکێکیتر. (Pahl, 1978,p.32).

سەرباری باشتربوونی یاساکان،بەڵام ئەو ژنانەی کە تووشی توندوتیژی دەبنەوە، بە زەحمەت دەتوانن پەنا بۆ

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

یاسا ببەن. تێڕوانینی پۆلیس، کە بە گشتی سیاسەتی دەستێوەرنەدان لە "کێشەی بنەماڵەیی"دا پەیڕەو دەکەن، هیچ یارمەتییەکیان پێ ناکات. کاتێ لەمجۆرە حاڵەتانەدا پەنا بۆ پۆلیس دەبرێ، ئەوان بە گشتی تەنیا هەوڵدەدەن کێشمەکێشەکە هێور بکەنەوەو ئیدی لە تۆمەتەکان ناکۆڵنەوە. ژنان لە پێوەندییەکانی تێکەڵ بە توندوتیژیدا بە گشتی لە بەر هۆی جۆراوجۆری ئابووری‌و کۆمەڵایەتی بۆ وێنە لە بەر منداڵەکانیان پێیان سەختە بتۆرێن.

دەزگا ئیدارییەکانی نیشتەجێکردنی ناوچەیی هێندێجار بە پارێزەوە داکۆکی لەو ژنانە دەکەن کە بە دەست ئازاری جەستەییەوە گلەو گازندەیان بۆ دەبەن،و پێیان وایە ئەم گازندانە لە بەر ئەوەیە کە خێراتر خانوویەکی دیکەیان پێ بدرێ‌و رەنگە شتی لێ زیاد بکەن.

ئازاردانی سێکسی

شوێنی کار ئاسانتر مافەکانی ژنان دابین دەکاو رادەی توندوتیژیی راستەقینە دژی ژنان کەمترە. سەرباری ئەمە، ئازاردانی سێکسی زۆر ئاساییە. پێناسەی ئازاردانی سێکسی لە شوێنی کاردا دەکرێ بریتی بێت لە کەڵکوەرگرتن لە بەرپرسایەتی یان بەکارهێنانی دەسەڵات بە مەبەستی داسەپاندنی خواستە سێکسییەکان. رەنگە بۆ ئەم مەبەستە شێوازی توندوتیژانە پەیڕەو بکرێ، وەکو ئەوەی کە بە کارمەندێکی ژن دەوترێ یان بە تێکەڵبوونێکی سێکسیانە رازی بێ، یان لە سەر کارەکەی دەردەکرێ. شێوازەکانی ئازاردانی سێکسی تا رادەیەکی زۆر زیرەکانەیە. بۆ نموونە، ئەم شێوازانە بریتین لە تێگەیاندنی ئەوەی کە قبووڵکردنی خواستە سێکسییەکان پاداشتی دیکەی لە دوا دەبێ یان ئەگەر بێت‌و ئەم خواستانە جێبەجێ نەکرێن جۆرێك لە سزادان، وەك پێشگیری لە بەرزکردنەوەی پلەوپایەی لێ دەکەوێتەوە.

بڕیاردان لە سەر ئەوەی کە لە کوێ‌و لەگەڵ کێ دا پێوەندی سێکسی ئەنجام بدەین، بەشێکی بنەڕەتی لە کونترۆڵکردنی ژیانی ئێمە پێك دەهێنێ‌و ئازاردانی سێکسی مافی ئەم هەڵبژاردنەمان لێ زەوت دەکا. هەرچەند رەنگە پیاوان شێوازە هێمنانەکانی ئازاردانی سێکسی بە بێ زیان بزانن،ژنان بە زۆری ئەو شێوازانە وەك سووکایەتی بە خۆیان چاو لێدەکەن. وا چاوەڕوان دەکرێ کە ژنان لە بەرانبەر توانجلێدان، ئیشارەکردن یان خۆلێخشاندندا دان بە خۆیاندا بگرن‌و "گوێ نەدەن". ئەم کارە نەك هەر سەبرو دان بەخۆداگرتنی دەوێ، بەڵکو پێویستی بە لێزانیشە. گارسۆنێکی ژن کە دەبێ کوکتێل بو سەر مێزەکان بهێنێ‌و بەخشش لە موشتەریەکان وەربگرێ – ئەمەش بەشێکی گرنگی داهاتەکەی پێك دەهێنێ - ناچارە موشتەرییەکان رازی بکا، بۆیە دەزانێ کە ژنێکی وەك ئەو دەبێ فێر بێ کە لەش‌و لارێکی جوان‌و هەر لەو کاتەشدا دوورەدەستی هەبێ. ئاشکرایە کە ئەمە بەو مانایە کە پیاوان لە رێگای وشەی شەهوانی‌و فریودەرانە، پێشنیاری زیرەکانەو چاوبڕکێکردنەوە هەوەسی خۆیان دائەمرکێنن. ئەو ناچارە بە بێ ئەوەی سووکایەتی بە کەس بکا، بە نەرمییەکەوە دەست بنێ بە رووبانەوەو خۆیشی تاڵ نەکا. لە راستیدا ئەو دەبێ خۆی وا نیشان بدا کە شیفتە بووە. رێگایەك بۆ رەفزکردن بدۆزێتەوەو بەرانبەرکەی دڵخۆش بکا (Mackinnon, 1979,p.78).

ئاشکرایە کە جیاوازیدانان لە نێوان ئازاردانی سێکسی‌و ئەو شتەی کە پیاو بە نزیکیکردنی رەوا لە گەڵ ژنێك تێی دەگا، کارێکی ئاسان نییە، بەڵام بە پێی راپۆرتە شەخسییەکان وادێتە بەرچاو کە لە بریتانیادا لە نێو هەر 10 ژندا حەوتیان لە ماوەی تەمەنی کارکردندا بۆ ماوەیەکی درێژ تووشی ئازاردانی سێکسی دەبن. ئازاردانی سێکسی پێدەچێ رووداوێکی تایبەت یان سەرمەشقێکی رەفتاری بەردەوام‌و نەگۆڕ بێت. لەم حاڵەتەی دواییدا ژنان بەگشتی نەیانتوانیوە بە گوێرەی پێویست رەوتی ئاسایی کارکردنی خۆیان بەردەوام بکەن، رەنگە ناچار بووبن ئیزن وەربگرن، یان بە یەکجاری واز لە کارەکەیان بهێنن(Mackinnon, 1979).

دەستدرێژی سێکسی

هەڵسەنگاندنێکی وردی رادەی دەستدرێژی سێکی کارێکی دژوارە. تەنیا رێژەیەکی کەم لە دەستدرێژییە

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

سێکسییەکان بە کردەوە بە ئاگاداری پۆلیس دەگەن‌و لە ئامارەکاندا دەهێنرێن. رەنگە ژمارە راستەقینەکە پێنج ئەوەندەی ئامارە فەرمییەکە بێت - هەرچەند کە خەمڵاندەکان تا رادەیەکی زۆر جیاوازییان هەیە. بە پێی لێکۆڵینەوەیەك کە دەربارەی 1236 ژنی لەندەنی ئەنجام درابوو، دەرکەوت کە لە نێوان هەر شەش ژندا، ژنێك دەستدرێژی کراوەتە سەر، لە نێو پێنج کەسەکەی دیکەدا یەکێکیان توانیبووی بەرگری لە خۆی بکا،و نیوەی دەستدرێژییەکان یان لە ماڵی خودی ژنەکەدا ئەنجام درابوو، یان لە ماڵی دەستدرێژیکەرەکەدا (Hall, 1985). زۆربەی ئەو ژنانەی کە دەستدرێژییان دەکرێتەسەر یان دەیانەوێ بە تەواوی ئەم رووداوە لە بیری خۆیان ببنەوە، یان ئامادە نین لە پرۆسەیەکدا بەشداری بکەن کە بە سووکایەتیکردن بە خۆیانی دەزانن‌و تێیدا لە لایەن پزیشکەوە بپشکنرێن‌و پۆلیس لێکۆڵینەوەیان لە گەڵدا بکاو دادوەر دادگاییان بکا. پرۆسەی یاسایی بە زۆری کاتێکی زۆر دەخایەنێ، رەنگە تا دادگا بە ئەنجام بگا، هەژدەمانگ بە سەر رووداوەکەدا تێپەر بووبێ.

دادگاییەکەش دەکرێ جێی نیگەرانی بێت. رەوتی دادگاکە ئاشکرایەو قوربانییەکە دەبێ بەرابنەر بە تۆمەتبارەکە بوەستێ. بە گشتی پیاوان تەنیا لە سەر بنەمای شایەتی قوربانییەکە بە تاوانبار ناناسرێن. کەواتە دەبێ بەڵگەی پشتڕاستکەوەرە لە کەسانیتر وەر بگیرێت. دەبێ بەڵگەی تەواو بۆ سەلماندنی کارەکە، شوناسی تۆمەتبارەکەو راستبوونی نارازیبوونی ژنەکەبخرێتە روو. ئەگەر تاوانەکە لە کۆڵان یان شەقامێکی تاریکدا رووی دابێ، لەوانەیە بەڵگەی تەواو بۆ ناسینەوەی هێرشبەرەکە بە زەحمەت کۆ بکرێتەوە. رەنگە وابزانرێ ئەو ژنەی کە شەوانە بە تەنیا پیاسە دەکا، دەیەوێ پیاوان بۆ لای خۆی رابکێشێ. کاتێك دەستدرێژییەکە روو دەدا، رەنگە داوا لە ژنەکە بکرێ کە باسی پێوەندییە سێکسییەکانی رابردووی خۆی بکا، لە حاڵێکدا پیاوان داوایەکی لەوچەشنەیان لێناکرێ. لە راستیدا رابردووی پیاوەکە پێوەندی بە رووداوە تازەکەوە نابێ. بە پێی بۆچوونی سێر میتۆ هیل،واتە ئەو دادوەرەی کە لە ساڵی 1736دا بڕیارێکی دەرکرد، مێرد لە بەر ئەوەی کە دەستدرێژی کردۆتە سەر هاوسەرە یاساییەکەی خۆی بە تاوانبار ناناسرێ. چونکە بە پێی مارەبڕان‌و رازیبوونی دوولایەن، ژنەکە خۆی تەسلیمی مێردەکەی کردووەو ناتوانێ حاشا لەو شتە بکا (Hall, James & Kertez, 1984,p.20). ئەم بنەمایە لە برتانیاو ویلزدا تا ساڵی 1991 وەك یاسایەك جێبەجێ کرا. جگە لە هەندێ حاڵەت کە بڕیاری دەستدرێژی نەکردن، فەرمانی پاراستنی شەخسی، یان جیابوونەوەی یاسایی دەرکراوە، تەنانەت ئەو ژنانەی کە لە مێردەکانیان جیا بوونەتەوە، لە بەرانبەر دەستدرێژی سێکسی ئەواندا هیچ بەرگرییەکی یاسایی لە خۆیان ناکەن. دەستدرێژیکردن لە چوارچێوەی هاوسەرگیریدا تەنیا لە هەندێ وڵاتی وەك دانیمارك، سوید، نەرویج‌و کەنەدادا بە نایاسایی دەزانرێ – دیارە زۆربەی وڵاتانی ئەورووپای رۆژهەڵات هەندێ یاسایان پەسند کردووە کە پارێزراوبوونی مێرد لەم پێوەندیانەدا هەڵ دەوشێنێتەوە.

لە ئەمریکادا یەکەمین بڕیاری راوەدوونان(تعقیب) بە هۆی دەستڕێژیکردن لە ژیانی هاوبەشدا لە دژی جیمز کرتییەن(James k. chretien) لە ساڵی 1979دا دەرکرا. پێش سەرهەڵدانی ئەم کێشەیە، دستدرێژیکردن لە ژیانی هاوبەشدا لە پێنج ویلایەتدا نایاسایی بوو. لەو دەمەوە تاکو ئەمڕۆ زۆرێك لە ویلایەتەکان لەو پێوەندییەدا یاسایان پەسند کردووە، یان هەندێ پشکنین (فحص)یان بۆ سەلماندنی تاوان رواج پێداوە.

لێکۆڵینەوەکان دەریانخستووە کە زۆرێك لە بیرو باوەڕەکانی جەماوەر دەربارەی دەستدرێژی سێکسی راست نییە. بۆ نموونە، ئەمە راست نییە کە ئەگەر قوربانییەکە بەرگری لە خۆی بکا، بە هیچ شێوەیەك دەستدرێژی سێکسی روو نادات، یان رەنگە ژنە گەنجەکان زیاتر بکەونە بەر دەستدرێژی سێکسی، هەندێ لەو ژنانەی کە دەستدرێژی سێکسییان دەکرێتەسەر، چێژی لێوەر دەگرن، یان ئەو پیاوانەی کە دەستدرێژی سێکسی ئەنجام دەدەن، لە رووی دەروونییەوە نەخۆشن (Hall, 1985). زۆربەی دەستدرێژییە سێکسییەکان خۆبەخۆ روو نادەن، بەڵکو لانیکەم تا رادەیەك کارئاسانی بۆ کراوە. دەستدرێژی سێکسی راشکاوانە پێوەندی بە پێوەندی نێوان پیاوەتی‌و دەسەڵات، باڵادەستی‌و زۆردارییەوە هەیەو بە زۆری لە ئاکامی مەیلێکی سێکسی لە رادەبەدەر

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

روو نادات، بەڵكو لە ئاكامی پێوەندییەكانی نێوان مەیلە سێكسییەكانو هەستكردن بە دەسەڵاتو باڵادەستییەوە ئەنجام دەدرێ. وا دێتە بەرچاو كە پێوەندییەكی ئەوتۆ لە نێوان شەهوەتو دەستدرێژی سێكسیدا نەبێ. ژمارەیەكی زۆر لە دەستدرێژیكەرەكان تەنیا كاتێك هەستە سێكسییەكانیان دەبزوێ، كە بە تەواوی بە سەر قوربانییەكەدا زاڵ بووبنو كەسێتییان شكاندبێ. كردەوەی سێكسی بە بەراورد لە گەڵ شكاندنی كەسێتی ژنەكەدا ئەوەندە گرنگ نییە(Estrich, 1987).

لەم ساڵانەی دواییدا بزووتنەوەكانی ژنان پێیان لە سەر ئەوە داگرتووە كە دەبێ گۆڕان لە روانگەی جەماوەرو یاسا پێوەندییدارەكاندا دروست ببێ. ئەوان جەختیان لە سەر ئەوە كردووە كە نابێ دەستدرێژی سێكسی وەك لادانێكی سێكسی چاو لێبكرێ، بەڵكو دەبێ وەك تاوانێكی دڕندانە تەماشا بكرێ. دەستدرێژی سێكسی تەنیا هێرشێكی فیزیكی نییە، بەڵكو دەستدرێژیو پێشێلكردنی كەرامەتی ئینسانی ژنە. هەر وەك نوسەرێك دەڵێ، دەستدرێژی سێكسی، پێشێلكردنی خو بڕیاردان (self- determination) ی قوربانییەكەیە. ئەنجامدانی توندوتیژییەكە ئەگەر بە لێدانو برینداركردن دەست پێنەكات، ئەوا هەڕەشەی كوشتنی تێدایە (Griffin, 1978,p.342).ئەم خەباتو تێكۆشانە لە رووی گۆڕینی یاساكانەوە هەندێ ئاكامی واقیعی لێكەوتەوە،و ئەمڕۆ دەستدرێژی سێكسی بە شێوەیەكی گشتی لە یاسادا وەك جۆرە توندو تیژییەكی جینایەتكارانە دەناسرێ.

**دەستدرێژی سێكسیو پەشێوی ژنان: تیۆریی براون میلەر**

لە سەرێكەوە هەموو ژنان قوربانیی دەستدرێژی سێكسین. ئەو بەشە لە ژنان كە هەرگیز دەستدرێژیان نەكراوەتە سەر، پەشێویو نیگەرانییەكی هاوشێوەی ئەو ژنانە دایگرتوون كە رووبەرووی دەستدرێژی سێكسی بوون. ئەوان رەنگە نەوێرن شەوانە بە تەنیا بچنە شەقامە قەرەباڵغەكانیش،و هەروەها رەنگە بە هەمان رادەش ترسیان لەوە هەبێ كە بە تەنیا لە ماڵەوە دانیشن، یان لە شوقەیەكدا بە تەنیا بژین. سووزان براون میلەر، بە جەختكردن لە سەر ئەوەی كە مەیلی سێكسیی ئاساییانەی پیاوانو دەستدرێژی سێكسی پێوەندیەكی نزیكیان لە گەڵ یەكدا هەیە، دەڵێ، كە دەستدرێژی سێكسی بەشێكە لە سیستمی هەڕەشەكردنی پیاوان كە هەموو ژنان لە ترسو تۆقاندندا رادەگرێ. ئەو ژنانەی دەستدرێژییان نەكراوەتە سەر،پەشێویو نیگەرانییەك دایان دەگرێ كە دەبنە هۆی هەڵخراندیانو پێوستە لە ژیانی رۆژانەدا لە هەموو بارێكەوە لە پیاوان چاوقایمتر بن (Brown miller, 1975). رەنگە براون میلەر كەمێك توندڕەوانە بیری كردبێتەوە، بەڵام ئەگەر نەختێك ورد بیر بكەینەوە، بەو ئاكامە دەگەین كە ئەگەر ژنێك بیەوێ ئەگەری دەستدرێژی بۆ سەر خۆی بە تەواوی كەم بكاتەوە، دەبێ چەندە ئاگاداری خوێ بێت. ئەم خاڵانەی خوارەوە ریزە رێنوێنیەكە بۆ ئەو ژنانەی كە هەوڵ دەدەن مەترسی دەستدرێژی بۆ سەر خۆیان كەم بكەنەوە. ئەم رێوشوێنانە لە لایەن یەكێك لە رێكخراوەكانی ژنان لە ویلایەتە یەكگرتووەكاندا بڵاو كراوەتەوە. ئەم رێوشوێنانە بەردەوام جەخت لە سەر ئەوە دەكەنەوە كە دەستدرێژی سێكسی، جینایەتێكە كە كار دەكاتە سەر رفتاری هەموو ژنێك (Katz & Mazur, 1979, p. 307).

تا ئەو جێگایەی بۆتان دەكرێ، خانووەكەتان قایم بكەن. قفڵەكان،پەنجەرەكانو دەرگاكان دەبێ قایم بكرێن. ئەگەر چوونە نێو شوقەیەك یان خانوویەكی تازەوە، قفڵەكان بگۆڕن. بنكەی پولیسی دژە تاوانی گەڕەكەكەتان دەتوانێ لەو پێوەندییەدا رێنماییتان بكات.

ئەگەر بە تەنیا دەژین:

ئەلف) گڵۆپەكان مەكوژێننەوە تا خەڵك پێیان وابێ خانووەكەتان لە كەسێك زیاتری تێدایە.

ب) كاتێ وەڵامی زەنگی دەرگا (ئایفۆن) دەدەنەوە، وا نیشان بدەن كە پیاوێك لە ماڵەوەیەو بە دەنگی بەرز بڵێین ئەوا یەكێك ئەبینم لە بەر دەرگا زەنگ لێدەدا.

ج) ناوی یەكەمی خۆتان لە سەر زەنگەكە یان دەفتەری تەلەفۆن مەنووسن، تەنیا پیتی یەكەمی بنووسن.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

3. به گشتی نزیکایەتی خەڵکی بێگانە مەکەن‌و هەرگیز دەرگاکە بە رووی کەسێکی نەناسدا مەکەنەوە. هەمیشە داوای پێناس (هەویە) لە مەعمیلەکانی خۆتان بکەن‌و لە ژێر دەرگاکەوە پێناسەکەیان لێ وەر بگرن. ئەگەر منداڵتان لە ماڵەوە هەیە، وریا بن دەرگا لە نەناس نەکەنەوە.

4. ئەگەر لە شوقەیەکدا دەژین، بە تەنیا مەچنە نێو ژێر زەوینێکی چۆڵ، گەراج یان یەکەی جلشۆرییەوەو بە تەنیا لەوێ مەمێننەوە.

5. ئەگەر بە تەلەفۆن قسەیەکی ناشیرینتان لە گەڵدا کرا، هیچ مەڵێن‌و تەلەفۆنەکە دابخەنەوەو پۆلیس لە مەسەلەکە تێبگەینن.

6. درەنگانی شەو بە تەنیا لە نێو شەقام یان حەوشەی زانکۆدا مەمێننەوە. ئەگەر بۆتان کرا با چەکێکی "کارا"تان پێبێ، وەك جگەرەیەکی داگیرساو، سووژنی کڵاو، لیمۆیەکی لاستیکی، چەتر، قەڵەم، چنگاڵی مەتبەخ، زنجیری کلیل، بورِس یان شانەی قژ (بۆ برینداركردنی دەموچاو)، یان فیقەیەکی پۆلیس (مەیکەنە ملتان، بەڵکو با بە زنجیرەکەوە بێ).

7. لە بەر شوفێری کامیون‌و لۆرییەکان مەپارێنەوە سوارتان بکەن. (ئەمە زۆر گرنگە!). ئەگەر ناچار بوون سەرکەون، بە کۆمەڵ سەرکەون‌و تەنیا لە کاتی ترافیك لایتدا.

8. ئەگەر ئۆتۆمبیل لێدەخۆرِن:

ئەلف) دڵنیا بن لەوەی کە یەك لە سەر چواری مەخزەنی بەنزینەکەتان پڕ بێ.

ب) هەمیشە کاتێ لە ئۆتۆمبیلەکان دائەبەزن، دەرگاکانی قفڵ بکەن.

ج) بەر لەوەی سواری ئۆتۆمبیلەکەتان ببن، کورسی پشتەوەو تەختاییەکەی چاو لێبکەن.

د) ئەگەر ئۆتۆمبیلەکەتان لە رێدا شکا، داوای یارمەتی لە پیاوێك یان چەند پیاوێك مەکەن، بەڵکو کاپووتەکەی هەڵدەنەوە،و لە نێو ئۆتۆمبیلەکەتاندا دابنیشن‌و دەرگاکانی قفڵ بکەن‌و چاوەڕوانی گەیشتنی پۆلیس بن.

9. لە بارِەکاندا خۆتان لە ناسینی پیاوی بێگانە ببوێرن، بە تایبەت ئەگەر مەشرووبێکی زۆرتان خواردبێتەوە یان ماددە هۆشبەرەکانتان کێشابێ.

10. بە تەنیا لە گەڵ پیاوێکدا مەچنە نێو ئاسانسۆرەوە. یان خێرا دابەزن‌و یان لە تەنیشت پلاکی کونترِۆڵکردنەوە بوەستن.

11. کاتێ مەوعیدێکتان داناوە، سنووری تێکەڵبوونی خۆتان هەر لە سەرەتاوە دیاری بکەن تا دوایی هەڵەیەك روو نەدات.

12. ئەو پەرستارانەی کە بۆ راگرتنی منداڵان دەچنە ماڵان، دەبێ پێشتر لێکۆڵینەوەی تەواو لە سەر ناوبانگی بنەماڵەکە بکەن. دایبابەکان دەبێ لە هەڵبژاردنی دادەکاندا زۆر وردبین بن.

13. ئەگەر هێرشتان کرایە سەر، هاوار مەکەن "دەستدرێژی"، هاوار بکەن "ئاگر"!

**کرداری رێسامەندی سێکسی**

**جیاوازی نێوان کولتورەکان**

بەشێك لە خەڵك وا ئەزانن کرداری سێکسیی مرۆڤ لە بنەرەتدا لە ژێر کاریگەری هۆکارە بیولۆژییەکاندایە، چونکە کردەوەی سێکسی پێویستییەکی حەتمی زاوزێکردنە. ئەوەی راستی بێت بە پێچەوانەی زۆربەی گیانلەبەرەکانەوە،کاردانەوە سێکسییەکانی ئێمە لە رووی ژنێتیکییەوە دیاری نەکراوە، بەڵکو دەکرێ بڵێین هەموویان لە رێگای فێربوونەوە دروست دەبن - و کردەوەی سێکسیانەی مرۆڤ بریتییە لە گەلێك چالاکی جۆراوجۆری دیکە،و بە تێکئاڵان لە گەڵ رەگەزی بەرانبەر (تێکئاڵانی ژن‌و پیاو) پشەوە.

**مەیلە سێکسییەکان لە کولتوری رۆژئاواییدا**

بۆ ماوەی نزیکەی دوو هەزار ساڵ ئایینی مەسیحییەت بووە سەرچاوەی سەرەکی تێروانینی رۆژئاوایەکان بۆ

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

کردەوەی سێکسی. هەرچەند کە ئاینزاو فیرقە جۆراوجۆرەکانی مەسیحییەت دیدو روانگەی گەلێك جیاوازییان لەمەر پێگەی گونجاوی مەیلە سێکسییەکان لە ژیاندا هەبوو، روانگەی زاڵی کڵێسەی مەسیحی ئەمە بوو کە هەرچەشنە کردارێکی سێکسی گوناحە،و دەبێ لە سنووری زاوزێکردن تێپەڕ نەکات. لە سەردەمانی پێشوودا و لە هەندێ شوێندا ئەم روانگەیە، رواڵەتێکی پیرۆزو ریاکارانەی لە ئاستی کۆمەڵگەدا وەرگرتبوو. بەڵام دوای ئەو سەردەمە، خەڵکێکی زۆر ئامۆژگارییەکانی کڵێسەیان پشتگوێ خست یان لە بەرانبەریدا راوەستان و بە گشتی روویان کردە زەناکردن و کردەوەی ئەوتۆ کە لە لایەن پێشەوا مەزهەبیەکانەوە حەرام کرابوو.

لە سەدەی نۆزدەهەمدا تیۆرییە پزیشکییەکان تا رادەیەك جێگای تێگەیشتنی مەزهەبییان لەمەڕ مەیلە سێکسییەکان گرتەوە. بەڵام زۆربەی نووسراوە پزیشکییەکان هەروەك بیروباوەڕەکانی کڵێسە روانگەیەکی سەختگیرانەیان دەربارەی کردەوەی سێکسی هەبوو. هەندێ لەو نووسراوانە وایان نیشان دەدا کە هەرچەشنە کردەوەیەکی سێکسی ئەگەر لە چوارچێوەی زاوزێکردندا نەبێ، زیانی جەستەیی بەو کەسانە دەگەینێ کە ئەنجامی دەدەن.

کردەوەی سێکسی

ئێمە دەتوانین بە دڵنیاییەکی زیاترەوە دەربارەی بەها گشتییەکانی تایبەت بە مەیلە سێکسییەکان لە رابردوودا قسە بکەین تا ئەوەی کە باسی شێوازەکانی رەفتاری تایبەتی بکەین، چونکە ئەم کردەوانە بە پێی سرووشتیان هیچ بەڵگەیەك بە دەستەوە نادەن. کاتێ ئالفرێد کینسی لە ساڵانی 1940و 1950دا لێکۆڵینەوەکانی خۆی لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا دەست پێکرد، بۆ یەکەمجار بوو کە لێکۆڵینەوەیەکی بەرچاو دەربارەی کردەوەی سێکسی ئەنجام دەدرێ. کێنسی و هاوڕیانی لە لایەن زۆرێك لە رێکخراوە مەزهەبییەکانەوە تاوانبار کران،و توێژینەوەکانی وەك کارێکی نائەخلاقی لە رۆژنامەکان و کونگرەدا مەحکووم کرا. بەڵام ئەو پێداگربووو سەرەنجام بیوگرافی سێکسی هەژدەهەزار کەس لە حەشیمەتی سپی پێستی ئەمریکای وەرگرت کە نموونەیەکی باشی حەشیمەتی سپی پێستی ئەو وڵاتە بوو (Kinsey et all, 1948, 1953).

ئاکامەکانی لێکۆڵینەوەکانی کێنسی زۆربەی خەڵکی تووشی سەرسووڕمان و زۆری دیکەشی راچڵەکاندبوو، چونکە دەریانخست کە جیاوازییەکی زۆر لە نێوان چاوەڕوانییەکانی خەڵکی ئەو سەردەمە لەمەڕ کردەوەی باوی سێکسی و کردەوەی راستەقینەی سێکسیدا هەبوو. هەروەها ناکۆکی نێوان تێڕوانینی جەماوەر و کردەوەی راستەقینەی سێکسیدا نیشان دا. بەڵام رەنگە ئەم ناکۆکییە لەو سەردەمە تایبەتەدا دوابەدوای شەڕی جیهانی دووەم زۆر بووبێ. لە دەیەی 1920دا قۆناغی ئازادبوونی پێوەندییە سێکسییەکان (Sexual Liberal Lization) تا رادەیەك زووتر دەستی پێکردبوو، سەردەمێك کە زۆرێك لە گەنجەکان هەستیان دەکرد لە ژێر باری یاسا ئەخلاقییە دوگماکاندا رزگاریان بووە. پێدەچوو گۆڕانێکی تا رادەیەکی زۆر بە سەر کردەوەی سێکسیدا هاتبێ، بەڵام پرسە سێکسییەکان وەك ئەمڕۆ ئازادنە نەدەهاتنە بەرباس.

لەبەر ئەوە کە کردەوەی سێکسی لە لایەن خەڵکەوە بە ناشیرین دەزانرا. ئەو کەسانەی کە لەو کارانەدا بەشدارییان دەکرد، هەوڵیان دەدا کەس پێیان نەزانێ، بێ ئەوەی بە تەواوی لەوە ئاگاردار بن کە خەڵکی دیکە چەندە سەرقاڵی ئەمجۆرە کردەوانەن. قۆناغی ئازادیخوازانەی دەیەی 1960 توانی تێڕوانینە شەفافەکان لە گەڵ واقیعییەتەکانی کردەوەی سێکسیدا نزیکتر بکاتەوە.

هیچ لێکۆڵینەوەیەکی گشتگیرتر کە بتوانێ شان لە شانی لێکۆڵینەوەکانی کینسی بدات، لەو کاتەوە تاکو ئەمڕۆ لە هیچ وڵاتێکدا ئەنجام نەدراوە. بە هۆی پرژوبڵاوی ماهییەتی لێکۆڵینەوەکانی دوایی، ناتوانین بە تەواوی لەوە دڵنیا بین کە کردەوەی سێکسی لەم سەردەمەدا چەندە لەگەڵ سەردەمی دوای شەڕی جیهانی دووەمدا جیاوازی هەیە. بەڵام هەندێ لە رەوتەکان تا رادەیەك بەرچاورونییان تێدایە. لە ویلایەتە یەکگرتوەکان و زۆربەی وڵاتە ئەوروپییەکاندا رادەی ئەزموونی سێکسی بەر لە هاوسەرگیری (بەتایبەت لە نێوان ژنەکاندا) چووەتە سەر. وا دێتە بەرچاو کە زۆربەی کۆمەڵگە رۆژئاواییەکان درەنگ یان زوو دەگەنە ئاستێك کە سوید لە

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ساڵی 1970دا پێی گەیشتووە. واتە سەردەمێك كە 95٪ی ژنانو پیاوان لەو وڵاتەدا بەر لە هاوسەرگیری ئەزموونی سێكسییان هەبوو.

هاورەگەزبازی (هۆمۆسێکسیواڵ)

هاورەگەزبازی لە هەموو كولتورێكدا هەیە. بەڵام چەمكی "كەسی هاورەگەزباز (homosexual person) – واتە كەسێك كە بە ئاشكرا سەلیقەیەكی سێكسی جیاوازتری لە سەلیقەی گشتی هەیە - چەمكێكی تا رادەیەك نوێیە. پێناچێ ئەم چەمكە پێش سەدەی هەژدەیەم هەبووبێ. هەتیوبازی (نێربازی) لە لایەن كڵێسەو یاساوە بە تاوان زانرابوو. لە بریتانیاو چەندین وڵاتی دیكەدا سزای مردنی بۆ دیاری كرابوو، بەڵام هەتیوبازی بە شێوەیەكی تایبەتی وەك لادانێكی هاورەگەزبازانە پێناسە نەكرابوو. ئەم كردەوەیە لە رێگای پێوەندی نێوان پیاوو ژن، پیاو و ئاژەڵانو پیاوو پیاو جێبەجێ دەكرا.
زاراوەی "هاورەگەزبازی" (homosexuality) لە دەیەی 1860دا داهێنرا،و دوای ئەوە هاورەگەزبازەكان زیاتر لە پێشوو وك كەسانێكی جیاواز كە لادانی سێكسییان هەیە چاو لێكران (Weeks, 1986). بەكاربردنی زاراوەی "ژنی هاورەگەزباز" (Lesbian) لە ویلایەتە یەكگرتووەكاندا دوای سەربەخۆییو لە ئەوروپاشدا لە كۆتاییەكانی سەدەی هەژدەو سەرەتاكانی نۆزدەهەمدا هەڵۆشایەوە.
بەڵام نزیكەی چەند دەیە لەوەپێش لە بریتانیاو زۆربەی وڵاتە یەكگرتوەكاندا هاورەگەزبازی وەك هەمیشە بە كردەوەیەكی تاوانكارانە دەژمێردرا.

ئایدز

لەم دواییانەدا نێربازی پێوەندی دراوە بە كاریگەری كۆمەڵایەتی نەخۆشی ئایدزەوە (Acquired Immune Deficiency Syndrome (AIDS). تەنیا لە كۆتاییەكانی ساڵی 1981دا بوو كە لە راگەیەنەرە گشتییەكاندا باسی ئەم نەخۆشییە هاتە گۆرێ، هەرچەند لە نێو نێربازەكاندا پێشتر ناسرابوو. بیروڕای گشتی راست لە كاتێكدا لەم دیاردەیە تێگەیشت كە زۆرێك لە پێشداوەرییەكان لە دژی هاورەگەزبازی لە نێو چووبوون. بۆ ئەو كەسانەی كە رقیان لە هاورەگەزبازی دەبوویەوە، بە تایبەت بۆ هەندێ لە گرووپە مەزهەبییەكان وادیار بوو كە ئەم نەخۆشییە هۆیەكی راستەقینە بوو بۆ تۆمەتباركردنی ئەجامدەرانی. تەنانەت هەندێ لە ناوەندە پزیشكییەكانیش هاتبوونە سەر ئەو بڕوایە كە ئایدز بەڵایكە كە خودا بۆ سزادانی لادەرەكانو سەرلێشێواوەكان ناردوویەتی. لە سەروتاری یەكێك لە گۆڤارە پزیشكییەكاندا ئەم پرسیارە هاتبووە گۆڕێ: ئاخۆ بە راستی دەكرێ بە چاوی خۆمان ببینین كە وتەكەی سن پۆل كە دەڵێ "ئەمە سزای شیاوی گوناحەكانیانە" بە شێوەی نەخۆشییەكی تەشنەئەستێن بێتە دی؟ (Altman, 1986,p.17).
پەرەسەندنی خێرای ئایدز بێگومان تا رادەیەك دەگەڕێتەوە بۆ مامەڵەكردنی وردەكولتورەكانی ئەمریكای باكوورو شوێنەكانیتر لە گەڵ هاورەگەزبازیدا. وادیاربوو كە ئایدز لە راستیدا تەنیا لە نێو شارەگەورەكانی ئەمریكادا كە حەشیمەتێكی بەرچاوی هاورەگەزبازیان تێدابوو، هەیە. مانشێتی چاپەمەنییەكان یەكەم زەنگی وشیاركردنەوەیان لێدا: بەڵای هاورەگەزبازی كارناسە پزیشكییەكانی تووشی سەرلێشێوان كردووە. ئەم مانشێتەی رۆژنامەی فلادلفیا دەیلی نیوز (Philadelphia Daily News) لە رێكەوتی 9ی ئووتی 1982دا لێدرابوو. رۆژنامەی ساتردای ئیڤینگ پۆست (Saturday Evening Post) لە رێكەوتی ئۆكتۆبەری 1982دا رایگەیاند "هاورەگەزبازی دژی لەشساغییە."لە كاتێكدا كە تۆرنتۆ ستار (Toronto Star) رایگەیاند "بەڵای هاورەگەزبازی گەیشتە كەنەدا".گۆڤاری ئاس (Us) لە راپۆرتێكدا وتی "نێربازەكان چیتر ئەوەندە خۆشحاڵ نین." لەو سەردەمەدا دەركەوتبوو كە یەك لە سەر سێی ئایدزییەكان لە ئەمریكادا هاوڕەگەزباز نین، بەڵام ئەم مەسەلەیە لە سەرتاوە لە میدیاكاندا بە كردەوە پشتگۆی خرا. كاتێ كە راك هودسن (Rock Hudson) ئەستێرەی سینەما لە ساڵی 1985دا بە هۆی نەخۆشی ئایدزەوە گیانی لە دەست

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دا، ئەوەی کە زیاتر چاپەمەنییەکانی جیهانی راچڵەکاندا ماهییەتی نەخۆشییەکەی نەبوو، بەڵکو ئەو راستییە بوو کە ئەم سەمبولی ئازایەتییە هاورەگەزباز بوو.

لێکۆڵەرەوە پزیشکییەکان لە باتی ئەوەی لە ڤایرۆسێکی تایبەتدا بە دوای سەرچاوەی ئەم نەخۆشییەدا بگەڕێن، سەرەتا هەوڵیاندا لە لایەنە تایبەتییەکانی کردەوەی هاورەگەزبازیدا سەرچاوەکەی بدۆزنەوە. ئەم دۆزینەوەیە کە ئایدز دەتوانێ لە رێگای پێوەندی سێکسی لە گەڵ رەگەزی بەرانبەردا بگوێزرێتەوە، دواتر ناچاری کردن کە بە تێگەیشتنەکانی خۆیاندا بچنەوە. زۆربەی بەڵگەو شایەتییەکان لەمبارەیەوە لە ئەفریقای ناوەندیدا بەدەست هات، واتە ئەو شوێنەی کە ئایدز تێیدا پەرەی سەندبوو،بێ ئەوەی کە هیچ پێوەندییەکی تایبەتی بە نێربازییەوە هەبێ. "بەڵای هاورەگەزبازی" دەستبەجێ لە لایەن چاپەمەنییەکانەوە وەك "مۆتەکەی پێوەندی لەگەڵ رەگەزی بەرانبەردا " سەر لە نوێ پێناسە کرایەوە.

کێشەی ئایدز لەوانەیە کار بکاتە سەر زۆرێك لە شێوازەکانی کردەوەی سێکسی. لە نێو کۆڕی هاوڕەگەزبازاندا گۆڕانێکی بەرچاو دەبینرێ،و لە بنەڕەتدا رادەی کردەوە سێکسییە بە رێکەوتەکان کەم بووەتەوە.

ئایدزو حشیمەتی ناهمۆسیکسیواڵ

لە روانگەی پزیشکییەوە، ئایدز ئامانجێکی ناجێگیر، نوێو فریودەرانەیە. زانیاری پزیشکی لەمەڕ ئەم نەخۆشییە زۆر بە خێرایی دەست پێدەکا. ئایدز دۆخێکە کە دەبێتە هۆی دارِمانی سیستمی بەرگری جەستە، خودی نەخۆشییەکە نابێتە هۆی مردن،بەڵام کەسی تووشبوو گیرۆدەی کۆمەڵە نەخۆشییەك دەبێ، بۆ وێنە، شێرپەنجە کە کوشندەیە. زۆرێك لەو بەڵگەو شایەتیانەی کە تاکو ئێستا بە دەست هاتوون، وا نیشان دەدەن کە ئایدز پێوەندی بە یەك ڤایرۆس یان چەندین ڤایرۆسەوە هەیە کە پێوەندییان پێکەوە هەیە.

گومانی ئەوە لە ئارادا هەیە کە ئایدز یان لە رێگای خوێنەوە (وەك ئەوەی کە موعتادەکان کەڵك لە یەك دەرزی وەردەگرن)، یان لە رێگای مەنیێی پیاو یان تەڕایی زێی ژنەوە دەگوازرێتەوە. نێربازەکان هێشتا هۆکاری گواستنەوەی 70٪ی ئایدزن لە ویلایەتە یەکگرتووەکان،و رێژەیەکی بە نیسبەت زیاتر لە وڵاتە ئەوروپییەکاندا.

بە پێی هەندێ بەڵگە، ترسان لە تووشبوون بە ئایدز وای کردووە کە ناهاوەزگەزبازەکان بە پارێزەوە کاری سێکسی ئەنجام بدەن. یەکێك لە لێکۆڵینەوەکانی ئەم دواییانە دەربارەی سۆزانییەکانی لەندەن دەریخست کە 70٪ی ئەوانە لە دوای ئاگاداربوون لە بوونی ئایدز رەفتاری خۆیان گۆڕیبوو،و دوای ئەوە دوایان لە هەموو حەریفەکانی خۆیان دەکرد کە بۆ تێکئالانی سێکسی کەندۆم بە کار بهێنن. بەڵام، 10٪ی ئەم گرووپە سەرباری نیگەرابوونیان وتیان کە بەردەوامی بەکاری خۆیان دەدەن، ئەگەر بشزانن کە تووشی ڤایرۆسی ئایدز دەبن (Barton, 1985).

ئەمڕۆ لە زۆربەی وڵاتە ئەوروپییەکاندا روانگەی جۆراوجۆر لە گۆڕیدایە سەبارەت بەوەی کە ئاخۆ دەبێ جیاکردنەوەیەکی زۆرەملیانە سەربارەت بە ئایدز هەبێ یان نا،و ئاخۆ دەبێ یاسا جۆرێك لە هەڵاواردن لە ئاست تووشبوانی ئایدزدا پەسند بکا یان نا. رێکخراوەکانی داکۆکیکاری مافە مەدەنییەکان بەڵگە دێننەوە کە ئاساییکردنی هەرچەشنە جیاکردنەوەیەکی زۆرەملیانە نیشانەی ئەوەیە کە ئازادییە تاکەکەسییەکان کەم دەبنەوە، لە بەرانبەردا دژبەرەکانیان دەڵێن ئەگەر ئەم کارە بتوانێ پێش بە پەرەسەندنی نەخۆشیەکی ترسناك بگرێ، ئەوە دێنێ کە نرخێکی وەهای بۆ بدەی. هەندێ لە وڵاتان سزای یاساییان بۆ ئەو کەسانە داناوە کە بە ئەنقەست کەسانیتر ئالوودە بکەن - بۆ نموونە، لە نەرویجدا بۆ ئەم کارە هەشت ساڵ زیندانی دیاری کراوە. لە ئەمریکادا نەخۆشێکی ئایدزی کە تفی کردبووە دەمووچاوی دوو پۆلیس، دادگایی کراو بە تۆمەتی ئەوەی کە ویستوویەتی ئەو دوو کەسە بکوژێ، بە تاوانبار ناسرا. بەپێی گەڵاڵە یاساییەکانی ساڵی 1982ی تەگزاس لە پێوەندی لەگەڵ نەخۆشییە تەشەنەئەستێنەکانو رێگاکانی پێش پێگرتنیان، شارستانی ئانتۆنیو

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

له ویلایەتی تەگزاس سزای تا 10ساڵ زیندانی بۆ ئەو نەخوشانە دیاریکردوە کە لەگەڵ کەسانی لەشساغدا کردەوەی سێکی ئەنجام دەدەن. لە بریتانیادا ئەمجۆرە یاسایانە تاکو ئێستا بە شێوەی جددی نەهێنراونەتە بەرباس.

لەشفرۆشی

دەکرێ لەشفرۆشی بەم شێوە پێناسە بکەین: دابینکردنی خواستە سێکسییەکان لە بەرانبەر پارەدا. لە نێوان گراوێکی پارەخواز (paid mistress) - کە هۆی سەرەکی پێشکەشکردنی لەش‌ولاری بە خوازیارەکەی ئەو پارەیە کە پێی دەدرێ - و لەشفرۆشیدا هیچ جیاوازییەکی ئاشکرا لە ئارادا نییە. هەرچەند کە جیاوازی سەرەکیی لەوەدایە کە لەشفرۆش خۆی دەخاتە بەردەست کڕیارە جۆراوجۆرەکانی. وشەی "لەشفرۆش" لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەهەمدا رەواجی پەیدا کرد. لە دونیای کۆندا، زۆربەی ئەو کەسانەی کە لە بەرانبەر پاداشتی ئابووریدا خواستە سێکسیەکانیان دابین دەکرد لەشفرۆشی دیوەخانان، ژنە دڵدارەکانی نێو خێزان یان گزیرەکان بوون. لە کۆمەڵگە نەریتییەکاندا لەشفرۆشی دیوەخانان‌و گزیرەکان بە زۆری خاوەن رێزو قەدرێکی زۆر بوون.

یەکێك لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی لەشفرۆشی لەم سەردەمەدا ئەوەیە کە ژنە لەشفرۆشەکان‌و کڕیارەکانیان بە گشتی یەکتر ناناسن. هەرچەند رەنگە پیاوەکان ببنە کڕیاری هەمیشەیی، بەڵام پێوەندییەکە لە سەرەتادا لە سەر بنەمای ناسیاری دانامەزرێ. لە سەردەمانی پێشوودا دۆخێکی لەم چەشنە لە پێوەندی لە گەڵ زۆربەی شێوەکانی دابینکردنی خواستە سێکسییەکان لە بەرانبەر سوودی مادیدیدا لە گۆڕێدا نەبوو. لەشفرۆشی لە ئاکامی دارمانی کۆمەڵگە خۆماڵییە بچووکەکان،پەرەسەندنی گەرەکە گەورەکانی شارو بە بازاڕی بوونی پێوندییە کۆمەڵایەتییەکاندا پەرەی سەند. لە کۆمەڵگە خۆماڵییە بچووکەکاندا زەقبوونی پێوەندییە سێکسییەکان دەبووە هۆی راگیرکردنیان. لە نێو گەڕەکە پەرەگرتووەکانی شاردا، پێوەندییە کۆمەڵایەتییە نەناسراوەکان بە ئاسانی دادەمەزران.

لەشفرۆشی لەم سەردەمەدا

ئەمڕۆ لە بریتانیادا هەروەك پێشوو لەشفرۆشەکان لە چینی هەژاری کۆمەڵەوە دەردەکەون، بەڵام لە نێو چینی مامناوەندیشدا ژمارەیەکی بەرچاو سەریان هەڵداوە. رادەی چونەسەری تەڵاق بووەتە هۆی ئەوە کە بەشێك لەو ژنانەی کە تەڵاق دراون، لە بەر کەمدەستی ناچار بوون پەنا بۆ لەشفرۆشی ببەن. بەتایبەت بەشێك لەو ژنانە کە دوای تەواوکردنی خوێندن کاریان دەست ناکەوێ، لە هۆڵەکانی ماساژ (شێلاندن) یان لە نێو تۆڕی کچە تەلەفۆنییەکاندا (call-girl networks) وێڕای گەڕان بە دوای کارێکی دیکەدا، ئیش دەکەن (Rosen, 1982,p. 173-4).

پۆل ج. گولدستین بەپێی پابەندبوونی پیشەیی یان بەستێنی پیشەیی، جۆرەکانی لەشفرۆشی پۆلین کردووە. پابەندبوونی ژن بە بەرفراوانی کارکردن پێی دەوترێ لەشفرۆشی. زۆرێك لە ژنان تەنیا بە شێوەی کاتی ئەو کارە دەکەن‌و بەر لەوەی بۆ ماوەیەکی درێژ یان بۆ هەمیشە واز لە لەشفرۆشی بهێنن، ئەو کارە ئەنجام دەدەن. لەشفرۆشە هەڵکەوتەکان، بەو ژنانە دەوترێ کە بە زۆری لە بەرانبەر پارەدا تەسلیم دەبن، دیارە ناوەناوە و بە مەبەستی پارمەتیدان بە داهاتیان. بەشەکەیتر بە بەردەوامی لەشفرۆشی دەکەن،و ئەم کارە سەرچاوەی سەرەکی داهاتیان پێك دەهێنێ. مەبەست لە بەستێنی پیشەیی، ئەو شوێن‌و کارلێکە بەردەوامانەیە کە ژنێك تێیدا بەشدارە. ژنێکی بازاڕی (street-walker) لە نێو بازاڕدا لەگەڵ کڕیارەکاندا دەکەوێتە مامەڵەکردن. کچێکی تەلەفۆنی، لە رێگای تەلەفۆنەوە لەگەڵ کڕیارەکانیدا گفتوگۆ دەکا، یان پیاوان دەچنە ماڵی یان ئەو دەچێتە دیداریان.لەشفرۆشی هۆڵەکان (house prostitute)، بەو ژنانە دەوترێ کە لە یانەیەکی تایبەتی یان لە قەڵا (قەحبەخانە)دا کار دەکا. لەشفرۆشێکی هۆڵی ماساژدان (massage0parlour prostitute) لە

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

سەنتەرێکدا کە بە رواڵەت بەشێوەی یاسایی خزمەتگوزاری تەندروستیو ماساژ فەراهەم دەکا، خزمەتگوزاری سێکسی پێشکەش دەکا.

زۆرێك لە ژنانیش بە شێوەی ئاڵوگۆڕ (وەرگرتنی کاڵا یان خزمەتگوزاری لە جیاتی پارە) مامەڵەی سێکسی دەکەن. زۆربەی ئەو کچە تەلەفۆنیانەی کە گولدسین لێکۆڵینەوەی لەسەر کردوون بە شێوەی ڕێکوپێك بە شێوەی ئاڵوگۆڕ مامەڵەی سێکسی (Sexual bartering) ئەنجام دەدەن – پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری سێکسی لە بەرانبەر وەرگرتنی تەلەفزیون، چاککردنی ئۆتۆمبیلو ئامێری کارەبایی، وەرگرتنی پۆشاك، خزمەتگوزاری مافپەروەرانەو ددانپزیشکی (Goldstein, 1979).

یەکێك لە بڕیارنامەکانی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان کە لە ساڵی 1951دا پەسند کرا، ئەو کەسانە بە تاوانبار دەناسێ کە یان خەریکی ڕێکخستنی کاری لەشفرۆشین یان بازرگانی بەو کارەوە دەکەن، بەڵام لەشفرۆشی بە یاساغ نازانێ. بەگشتی پەنجاو سێ ئەندامی ڕێکخراوی نەتەوەکان، بۆ وێنە بریتانیا بە شێوەی فەرمی ئەم بڕیارنامەیان قبووڵ کردوە، هەرچەند یاساکانیان لە پێوەندی لە گەڵ لەشفرۆشیدا جیاوازییان پێکەوە هەیە. هەندێ لە وڵاتاندا لە بنەڕەتدا لەشفرۆشی بە نایاسایی دادەنێن. هەندێ وڵاتی دیکەی وەك، بریتانیا چەند جۆرێك لە لەشفرۆشی وەك مامەڵەکردنی نێوبازاڕ یان لەشفرۆشی منداڵانیان (Child Prostitute) بە یاساغ زانیوە. هەندێ حکومەتی نیشتمانیو ناوچەیی مۆڵەتی کارکردن دەدەن بە ناوەندە فەرمییەکانی لەشفرۆشی یان هۆڵەکانی سێکس (Sex- Parlours) وەك سەنتەرەکانی ئەرۆس (Eros Centers) لە ئاڵمانیای ڕۆژئاوا یان خانووەکانی سێکس (Sexhouses) لە ئامستردام. تەنیا چەند وڵاتێك مۆڵەتی کارکردن دەدەن بە پیاوانی لەشفرۆش (Male Prostituyes).

یاساکانی دژی لەشفرۆشی تا رادەیەکی زۆر لە هەموو شوێنێکدا یەکێك لە لایەنەکانی مامەڵەکردنی نێوان لەشفرۆشەکانو کڕیارەکان دەگرێتەوە. ئەو کەسانەی خزمەتە سێکسییەکان دەکڕن، راوەدوو نانرێنو دەستگیر ناکرێنو لە ڕەوتی لێکۆڵینەوەکانی دادگادا دەتوانن شوناسیان بشارنەوە. لێکۆڵینەوەیەکی کەمتر دەربارەی کڕیارەکان ئەنجام دراوە تا ئەو کەسانەی کە لەشفرۆشی دەکەنو کەمتر بینراوە کە کەسێك وتبێتی ئەوان لە رووی سایکۆلۆژییەوە کێشەیان هەیە - هەروەك بە زۆری ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ قسەی لەو جۆرە دەربارەی لەشفرۆشی دەکرێ. بێگومان ئەم ناهاوسەنگییە لە توێژینەوەکاندا قبوولکردنی بێ ئەملاو ئەولای بیروباوەڕە رۆتینییەکان دەربارەی مەیلە سێکسییەکان نیشان دەدا کە بەپێی ئەو بیرو باوەڕانە بۆ پیاوان شتێکی ئاساییە کە ئازادانە بە دوای ڕێگاکانی خۆدامرکانەوەدا بگەڕێن، لە حاڵێکدا ئەو کەسانەی وەڵامی ئەم خواستانە دەدەنەوە، تاوانبار دەکرێن.

### لەشفرۆشی منداڵان

لەشفرۆشی بە زۆری لە نێو منداڵاندا هەیە. دیڤیدکامپانیا رادەی لەشفرۆشی منداڵانی لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا شیکردۆتەوە. ناوبراو لێکۆڵینەوەکانی خۆی لەسەر بنەمای گەڵاڵەیەکی بەربڵاوی لێکۆڵینەوەکردن ئەنجام داوە کە لە 596 بنکەی پۆلیسو 125 دامەزراوە خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی لە سەرتاسەری وڵاتدا زانیارییەکانی کۆ کردۆتەوە (Compagna, 1985). بە پێی ئەو ئامارانەی کە ناوبراو دەیخاتەروو رادەی داهاتی ساڵانەی لەشفرۆشی منداڵان لە سەرووی دوو ملیارد دۆلار دەگرێتەوە. بەڵام سەرباری ئەم داهاتە زۆرو زەوەندە، پێناچی تۆڕە تاوانکارەکان بتوانن بە شێوەی گشتی لەشفرۆشی منداڵان کونتڕۆڵ بکەن. لێکۆڵینەوە لە سەر لەشفرۆشی منداڵان لە ئەمریکا، بریتانیاو ئەڵمانی ڕۆژئاوا دەریخستووە کە زۆربەیان لە کاری بچووکدا بەشداریان کردووە کە تێیدا بۆ نموونە، ئەو منداڵانەی کە لە ماڵەوە هەڵدێنو بژیویان نییە روو دەکەنە لەشفرۆشی. پێناچێ زۆربەی هەتیوبازەکان بە شێوەی تایبەتی دوای منداڵان بکەون، بەڵکو زیاتر دوای ئەو گەنجانە دەکەون کە لە خزمەتگوزاری سێکسی دەگەڕێن.

ئەم راستیە کە زۆرێك لە منداڵە هەڵاتووەکان روو دەکەنە لەشفرۆشی، لە راستیدا یەکێك لە ئاکامە

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

نەخوازراوەکانی ئەو یاسایانەیە کە لە بەرانبەر کاری خوار تەمەنی کارکردندا (under-age employment) پشتیوانی لە منداڵان دەکەن، بەڵام بە هیچ شێوەیەك هەموو منداڵە لەشفرۆشەکان لە ماڵەوە هەڵنەهاتوون. دەتوانین منداڵە لەشفرۆشەکان بە سەر سێ گرووپدا دابەش بکەین (Janus 8 Heid Bracey, 1980).

1. هەڵاتووەکان (runaways) کە یان لە ماڵ هەڵاتوون و بنەماڵەیان بە دوایاندا ناگەڕێن یان هەر جارێك کە ئەیاندۆزنەوەو ئەیانبەنەوە، سەر لەنوێ هەڵ دێنەوە.
2. گەڕاڵەکان (Walkways) کە لە بنەڕەتدا لە ماڵەوە دەژین، بەڵام جارناجار بۆ ماوەیەك و بۆ نموونە، چەند شەوێك لە دەرەوە دەمێننەوە.
3. تەریکخراوەکان، کە دایك وباوکیان لە ئاستیاندا کەمتەرخەمن یان بە تەواوەتی وازیان لێ هێناون.
4. کچان و کوڕان لە نێو هەموو ئەم گرووپانەدا هەن.

لەشفرۆشی منداڵان بەشێکە لە پیشەی "گەشتیاری سێکسی" (sex-tourism industry) لە هەندێ ناوچەی جیهاندا – وەك نموونە، تایلەند و فیلیپین. تۆڕە داخراوەکان (package tours)، کە ئامانجیان بایەخدانە بە لەشفرۆشی، لە ئەمریکاو ئەوروپاو ژاپۆنەوە پیاوەکان بۆ ئەم ناوچەیە رادەکێشی. ئەندامانی بزووتنەوەی ژنانی ئاسیایی نارەزایەتییەکی گشتییان دژی ئەم تۆڕانە وەرێخستووە، بەڵام ئەمجۆرە تۆڕانە هەر لە جێی خۆیانن. سەرچاوەی گەشتیاریی سێکسی لە ئاسیای رۆژهەڵاتدا دەگەڕێتەوە بۆ ئامادەکردنی لەشفرۆشەکان بۆ ئەو سەربازە ئەمریکاییانەی کە لە ماوەی شەڕی ڤیەتنام، کوریاو تایواندا لەو ناوچەیەدا بوون. بۆ ئەم مەبەستە لە تایلەند، فیلیپین، ڤیەتنام، کوریاو تایواندا گەلێك ناوەندی "پشوودان و رابواردن"("rest and recreation" centers) دامەزران. بەشێك لەم ناوەندانە هێشتا هەر ماون، بە تایبەت لە فیلیپین و، لە پێناو خۆشگوزەرانی گرووپە گەشتیارییە سیستماتی و هێزە سەربازییەکانی ناوچەکەدا خزمەتگوزاری پێشکەش دەکەن.

هۆی لەشفرۆشی چییە؟ گومان لەوەدا نییە کە لەشفرۆشی دیاردەیەکی سەقامگیرەو لە بەرانبەر هەوڵی حکومەتەکان بۆ سڕینەوەیان، خۆڕاگری دەکەن. هەروەها ئەم دیاردەیە بەردەوام مەسەلەی ئەو ژنانەیە کە لە بەرانبەر وەرگرتنی پارەدا خواستی پیاوان دابین دەکەن – هەرچەند چەند نموونەیەکی وەك هامبۆرگی ئاڵمانی رۆژئاوا هەیە کە هەندێ ناوەندی رابواردنی تێدایە کە خزمەتگوزاری سێکسی پیاوانە بۆ ژنان فەراهەم دەکەن. دیارە کوڕان یان پیاوانیش هەواوهەوەسی پیاوانی دیکە دائەمرکێننەوە.

بیرکردنەوە لەمەڕ ئاخێزی لەشفرۆشی ناهاوڕەگەزبازانە لە راستیدا یارمەتی بە روونکردنەوەی ئەو بابەتە سەرەکییانە دەکا کە لەم نەسکەدا تاوتوێ کراون. ئەم کارە بریتییە لە رەفتارێك کە لە سەر بنەمای دابەشکردنی سیکسی ئەنجام دەدرێ (دانی پارە یان هەر شتێکی دیکە لە بەرانبەر دامرکاندنی خواستی سێکسیدا)و بە زۆری بە هۆی نایەکسانییەکی زەقەوە دیاری دەکرێ (بۆ نموونە، لەشفرۆشەکان بە سووك چاو لێدەکرێن و رەنگە رووبەرووی سزای یاسایی ببنەوە، لە حاڵێکدا کڕیارەکانیان بە زۆری رووبەرووی هیچ کاردانەوەیەکی کۆمەڵایەتی نابنەوە.) هیچ هۆکارێك بە تەنیایی هۆی لەشفرۆشی روون ناکاتەوە. رەنگە وابێتە بەرچاو کە پیاوان بە بەراورد لە گەڵ ژناندا پێویستییەکی سێکسی بەهێزتر یان زیاتریان هەیە،و بۆیە پێویستیان بە رێگای دامرکاندنەوە هەیە کە لەشفرۆشی لێدەکەوێتەوە. بەڵام ئەم دەربڕینە پاساو هەڵ ناگرێ. وادیارە زۆربەی ژنان دەتوانن مەیلە سێکسییەکانی خۆیان بە شێوەیەکی توندتر پەرە پێبدەن تا ئەو پیاوانەی کە هاوتەمەنی خۆیانن (Hyde, 1986). ئەگەر لەشفرۆشی تەنیا بۆ دامرکاندنەوەی هەستە سێکسییەکان بوایە، بێگومان ژنانیش دەیانتوانی بە هۆی پیاوانی لەشفرۆشەوە خواستە سێکسییەکانی خۆیان دابین بکەن.

جێی بڕواترین ئاکامی گشتی لەمبارەیەوە ئەوەیە کە لەشفرۆشی نیشاندەری شێوەی روانینی پیاوانە کە ژنان وەك ئامرازێك بۆ مەبەستە سێکسییەکانی خۆیان چاو لێدەکەن و ئەم شێوە روانینە (بە هۆی لەشفرۆشییەوە) بەردەوام دەبێ. لەشفرۆشی لایەنێکە لە پێوەندی باوکسالارانە،کە لە بوارێکی تایبەتدا نایەکسانییەکانی

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دەسەڵاتی ژنانو پیاوان نیشان دەدا. ئاشکرایە کە زۆر توخمی دیکە لەم کارەدا بەشدارن. لەشفرۆشی ڕێگایەکی بۆ دامرکاندنەوەی ئەو کەسانەی کە بە هۆی کەمئەندامی یان بوونی یاسای ئەخلاقی توندوتۆڵ ناتوانن کەسێکی تایبەت بۆ خۆیان پەیدا بکەن. لەشفرۆشی دەتوانێ پێویستی سێکسی ئەو پیاوانە دابین بکا کە یان لە ماڵەوە دوورن، یان حەزیان لە ڕابواردنە، یان حەزیان لە هەندێ ژنی تایبەتە. بەڵام ئەم هۆکارانە زیاتر پێوەندییان بە ڕادەی لەشفرۆشییەوە هەیە تا ماهییەتەکەی.

دەرەنجام: کۆمەڵناسیو پێوەندی سێکسی

لەم ساڵانەی دواییدا کەمتر بوارێکی کۆمەڵناسی وەك خوێندنەوەی پێوەندییە سێکسییەکان تا ئەم ڕادەیە پەرەی سەندووە، یان بە شێوەی گشتی تا ئەم ڕادەیە بۆ ئەم لقە گرینگی پەیدا کردووە. ئەم شتە تا ڕادەیەکی زۆر ڕەنگدانەوەی گۆڕانی خودی ژیانی کۆمەڵایەتییە. جیاوازییە بنەڕەتییەکانی نێوان شوناس، تێڕوانینەکانو شێوەی ڕەفتاری ڕەگەزی ژنو پیاو ئەمڕۆ بە شێوەیەکی دیکە چاویان لێدەکرێ. ئەم گۆڕانکارییانە کار دەکاتە سەر زۆرێك لە دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە،و هەروەها کردەوەی سێکسی و ژیانی بنەماڵەیی. ئێمە لە نەسکەکانی دیکەدا ئەم کاریگەریانە تاوتوێ دەکەین.

پوختەی باسەکە

1. زاراوەی "ڕەگەز" ناڕوونە. ئەم زاراوەیە لە بەکاربردنی ئاساییدا ئاماژە بە جیاوازییە فیزیکیو کولتورییەکانی نێوان ژنانو پیاوان (وەك، ڕەگەزی پیاو، ڕەگەزی ژن)و کردەوەی سێکسی دەکا. هەروەها پێویستە بزانین کە لە نێوان ڕەگەز، بە مانا فیزیۆلۆژیو بیولۆژییەکەیو ڕەگەزایەتی (جنسیت) کە توخمێکی کولتورییە (کۆمەڵێك سەرمەشقی ڕەفتاری پەیڕەوکراو) جیاوازی دابنێین.
2. هەندێ کەس بەڵگە دەهێننەوە کە جیاوازییەکانی ڕەفتاری ژنو پیاو بەشێوەی ژنێتیکییەوە دیاری دەکرێن، بەڵام هیچ بەڵگەیەك بۆ پشتڕاستکردنی ئەم بابەتە لە بەردەستدا نییە.
3. بەکۆمەڵایەتیبوونی ڕەگەزی دوابەدوای لەدایکبوونی منداڵ دەست پێدەکا. تەنانەت ئەو دایكو باوکانەش کە باوەڕیان وایە بە یەك چاو دەڕواننە منداڵەکانیان بەگشتی بە شێوەی جیاواز لە ئاست کوڕو کچەکانیاندا دەجووڵێنەوە. ئەم جیاوازیانە بە هۆی زۆرێك لە کاریگەرییە کولتورییەکانەوە بەهێز دەبێت.
4. شوناسی ڕەگەزیو شێوەکانی دەربڕینی مەیلی سێکسی تەواوکەری یەکترن. دەڵێن تایبەتمەندیی پیاوانە لە ئەنجامی حاشاکردن لە هۆگریەکی تەواو بۆ دایك سەرهەڵ دەدەن، بەمجۆرە ئەم دۆخە دەبێتە هۆی دەستەوەستانبوونی پیاوان لە ئاست دەربڕینی هەستەکانیاندا.
5. باوکسالاری بریتییە لە باڵادەستبوونی پیاوان بە سەر ژناندا. هەموو کۆمەڵگەکان باوکسالارن، هەرچەند ڕادەو خەسڵەتی نایەکسانییەکانی نێوان ژنانو پیاوان تا ڕادەیەکی بەرچاو لە کولتورە جۆراوجۆرەکانو نێوان کولتورەکاندا جیاوازی هەیە.
6. لە هەموو وڵاتە پیشەسازییەکاندا ڕێژەی ژنان لە ناوەندەکانی هێزو دەسەڵاتدا زۆر لە پیاوان کەمترە. نێونجی حەقدەستی ژنان کەمترە لە هی پیاوان، لە نێو مووچەخۆرەکاندا ژمارەی ئەو ژنانەی کە بە شێوەی نیودان کار دەکەن، زۆر لە پیاوان زیاترە. ژنان بەشێکی گەورەی بەرپرسایەتی کاروباری ماڵو ڕاگرتنی منداڵەکانیان لە ئەستۆیە.کاری بێ حەقدەستی نێوماڵ بۆ ئابووری یەکجار گرنگە.
7. بیرۆکەکانی لایەنگریکردن لە مافەکانی ژنان لە سەدەی هەژدەهەمەوە سەرهەڵدەدەن. یەکەم بزووتنەوە گرنگەکانی ژنان لە نیوەی سەدەی نۆزدەهەمەوە سەریان هەڵ دا، ئەم بزووتنەوانە بە تایبەت هەوڵەکانی خۆیان بۆ بەدەستهێنانی مافی دەنگدان بۆ ژنان چڕ کردبۆوە. هەرچەند

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بزووتنەوەی لایەنگریکردن لە ژنان دوای دەیەی 1920 هەرەسی هێنا، لە دەیەی 1960دا بەخێرایی گەیشتەوە لووتکە،و لە زۆرێك لە بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی‌و چالاکی رووناکبیرانەدا کاریگەری خۆی دانا.

8. ئازاردانی سێکسی بەشێکی گەورەی ژنانی کارمەند بە شێوەی راستەخۆ دەخاتە ژێر کاریگەرییەوە. توندوتیژی خێزانی‌و دەستدرێژی سێکسیش زۆر لە ئامارە فەرمییەکان زیاترە. لە لایەکەوە هەموو ژنان قوربانیی دەستدرێژی سێکسین، چونکە ناچارن بە شێوەی تایبەت ئاگایان لە خۆیان بێت‌و ژیانێکی تێکەڵ بە ترسیان هەبێ.

9. لە نێو کولتورە جۆراوجۆرەکان‌و لە نێو خودی کولتورەکاندا شێوازەکانی کردەوەی سێکسی زۆر جیاوازن. لە رۆژئاوادا، تێڕوانینە سەرکوتکەرانەکان لە ئاست مەیلە سێکسیەکاندا جێگای خۆیان داوە بە جیهانبینییەکی ئازادو کراوەتر لە دەیەی 1960دا، ئەمڕۆش ئاسەوارەکانی بەرچاو دەکەون.

10. هاورەگەزبازی بە رواڵەت لە هەموو کولتورەکاندا هەیە، بەوحاڵەش چەمکی هاوڕەگەزباز، چەمکێکی تا رادەیەك نوێیە. تەنیا لە سەدساڵی رابردوودا کردەوەی هاورەگەزبازی وەك جۆرە رەفتارێك کە خەڵکێکی تایبەت ئەنجامی دەدەن، لە بەرچاو گیراوە – مەقوولەیەك لە لادان‌و پێشێلکاری دژ بە مەقوولەی "ناهاڕەگەزبازی رێسامەند" دروست بووە.

11. کردەوەی سێکسی هەنووکە لە ژێر کارتێکەرییەکی توندی پەرەسەندنی ئایدزدایە. ئایدز لە سەرەتادا لە روانگەی جەماوەرەوە تەنیا پێوەندی بە هاوڕەگەزبازییەوە هەبوو، بەڵام لە رێگای تێکئاڵان لە گەڵ رەگەزی بەرانبەریشدا پەرە دەستێنێ. مەترسی ئەوە هەیە کە ئایدز بە شێوەی نەخۆشییەکی گشتگیر دەربکەوێ،و تەنیا رێگای پێشگیریکردن ئەوەیە کە تاکەکان بە شێوەیەکی تەندروستانە سێکس بکەن‌و خۆیان لە سێکسی بەرێکەوت دوور بگرن.

12. لەشفرۆشی بریتییە لە دابینکردنی خواستە سێکسیەکان لە بەرانبەر پارەدا. لە کۆمەڵگەکانی ئەم سەردەمەدا گەلێك شێوەی جۆراوجۆری لەشفروشی هەیە، بۆ وێنە لەشفرۆشی پیاوان‌و منداڵان. لەشفرۆشی یاسایی بە هۆی حکومەتە نیشتمانی‌و ناوچەییەکان لە هەندێ لە وڵاتاندا قبووڵ کراوە، بەڵام لە زۆربەی وڵاتاندا لەشفرۆشەکان بە شێوەی نایاسایی کار دەکەن.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com